سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

● چوار شەممە ١١ی ئابی ژمارە ٣٣٠ ●

● الاربعاء ١١ آب ١٩٧٦ العدد ٣٣٠ ●

« وە لە ساڵی رابوردودا ، چالاکیمان فراوان بوو ، بەتایبەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵەی وڵاتە بێلایەنەکانداو بەرەو جەسپاندنی ئەم رێرەود راستەی پەیوەندیەکانی دەوڵەتان کارمانکردوە کە پیویستیەکی بایەخدارە بۆ ئەو وڵاتانەی چاویان بریوەتە بنیاتنانی پەیوەندی ساغو یەکسانی نێوان دەوڵەتان » .

سەروک احمد حسن البکر

ئافرەتانی وڵات سڵاو لە سەرکردایەتی حیزب وشۆڕش دەکەن

بەرگری کردن بەردەوامە وپیلانەکە هەرگۆڕدەکری

هاوڕێ صدام حسین لە کۆبونەوەیەکی کۆنگرەی ئافرەتاندا بەشداری کرد

ئیوارەی ڕۆژی یەکشەممەی رابوردو بەڕێز مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەشداری کۆبونەوەیەکی حەوتەم کۆنگرەی گشتی یەکێتی ئافرەتانی عیراقی کردوە ، کەلەهۆڵی نیقابەی ئەندازیارە کشتوکاڵیکان گیرابو ..

بەڕێز مامۆستا صدام لە وتارێکدا دەوری ئافرەتانی لە ئالوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستی ئەم وڵاتەدا دەرخستوە .. بەڕێز جێگری سەرۆک ئەرکەکانی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراقی دەست نیشان کردوەو وتویەتی .. لەسەرو هەموو ئەرکەکانیەوە ئەوەیە کە هەوڵی بنیاتنانی خێزانێکی پتەو وبەک کرتوبدات ئەویش وەک بەکەم هەنگاو لەبنیات نانی کۆمەڵێکی پێشکەوتودا لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە گەورەکانی شۆڕش کە حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەرکردایەتی ئەکات بەڕێز مامۆستا صدام حسین .. ئامۆژگاری و سەرنجی خۆی بەرامبەر ئەو مەسەلانە نیشان داوە کە لە کۆنگرەکەدا خراونەتەرو .

سەرۆکی فەرماندە سڵاو لە حەوتەم کۆنگرەی ئافرەتانی عیراق ئەکات

سەرۆکی خەباتکەر احمد حسن البکر سەرپەرشتی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتی گشتی ئافرەتانی عیراقی کرد کە ڕۆژی شەممەی رابردو لەژێر دروشمی (بەرەو بەشداربونێکی بەربڵاوتری ئافرەتان لە دروست کردنی کۆمەڵی سوشیالیستی دیموکراتی یەکگرتودا) دەستی بەکار کرد .

سەرۆکی بەڕێز لەجیاتی خۆی بەڕێز طە جزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری کاروباری نیشتەجێ نارد بۆ کردنەوەی کۆنگرەکە .

لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەدا کە لەهۆڵی راستگای المستنصریەدا ڕێکخرا هاوڕێیان عدنان الحمدانی و حسن العامری ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و ژمارەیەک لە وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوە پێشەیی و کەلەپەکان ئامادە بون .

بەڕێز طە جزراوی وتارێکی خوێندەوە لە سەرەتاکەیدا سڵاوی بەڕێز سەرۆکی خەباتکەر احمد حسن البکری راگەیاند لەگەل ئارەزوی سەرپەرشتی کۆنگرە بۆ بەچێ هێنانی ئەرکەکان و بەشداری توندو تیژی لە بەرەنگاربونەوەی دروشمەکانی شۆڕش و حیزبی سەرکردەکەی بەکردەوە جێبەجێ بکرێن .

بەراستیش لەسێبەری شۆڕش و دەستکەوتە پێشکەوتنخوازیەکانیدا کۆمەڵی ئافرەتان پێشکەوتنێکی زۆری وەدەست هێناوە بۆ وەدی هێنانی شێوەی پێشکەوتوانەی بەشداربونی بنیاتنەو لەچوارچێوەی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی حیزب و شۆڕش لەبارەی دەوری ئافرەت و ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانیدا .

میوانە بەڕێزەکان !
خوشکەکان !

نەتەوەی عەرەبمان لەم قۆناخەی ژیان و داهاتوو بونی نەتەوایەتی خۆیدا لەلایەن دام و دەزگا ئیمپریالیستی و زایۆنیستیەکانەوە بەرەو ڕوی بیلانێکی بێ شەرمانەو زیانبەخش بۆ تەوەوزێیمی لادەری دمشق دەورێکی ترسناک دەگێڕێ بۆ خزمەتی بیلانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزم و کۆنەپەرستی بەمەبەستی لێدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێری عەرەب و سەربڕینی بەرگری جەکداری فەلەستین و ڕێگا خۆشکردن بۆ بڕۆژەی خۆی بەدەستەوەدان و پاک کردنەوە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ خزمەتی نامانجە دەستدرێژ کەری و مەزنی خوازیەکانی قەوارەی زایۆنی ، هێناویەتە

بڕوانە ل ـ ٦

کاریگەر لەو ئالوگۆڕە سوشیالیستیەدا کە حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب سەرکردایەتی دەکا .

ئەمەش دەقی وتارەکەیە :

میوانە بەڕێزەکان !
خوشکانی ئەندامی کۆنگرە حەوتەمی یەکیەتی گشتی ئافرەتانی عیراق !

ئەم خۆشە سڵاوی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر و ئارەزوی سەرکردایەتی بۆ رابگەیەنم بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە بیناوی بەجێ هێنانی ئەرکەکان و بەشداری توند داکاریگەر لە خێراکردنی ئەو ئالوگۆڕە بنچینەیی و پێشکەوتوانەدا کە حیزبەکەتان حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب سەرکردایەتی دەکا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی باشتر و داهێنانی تاقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی مەزن کە پێتە نمونە بۆ ئاوانی کۆمەڵانی خەلک لەهەمو هەرێمێکی نیشتمانی عەرەبدا .

بێ گومان دروشمی کۆنگرەکەتان (بەرەو بەشداربونێکی بەربڵاوتری ئافرەتان لە دروستکردنی کۆمەڵی سوشیالیستی دیموکراتی یەکگرتودا) رادەی بڕیاردانێکی بەرز دەردەخا لە سەرئەوە کە ئافرەت دەوری پێشرەوی خۆی لەکارو بنیاتنان و بەرهەمهێنان دا بگێڕێ لەبیناوی باشەڕۆژێکی باشتردا و بۆ ئەوەی لێکدانەوەو دروسمەکانی شۆڕش و حیزبی سەرکردەکەی بەکردەوە جێبەجێ بکرێن .

بەراستیش لەسێبەری شۆڕش و دەستکەوتە پێشکەوتنخوازیەکانیدا کۆمەڵی ئافرەتان پێشکەوتنێکی زۆری وەدەست هێناوە بۆ وەدی هێنانی شێوەی پێشکەوتوانەی بەشداربونی بنیاتنەو لەچوارچێوەی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی حیزب و شۆڕش لەبارەی دەوری ئافرەت و ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانیدا .

میوانە بەڕێزەکان !
خوشکەکان !

نەتەوەی عەرەبمان لەم قۆناخەی ژیان و داهاتوو بونی نەتەوایەتی خۆیدا لەلایەن دام و دەزگا ئیمپریالیستی و زایۆنیستیەکانەوە بەرەو ڕوی بیلانێکی بێ شەرمانەو زیانبەخش بۆ تەوەوزێیمی لادەری دمشق دەورێکی ترسناک دەگێڕێ بۆ خزمەتی بیلانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزم و کۆنەپەرستی بەمەبەستی لێدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێری عەرەب و سەربڕینی بەرگری جەکداری فەلەستین و ڕێگا خۆشکردن بۆ بڕۆژەی خۆی بەدەستەوەدان و پاک کردنەوە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ خزمەتی نامانجە دەستدرێژ کەری و مەزنی خوازیەکانی قەوارەی زایۆنی ، هێناویەتە

بڕوانە ل ـ ٦

سەروتار

ئەم پیلانە تێنایە ڕێت

هەواتەکانی خاکی داگیرکراو ڕەت کردنەوەی ئیجابیانەی زۆری پێیە لە سەر پیلانە ئیمپریالیستیەکە ، خوێشاندان و مانگرتنەکان لە گشت شارو لادێیەکی کەناری ڕۆژ ئاوادا لە فەلەستینی داگیرکراودا نوێ ئەبێتەوە .. بازرگانەکان لە نابلس و رام اللەو طولکرم و چەندان شوێنی تردا دوکانەکانیان داخستووە .. لە نابلسیشدا خۆ پیشاندانێك پێکهێنرا کە هەزاران کەسی تیا بەشدا بوون و لەگەل ئەو هێزانەی داگیرکەریشدا دەستەو یەخەبوونەوە کە ئەیویست بەزەبری هێز خۆپیشاندانەکە هەڵوەشێنێتەوە ، خۆپیشاندەرانیش ئاگریان لە نایەی ئۆتۆمبیلە کۆنەکان بەردا .

هۆیە کۆمەڵ بووەکانی ماوەی نۆ ساڵی داگیر کردن (لە حوزەیرانی ١٩٦٧ ـەوە) و ئەو زیانی زێردەستەیی و ئەندیشەو بەزۆر بە خۆوە نووساندنەی گەلی فەلەستینی تیا ژیا کە بریتیە لەدەست گرتن بەسەر زەوی و زارەکانیان و بەردەوام دەست درێژی کردنە سەر شوێنە پیرۆزەکان لە قودس و جلیل داو زیادکردنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە جەزرەبەدان و گرتنی بەکۆمەڵو جێ لەق کردنی پێیان ، سەرباری مل نەدانی بازرگانان و نیشتیمانییانی فەلەستین بەگشتی بۆ بڕیارەکانی دەسەلاتی زایۆنیزمی رەگەز پەرستی داگیرکەر ، بە باجی زیادە خستنەسەر فرۆشتە مەنیەکانیشەوە بەرادەی ٨٪ی نرخی فرۆشتەمەنیەکان کە بۆ بەدی هێنانی :

- **زیادکردنی دەستکەوتەکانی دەسەلاتی زایۆنیزمی داگیرکەرەو .**
- **زیاتر جەزرەبە دانی دانیشتوانی خاکی داگیرکراوو**
- **ڕێ خۆش کردن بۆ بەخۆوە لکاندنی ئەم ناوچانەو فووت دانیانە لەناو کیانی زایۆنیزمدا .**

هەموو ئەم هۆیە راستەو خۆیانە بوو پالیان بە جەماوەری خاکی داگیرکراوەوە نا بۆ نوێ کردنەوەی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانیان بەڵکو بۆ زیاتر گردنیشی .

بۆیە نوێ بوونەوەی ئەم مانگرتن و خۆپیشاندانانە نیشانەی دەربڕینێکی کاریگەرە بۆ پیشاندانی بەردەوام بوونی گەلی تێکۆشەری فەلەستین لە مل نەدان و بەرگری کردنی داگیرکردن و پێ داگرتنی لە سەر بەرگری کردنی گشت هەوڵێکی زایۆنیزم کە بیەوێ مۆرکی نیشتیمانی تایبەت لە خاکی داگیرکراو بکاتەوە .

بڕوانە ل ـ ٦

لە گفتوگۆیەکی وەزیری دەرەوەدا

عیراق هەمیشە هەوڵی بەهێزکردنی وڵاتانی بێ لایەنی داوە

سەر لە ئیوارەی ڕۆژی یەکشەممەی رابوردو بەڕێز دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە بۆ بەشداربون لە کۆبونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بێلایەندا چوە بۆ کوالومبۆ .

بەڕێز دکتۆر حمادی وتویەتی .. لەو بۆچونەوە کە عیراق بە تەنگ ئەوەوە دێت کە هێزو توانای وڵاتانی بێلایەن زیادبێتو بۆ ئەوەی کۆنگرەکە هەمو مەبەستەکانی بینگێ پێویستە ئەو مەسەلانە باس کات کە لەمەو بەر لەسەری ڕێک کەوتوە وهەوڵ بدات خۆی لەو مەسەلە بچوکانە دورخاتەوە کە بەیوەندی بەهەندی وڵاتی بچوکەوە هەیە .. چونکە لەسەرەتاوە ئەتوانین نوقلانەی ئەوەی بۆ لێدەین کە هەموان پشتگیری ئەو شتە وردانە ناکەن ..

بەڕێز دکتۆر حمادی لەو گفتوگۆیەدا کە لەگەل ئاژانسی دنگوباسی عیراقیدا بەیوەندی بەستنی کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەنەوە ئەیکرد وتویەتی : عیراق بایەخێکی گەورە ئەدات بە چونە ناو کۆمەڵی وڵاتانی بێلایەنەوەو بەشداری کردن لە چالاکیەکانی ئەووڵاتانەدا هەروەها وتویەتی .. هەرئیز عیراق بەوە قایل نابێت کە

بڕوانە ل ـ ٦

لە هەموو لایەکی لوبنان شەڕگەرمەو گۆشەگیرەکان خۆیان بۆ خوێن ڕشتنێکی تر ئاماکردوە

بیروت ـ ئاژانسەکان :

لە ڕۆژی دووشەممەوەلەهەمو دەوروبشتی بەیروتی پایتەختی لبنانداا لە نیوان هێزە گوشەگیرو هێزە نیشتمانیەکاو بەرەشەکانو بەرگریی فەلەستینیدا شەڕ دەستی پێ گردۆتەوە .. لەو شەڕانەدا تۆپ و ساروخ و رەشاش بەکارهێنراوە ..

ئاژانسی دنگوباسی یونایتد بەشداری کەن .

بریس ئەوەی راگەیاندوە کە لە دەورەبەری ڕۆژهەلاتی پایتەختەوە ، لە گەرەکەکانی بەرامبەر ئەل زەعمەرەوە شەڕ دەستی پی کردۆتەوە ..

سەرچاوەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی رایگەیاندوە کە هێزە گوشەگیرەکانی لە نزیك الکحالەوە کە ٩ کیلۆمەترە لە خواروی ڕۆژهەلاتی بیروتەوە دورە لە شکرێکی زۆریان مۆڵداوە .. وە شەڕ لەهەمو مەیانە کۆنەکانی شەڕدا بەردەوام بوە بەتایبەتی لە دەوروبەری هەوارگای ئەل زەعتەر ..

هەروەها هاوری دکتۆر عبدالمجید الرافعی ئەمینداری نهینی سەرکردایەتی قوتربی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە لبنان وتویەتی : سوریای کوبراو هێزە گوشەگیرەکان خەریکن خوریان بۆ خوێن ڕشتنێکی نازە ئامادە ئەکەن تا لەرێگای کوشتارو خوێن ڕشتنەوە هەمو ئەلقەی پیلانەکان لەیەکدەن و بەتەواوی بیدەنەوە دەست ئیمپریالیزم .. وەلەو گفتوگۆیانەدا کە ڕۆژی دووشەممەی رابوردو کردبوی .. بەردەی لە ڕوی ئەوە هەئماليوە کە میحوەری ڕژێمی سوریاو گوشەگیرەکان ئەیانەوێت لە لیژنەی ئاسایشدا بزوتنەوەی نیشتمانی دورخەنەوەو لە دوزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیدا بۆ دۆخی لبنان و لە باتی ئەوان سەرکردایەتیە تایەفەکەرێکان وەلەلایەکی ترەوە عەندی هەوالی بیروت وائەگەیەنن کە ئەو گفتوگۆیانەی سەبارەت گوێزانەوەی بریندارەکانی ئەل زەعتەر ئەکرێت خەریکە سەربگرێت .. ئەوەو بو ڕۆژی هەینی رابوردو بیراوەکانی خاچی سور وازیان لە بریندار گوێزانەوە هێنابو بەهۆی ئەو دەستدرێژەوە لەلایەن گومڕاو گوشەگیرەکانەوە لێیان گرابو ..

● **هێزەکانی زایۆنیزم**

گۆڕانی چەند وەزیرێك لە حکومەتی سودانداا

خەرتووم ١٠ ـ ئاب ـ ئا.د.ع .. شەوی رابردوو سەرۆکی سودانی جەعفەر نومەیری کۆمەڵێك بریاری دەرکرد دەربارەی گۆڕینی چەند وەزیرێك ئەم گۆڕینە کەلێ لە شوێنە سەرەکییەکانی گرتەوە .

بە کوێرەی گۆڕانی تازە الرشید تایەر بەکر سەرۆکی ئیستای ئەنجوومەنی میللی سودان دانرا بە جێگری سەرۆك کۆمارو سەرۆکی وەزیران . هەروەها نومەیری ناشکرای کرد کە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هەموو مەرکەزێکی سیاسی و ڕابەراندنداا لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا ئەکرێ دوای کۆبونەوەی کۆنگرەی ئەتەوەیی کشتی یەکیەتی سۆشیالیستی سودان .

بڕوانە ـ ل ـ ٧ ـ

لبنان هانی ئەوەی داوە کە ئەوینکە سەربازیانە لەو ناوچانەدا بێك بهێنی وەك هەواڵەکان رایانگەیاندوە ڕۆژی سێشەممەی رابوردو کۆبونەوەیەکی لەسەر بازی هاوبەش لە نیوان هەندی لەسەرکردەکانی هێزی بەرگری فەلەستینو لیبرسراوانی هێزە گوشەگیرەکانو سەرکردەی هێزی ئاسایش عەرەبدا کراوە .. کۆبونەوەکە کە دکتور الخولی سەربەرشتی کردوە باسی ئەوشتانە کراوە کە بونەتە

بڕوانە ـ ل ـ ٧ ـ

فراوان بونی ناکوکی نێوان تورکیاو یۆنان هێزەکانی هەردوولا دەستەوەستانن

ئەنقەرە ، ئەثینا : ئاژانسەکان:

لە بێرێوە نێوان تورکیاو یونان بە تەواوی ئالۆزبوەو هیزی عەسکەری هەردوولا لەرێی دەریاوە بەرەو ئەو شوێنە کەوتونەتە رێ کە هەردوولایان لە دەریای « ئیجە » لە سەری ناکۆکن .

دەنگوباسی ئەیشتو لە ئەثیناوە وا ئەئەیەنێ کە ئەنجومەنی جەنگ لە سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی یونان کۆبونەوەیەکی فراوانی بەستوەو لەم کۆبونەوەیەدا ئەندامانی حکومەتو سەرکردە گەورە عەسکەریەکان ئامادەبوونو لەو هەلویستە کۆلاونەتەوە .

هەروەها « قسطنطین کرامنلیس »ی سەرۆك وەزیرانی یونان کۆبونەوەیەکی بە ئەنجومەنی وەزیران کردوە دوای ئەوەی حکومەتی تورکیا رازی نەبوە یاداشتێکی نارەزایی دەربڕینی یونان بەرامبەر کەرانی پابورەکانی تورکیا لە ناوچەی ناکوکیدا بۆ نەوت

بڕوانە ـ ل ـ ٧ ـ

کار بەدەستانی دیمەشق

رێکەوتنیان سەبارەت زامن کردنی سەرمایەی ئەمەریکا لە سوریادا مورکردوە

دیمەشق ، ئا.د.ع :

رژێمی سوریاو ئەمەریکا رێکەوتنێکیان سەبارەت زامن کردنی سەرمایەداری تایبەتی ئەمەریکا لە سوریادا مۆرکردوە .

« ئەدواردفینر »ی جێگری وەزیری بازرگانی دەرەوەی ئەمەریکا ئەمەی دوای ئەوە بڵاوکردەوە کە لە گەل محمد عمادی وەزیری ئابوری و بازرگانی دەرەوەی ڕژێمی سوریا کۆبوەوە .

Institut kurde de Paris

راپۆرتی سیاسی :

کۆنگرەی کۆلۆمبۆ ولایەنداری لەپێناوی بێ لایەنی دا

● نوسەری سیاسی هاوکاری نوسینویە ئەڵێ :

(لایەندار ٤٠٠ یان بێلایەن ٤٠٠) ئەم پرسیارە تا ئیستا روبەروی ئەو دەولەتانە ئەکرێتەوە کە تازە سەربەخۆییان وەرگرتوە .

لە یەکەمین کونگرەی دەولەتە بێ لایەنەکانا کە سالی ١٩٥٥ لە باندونگ کیرا ئەم پرسیارە لە ٢٥ دەولەت کرا ، وە هەر بە شێوەیەکی تر پێشکەش بە ٨٤ دەولەت کرا لە شاری کولومبوی پایتەختی سری لانکا لە رۆژی شەشەمی ئەم مانگەدا، لە کاتێکدا کەبالۆزانی ئەم دەولەتانە لە ٧ ـ ٩ مانگەوە لەو شارەدا کۆ بوبونەوە ، بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی کار کردن دابنێن کە بریار وایە پێشکەش بەوەزیرانی دەرەوە بکرێ ، وە دوای ئەوە بدرێ بە کونگرەی بالای پێشەوایان .

ئەو بەرنامەی کارە کە بۆ ئەم کونگرەیە ئامادە کراوە چەند مەسەلەیەکی بنەڕەتی قوولی تێدایە کە کار ئەکاتە دوا رۆژی دەولەتە بێلایەنەکان ، وەکو ئەم خالانەی لای خوارەوە بێ :

١ ـ یەکخستنی هەلوێستی دەولەتە بێ لایەنەکان بە تایبەتی لە بواری سیاسیدا لەناو کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکانا .

٢ ـ جۆری جێبەجێ کردنی ریژیمێکی تازەی ئابوری نێودەولەتان ، وە دانانی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بە تایبەتی لەبارەی هاریکاری ئابوریەوە بۆ جێبەجێ کردنیان .

٣ ـ دیاری کردنی هەلوێستی دەولەتە بێلایەنەکان بەرامبەر بە دەولەتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکان ، لەبەر روناکی بەنجامی کۆبونەوەکانی هەردو کۆنگرەی خواردەمەنی لە رۆما ، بازرگانی و گەشەکردن کە لە مانگی مایسی رابوردوا لە نایروبی بەسترا .

٤ ـ لایەنگرتنی جولانەوەی ئازادیخوازانە لە جیهاندا، وە دیاریکردنی هەلوێست لە دژی ئیستیعماری چەواشە لە خواروی ئەفریقا وفەلەستینی داگیرکراوو جیاوازی رەگەزایەتی لە رودیسیادا .

ئەمە شتێکی چاوەڕێ کراوە کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە کونگرەکانا بلاو کراوەتەوە ، وە بەتایبەتی بەو شێوەیە ئەم راستیە لەمەوبەر بەو جۆرە نەخراوەتە روو ..

ئەوەی ئیستا خراوەتە بەردەم دەولەتە بێلایەنەکان (بەربەرجدانەوەی دەست دەژی)یە کە کۆڕانکاریە نێو دەولەتیەکان خولقاندویانە لە ماوەی دە سالی رابوردوی ئەم دواییەدا .

جموجولی دەولەتە بێلایەنەکان وەکو منالێك لە منالدانی (جیهانی دوای هەردو جەنگی جیهانی) سەری هەلدا . کە کۆمەلە مەترسیەکی نێوە بو بۆ ئەوەی ئەم منالە بکەوێتە بەر زەبری مەترسی شەڕێکی ساردو نێوەتلانی لایەنەکانی تر ..

بیروباوەڕی بێلایەنی وەکو بیروباوەڕێکی بەهێزو ئەکتیڤ مایەوە کە وڵاتانی جیهانی سێیەم خەویان پێوە ئەبینی ، چونکە داوای سیاسەتێکی کۆمەلایەتی و ئابوری سەربەخۆی ئەکرد کە خۆی لە هیچ پەیمان و سوێندکارەکی ئەسکەریەوە تێنەئەلێنێ ، بەلکو ئەنیا لایەنێك بێ لە رێکەوتنێکی دو قوولی دا لەگەل دەولەتە گەورەکاناو رێکا نەدات کە دەولەتانی بێگانە پنکەی سەربازیان تیا دابمەزرێنن . جگە لەوەی کە بە ئەواوی و بەبێ مەرج لایەنگری ئەو جولانەوە ئازادیخوازە جیهانیانە ئەکات .

بەڵام دامو دەزگای شەڕی ساردو شەماڵی سەرکێشی نێو دەولەتان کە لەم بوارەدا خۆی ئەنواند گەلێك روخساری دەولەتی بچوکی لابرد کە لەبەردەم تواناو روداوی نێوەو کێشەی ئەسکەری و ئابوری ودستابون . وە هەروەها (سیناریو)ی سیاسەتی بەرەئالاکردن لە مەیدانی بەربەرەکانێی نێو دەولەتاندا وەکو شتێکی ئاسایی بەکار ئەهێزا . ئەویش بەهۆی رێکخراوە ناو ـــەیە نیشتمانیەکانەوە لە بواریکی تەنگ بەردا بۆ دیاری کردنی ئاوان (سەربەخۆیی) ئارەزوی نیشتمانی و نێوان نێو (بوودلەی)یی کە ئەگاتە رادەی هل علاری دوستەو دایەری دەولەتە ئاورەکان .

گەلێك لە دەولەتانی ئاسیاو ئەفەریقا خۆیان لەنو ئەم کەمو کورتیە تیژەی نێوان بەرەندی دەستەو دایەرەیی و سەربەخۆیی ئارەزوی نیشتمانی ، هەلقورتاند .

ئەو بەربەرجدانەوە تازەیەی کە بەرەنگاری دەولەتە بێلایەنەکان بووە ئەوەیە کە (لایەنیکیان بەسەرا داسەپێنن) بە مەبەستی بەدەستو بێوەند کردن ، وە ئەمەش لە رێگای نێوە ئالاندنی ئارەزوە سەربەخۆکانی بێلایەنیەوە ، لە کۆڕی بەربەرەکانێ کردنی ناوچەیی و نێو وڵاتی داو دامەزراندنی ناکۆکی تایەفە ەری و نەرێتی کۆن کە لەناو جوە وتێك شکاوە .

ئەوەی کە زۆرتر ئەبێتە هۆی ئالۆزاندنی بەربەرەکانێکە ئەوەیە کە هێزە گەورەکان خۆیان بە دەولەتێکی گەورە داناوە لە بەرنوەبردنی ئەو ناکۆکیەدا لە ترسی شەڕێکی ئەتومی وترانکار . وە ئەوەی کە نیستا زۆر تر ئالۆزاندوێتی ئەوەیە ئەو دەولەتانە بارزگاری دەولەتە بچوکەکانی ناوخۆیان ئەکەن لە بواری ناوچەیی و بەرنوەبردنی ناکۆکیدا بۆ ئەوەی روخسارێکی تر وەر نەگرێ .

وە ئەوەی نیستا لە لوبناندا روو ئەدات ، وە لە قوبرس دا روویدا ، لەوە ئاماژە لە نێوان ترکیاو یۆناندا رو بدات .. ئەمە ئەورەترین بەلگەیە کە مەترسی دانەنرێو هەرەشەلە رێبازی بێلایەنی ئەکات .

وەیان ئەوەی نیستا روو ئەدات ، دامەزراندنو خولقاندنی ناکۆکی یە کە دەولەتەکان لەناو خۆیانا نێوە بگێنێ ، گرایە بەهێزی کەم توانایی بەرنوە بردنی ئەرکی ئابوری و ئەسکەری یەوە کە ناچار بێ بەنا بەرێتە بەر یەکێك لەم دوو هێزە گەورەیە ، دیسانەوە ئەوەی کە پیشکەش بە کونگرەی کولۆمبو کراوەو تا ئیستا بلاو نەکراوەتەوە ئەوەیە (کە بێ لایەنی وەکو ئایدیولوجیێکی ئەواو کە هەمو لایەنەکانی خەملاوێ لەناو چوار چێوەیەکی ئاشکرادا دابنرێ لەبواری مامەلە کردنی نێو دەولەتاندا) .

بێلایەنی بنچینەی زاڵ بونە بەسەر لایەنداریدا ، دیاری کردنی لایەنداری وەیان بێ لایەنی ، ئەوەش دیسان مانای سەربەستی هەڵبژاردنی رێگای ئەشە کردنی کۆمەلایەتی نیشتمانی یە کە رێکخراوە جۆربەجۆرەکان لەسەر ئەو رێبازە سیاسەتی دەردەویان دانەمەزرێنن .

هەروەها ئەوبەربەرجدانەوەی کە دوچاری بێلایەنی بووە ، هەرەشە لە سەربەخۆیی نیشتمانی ئەکات ، وە ئەوە نیستا کێشەیەکی بۆ ئەشەکردنی کۆمەلایەتی ناوەتەوە ، لەبەر ئەوەیە پالەبەستۆ ئەخاتە سەر نرخی شتومەکی خواردەمەنی وکەرەسەی خاو لە بازارەکانی جیهاندا .

ئەوەی لەبەرنامەی کاری کونگرەی کولومبودا هەیە ئەوەیە کە توانا ئەخاتە بەر دەولەتە بێ لایەنەکان کە مافی خۆیان وەر بگرن و خەوەکانیان بێتە دی .. لەبەر ئەوە بە دەست هێنانی سەربەخۆیی ئارەزوی نیشتمانی گەلانی جیهانی سێیەم بۆ ئەوەی لایەنداری و بێ لایەنی خۆی دیاری بکات ئایەتە دی ئەگەر لە رێگای لایەنداریەوە بێ .

بەڵێ ، لایەنداری بەرەو کێشەی بێ لایەنی .. گەورەو فراوانتر بکرێت ، بەتایبەتی ئەو شتانەی ئەیان نێرێتە دەرەوە ، لەوانەشدا بەتایبەتی کەرەسەی پیشەسازی .. بەڵام بە نرخێکی هەرزان و عادیلانەی ئەوتۆ کە ئابوریی ئەو وڵاتە تازە گەشە کردوانە بەرەو پێش بەرێت .. ئالێرەوە پێویستی ئەوە بەیدا ئەبێت کە وڵاتانی تازە گەشە کردو لە ناو خۆیاندا بەیوەندیی ئابوری و بازرگانی خۆیان بەتین کەن ئەو بەیوەندیەش لە هەمەن کاتدا لەگەل وڵاتانی سۆشیالیستیدا بەتین تربکەن .

● بەرەو رژێمێکی هاوکاری و ئابوری جیهانی لە نیوان وڵاتانی تازە گەشە کردوودا

ئەو ئەرکو کارە گەورانەی لە ئەستوی کونگرەی کۆلومبودایە ئەوەیە کە جێو رێ بۆ ئەوە خۆشکات کە رژێمێکی هاوکاری و ئابوری جیهانی لە نیوان وڵاتانی تازە گەشە کردودا بەیدا کات ، چونکە لەو چەند سالانەی رابوردودا چەند شتێکی ئەوتۆ هاتۆتە گورێ کە مانایەکی تازەیان بە جۆری هاوکاری کردنی ئابوریی نیوان وڵاتە تازە گەشە کردوکان بەخشیوە بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەم وڵاتانە لەوە ئەیشتن کە « نەخشەی پەرەپیدانی جیهانی » سالانی شەستو حەفتا سەرنەکەوتن و هیچ یەکێکە لەئامانجەکانی خویانیان نەهێنایە دی ..

چونکە ئەو کێژاوەی ئابوری وڵاتانی سەرمایەداریی تی کەوتبو زیانێکی زۆر ئەورەی بەئابوری وڵاتانی تازە گەشە کردو گەیاندبو .. بەم شێوەیە ئەو وڵاتانە قەناعەتیان بەوە بەیدا کردوە کە نەك هەر کەمتر پشت بە هاوکاری دنیای سەرمایەداری بەبەستێت بەڵکو پێویستە وڵاتانی تازە گەشە کردو لەناو خویانداو خۆبەخۆی یەکتر بەیوەندیەکی ئابوری بەتین پێك بهێنن و پشت بەخۆیان زیاتر ببەستن بەو جۆرە لە بەستنی کۆنگرەی باندونغەوە لە سالی ١٩٥٥دا تا ئەمرۆ رۆژ لەدوای رۆژ بەیوەندی نیوان وڵاتانی تازە گەشە کردو بەتین ترو فراوانتر ئەبێت .. هەروەها کۆنگرەی جوارهەمی وڵاتانی بێ لایەن کە لە مانگی ئەیلولی سالی ١٩٧٣دا لە جەزایر گیرا ، بۆ هاوکاریو یارمەتی خۆ بەخۆی وڵاتانی بێ لایەنو هەندێك لە وڵاتانی تازە گەشە کردو پرۆگرامێکی دانابو ، وە هەمو ئەو کۆنگرانەی لەم بارەیەوە گیراون گرنگی هاوکاری ئابوریی نیوان وڵاتانی بێ لایەنیان ساغ کردۆتەوە .. وە ئەوەشیان سەلماندوە کە پیویستە یەکێتی یەکی کریاری و فرۆشیاری لە وێنەی رێکخراوی وڵاتانی خاوەن نەوت (اوبك)دا لە نیوان ئەم وڵاتانەدا دروست بێت .

● وە سەبارەت ئەمە هەمو ئەو بریارو ئامۆژگاریانەی کە لە کۆبونەوەکانی وڵاتانی تازە گەشە کردو « کۆمەلی ٧٧ » بزوتنەوەی بێلایەنی ١١ دەرچوەو ئەتەوە یەکگرتوکان **خستویەتە ئەستوی خۆی بایەخی داوە بەکاری کۆمەکی بۆ دامەزراندنی (مکانیزم) یکی کونجاوی ئەوتۆ کە زامنی نرخێکی عادیلانەو ئارام ئرتوی بیت بۆ کەلوپەلەکانی وەك کەرەسەی خاو بنچینەیەکانی وڵاتانی تازە گەشەکردو دانێت .**

پروانە ل ـ٣ـ

لە سای هاوکاری ریژیمی دیمەشق وگۆشەگیرەکان وزایۆنیزم دا

بەراستی شتێکی سەیرەدەولەتێك کاروباری دەولەتێکی تر هەلسورێنێ ؟. بەڵام ئیستالەبارەی سوریو لوبنانەوە راستیت وای لێ هاتوە .. کاربەدەستانی سوریا رێگای روژنامەنوسەکانیان ئەدا بچنە لوبنان ، چونکە دمشق تەنیا رێگایە بۆ بیروت ، چوار روژی تەواو لە دمشق مایەوە هەر چاوەڕێ بوین بەلکو رژیمی سوریا رێگامان بدا .. کاتێك بە تەواوی هیوا براو بوین ، رێگەوتنی هێزەکانی ئاسایشی عەرەب بەرەو بیروتمان بە دەرفەت زانی و بێ ئەوەی کار بەدەستانی سوریاپێ بزانن لەگەل ئەو هێزانە کەوتینە رێگا .

شتێکی زۆر ئەرنگ کە لەو رۆیشتنەدا سەرنجی راکێشام ئەوەبو کە هەمو نوختەکانی سنوری سوریاو لوبنان سەربازانی سوریایان لێ هەبوو بۆ نمونەش سەربازێکی لوبنانی ئابینی .. مەکتەبەکانی پاسابورت سەیر کردنی لوبنانیش سوریایەکان بەرتوەیان دەبەن . لە راستیدا بەدرژایی سنور کاربەدەستانی سوریا جێگای لوبنانیەکانیان ئرتۆتەوە . ئەوان کە هەقی پشکنینو رسیاریان هەبو هەر ئەوانیش رێگای چونە ژوروو هاتنە دەر لە لوبنان دەدەن .

ئەوەش زیاتر .. دەستو بنوەندەکانی رژیمی سوریا هێزەکانی ئاسایشی عەرەبیان ئاچار کرد کە بە رێگای مرجعیون ـ صیدا ـ بیروت دا بڕۆن کە رێگایەکی دوروو دژوارەو هێزە عەرەبیەکان بە دە سەعات توانیان بی بڕن لە کاتێك دا رێگای بحمدون هەیە کە هەموی ١٤٠ کیلومەترە .. هۆی ئەو کارەش ئەوە بو کە رژیمی سوریا دەترسا هێزە عەرەبیەکان ئەگەر بە رێگای دوەم دا بڕۆن ئەو هەمو سەنگەرو قایمکاریە ببینن کە سوپاکەی لە ناوچەی بقاع دایمەزراندوە ئەو ناوچەیە کە رژیم یەلادەر دەیەوێ هەلی لوشێ .

صیدا بۆتە کەلاوە :

گەیشتینە صیدا و لەوێدا ویرانی مان بە جاوی خۆمان دیت .. خانوەکان بونە کەلاوە ئیزگەکانی بەنزین ئاگریان تێ بەر بوە ومالەکانی دراوسیشیان لەگەل سوتاوە ، ترومبیلەکان بونە ئاسنی تواوەوە . ئەمە هەموی ئەسایەی بۆبخانەی سوریاوە ، تەنانەت عەمباری ئەوتی زەهرانی کە تەنیا عەمباری ئەوتی لوبنانە بە تۆبخانەی رژیمی لادەری سوریا تۆپ باران کراوە .

احمد خطیب فەرماندەی سوپای عەرەبی لوبنان گوتی کارەساتی لوبنان داستانێکی دوورو درێژە . ئەنجامی ئەو داستانەش لە فەسلی یەکەم ودوەەم دەرناکەوێ وتادوا فەسلی ئەو شانۆیە بەزەزاراوی دەەنێتەوە .

احمد خطیب لە وناری خۆیدا بەردەی لەسەر دەست دریژیەکانی زایۆنی هەلداوەو ئەوتی زایۆنی دوژمن بیشمیاری بە کەمیل شەمعون کردوە کە تانکی ئیسرائیلی بۆ لیدانی بەرگری فەلەستینیو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان وەربگری و بەکردەوەش کەمیل شەمعون بەشێك لەو تانکانەی وەرگرتوە کە لە جنوبی لوبنانەوە لەژێر پارێزگاری عەسکەریەکانی سەر بە سلیمان فرنجیەدا کە لەسەر سنوری لوبنانو ئیسرائیلیە ، کەیشتونە خاکی لوبنان .

لەگەل تانکەکان چەندین لاری ئیسرائیلی پر لە زەخیرە و کەرەستەی شەڕ هاتونە لوبنانو باشمان گوزارەوە بۆ بیروتو ئەمە ئەوە چەکو کەرەستەیە کە ئەمڕۆ هێزە دورە پەرێزەکان دری هێزە نیشتمانیەکانی لوبنانو فەلەستینی بەکاریان دێنن .

احمد خطیب لە قسەکانی دا دەوری ریژیمی لادەری سوریاشی لە ئەنانو جەلەمەی لوبنان دا باس کردو گوتی ریژیمی لادەری دمشق بە قازانجی خۆی زانی کە پێتە ناو کێشەکەوە بۆ ئەوەی حوکمی کەمایەتیەکەن «حوکمی عاوی»و عەشیرەتی ماروانی بیارێزێ و بەو جۆرە شتەرەکە بارێکی ئایینی بە خۆیەوە گرت لە باشمان گوتی :

هەر لە سەرەتاوە ئەو دەورە پیلانگێریە رون بو کە ریژیمی سوریا دەیگێرا و مەبەستی لێدانی شۆرشی فەلەستینیو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان بو .

شتێکی سروشتی بو کە ئەم پیلانە لەگەل قازانجی زایۆنی دوژمن رێك بکەوێ کە دەیەوێ سنورێکی ئارامو بێ مەترسی بۆ خۆی دابین بکا .

جێ بەجێ کردنی ئەو پیلانە دەرەتان بۆ ریژیمی حافظ اسد پێك دێنن کە بەسەر ناوچەکەماندا زاڵ بێتو بەو جۆرە حوکمی کەمایەتی لە دمشقو لوبنان لە رێگای اسدو فرنجیەوە بکەنە یەکو لە



پروانە ل ـ ٦

ئەرکە ئابوریەکان وکۆنگرەی بەرزی وڵاتانی بێلایەنی

ئامادەکردنی بەشی لێکۆڵینەوە

١٧ ئەم مانگە کە کۆلومبوی پایتەختی سری‌لانکادا پێنجەم کۆنگرەی بەرزی وڵاتانی بێلایەن دەست پێ ئەکات و ئەم وڵاتانە کە ٦٥٪ی دنیا ئەنێتەوە و زوربەی زۆری دەنگەکانی ناو رێکخراوی ئەتەوە یەك گرتوکانیشن .

لە دۆخێکی وەك ئیستای دنیادا ئەو مەسەلە ئابوریانەی خراونەتە بەردەم کۆنگرەکە پایەخێکی ئیجگار گەورەیان هەیە .. کۆنگرەکەی کولومبو دوایەدوای جوارەم خولی کونگرەی ئەتەوە یەك گرتوکان دێت کە لە نیوان ٥ـ ٣١ مانگی ئایاری رابوردودا سەبارەت بازرگانی و ئەشو ئەماگردن گیرابو ، هەروەها مالێك دوای کونگرەی هاوکاری ئابوری نیو وڵاتان دێت کە لە پاریس گیرابو .. ئەو کۆنگرەیەی کۆبونەوەکانی هەتا ئیستاش هەر بەردەوامەو بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئاشکراو دیاری وای دابێت بەدەستەوە دووهەمی جیهانی یەوە بۆ ئەشو ئەماگردنی ئابوری وڵاتانی تازە گەشە کردو دراوە لە لایەن وڵاتە سەرمایەدارنکان و کۆمپانیا مۆنوپۆلەکانی یەوە بوجەل کراونەتەوەو ئەو هەوڵو تەقەلایانە بەربەست کراون . ئەوەی لە ئەنجامی ناقی کردنەوەوە سیاغ بوتەوەو سەئاوە ئەوەیە وڵاتانی تازە گەشە کردو چەندە خۆیان لە بازارەکانی سەرمایەداری دور خەنەوە ئەوەندە لە ئامانجی جێبەجێ کردنی پرۆژە ئابوریەکانیاندا سەرکەوتو تر ئەبن . کەم کردنەوەی یەیونەدی بەبازارە سەرمایەدارنکانەوەئەوە ناگەیەنێت کە پالە پەستۆ لە سەر بازرگانی دەرەوی وڵاتانی تازە گەشە کردو پەیدا بێت ، بەڵکو ئەو شتە ئەنجامەکەی زۆر بەبێچەوانەوەیەو ئەبێت بازرگانی دەرەوەی ئەو وڵاتانە کە بەشێوە بە ئەو وڵاتانە کە بشتی بێ ببەسترێت .. وە لە لایەکی تریشەوە هەمو گفتوگۆکانی نیو وڵاتانی سەرمایەداری و وڵاتە تازە گەشەکردۆکان لە جێگای خۆی دێت و ئەچێت بە هیوای ئەوەی ئەنجامی ئەو کۆنگرەیە بە چاکەی بەیوەندیە عادیلانەی وڵاتانی دنیای سێیەم بگەرێت .. چونکە دەست کەوتو ئەنجامی ئەم کۆنگرەیەبەبەسترا وە بە باری گونجانی وڵاتانی دنیای سیەم لە گەل یەکتردا ..

● خۆدامالین لە بازارە سەرمایە دارنکان .

ئەوەشتێکی ئاشکرایەو هەمو کەس ئەی زانێت کە هەمو ئەو هەوڵانەی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی یەوە بۆ ئەشو ئەماگردنی ئابوری وڵاتانی تازە گەشە کردو دراوە لە لایەن وڵاتە سەرمایەدارنکان و کۆمپانیا مۆنوپۆلەکانی یەوە بوجەل کراونەتەوەو ئەو هەوڵو تەقەلایانە بەربەست کراون . ئەوەی لە ئەنجامی ناقی کردنەوەوە سیاغ بوتەوەو سەئاوە ئەوەیە وڵاتانی تازە گەشە کردو چەندە خۆیان لە بازارەکانی سەرمایەداری دور خەنەوە ئەوەندە لە ئامانجی جێبەجێ کردنی پرۆژە ئابوریەکانیاندا سەرکەوتو تر ئەبن . کەم کردنەوەی یەیونەدی بەبازارە سەرمایەدارنکانەوەئەوە ناگەیەنێت کە پالە پەستۆ لە سەر بازرگانی دەرەوی وڵاتانی تازە گەشە کردو پەیدا بێت ، بەڵکو ئەو شتە ئەنجامەکەی زۆر بەبێچەوانەوەیەو ئەبێت بازرگانی دەرەوەی ئەو وڵاتانە

شەری تریاك لە تورکیا

ئەو پرۆژەی تورکیا بە هاوکاری ئەتەوەیەکگرتوکان لەم دوو سالەی دوایەدا بەبارەت فەدەغەکردنو ئەهێشتنی بلاو بونەوەی هیروین لە تورکیاوە بۆ وڵاتانی دنیا دانیابو و تارادەیەکی ئەورە سەرکەوتوە .

وەك ئاشکرایە لە دەشتەکانی ناوەراستی ئەنادولدا تریاك ئەچێندرێتو ئەم کارە سالەهای سالەو هەتا ئیستاش لە گۆنگەکانی افیونداا ئەم زەراعەتە هەر بەردەوامە ، جوتیارانی ئەو ناوچەیە پشتاوپشت خەریکی کشتوکالی ئەو زەهرە کوشندەیەن . جوتیاران تا شەش سالی تر بە ئاشکراو لەژێر چاودێری یاسادا کشتوکالی تریاك ئەکەنو پاش شەش سالی ئایندە ئەو زەراعەتە لە تورکیادا بەتەواوی فەدەغە ئەکرێت .

ئەو حکومەتە سەربازیەی کە لە سالی١٩٧٢دا تورکیای ئەبرد بەریوە . لەژیر بالە بەستوو بەهاندانی ئەمەریکا یاسای فەدەغەکردنی جاندنی تریاکی دەرکرد .. ئەمەریکا ئەو سەردەمە بەندو باوی ئەوەی بلاو ئەکردوە کە لە ٨٠٪ی ئەو هیروینەی ئەبرێتە ئەمەریکاوە لەتورکیادا دەهێنرێتە بەرهەمو دەڵالە فەرەنسیەکان لە رێگای مەرسیالیاوە ئەیهێنن بۆ ئەمەریکادا ..

دوای ئەوەی دەسەلات هاتەوە دەستی مەدەنیەکان ، ئەم حکومەتە لە سالی ١٩٧٤دا رێگای دایەوە بە جوتیاران کە تریاك بچێنن .. سەیر لەوەدایە ئەم حکومەتە داوای یارمەتیو سەربەرشتی لە ئەتەوە یەکگرتوکان کردوە بۆ ئەوەی بتوانێت کشتوکالی ئەم بەرهەمە رنکخاتو دەسەلاتی ئەوە بەیداکات لە دوارۆژدا چاندنو کشتوکالی تریاك

پروانە ـ ل ـ ٧ ـ

Institut Kurde de Paris

حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ـ هەر لە رۆژی دامەزرانیەوە ـ سیاسەتی لانەگرتنی ئیجابی‌و بێلایەنی ، بە یەکی لە شتە بنچینەکانی هەڵوێستی خۆی زانیوە لە بەندیواری نێودەوڵەتان‌دا . بەڵام بەشێوەیەکی مەبدەئی‌و کاراما ، ناوەرۆکی رزگاری بەخشانەو پێشکەوتوخوازو دیموکراتیانەی دوپات‌کردۆتەوە کە دژی ئیمپریالیزمی چەشناو چەشن‌و سیاسەتی بەزۆر بەستن‌و جیاوازی نێوان نەتەوەکان ج بچووک‌و گەورەکان‌و هەرهۆیەکی ترپێت .. ئالەبەردەم ئەم نیشانانەدا ، چوست‌و چالاکی حیزب‌و شۆڕش لە مەیدانی جوڵانەوەی بێلایەنی‌و بەندیواریەکانی نێوان ولاتەکانی هەرسێ کیشوەرەکە سنورکێش کراوە ● .

★ شەڕو بێلایەنی دوو باری قانونی لە یەك گیربوون .. کەر شەڕ نەما ، بێگومان هیچ پێویستیەك بە بێلایەنی نامێنی .

★ جا لەبەر ئەوەی جەنگ هەر لە کۆنەوە هەبوەو وا دیارە هەر ئەشمێنێ ، بۆیە پێویستە باشترو بەرفراوانتر لێی تێبگەین‌و دەها پتر بۆی لاربینەوە .. هەر لەم سەرشارەوەیش با گوێ بۆ حیکایەتی بەیابوونی بێلایەنی‌و گەشەسەندنی ـ بەکورتی ـ لە هەردو کیشوەری ئەوروپاو ئەمەریکادا ، ئینجا لە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفەریقیادا شل‌کەین .

سەرگوزشتەی بێلایەنی لە ئەوروپادا

دوای هەر جەنگێ مرۆڤ هەست بە ئەمن‌و ئاسایش‌و هێمنی ئەکات .. شەری سیپەکان یەکێ لەو شەڕە کوشندانە بوو کە ئەوروپای داگیرکرد ـ لە سێ‌یەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ـ کە لە ئەنجاما بوو بە مایەی بایمانی‌و ستقالیا لە سالی ١٦٤٨ ، ئەو بەیمانەی کە بوو بە مایەی پێش‌خستنی سەرجەمی ئەوروپاو بە ئەنجی بەیابونی سیاسەتی بێلایەنی ، بەتایبەتی بۆ دەولەتە جگرلانەکان .

کەچی ئەم خراستە هەر لە مێشکی روناکبیرە

عیراق لە کۆنگرەی کولومبو

ـ عادل جلیل ـ

لە شانزەی ئەم مانگەدا لە پایتەختی سری لانکادا پێنجەم کۆنگرەی بەرزی ولاتانی بێلایەن ئەگیرێت .

لەم کاتەدا کە لە داخی ئەو سەرکەوتنەی گەلان بەدەستیان هێناوە شالاوو هەڵمەتی بەردی ئیمپریالیزم بەتین‌تر ئەبێت‌و ئەخشەی بیلانەکانی فراوانتر ئەبێت گرتنی ئەو کۆنگرەیە زۆر لە جێگای خۆیەتی بە تایبەتی بۆ بەربەستی‌و پتەوکردنەوەی دژخی دنیای سیهەم بەچاکەی خەباتی نیشتمانی‌و بەربەرەکانی کردنی ئیستعماری کۆن‌و تازە .

وە لەم بوارەدا عیراق دەورنکی ئیجابی بینیوەو ئەوەبو بەرتز وەزیری دەرەوەلە مانگی شوباتی رابوردودا هەڵێکی پشتیاری بەجێی پێشکەش کردبو ، بە هیوای ئەوە نوانای ولاتانی بێ لایەن زیاتر یەکگرتوو بەهێزتر بکات‌و لە خزانی دەولەتاندا جێ‌پایەکی شیاوتری بۆ بدرێت ..

ئەوەبو عیراق پشتیاری ئەوەی کردبو کە ئەمیندارێتی یەکی کشتی بۆ بزوتنەوەکە بهێنرێت تا سەربەرشتی جونیەتی کارکردنی بکات‌و دەزگایەکی راگەیاندنی بۆ دابمەزرێت تاکو ئامانجەکانی لەناو گەلانی دنیادا بلاو کاتەوەو لە هەمان کاتدا بەربەرچی پروپاگەندەی دەزگای راگەیاندی ئیمپریالیزم بداتەوە ..

لەو مەسەلانەی کۆنگرەکەلێی ئەکۆلێتەوە عیراق زیاتر بایەخی بەکێشەی نیوان عەرەب‌و زایونیزم داوە ، لەئەل کارکردنی ئەو کێشەیەبۆ سەر بزوتنەوەی بێلایەنی. هەروەها پشتیاری بیکەهێنانەوەی لایەنە ئابورنکانی نیوان ولاتانی بێلایەنی کردوە .. هەروەها عیراق دەست نیشانی ئەوەی کردوەکە ئوفیانوسی هندی بە ناوچەیەکی بێ چەکو ئاشتی‌خواز دابنرێت‌و بە هەمو جەشنێ یارمەتی بزوتنەوەرزگاری خۆازەکانی دنیا بدرێت .

وە لەمەیانی بەهێزکردنی بزوتنەوەی بێلایەنیدا لە مانگی شوباتی‌رابوردودا بەرێزوەزیری دەرەوە کە شتێکی بە جەندە ولاتێکی خواروی رۆژ هەڵاتی ئاسیادا کردوەو نامەی سەرۆك احمد حسن البکری‌بە سەرۆکی ئەو ولاتانە ئەباندوە وە عیراق یەکەمین ولات بوە کە داوای بەستنی کۆنگرەی وەزیرانی راگەیاندنی ولاتانی بێلایەنی کردبو کە لە نیودەلهی گیرابو ، عیراق بەبارەگاو شوێنی کونگرەکە هەڵبژیرداربو .. بۆ

لەو بارەیەوە راپۆرتی سیاسی **هەشتەمین کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ئەوەی ساغ کردۆتەوە «حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە سەردەمی دامەزراندنیەوە تا ئیستا بزوتنەوەی بێلایەنی بە گوشەیەکی بنەرەتی هەڵویستی خۆی داناوەو لە پەیوەندی کردنی ناو ولاتانیدا رەچاوی ئەکات .. وە بەشێوەیەکی پتەوی هەنقولاوی بیروباوەڕەوە لایەنە دیموکراتی‌و دژ بە ئیمپریالیزمەکەی ساغ کردۆتەوە لە فەرق‌و جیاوازی کردن لە ناو ئەلانی دنیادا..»**

بەکێتی ولاتانی بێلایەن‌چەکێکی بەتین‌و کاریگەرە لە بەربەرەکانی ئیمپریالیزم‌وپوچەل کردنەوەی نەخشەکانیداو هێزیەکی بەکارە لەدەستە بارچە کردنی ئیمپریالیزم‌و کەم کردنەوەی‌دەسەڵاتیدا لە سەرانسەری جیهاندا ..

لانەگرتن‌و

لانەگرتنی ئیجابی

سیاسەکان‌و کارکەرانی نێو دەولەتان‌دا مایەوە .. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیش دوبارە ئەم خواستە سەری هەڵدایەوەو کەوتە نێو واقیعی سیاسەتی ئەوروپاییەوە ، بەتایبەتی دوای پلیشاندنی هێرشی (ناپلیۆنانە)و پەستنی کۆنگرەی فیەننا لەسالی ١٨١٥دا .. یەك لەو بریارانەی کە ئەم کۆنگرەیە دای : جارڕدانی سەربەخۆیی سویسراو بێلایەنی بەردەوامی بوو تا هیچ دەولەتێکی گەورە ئەتوانی بەخۆی یا بە یەیمانێکی ئەوروپاییەوە بیلێنێ بەم چەشنە بێلایەنی قانونی ، وەك یەکەم تەجرەبەی سیاسی‌ی لە مێژوی بێلایەنی ئەوروپادا هاتەکایە .

لەگەڵ داهاتنی سالی ١٨٣١ یش‌دا ، بێلایەنی لەسەر بەلجیکاو بەبێ رێکەوتنی لەندەنی هەمان سال فەرزکراو ئەم دەولەتانەش بوونە دەستەبەری ئەم بێلایەنیە : (فەرەنسا ـ بەریتانیا ـ پروسیا ـ ئەمسا) . دوای ئەمیش بێلایەنی (لۆکسەمبورگ) لە ئەنجامی بەیمانی لەندەنی سالی ١٨٦٧ هاتەکایە .

کەچی ئەڵەمانیا هەر لەسەرەتای دەس پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانگیریەوە ، بێلایەنی ئەم دوو دەولەتەی خستە لاوە و بەزۆرەملی هەردوکیانی وایج کرد تا جاری دەرچونیان بدەن لەم بێلایەنیە .

سەرگوزشتەی بێلایەنی لە ئەمەریکادا

سەرگوزشتەی بێلایەنی لە ئەمەریکادا بۆ سالی ١٨٢٣ ئەگەڕێتەوە ، کاتێ کە جۆرە بێلایەنیەك هاتەکایە، کە گشت جۆرە رواڵەت‌و ناوەرۆکی تایبەتی خۆی هەبوو .. ئەم جەشنە بێلایەنیە لە مەبدەئی سەرۆکی ئەمەریکایی (جەیمس مۆنرۆ)وە هەڵفرێ‌و بەدەرکەوت کاتێ کە لە کۆنگریسا وەکو رێبازێکی سیاسی بریاری لە سەر درا و ئەمەریکای بێ بابەندکرد کە ئەبێ لە لە پەیوەندی نێو دەولەتانەی‌دا بێ‌ی بەند بێ ، کە لەباشا بە (مەبدەئی مۆنرۆ) یا بە (مەبدەئی لاتەرازبوونی سیاسی) ناو نرا . لەژێر دروشمی (ئەوروپا بۆ ئەوروپاییەکان ، ئەمەریکایش بۆ ئەمەریکاییەکان و کەسیش دەخلی بەسەر کەسەوە نەبێت ..)

سەرگوزشتەی پەیابوونو پەرەسەندنی مەسەلەی لانەگرتنی ئیجابی‌و سیاسەتی بێلایەنی .

مەسەلەی گەشەکردنی لانەگرتنی ئیجابی‌و بێلایەنی بۆ سالی ١٩٥٤ ئەگەڕێتەوە کاتێ کە نوێنەرانی پێنج دەولەت (هیندستان ـ سیلان ـ بورما ـ پاکستان ئەندونیسیا) لە کۆنگرەی کۆلۆمبۆدا کۆبونەوەو مەسەلەی کۆنگرەی (باندونگ)یان سازدا .. لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٥دا کۆنگرەی جاوەڕێکراو لە (باندۆنگ) لە ژێر دروشمی (بۆی‌و وازیێنە خەڵکی‌یش بژێت) بەسترا .. کە نوێنەری بیست‌وئۆ دەولەتی ئاسیایی‌و ئەفەریقیایی تیدا بەشدار بوو لەوانەیش ئەو پێنج دەولەتەی کە لە کۆنگرەی کۆلۆمبودا بەشدار بوون .

لایەنە سیاسی‌یەکانی ئەو دەولەتانەی کە لە کۆنگرەکەدا ئامادە بوون

کۆنگرەی باندۆنگ سێ لایەنی سیاسی گرتبووە بەر یەکەم ـ لایەنێك دژی هێزدووگای سۆشیالیستی بوو داوای یارمەتی کردن لەگەڵ دەولەتەکانی رۆژئاوا ئەکرد ، ئەم بڕۆژەش لە لایەن فیلیپین ـ ژاپۆن ـ فێتنامی خوارو ـ لاوس ـ تایلاند ـ تورکیا ـ پاکستان ـ ئەسیوپیا ـ لوبنان ـ لیبیا ـ لیبریا ـ ئیران ـ عیراق پشتیوانی لێ‌ئەکرا .

دووەم ـ لایەنێك پشتگیری هێزدووگای سۆشیالیستی ئەکردو لەلایەن چین‌و فێتنامی سەرو

سێیەم ـ لایەنێکی بێلایەن کە پشتیوانەکانی « البانشاشیلا » پێج مەبدەو کە پرتیبوون لە ئەفغانستان ـ سووریا ـ ئەندەنۆسیا ـ هیند ـ میسر ئیلتیزامیان پێوەئەکرد .

بەڵام باشماوەی دەولەتەکانی تری کۆنگرەکە رێزەویکی سیاسی دیارکراویان نەبوو ، بێگومان هەستویستەکانی بەگوێرەی ئەو کێشانەی کە گفتوگۆ لەسەر ئەکرا ئاشکرا ئەبوو ، هەروەها هەڵوێستە تایبەتی یەکەی بەرانبەر ئەوکێشانە .

ئەو کێشە بنەڕەتی‌یانەی‌کە گفتوگۆی لەسەر ئەکرا کۆنگرەکە بەدرایژایی کاتی کۆبوونەوەی گفتوگۆی لەسەر مەسەلەکانی ئیمپریالیزم‌و بێلایەنی نەبوون‌و دواکەوتن ئەکرد :

١ ـ ئیمپریالیزم

لە هەموو ئەو کێشانەی کە بە گەرمی گفتوگۆی لەسەردا ئەکرا مەسەلەی ئیمپریالیزم بوو ، بێگومان بەبێی بیروباوەڕی هەندێك ئیمپریالیزم بە سیاسەتی تایبەتی رۆژئاوا لە قەڵەم ئەدراو ، سەرجاوەکەشی هەر رۆژئاوایە .. ئەو دەولەتانەی کە سەر بە رۆژئاوا بوون بەهەموو هێزو توانایانەوە هەوڵیان ئەدا بۆ خۆپاك کردنەوەی لە تاوانی نووساندنی سیاسەتی ئیمپریالیزم بە هێزدووگای سۆشیالیستی .

٢ ـ بێلایەنی

دوڕا هەبوو کە بەگەرمی‌و توندو تیژی گفتوگۆی لەسەردا ئەکرا .. ئەو دەولەتانەی کە سەر بە رۆژئاوا بوون ئەیان‌ویست کە سیاسەتی بێ لایەنی تەنیا بۆ هێزدووگای سۆشیالیستی بێت‌و بەس ، بەڵام دەولەتەکانی تر وایان بەباش ئەزانی کە سیاسەتی بێلایەنی ببێتە بردی سیاسەتی دەرەوە دوورکەوتنەوە لە شەرو زۆرانبازی لە نێوان دەولەتەکان .

لە کۆنگرەی باندۆنگ‌دا فیکرێکی جەوهەری یاخود عەقیدەیەکی سیاسی هاتەدی ، ئەوش ئەوەبوو کە دەولەتەکانی جیهانی سێیەم وەکو هێزێکی کاریگەر لە کۆمەڵگای دەولەتان هەست بە بوونی خۆیانیان کرد لە بەرێ بردنی سیاسەتی جیهان ، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە دەولەتە گەورەکان ناوڕ لە سیاسەتە کۆنەکەیان بدەنەوەو هەڵوێستی ئیمپریالیزمی خۆیان بەرانبەر دەولەتەکانی ئەم دوو کیشوەرە تا رادەیەکی ئاشکراو ڕوون بکەنەوە . هەروەها ئەو دەولەتانەی کە لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون یارمەتی ئەوەیان دا کە بەردەوام کۆنگرە ببەسترێت ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بیروباوەڕانەی کە لەسەری پێك هاتبوون .

کۆنگرەکانی دەولەتەکانی لانەگرتنی ئیجابی کە دوابەدوای کۆنگرەی باندۆنگ‌دا بەستراون :

بۆ ئەوەی ئاواتەکانی دەولەتەکانی لانەگرتنی ئیجابی‌و دەولەتە بێلایەنەکان جێبەجێ بکرێ‌و پێتەدی دەولەتەکانی هەردوولا بەنایان بردە بەر بەستنی ئەم کۆنگرانەی خوارەوە :

١ ـ کۆنگرەی هاوکاری ئاسیاو ئەفەریقا ، ئەم کۆنگرەیە لە بیست‌و شەشی کانوونی یەکەمی سالی ١٩٥٧دا لە قاهێرە بەسترا .

٢ ـ کۆنگرەی بەلگراد ، لە یەکی ئەیلوولی سالی ١٩٦١دا گیرا .

٣ ـ کۆنگرەی قاهێرە ، لە پێنجی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٦٤دا گیرا .

٤ ـ کۆنگرەی جەزایر ، لە پێنجی ئەیلوولی سالی ١٩٧٢دا گیرا .

ئەو کێشە بەنرخانەی کە دەولەتەکانی کۆنگرە زیاتر بایەخیان پێئەدا :

سەرەڕای کێشە تایبەتی‌یەکانی کە سەر بە تەنگ‌و چەلەمەکانی دەولەتە ئەفرۆ و ئاسیاکان هەبوو ، دەولەتەکانی هەر جوار کۆنگرەکە لە کاتی کۆبوونەوەدا بایەخێکی زۆریشیان بە گیروگرفتەکانی جیهانی‌یان ئەدا . لەپێش هەموویان ئەمانەی خوارەوە بوون .

یەکەم ـ هەولدان لەپێناوی ڕامالینی ئیمپریالیزم بەهەموو جۆرەکانی‌یەوە لە لایەکی تریشەوە بەرهەڵستی کردنی دەولەتە گەورەکان لە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی دەولەتە بچووکەکان‌و تازەپێگەیشتووەکان و ئەو دەولەتانەی کە تازە سەربەخۆیی سیاسی‌یان وەرگرتووەو ، خەبات کردن لە پێناوی بارێزگاری کردن لە سەربەخۆیی‌و یەکیەتی هەرێمەکانی داومافی ڕەوای لە هەڵبژاردنی ئەو سیستەمەی کە خۆی بێ قایل ئەبێت .

دووەم ـ بڕیاردان‌و چەسپاندنی مافی دەولەتەکان لە یەکسانی‌و هەست بە سەربەستی کردن‌و ، ریزگرتنی دەولەتە ئازاد کراوەکان‌و ، بەربەرەکانی کردنی ئەو یارمەتی‌یە ئابوورییانەی کە مەرجی ئارەوایان تیایە .

سێیەم ـ بەرەپێدانی ژیانی ئاسایش‌و هێمنی نێوان میللەتان‌و هەوڵدان بۆ دورکەوتنەو لە شەڕ وەك رێگایەك بەرەو دۆستایەتی لە نێوان دەولەتان‌و ، کارکردن لەپێناوی هێنانەدی بارو دۆخێکی دوور لە جەنگ‌و شەڕی ساردو ، بانگ ڕاهێشتن بۆ قەدەغە کردنی تاقی کردنەوەی ئەتۆمی‌و پێش‌برکێ کردن لە بەرپا کردنی چەکدا .

چوارەم ـ کارکردن لەپێناوی ڕامالینی بنکەکانی شەڕی بێگانەکان لە خاکی دەولەتە بێلایەنەکان‌و بەرهەڵستی کردنی بەیمانە سوبابی‌یەکان .

سڵاو لەوانەی دەیانەوێ زەمین ئازاد بکەن

مکرم رشید تاڵەبانی

لەگەڵتاندایە ، بە هەموو هێزی لەشی‌و سۆزمانەوە ، کە چاوەڕێن ڕێکەی بەردەمتان‌بۆ والا بکرێت ، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە پیرۆزەی لە ئەستۆتاندایەو پێتان سپێردراوە بەجێ بێنن ، کەئەمە هیوای هەموو سەر بەرزێکی دڵسۆزە بەرگری نەك‌هەر لە زەمین‌و ئیشتمان‌و سەربەرزی‌ی خۆی بکات ،بەڵکوو پشتگیری لە ئاشتی‌و ئازادی‌ی هەموو پارچەو سووچێکی ئەم جیهانە بکات ، کە هەموو رۆژێك کوشتاری‌تیدا دەکرێت‌و پەڵەیەکی ڕەشە بەسەر توێڵی مرۆڤایەتی‌یەوە ،بۆ ئەوەی گەلای داره زەیتوونەکان لە باغچەکانی‌زەمینی ئەویندار‌و لە زەمینی ئاشتیدا بشەکێنەوە، تا منداڵەوورد‌یلەکان بوێرن بەرەو قوتابخانەکانیان بکەونەڕێ بۆ ئەوەی لە گورگە درەکان بترسن ، هەروەها دایکەکان ـ لە کشت شوێنێك ـ دڵنیا بن کە کۆریەکانیان لە مەترسی‌ی گوللەی وێڵ‌و تەقینەوەی خومبارەی بۆمباهاوێژەکانەوە بە دوورن ، لە پێناوی باك‌کردنەوەی ئاسمان‌وزەمین‌و ئاوو هەواو هەموو سووچێکی ژیان لە بژگەنی‌ی‌بوغزو کینەو جەنگ هەڵگیرسانو هەموو شتێکی‌کەی دژ بە سەوزی‌و ژیان‌و ئاشتی .. !

لەتەکتاندا ..جاوەڕوانی.. هەڵهاتنی خۆری ئاسۆین .. جاوەڕوانی ئەو تۆفانە داهاتووەین لە گەلەوە سەر هەڵدەدات ، ئەو گەلەی لەناوەوە دەکوولێت ، تا ڕژێمە کارتۆنیەکەدا بڕووخێنێت کەبەیوەستی ئاغاکانیە لە بەنتاگۆن‌و بۆزن‌و تەل‌ئەبیب ،بۆ ئەوەی بکرێتە بەندی جیهان ، ئەوکاتە ڕێکەی‌بەردەمی ئەو و ئێوە بکرێتەوە ، ئێوەی جاوەڕوانی کاتێکی وان‌ولە یشکۆ سوورترو بە پەلەترن ئەو ڕۆژەش بە لە دایك‌بوونی‌نوێتان دەزانن ، بۆ ئەوەی زەمین لە داگیرکەران ئازادبکەن‌و بۆ جارێکی تر ئەوە بچسپێنن کە دەست‌و بازووی‌ئێوە لە درۆو دەڵەسەی ئەوان کاریگەرترو بە هێزترە ، تا ئەو ڕۆژەمان بۆ دێتە دی .. لە گەلتانین لە سەنگەرەکانتان‌داچاوەڕوانین ، بە جەك‌و بە ووشەو بە هەموو شتێکی تر.دەجەنگێین .. هەموو گیانیشتمان تووڕەییە .. لەئاسمان‌و زەمین لە تەکیان دەجەنگێین‌و چاوەڕوانی ئەوڕۆژە دەکەین کە زەمینی تیدا پاك دەکرێتەوەو ئازاد دەبێت‌لە بژگەنی ئەنجا ئاشتی باوەش دەکاتەوە بە زەمینداو ئاڵای شەکاوەی هەر شەکاوەی دێت !

هەروەك ئاڵای ئاشتی بەسەرخاکی وولاتەکەی ئێمەدا دەشەکێتەوە !

ئەرکە ئابوریەکان « پاشماوە »

پێنجەم ـ جەنگ‌کردن دژی ڕەگەزپەرستی‌و دەسەڵاتی کەمایەتی‌یە سپی‌یەکان بەسەر میللەتەکانی قولەرەشەکان‌و ، ململانێ‌کردن دژی هەموو جۆرە جەورێك‌و دەسەڵاتێك‌و چەوساندنێکی بێگانە .

شەشەم ـبانگ‌ڕاهێشتن بۆ خولقاندنی بارێکی خۆش لەنێوان دەولەتان‌و،هاوکاریی دەولەتان بۆ کەشەسەندنی ئاستی ژیان لە دەولەتە دواکەوتووەکان‌و ئامادەکردنی هەموو جۆرە هەلێکی بەجێ بۆ پەرەسەندن‌و بەرەوپێشەوە چوون ، بەبێ هیچ کۆت‌و زنجیرێك .

حەوتەم ـ ئیکۆشان لەپێناوی جێبەجێ کردنی یەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەق‌و بە گیان لە مامەلەی نێوان دەولەتان .

بەم جۆرە دەولەتە گۆنگرەبەستووەکان توانیان بە بەلگەو تاقی کردنەوە بسەلێنن کە ئەو دەولەتانەی کە لە دێرزەمانەوە لە زوڵم‌و زۆرداری‌و چەوسانەوەدا ئەژیان ، لە خەوە درێژەکەی هوشیار بووەوەو خۆی‌و واقیعەکەی تێگەیشتو ، زانی کە چارەنووسی بە (لەندەن‌و باریس‌و) جنێڤ‌و واشنتۆن) نەبەسترا‌وەو لەوێدا چارەسەری ناکرێ بەلکو چارەنووس بەستراوە بە ئیرادەی خۆی‌و هەڵبژاردنی خۆی‌و بەستنی کۆنگرە لە خۆی‌و بۆ خۆیەوە .

هەروەها بوونی کۆمەڵێك کە نزیکەی نیوەی میللەتانی جیهانی لە دەوربشتیا کۆببنەوە ـ ئەو میللەتانەی کە باوەڕیان بە ئامانجەکانی مرۆڤایەتی ئاشتی خوازانەوە هەیە ـ کە لە ماوەیەکی کورتدا ، یان لە ماوەیەکی دووردا دەسەڵاتی خۆی بەسەر بیروباوەڕی جیهانی ئەسەپێنێ ، هەروەها پارسەنگی خۆی لە کۆمەڵگای دەولەتانیش ئەسەپێنی‌و ، بەتایبەتی چونکە هەموو دەولەتەکانی جیهان تام‌و بۆی شەڕیان چەشتووەو ، ئێستاش گەورەترین دوژمنی شەڕە .

گەل کرنگ‌وبایەخی پێشکەوتنی‌ئابوری بەشێوەیەکی ئیقلیمی‌یا نا ئیقلیمی لە ولاتانی تازە گەشەکردودا بەڵام ئەوە نابێتە مایەی پوچەل کردنەوە ، وەبەڵکوو پێویستیشە کە هاوکاری‌یەکی تەواو لە هەمو رویەکەوە لەناوولاتانی تازە گەشە کردودا پێك بهێنرێت .

بەکورتی ، ئەتوانین بڵێین ،ئەوەی کە ولاتە تازە گەشە کردوەکان هەیانە لە سامانی‌مرۆڤ‌و سروشت ڕۆژگاریکی چاکی لە پێناوی گەشەکردنا بۆ ئەرەخسسێنێ‌و ئەتوانی بەو هویەوە روبەروی ولاتەسەرمایە دارەکان بێ .

بەیەیدابوونو گەشەسەندنو ئامانجەکان

لەسەردا ئەکرا مەسەلەی ئیمپریالیزم بوو ، بێگومان بەبێی بیروباوەڕی هەندێك ئیمپریالیزم بە سیاسەتی تایبەتی رۆژئاوا لە قەڵەم ئەدراو ، سەرجاوەکەشی هەر رۆژئاوایە .. ئەو دەولەتانەی کە سەر بە رۆژئاوا بوون بەهەموو هێزو توانایانەوە هەوڵیان ئەدا بۆ خۆپاك کردنەوەی لە تاوانی نووساندنی سیاسەتی ئیمپریالیزم بە هێزدووگای سۆشیالیستی .

٢ ـ بێلایەنی

دوڕا هەبوو کە بەگەرمی‌و توندو تیژی گفتوگۆی لەسەردا ئەکرا .. ئەو دەولەتانەی کە سەر بە رۆژئاوا بوون ئەیان‌ویست کە سیاسەتی بێ لایەنی تەنیا بۆ هێزدووگای سۆشیالیستی بێت‌و بەس ، بەڵام دەولەتەکانی تر وایان بەباش ئەزانی کە سیاسەتی بێلایەنی ببێتە بردی سیاسەتی دەرەوە دوورکەوتنەوە لە شەڕو زۆرانبازی لە نێوان دەولەتەکان .

لە کۆنگرەی باندۆنگ‌دا فیکرێکی جەوهەری یاخود عەقیدەیەکی سیاسی هاتەدی ، ئەوش ئەوەبوو کە دەولەتەکانی جیهانی سێیەم وەکو هێزێکی کاریگەر لە کۆمەڵگای دەولەتان هەست بە بوونی خۆیانیان کرد لە بەرێ بردنی سیاسەتی جیهان ، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە دەولەتە گەورەکان ناوڕ لە سیاسەتە کۆنەکەیان بدەنەوەو هەڵوێستی خۆیان لە دەولەتەکانی ئەم دوو کیشوەرە تا رادەیەکی ئاشکراو ڕوون بکەنەوە . هەروەها ئەو دەولەتانەی کە لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون یارمەتی ئەوەیان دا کە بەردەوام کۆنگرە ببەسترێت ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بیروباوەڕانەی کە لەسەری پێك هاتبوون .

کۆنگرەکانی دەولەتەکانی لانەگرتنی ئیجابی کە دوابەدوای کۆنگرەی باندۆنگ‌دا بەستراون :

بۆ ئەوەی ئاواتەکانی دەولەتەکانی لانەگرتنی ئیجابی‌و دەولەتە بێلایەنەکان جێبەجێ بکرێ‌و پێتەدی دەولەتەکانی هەردوولا بەنایان بردە بەر بەستنی ئەم کۆنگرانەی خوارەوە :

١ ـ کۆنگرەی هاوکاری ئاسیاو ئەفەریقا ، ئەم کۆنگرەیە لە بیست‌و شەشی کانوونی یەکەمی سالی ١٩٥٧دا لە قاهێرە بەسترا .

٢ ـ کۆنگرەی بەلگراد ، لە یەکی ئەیلوولی سالی ١٩٦١دا گیرا .

٣ ـ کۆنگرەی قاهێرە ، لە پێنجی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٦٤دا گیرا .

٤ ـ کۆنگرەی جەزایر ، لە پێنجی ئەیلوولی سالی ١٩٧٢دا گیرا .

ئەو کێشە بەنرخانەی کە دەولەتەکانی کۆنگرە زیاتر بایەخیان پێئەدا :

سەرەڕای کێشە تایبەتی‌یەکانی کە سەر بە تەنگ‌و چەلەمەکانی دەولەتە ئەفرۆ و ئاسیاکان هەبوو ، دەولەتەکانی هەر جوار کۆنگرەکە لە کاتی کۆبوونەوەدا بایەخێکی زۆریشیان بە گیروگرفتەکانی جیهانی‌یان ئەدا . لەپێش هەموویان ئەمانەی خوارەوە بوون .

یەکەم ـ هەولدان لەپێناوی ڕامالینی ئیمپریالیزم بەهەموو جۆرەکانی‌یەوە لە لایەکی تریشەوە بەرهەڵستی کردنی دەولەتە گەورەکان لە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی دەولەتە بچووکەکان‌و تازەپێگەیشتووەکان و ئەو دەولەتانەی کە تازە سەربەخۆیی سیاسی‌یان وەرگرتووەو ، خەبات کردن لە پێناوی بارێزگاری کردن لە سەربەخۆیی‌و یەکیەتی هەرێمەکانی داومافی ڕەوای لە هەڵبژاردنی ئەو سیستەمەی کە خۆی بێ قایل ئەبێت .

دووەم ـ بڕیاردان‌و چەسپاندنی مافی دەولەتەکان لە یەکسانی‌و هەست بە سەربەستی کردن‌و ، ریزگرتنی دەولەتە ئازاد کراوەکان‌و ، بەربەرەکانی کردنی ئەو یارمەتی‌یە ئابوورییانەی کە مەرجی ئارەوایان تیایە .

سێیەم ـ بەرەپێدانی ژیانی ئاسایش‌و هێمنی نێوان میللەتان‌و هەوڵدان بۆ دورکەوتنەو لە شەڕ وەك رێگایەك بەرەو دۆستایەتی لە نێوان دەولەتان‌و ، کارکردن لەپێناوی هێنانەدی بارو دۆخێکی دوور لە جەنگ‌و شەڕی ساردو ، بانگ ڕاهێشتن بۆ قەدەغە کردنی تاقی کردنەوەی ئەتۆمی‌و پێش‌برکێ کردن لە بەرپا کردنی چەکدا .

چوارەم ـ کارکردن لەپێناوی ڕامالینی بنکەکانی شەڕی بێگانەکان لە خاکی دەولەتە بێلایەنەکان‌و بەرهەڵستی کردنی بەیمانە سوبابی‌یەکان .

Institut Kurde de Paris

لە مێژووی ئەدەبیاتدا

شانۆیەکی بریختە

– صلاح شوان –

● ئەم دنیای ئەدەبە شانۆیەکی .. ئەوانەی لەسەرین ، هەموو ئەکتەر .. بەردە هەر لەبە ، ئەوانەی دیوارە چوارەم ، چونکە ئەوانەی سەریشی ئەکەن ، هەر بەرینەبەین نابێ لە دیمەنێك ، یان پشکنی دیمەنێكدا بەشداری بکەن .

● دەرهێنەریش .. هەموو شتە باوەکانی لەو بارە دۆخەیە ، کەس بۆی نییە لە بیش و ئەنە بانی بکەوێت .

● جاری وا هەیە ئەم سەرکەرانەش سەرەکەوتە سەر شانۆکە ، دەورەکەی خۆیان ئەنجام بیشمەس ئەکەن و ئەکشێنە دواوە .. جاری وایش هەیە هەر بە دانیشتنەوە ، یان بە بیوە ، لە شوێنەکەی خۆیانەوە ، یان لە شوێنێکی ترەوە دەورەکەیان بیسکەش ئەکەن .

● بیکومان کەس نایەوێت ئەوانی تر وا تێبگەیەنێت کە ئەم بەراستیش و تەمیل ناکەمات ، چونکە ئەمەو حالەتەدا لە هەموو یەکەمەیەك بیرەس ئەبێت . خۆ ئەگەر کەسێکیش ویستی وا بکات ، ئەوە ئومانی تیا نیە کە ئەو کەسە هەمەوو کەسێکە خۆی ئەبێت ، یان با بیبین کە دەوری کەسێك ئەبینێت ، خۆ بەکەی لە بیرئەچنەوەو ، خۆی بە کاریاتی ئەو شانۆکەریەکە ئەزانێت .

● بەسەزمانە ئەمەو کەسەی وا بزانێت تەمیل ناکات و ، وەکو خۆی ئەمەیت . ئەلام : وەکو خۆی ئەژیت ، ئەگەر وەکو خۆی ئەمەیت لە ژیانی ئەمیشەیاندا ئەمیل هەرهەیە ؟!

● هی وا هەیە ئەمەندە بیرکەوە هەشقی کردووەو ، ئەمەندە هونەری ئەکەرو ئەمیلی خوێندووەو ، وای لیبیووە ، کە ئەمیل ئەکات ، وا ئەزانێت ئەمە ئەمەو کەسەی ناو شانۆکەریەکەیەو ریتەوریژەوە ، ئەمەك یەکێکی ترەو دەورەکەی خۆی ئەبینێت .

● هی وانش هەیە ، ریمو ژەی بیژەی دیارە ئەم ئەو کەسە نییەو یەکێکی تر ئەوزیوی ئەم کەسەی بەرچاوەوە هەیە ، کە هەرچەندەکات ناتوانێت لەئەنیا بکوێنجێت » .

● ئەوەی بیشوویان هەرچەندە بە هونەرەکەی سەرسامت بکات ، بەلام ناتوانێت وات لێبکات خۆشت بوێ ، بەبێچەوانەی ئەمی ترەوە کە جێگای بەزەیی و خۆشەویستیە ، ئەگەر بە هونەرمەندێکی کەورەش ئەسریت .

● ئەم شارەیەدا ، دەبەنگی وا هەیە بتوانێت تا دوایی خۆی بە زیرەك پیشمان بداتەو ، سەیرکەرانیش چەپلەی بۆ لێدەن .. بەلام هەرگیز زەیرەکی وا نییە بتوانێت تا دوایی خۆی بە « دەبەنگ » پیشمان بداتەو چونکە دەرئەکەوێت .

ئەی تۆ ئەلێی چی ؟!

پێوستەی « رۆشنبیری »

کەسەلن لە لاوە تازە پێگەیشتوانەی ئەژو خۆشەویستیان بۆ ئەدەب ، پالیان پێوە دەنێ دەس بدەنە قەلەم و بەهرەو توانای خۆیانی تیدا تاقی بکەنەوە ، ئەو بەرهەمانەی خۆیانمان بۆ دەبەرن کە بۆ یانی بلاو بکەینەوە . دیارە ئیمە درێغی لە بلاو کردنەوەی تاقی کردنەوە سەرکەوتووەکانیان ناکەین . بەلام بۆ ئەوانەشی کە تاکەنە لەو رادەیە ، ئیمە هەر بە خۆشنوودی بەوە دەچین بە بیر بەرهەمەکانیانەوەو وەرامیکیان دەدەینەوە .

● « بەکەم دیاری » ی عوسمان محمودو « یارم ئەروات » ی ئەرهاد احمد رشیدو « گری هەناسەکەم » ی ئازاد خضر بیزارو « چاوەکانت » ی محمد صدیق رەنگەنەو « نیشتمانەکەم » ی خالد سیئگرد کانیو « پرشنگی نیسان » ی ن . ع و « خۆشەویستە بۆ وەفاکەم » ی یاسین حمە رشیدو « لێم مەبرە » ی زرنگ علی و « ئوارە ئەبێ » ی عبدالقادر محمد ، هەموو لە شێوەی شیعردا هەستی ئەزنیکی دل و دەروونی نووسەرەکانیان دەر دەبڕن . بەلام لە رووی هونەریەوە بۆ ئەگەیینو و کەموکوڕیان زۆر تیدایە . لە تاقی کردنەوەی تریاندا سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین .

● « کەمەرانەوەی ئەلبرۆبادرۆی گەپۆك » شیعرنکی نیرۆدایەو تاسم شیروانی کردوویە بە کوردی . بەلام بە داخەوەو وەرگێرانەکەی کۆك نەبوو .

● « چیرۆکی هەلیزاردەو هەشت سەرنج » ی عەبدول حسین . لیکۆلینەوەیەکە دەربارەی چیرۆکەکانی باشکۆی « رۆژی کوردستان » . لەبەر ئەوەی لیکۆلینەوەیەکی مەوزوعی نەبوو ، نەمانتوانی بلاوی بکەینەوە .

● « دور دوژمنی خۆشەویست » چیرۆکێکی عدنان قاسم بابانە ، رامان وایە کە لە رووی هونەریەوە لاوازە . بۆیە بلاو نەکرایەوە .

● « خۆشەویستەکەم » ی هیوا احمد اسعد ، نامەیەکی دلداری ساکارە . ئەگەر نووسینێکی ئەدەبی سەرکەوتوو بوایە (با نامەیەکی دلداریش بێ) دەشیا بلاو بکرێتەوە .

● « من یا ئیمەو چیرنیکا » ی عباس احمد محمد ، دوو سەرە مقەستی ناو گوفاری (العربی) ن و کردوونی بە کوردی . شتێکی وایان تیدا نەبوو بۆ بلاو کردنەوە بشێن .

چیرۆك :

وشەی تۆهەڵکێش

ووشە تۆهەڵکێشەکان

نوسینی : می یتیم

گۆڕینی : محمد حسین الزهاوی

ئافرەتەکە بە رازی کردنی پیاوەکە خۆی ڕازاندوە ئەو جۆرە شتانەی بۆخۆش نەبوو . زۆر جار لە کەل خویدا ئەدوا کە کوایە مانای ئەو دەمەکە چی یە کە راستی ئافرەت ئەسازئەوە ؟ پیاو لە ڕازاندنەوەی ژن چی بۆخۆشە . ئایا لە ئەوچی یە یا لە رەزامەندی یە ؟!

وەلامیك نە ئەدەسەت .

جارێکیان پیاوەکە پێی ووت :

– من بەهیچ جۆرێك ئەوە ڕووخسارە درۆیەم پێم خۆش نییە .. ئەوە تۆکدانی سروشتە .

کە ژنێکی ڕووخسار سواغدراو بەسوورو سەوزو خۆلەمیشی و وەئەوشەیی ڕادەبوورێ ، پیاو بەدوایدا هەناسە بڕکێ پێدەکەوێ و میشکی تێك ئەچێتو بەسەر سوورمان و داخ بەدلدا ئەبێت .

هەر وەك جاران بەخترایی خۆی کرد بە ماڵدا ، ڕازاندنەوەی ژنەکە سەرنجی ڕاکێشا ، کاتێ بەسوژەوە لە پێدەستی هێنا بە کولمیدا ، هەستی بەکامەرانی کرد .

– چەند قەشەنگیت .. هەمیشە بەو بۆنە خۆشەکرەمان بکە .

ئافرەتەکە زەردەخەنەیەکی ئاسایی کەوتە سەرلێوی و چاوی بە ئاوێنەکەیا گێڕا جگە لە ڕووەمەتیکی پێکەنینی هیچی تر نەبینی ، کەچی پیاوەکە پەلی ڕاکێشاو وتی :

– وەرە لە تەنیشتەوە دانیشە .. ئەمڕۆ چیت کردووە ؟

– هەر وەك وەك جاران لە مشەکە کەوامەوەو چێشتم ئامادە کرد دەستم کرد بە خوێندنەوەی شانۆکەری یەك کە ماوەیەکی دوورە کڕیبوم .

زەردەخەنە لە لێوی پیاوەکەدا وون بوو .

– لەسەر خوێندنەوەو کڕینی کتێب بەردەوامیت ؟ ئەوەت لە یاد چووە کە خوێندنت تەواو کرد .

بە پێکەنینەوە لێی پرسیەوە :

– بڕوات بەقسەی بوچەنلی خەنکی هەیە ؟

– مەسەلەکە لەوەدا نییە کە بڕوا بکەم یان نەء .. من هەمیشە ئارەزووی ئەوەم هەیە کە لە ئەل خاوەن هێشکە داهێنەرەکانەدا بڕۆم ، بەز ئەوەی زاڵ بم بەسەر ئەم جیهانە بەکزلەیەدا .

شانی هەلتەکاندو هیچی نەووت .. دەستی درێژکردو ڕۆژنامەیەکی لە کرفانی دەرهێنا .

هەستی بەناخۆشی یەکی بێشومار کرد . ماوەیەکە سستی لەنێوانیاندا سەری هەلداوە ، بەلام ئافرەتەکە ویستی پیاوەکە رازی بکات . بە خۆشەویستی یەوە دەستی بەقژیدا هێناو یاری بەتالی مووەکانی کردو لێی پرسی :

– ئەم ئیوارەیە چی بکەین ؟

– زەردەخەنەیەکی ڕەزامەندی بەسەر لێوەکانیەوە دەرکەوتو دەستەکانی گرت .

– ئەچین بۆ سینەما .. بیر لە فیلمێکی دیاری کراو تزە ئەکەیتەوە ؟

– فیلمێکی نایاب هەیە بەناوی (قەرەجە بەختیارەکانم بینی) .

– نە .. ئەی نە قەرەجو نە سەرئیشان .. ئەسا چی بکەین ، هەر چی هەوداتك بۆ نزیك بوونەوە لەیەکدا هەر لە سەرەتادا ئەبچرێت ، بەلام ئەبێت پارەیەك بۆ ئەم ئاوزی ئەکوکی یە کە لە نیوانیان دایە بدۆزینەوە .

قاوەی بۆهێنا ، ئافرەتەکە بەخێرایەوە پرسیارێکی لێکرد .

– ئەمڕۆت چۆن بەسەر برد ؟

بەخۆش حالی یەوە وەلامی دایەوە :

– هەموو وشە تۆهەڵکێشەکانی ناو ڕۆژنامەو گۆفارەکان کە دەستی کەوتن شیم کردنەوە من لە هەموو برادەرەکانم زیرەکترو خێراترم . ئەلێن کە من لە زانیاریە کشتی یەکاندا وشەی تۆهەڵکێش – پاشماوە دەوڵەمەندمو زمانیشم ئێجکار خاوێنو بەهێزە .

– جا رای تۆ چی یە ؟

بەسەرسوورمانەوە سەیری ئەکرد هەر وەك بڵێی ئەمە یەکەم جاریەتی ئەیبینێ ، لە گەل ئەوەشا لە سەرقسەکانی بەردەوام بوو .

– سەیر کە ئەمە ڕۆژنامەی ئیوارەیە ، تا ئیستاو ووشە هەڵکێشەکانی شی ئەکەمەوە .

لە شوێنەکەی خری هەلساو بەرامبەری لێ ڕتو ئەماشای ئەکرد .. ئەم پیاوە لە دانشگادا هاوڕێی بوو پێکەوە نەیان خوینەدو کتێبو شانۆکەری و فیلمی نایابیان لێك ئەدایەوە . بەدرێژایی لە سەر غزیاو ڤان کوخو بیکسۆز قسەیان ئەکرد .. ئیستا لەگەل یەکدا نا ونجێن ، هەر وەکو بڵێی یەکتر ناناسن و لە پرێکا فەدەر کزی کردۆتەوە .

– لەو قسە بۆشانەی دانشگا واز بێنە ، لەگەلمن لەسەر زەویدا بژی .

پیاوەکە هەمیشە ئەمە دووپات ئەکاتەوە .

هەناسەیەکی داشکوی هەڵکێشا ، ئایا ژیانیان لەئەن یەکدا تەنها چەند وشەیەکی تۆهەڵکێشە ؟!

پیاوەکە سەری هەلکرت و پرسیاری کرد :

– بەرانبەری وشەی ژنین چی یە .

– بە توندی یەرە وتی نازانم

– گرنگ نییە خۆی شی ئەکرێتەوە .

باش ماوەیەك وتی :

تەواومان کرد .. با بڕۆین لە شوینێك نان بخوین ئافرەتەکە بێ کەنی بۆ ئەوەی دڵی پیاوەکە رازی بکا .

(و . هـ . ئودن)

دەنگی نوێ لە شیعری ئینگلیزی دا

ئازاد عبدالواحد

– ئۆدن – سالی – ١٩٠٧ – بۆ یەکەم جار چاوی ترووکاند .. ئەوکاتە تازە ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی خەریکی بڵێسە سەندن بوو ..

دوای ئەوەی – ئۆدن – کە (یورك) لە دانیشتگای لە یەکەم هەواری شاری (ئەکسفورد) دەرچوو ، ڕووی کردە ئەلمانیا ، ئنجا ئیسپانیا .. بەلام شەڕی ناوخۆیی ئسپانیا دەرفەتی (ئۆدن) ی ئەدا ئۆقرەی لێبگرێ ، هەر بۆیەش بە ناچاری هانای بردە بەرئەمریکاو ناسنامەکەشی هەر بەئەواوی کرد بە ئەمریکی .

– ئۆدن – لە خۆزانیکی ئەمچە بورژوازی سەری هەلدا باوکیشی زەوقو چێژێکی فرەی لەگەل موئالاکردنی ئەدەبیات هەبوو ..

چوونی خۆزانەکەی – ئۆدن – بۆ شاری (برینگهام) هەربەئەواوی رەگی شاعیریەتی ئۆدنی گۆڕی . ئەوەشیان بە هۆی شێوانی باری ئابوریانەوەبوو .

– ئۆدن – لە هەوەلەوە ئەوەندە شەیداو ماخولیای شیعر نووسینی لەکەللە ئەدابوو .. بەشکوو بەدلو گیان تامەزرۆی خوێندنی (ئەندازە)ی دەکرد .. تا لە دووایی دا بە ئاکام گەیی .. بەکەم شاعیر کە تەلە ئاسکەکانی دەروونی (ئۆدن)ی هێنابێتە هەژان ، شاعیری گەوەی ئینگلیز (توماس هاردی) بوو ، کە بنچینەو بناغەیەکی بۆلایین بوو بۆ خەملاندنو نوقلانە کردنی بەهرەی ئەدەبی ئەواوی (ئۆدن) ، چونکیم هۆنراوەکانی (تۆماس هاردی) ناوەڕۆکێکی ئیرو تەسەلیانی گرتبووە خۆیانو دوور بینی یەکی تەواویان لێ بەدی دەکرا .. وەك چۆن ڕتبواری بەهەورازی زورگ تەلانی هەڵزێ .. بێجگە لەوەی کە (هاردی) خاوەن توانایەکی تەکنیکی بەربڵاوی شیعر بوو ..

ئەلبەتە شاعیریەتی باراوی (ئیلیۆتیش) هەر نازی بەسەر شیعرەکانی (ئۆدن)ەوە هەیە .. ئەوەتە (ئۆدن) هەر خۆی دەڵێ : تی . ئیس . ئیلیۆت) دەتوانرێ بەنموونەیەکی گەورەی داهێنانو نووی بوونەوە دابنرێ ..) !

هەر دەمانێ کە – ئۆدن – دەبینن – ڕەمز – وەك قەقاعێك لەهۆنراوەکانیدا بەکار دەهێنن ئەوە رستەوخۆ سوود لە گەلێ جێگای مێژووی و دیباردەی سروشتو ڕووبارو چەمو دارستان وەردەگرێ بۆ دروست کردنی – وەعی – بۆ دەستەلاتو سوپرپوونی هێزی سروف – ئۆدن – تارادەیەکی زۆر بایەخ بەلایەنی – سایکۆلۆژی – دەدا . لەم لایەنەوە تیۆرەکانی – فرۆید و – گرودیك – زۆر کاریان تێکردبوو .. بەلام ئەوە مانای ئەوە نیە ئیتر – ئۆدن – خۆی دا بێ بە دەستەوە ، خۆ – ئۆدن – قەتو قەت رای لەگەل – فروید – یەکی نەدەگرتەوە .

بۆ ڕەفز کردنی – ئەمانە – (ئۆدن) ڕۆشنایەکی زۆری خستە سەر لایەنی – سایکۆلۆژی – بەتایبەتی – ترس – چاری ئەوەش لەلای (یەکترمان خۆش بوێت) – ئۆدن – تەنها ئەوەیە کە ڕەخنەگری ئینگلیزی – ریتشارد هۆگارت – لەم بارەوە دەڵێ : (ووشەی – خۆشەویستی ڕۆلێکی گەورە دەگێڕێ لە هۆنراوەکانی – ئۆدن – دا دیارترین دێرە هۆنراوەشی ئەوەیە کە دەڵێ :

« یا ئەوەتە یەکترمان خۆش بوێت .. یا هەموومان بمرین .. »

کۆ سەیر کە – ئۆدن – لەم پارچە هۆنراوەیەدا جەند بالی بیری بەرەو ئامێزیەکی گەش دەنوارێتە ژیان لەو یەنجەرەی کە هەمیشە زەردەخەنە لە چاوەکانیدا دەباری و بە دوور بینی یەوە دەڵێ :

رۆژێ دادێ .. هەرو بەری ئاسمان بەردا ..
رۆژی دادێ .. سەرچاوەی فرەمێسك بنکۆڵ بکرێ ..
یەلکەزێرینەش ، جارێکی تر لە دوای باران .
بەری ئاسمان بگرێ ..
چۆلەکە شینەکانیش گۆرانی خۆیان سەر لە نۆی بلێنەوە ..
رۆژێکیش دادێ .. خەمو کەسەر بەرۆکمان بگرێ
بەلام ئەوسا .. ئەو دونیایە کاول و نفرۆ دەبێ ..
چونکیم ، سوڕ ئەزانم ..

« خۆتم لێ کێل مەکە .. دیمن .. ئەولا لە تالە ئازارە » . لە نێوانی ئەو بارە ناهەمواراوەو ئەم دەنگەش بەرز دەبێتەوە . ئەمە چ مەغزایەك دەبەخشێ ؟! تکایە سەرنجدەن ... گولچینو تالەش وەك ئەولاو خاوەر برسین .. تینوون .. هەوایان دەوێ بۆ هەناسەدان . بۆ سێکس . بەلام ترسەەفساناوی یە کەگیریان دەدا . دەیان قرچێنێ . بۆیە گولچین ئەگەر چی بە سەرزاری ئەمیانە .. جەمسەری یەخیلی بە خاوەر دەبا ، بەلام زوبانی حالی خوارەندی سێکسی ، پر بە دل ئافەرین و بیرۆزبایی لەو ئازایەتی و خۆش بەختی یەیان دەکات و دەیەوێ بڵێ خۆزگەمان پێتان .

● ئەمە سەبارەت بە جەمسەری ناوەندی (شەفەق) . بەلام ئەی ئایا چیرۆکەکە هیچ جەمسەرێکی نری نیە ؟! . بێگومان هەیەتی و جەمسەری هەرەگرنگو بایەخدار مرۆڤایەتی ، بەوەی کە چیرۆکە کە لە بنەڕەتدا بامی لە کۆمەلە ئادەمیزادێکە کە دەردو ئەدیشەو ئازاری خۆیان داوە بە کۆلیانداو بە ڕەومەلبەندی ، ئەمن و ناسایش خۆیان دەکوتن . داخۆ دیمەنی ئەو کۆلانە ئەووزمێکی هەستو سۆزی مرۆڤانەو بە ئەنگەوەهاتنێکی مەردانە لە ناخدا نابزوێنێ ؟! .

ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی

لە نێوان « رۆشنبیری » یەوە

حسین عارف

هەندێ برادەرمان هەن کەرەخنەگرنك مەدح و ستایشی بەرهەمێکیان دەکا ، با لە ناهەقیش بێ ، بۆی شادمان دەبن و وەك گول دەگەشێنەوە . بەلام کە بەنجە بۆ ناتەواوی یەکانی درێژ دەکا ، با لە سەر هەقیش بێ ، گرژو بەست دەبن و دەتۆرێن . بەلام ئەگەر لە ناهەق بێ ، ئەوا هەر ئەواو کەللەیی دەبن .

دەروەها دەستەیەکمان لەوهەندەهەن کە ئەگەر رەخنەکە لە سەر هەق بێ یا بە ناهەق بێ ، ئەوان هەر هێندەی خوێندیانەوە ئینتر وەها کێژدەچێنە کەولیان (ئەعوزو بیللا) ، تا یەکدو دە تۆلە ئەسەندنەوە ئارام ناگرنو دلیان ئاو ناخواتەوە . ئەوسادەیێنە بکرەو بەردەیەك بەوسەری دیار نەبێ .

بەلام من بەش بە حالی خۆزم و (وا تێدەکەم تا رادەیەیش بە کردارسەلماندوومە) ، نە مەدحو ستایشی بە ناهەقم لێ خۆش دێو نە بە رەخنەی لە سەر هەق ئرژو پەست دەبمو تەنانەت نە رەخنەی بە ناهەقیش کەلەیم دەکا ، بەلکو سووکو ناسان دەیخەمە پشت گوێو سەری خزمی پێوە نایەشێنم . دواجار نە بە پێویستیشی دەزانم (چ بۆ خزمو چ بۆ هەموو برایەکی نەبینی تر) کە هەر هێندەی رەخنەیەکم لێگیرا (بە هەق بێ یا بە ناهەق) ، من بەلاماری ئەلمەکەم بدەمو هەلیەی وەرامدانەوە بکەم . بەلکوئەم کارە لە هەندێ حالەتی نایەلیدا ، پێویستی خۆی دەسەپێنێو زۆر شتوەشی هەیە .

من لیرەدا دێمو نەك بۆ وەرامدانەوەی رەخنەکەی کاك حسین صابر کە لە ژمارەی پێشوودا بلاوکرابوەوەو کە بەوەبەر وتم مەرج نییە وەرام بدرێتەوە ، بەلکوو بەو بۆنەیەوە باسێکی چیرۆکەکەی خزم دەکەم کە دەشزانم ئەمە کردەوەیەکی ئاسایی نییە . بەلام هێندەم بیروڕای جیاجیا لە سەر بیست کە وایان لیکردم بە چاکی بزانم خۆشم قسەیەکی تیا بکەمو بڵێم : تاکی برایینە .. بیرو ڕاکانی ئەوە هەمووی لەسەر سەرم . بەلام خۆشم ئا بەم شێوەیە لە چیرۆکەکەی خزم دەکەم :

هێندەی خزم لە چیرۆکی (شەفەق) تێگەیشتم ، وایدەبینم کە دەڵێ :

● سێکس بۆ ئادەمیزادوەك نانو ئاوو هەوایە . بەلام جیاوازی هەرە گەورەیان لەوەدایە کە ئەو ئادەمیزادە بە بێ نانو ئاوو هەوا دەمرێ . بەلکو بە بێ سێکس نامرێ . کە ئەشلێم نامرێ ، بە مانای جەستەی نامرێ . دەنا زۆرن ئەوانەی بێ بەشی لە سێکس ، بە کیانو بە دەروون ، بەردەوام دەیانمرێنێو دەیانژێنەوەو ناخی گەلێکیش گژو تفلیج دەکا .

بێگومان ئەمە جەمسەر (محور) ی ناوەندی (شەفەق)دو (بەبێ هیچ مەبەستێکی بازاڕیانە) ، ئەو راستیە لە رووداخاکەسێکس سەربازی هەموو ماندووبوونو خەمو ترس و دەربەدەری و دەردەسەری یەکیش ، وەك نانو ئاووهەوا بێویستی خۆی لە چوار چێوەیەکی کزمەڵایەتی بەسەندا بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ .

● ئینجا ئەو راستیە لە (شەفەق)دا چۆن لە رووخراوە ؟! . ئاشکرایە بەوبارە تایبەتی یەیدا کە لە کۆمەلی کوردەواری خۆمان بەتایبەتیو کۆمەڵگای رۆژهەلاتیدا بەکشتی ، دەبزوێو کرداری پێدەکرێ . وەك دەزانین سێکس لەم جۆرە کۆمەلەدا ، بەندی هەزارو یەك کۆتو تەوقی کۆنەپەرستانەیە . کەمتر لێکدانەوەو تێڕوا نین پێشلەو تنخوازانەی سەردەمی ئەیشتۆتێ . نانو ئاووهەوایەو کەچی تەنانەت ئەوەشی لە حزووری خواداو بەپێی شەریعەتو بە حوکمی قازیو بە ئاگاداری هەموو خەڵکەکە رنگای پێدراوە ، هێشتا هەر ترسو سامی ئەوکۆتو تەوقە میراتی یانە لە خوانو گۆشتو ئیسقانیدایەو هەموو (ئەولاو خاوەر)ەکان ، دەبێ ئەو مافەوا شەرعی یەی ناو مشتی خۆیان لە خۆیان بدزن !! . من دەزانم مرۆڤ ئازەڵ نییەو دەبێ لەم بارەیەوە ئاگامان لەو جیاوازی یەی ئیوانیان هەبێ کە بەرهەمی دەیەها هەزار ساڵی کاروانی پێکەوتنی پیرو هۆش و ئیدراکیتی . بەلام ئەو کۆتو تەوقە ناهەموارانە ، ترسی ئەوەیان لێناکرێ ببینە هۆی ئەوەی مرۆڤ لەم رووەوە بەسەرزاری مرۆڤ بێو کەچی بە دزی یەوە بیتە ئاژەڵ ؟! .

(ممارسە) بە ترسو لەرزەکەی (ئەولاو خاوەر)ی ژنو مێرد لە حزووری خواداو بە ئاگاداری هەموان ، نموونەیەکی باری تاڵو تفتی درامایی مەسەلەی سێکسە لە کۆمەلگای ئێمەی رۆژهەلاتیدا .

● لەگەل ئەوەشدا (گولچین) بە خاوەر دەڵێ : « خۆتم لێ کێل مەکە .. دیمن .. ئەولا لە تالە ئازارە » . لە نێوانی ئەو بارە ناهەمواراوەو ئەم دەنگەش بەرز دەبێتەوە . ئەمە چ مەغزایەك دەبەخشێ ؟! تکایە سەرنجدەن ... گولچینو تالەش وەك ئەولاو خاوەر برسین .. تینوون .. هەوایان دەوێ بۆ هەناسەدان . بۆ سێکس . بەلام ترسەەفساناوی یە کەگیریان دەدا . دەیان قرچێنێ . بۆیە گولچین ئەگەر چی بە سەرزاری ئەمیانە .. جەمسەری یەخیلی بە خاوەر دەبا ، بەلام زوبانی حالی خوارەندی سێکسی ، پر بە دل ئافەرین و بیرۆزبایی لەو ئازایەتی و خۆش بەختی یەیان دەکات و دەیەوێ بڵێ خۆزگەمان پێتان .

● ئەمە سەبارەت بە جەمسەری ناوەندی (شەفەق) . بەلام ئەی ئایا چیرۆکەکە هیچ جەمسەرێکی نری نیە ؟! . بێگومان هەیەتی و جەمسەری هەرەگرنگو بایەخدار مرۆڤایەتی ، بەوەی کە چیرۆکە کە لە بنەڕەتدا بامی لە کۆمەلە ئادەمیزادێکە کە دەردو ئەدیشەو ئازاری خۆیان داوە بە کۆلیانداو بە ڕەومەلبەندی ، ئەمن و ناسایش خۆیان دەکوتن . داخۆ دیمەنی ئەو کۆلانە ئەووزمێکی هەستو سۆزی مرۆڤانەو بە ئەنگەوەهاتنێکی مەردانە لە ناخدا نابزوێنێ ؟! .

Institut Kurde de Paris

رەخنەی ئەدەبی کوردی و دواچارەکی سەدەی بیستەم

نووسینی : ئازاد احمد علی

لە ژمارە (٣٢٥)ی ئەم رۆژنامەیەدا هەندێ تیرو توانجی پڕ لە هەڵەشەیی کاك « محەمەد قەرەق حەسەن »م خوێندەوە کە ئاراستەی کۆمەڵە چیرۆکی گێژاو گرابوو ، ئەوی راستی بێ هەر لە یەکەم چاو بیاحشاندنیا جارێکی تر کلۆڵی و پرزە پڕاوی باری رەخنەم کەوتەوە پێش چاو ...

لە کاتێکا زانستو تەکنۆلۆژیاو هەموو دیاردەکانی شارستانیەت لە بەرەوپێش چوون دانو ئەدەبیش شان بە شانیان ئەروات لە ناو کەلانی دنیادا کەچی تازە لە لای ئێمە لەدوا چارەکی سەدەی بیستەمدا تیرو توانج ئەبڕێت بە بڵای بەرهەمی ئەدەبی داو کینەو رقو بەرزەوەندی تایبەتی لە نووسینەکان دا ئاوێتە ئەکرێت و رەنگ ئەداتەوە .

بۆیە بە پێویستم زانی کە چەند دێرێك لە بارەی نەو توانجانەوە بنووسمو جەوتو جەوێلی رایەکانی ئەم برایە شی بکەمەوە ... تاکوو هەموو شتێك دیرە راستەکەی بکەوێتە رو .

راستی یەکی بەلگە نەویستە کە ئەدەبی هیچ نەتەوەیەك نەی توانیوە هەنگاوی بە پرتاو بێتو پێشکەوتنێکی سەرو مری بە خۆیەوە نەدیوە بەبێ رەخنەو لێکۆڵینەوەیەکی راستی یانە بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا تا ئێستە ترخو بایەخی نەزانراوەو کوێرانە سەیری بابەتە ئەدەبی یەکان کراوە ، چونکە زۆر کەس بەبێ ئەوەی باش لە ماتای رەخنەو پەیامی بیرۆزی کەیشتبێ دەستی بۆ ئەباتو رەخنە بەوە ئەزانن کە « **تانە لە شت بدرێو وتاری رەخنە بە شەرە جوێن ئەماشا ئەکەن** »(١) کە ئەمەیش کۆڵەوار ترین ئێ روانینە بەرانبەر بەم لقە گرنگەی ئەدەب ... کەبێنو لە کێشەکانی ئەم سەردەمە نادوێن ..

هیچ چیرۆکیکمان لەم ئاقارەدا پەلی نەهاویشتوە . من لێرەدا نامەوێ بە چەشنی بیبلیوگرافیایەك لیستەیەك ناوی چیرۆکی بۆ هەڵدەم بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم کە لەو کۆمەڵە چیرۆکەی لە بەر دەستی یا بووەو ئەو توانجانەی تێ گرتووە « مەمو زینی » تیایە . یا حسین عارف باسی ئاشی ئەلەتریکەکەی نەکردووە ؟ ئەی سەیرانێ لە ئەزمری محەرەم محەمەد ئەمین ؟ ئەی میری سووری محەمەد رەشید فەتاح ؟ . یا گەرەکی سەر شەقام لە چیرۆکی کوا کورەکەم کە مستەفا ساڵح کەریم لە ناوەراستی پەنجاکان دا دابناوە ؟یان جرید بازی کانی ئاسکانی رەئووف حەسەن ؟

فەریق دەربارەی چیرۆکی (یادی هەڵاستێکی لەبیر چوو) رەخنەی لەوە گرتووە کە تیرەی شاعیر دۆستایەتی یان هەیە لە گەڵ تیرەی چیرۆك نووس داو ئەم هۆیەش بووە بە هەوێنی نووسینی ئەو چیرۆکە ! وەك من بزانم مەبەستی بنەڕەتی چیرۆکەکە زۆر لەوە زیاترە چونکە پێش هەمو شتێك ئەو شاعیرە مرۆڤ بووە .. گرنگیش ئەوەیە لە کاری ئەدەبی دا مەسەلە مرۆڤایەتی یەکە بە شێوەیەکی رازاوە رەنگ بداتەوە ، هەر ئەم بارەیەوە مەکسیم گورکی ئەڵێ : (هەموو شتێك لە مرۆڤەوە هەڵ ئەقولێ بۆیە ئەبێ هەموو شتێکیش هەر لە پێناوی مرۆڤایەتی دا بێت لە لایەکی ترەوە مامۆستای چیرۆك نووس هەر لەو چیرۆکەدا مەبەستەکەی بەستووەتەوە بە شەهیدی فەلەستینی کەنفانیو شاعیری شیلی نیرۆدا .. من لە مامۆستا فەریق ئەپرسم کە ئایا کەنفانی ج خزمایەتی یەکی هەیە لەگەڵ تیرەی چیرۆك نووسدا ؟ یان نیرودا لە ئەمەریکای لاتینی یەوە ج پەیوەندی یەکی بەستوویەتی بە تیرەی مەعنی یەوە لە مەسەلە مرۆڤایەتی یەکە زیاتر .

رەخنەی لەوە گرتووە کە بۆچی چیرۆك نووس (مەنهی) کردووە بە نازناوی خۆی وازانم ئەمە هیچ شتێکی تیا نی یەو نازناو بۆ دۆزینەوەو رو نەدانی گێرە شێوێنی یە لە نێوان نووسەران داو لە ئەدەبی کوردو گەلانی تردا زۆر شتی لەم بارەیەوە بەدی ئەکەین بە بێ ئەوەی خاوەنە- کانیان بڕوایان بە تیرە چنی هەبێ .

کاك فەریق کە دێتە سەر چیرۆکی گێژاو چەند قسەیەکی دەستکرد ئەڵێ بە چیرۆکەکەوەو ئەڵێ کە موعاناتی خۆیەتی واتا مامۆستایەکی ناوندی ، **بلکێ بە بەرهەمی خەنکەوەو** تەنانەت ئەندریە جید ئەڵێ (گران ترین کار لە دنیادا ئەوەیە نووسەر دڵسۆزو راست بێ لە ناستی پێنووسەکەیدا) .

ئەگینا ئەم ئەم بیروڕا چەوتانەی نەئەخستە سەر کاغەز ، هەروەها ئایا چۆن سەبری دوا چیرۆکی مامۆستای چیرۆك حسین عارف ئەکات کە بە ناونیشانی (شەفەق) بڵاوی کردووەتەوەو ئەڵێ :

(خۆتم لێ گێل مەکە . دیمن . کاك ئەولا لە ئاسمانی تەرە . خاوەر بێ کەنی . لای کردووە بە لای چەپدا . ئەو لای دی ئەویش پێ کەنی)(٤) .

کاك فەریق لە رایەکی ترا دا ئەم چیرۆکی گێژاوەو چیرۆکی مەزاتخانەی وەکوو یەك داناون ، ئەم برایە وا ئەزانێ کە هەرچی چیرۆکی جینسی هەیە یەك چیرۆکە چونکە باسی جینس ئەکات ، کەواپوو چیرۆکە جینسی یەکان هەمووی بکرێ بە یەك کتێبو پاڵەوان (گەرووس) هەڵی گرێو پەیرەکانی هەڵەل بداتەوە .

برای خاوەن توانج هەر لەو نووسینەدا پەنجەی بۆ مەسەلەی زمان راکێشاوەو وای داوەتە قەڵەم کە خاوەن چیرۆك زمان شارەزا نی یە ، کە ئەم رایە هەر زۆر دوورە لە راستی یەوە لە سەرتایا نووسینەکانی کاك سەلام دا یەك دیاردەی زەق کە سەرنجی خوێندەوارانی راکێشا بێت ئەوەیە کە کوردی یەکی پوختو رەوان ئەزانێ و هەرگیز گوزەر ناکات بەلای دا ئەم سەرنجی دا نەدا ، **بەڕاوێژەکان :**

(١) لینینکی — دەربارەی رەخنە لاپەرە (٢٢) (٢٣) .
(٢) سەرچاوەی پێشوو لاپەرە (٢١) .
(٣) الواقعیه الیوم وابدا منشورات وزارة الاعلام ١٩٧٥ ص ٣٣ — ٣٤ .
٤ — چیرۆکی هەڵبژاردە لاپەرە (٦) .
ناسکەکەیەتی) (٣) .

چەرخی تێژڕەوی خۆبە زل زانین

نوسینی : م٠ ر

لەژێر سەر دێری ئووە ئەڵێن چی دا ، نووسراوێکم خوێندەوە نووسەرەکەی بە پێچەوانەوە لە مەسەلەکە گەیشتووەو ئەنجامی ئەم پێچەوانەیەی خستۆتە رو ، ئەگەرچی لە نووسینەکەدا باسی هیچ ئەدەبێکی نەکردووە بە ئاشتی بەڵام بە تایبەتی و بەبێ گومان ئەدەبی کوردی و ئەدیبانی کوردی مەبەستە .

بۆیە لە سەرەتاوە ناونیشانێکی سەیری بۆ باسەکەی داناوە . کەچی ئەو ناونیشانە خۆی لە خۆیدا هەڵەیە چونکە لەوانەیە خەڵکی بپرسێت : ئەتۆم چی بەیوەندی یەکی بە ئەدبەوە هەیە ؟ ئەگەر بەیوەندی هەیە بۆ باسی ئەکردووە ؟ هەروەها نابێت ئەو ناونیشانە بەکار بهێنرابا کەچی کاکی نووسەر باسی چەرخی تێژڕەوی کردووە کە بۆ بە پێستیەتی — ئەگەرچی ئێمە لەگەل نووسەردا نین لە ناوەرۆکی باسەکەی — .

ئەمە لە لایەکەوەو لە لایەکی دیکەوە لەناو گۆمی باسەکەیا بە مەلەوانێی ئەزانانە پەنجەی بۆ کورتی کراسی ئافرەتو زوو فێر بوونی ئەوینی فەرهادانە درێژ کردووە چونکە ئەوانەی ئەمانە دەکەن — بە قسەی کاکی نووسەر !! — نابێت لە یاسای چەرخی ئەتۆم لابدەن !!! بۆیە ئێمە بە کاکی نووسەر دەڵێین :

ئەم چەرخە چەرخێکە هەموو شتێکی تیا دەگۆڕێتو بەرەو پێشەوە ئەڕواو بەردەوام لە گۆڕانایەو ئەبێت ئێمەش لەگەل گۆڕانا بینو بەرەو پێشەوە بچین نەك ووشك ببینەوەو شارستانیەتمان لە ناو بچێت .

— ئەك ئەگەر لە گەلیا نەبین هەر بە کۆنە پەرست بدرێینە قەڵەم — بەڵکوو ئەگەر لە گەلی نەبین ئەوا خۆ هەر وەکوو بەردێك دەمێنینەوەو هیچ جمو جووڵێکمان لێ پەیدا نابێ ، بۆیە کاکی نووسەر ئەم گرنگی یەو ئەم راستی یەی بێ شێل کردووەو خستوویەتی یە پشت گوێ !

هەروەها هێرشی بردووەتە سەر ئەدیبە تازە پێ گەیشتووەکان چونکە موعاناتیان زۆرەو لە چەرخی تێژڕەوی و پڕ لە گۆڕانا دەژین و بەرهەمیان زۆرەو زۆر شت بڵاو ئەکەنەوە بۆیە کاکی نووسەر پێی ناخۆشەو نایەوێ ئەوانە دەستیان قەڵەم بگرێو بنووسنو بڵاوبکەنەوەو کتێبو دیوانیان لە بازاڕا چاو هەڵ هێنێ چونکە نابێ وابکەن لەبەر ئەوەی جووجەڵەی مەکینەنو لە پێنە ئەدیب و نووسەر ، **هەر لە بەر ئەم هۆیەشەو خۆی بە زل زانیوەو وا ئەنێو خۆی بە تەپری لوو ئەداتە قەڵەمو داوا دەکات خۆیان ماندوو بکەنو بینو بڕۆنو سەفەر بکەنو شەو نخوونی بکێشن ئەنجا شت بنووسن ؟**

ئەگەر ماندوو نابنو ناخوێننەوەو شت لەبەر ناکەنو شەو نخوونی ناکێشن ، ئەی چۆن دەتوانن بنووسن ؟ ئەگەر موعانانیان نی یەو لە کۆمەڵێکی پڕ لە موعاناتا نازین چۆن دەتوانن ئەو هەموو دیوانانە بخەنە بازاڕەوە ، تۆ خوا ئەوەش نووسەرە بچێت شوێن پێی یەکێکی دی بکەوێت ، یان ئەوە شاعیرە یان ماعیرە بچێ غەزەلی شاعیرێ تر بێنی و پێکانە پێنج خشتەکی لەماوەی ساڵێك یان زۆر ترا ، **تو خوا ئەوە شاعیرە یان مریشکی هێلکە زەکەرەو بە زۆر ئەیەوێ هێلکە بکات ، بۆیە پێویستە بڵێین زیرەکی و چالاکی و نازایی و بەهرە داری ئەو نووسەرو شاعیرانەیە کە وای لێ کردوون بە زوو ترین کات بێنە کایەوە جێی پێی خۆیان بکەنەوەو** بەرهەمی جۆراو جۆر بڵاو بکەنەوەو هیچ ناوێکیش لە خۆ نەنێن ، ئۆش زیرەکو ئازاو بەهرە دار بەو وا بکە بزانە کەسێ هەیە بێت بڵێ : کوڕە بۆ وا ئەکەی ؟ تو خوا مەردمەکە هەقم نی یە ؟ ئەی ئێوە ئەڵێن چی ؟!

وێنەی « وەلی دێوانە » لە قەسیدەیەکی دا

((محەمەد ئەمین هەورامانی))

هەندێ شاعیرمان هەن — سا ئیتر هۆی بۆ هەرچی دەگێڕێتەوە ، دواکەوترو کەمنەر خەمی یە ، یاخود بایەخ نەدان بووە بە رادەی رۆشنبیری ی ، یاخود هۆی ترن ! — زۆر کەم دەربارەی ژیانیانو بەسەر هاتیان دەزانین .. بۆیە هەندە کەسێ ، کە شتێ دەربارەی ژیانی یەکێ لەوشاعیرانەی بیست هەرچی شتەکەش لادەمیو سەربێیو نازانستیانە بێ ، بەراست لە قەڵەمی دەدات و دەست بەجێ بە بەلە پرووزێ خۆی ئەگەیێنێتە قەڵەمو فاقەزو دەست دەکات بە نووسینی ئەو شتە سەربێیی یەو بڵاوی دەکاتەوە ، نموونە شمان بۆ ئەمە (وەلی — دێوانە)یە ..

هەروەك هەموومان دەزانین ، (وەلی دێوانە) لە ساڵی (٧٠) وە تاوەکو ئێستا کە (٧٦)ە ، دوو دیوانی بۆ لەچاپ دراوە : (دیوانی وەلی دێوانە — خاکی چاپخانەی کامەران — ٩٧٠) و (دیوانی وەلی دێوانە — عوسمان هەورامی — چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد — بەغدا — ٧٦) و هەر یەکەشیان بەچۆڕێ باسی بەسەر هاتی ژیانی میرزا وەلی و شەم دەکات کە زۆر جیاوازە لەوی تر ، تەنها لەوەدا هاو قەولن ، کە میرزا وەلی حەزی لە شەم کردوە!! ئەگینا لە هەموو رووداوەکانی تری ژیانیاندا جیاوازن .. ئایا ، ئەمە هۆی چی یە ! هۆی هەرچی بێ وەك ئەوە گرنگ نی یە کە سەرنجی خوێنەر راکێشراوە بۆ ئەم دوو بەسەر هاتە جیاوازانە ! ! جۆرە گومانێ پەیدا بووە !! جۆرە کەفنو کۆڕێ پەیدا بووە بۆرۆشن کردنەوەی سەرگوزەشتەی ژیانی (میرزا وەلی دێوانە)و (شەم)!و دوزینەوەی سەرچاوەی بەسەندو بڕوا پێکراو بۆ ئەم مەبەستە .

خۆ ئەگەر سەرچاوەی راستگۆی زانستیانە جنگ نەکەوت ، قەسیدە شیعرەکانی خۆی لە هەموو شتێ جێگای راستیو یامانیو زامانی ترن ، کەوابوو بۆیە باشترە بەنا بردنە سەریان (واتە : سەرچاوە شیعرەکانی) چونکە نامانخەنە سەر رێگای گومانو دوو دڵی یەوە .. ئاوێنەی راستەقینەو پاکو بێ گەردو بێ لە گرۆکن بۆ دەرخستنی بەسەرهاتی ژیانی ، لەسەرباکی سەرانسەری درێژەی تەمەنیو جێژش خواردنی هەستو خواستی لەگەل هەنو نی یەی ئەو کۆمەڵگایەدا کە تیایا ژیاوە ، جۆشیان خواردوە لەگەڵیاو بەهیچ کلۆجێ لێی جیا نابنەوە .

کاك خاکی ، راستتر ، پێشەکی نووسەر دەڵێت : « ... هەر لەمنالی یەوە لەیەر هەزاری و بێ دەسەڵاتی بووە بە شوان ..دیوانی وەلی دێوانە— خاکی— لاپەرە —٨— دێری ٨—٩)، مامۆستا عوسمان هەورامیش دەڵێ : « .. — وەلی تەفەنگەکەی هەڵگرتو سواری ئەسپەکەی بوو ، بۆ ناسکەڕاو .. دیوانی وەلی دێوانە — هەورامی — لاپەرە —١١— دێری (١٧) هەم » .

ئەم برا نووسەرانە ، ئەمەیان وتوە ، بەبێ ئەوەی دەست نیشانی سەرچاوەیێ ، تاوەکوو دەسیش ، بکەن!! وەك ئەڵێن ، بە گۆترە !!

بۆ رۆشن کردنەوەی ئەمەو هێنانەوەی هەردوو — لایان بەلای راستتداو دوور لە گومان دوو دڵی ، یەنا دەبەینە سەر قەسیدەیەکی ، کە ناوو نیشانی : « چراخم بێ رام ، ...»((دیوانی وەلی دێوانە — هەورامی — لاپەرە — ٣٥—٣٦) . ئەم قەسیدەیە ، تەنها ئەوە دەرناخا . کە (وەلی) خاوەنی مالو سەروەتو سامان نی یە ،بەڵکو ئەوەش دەرلەخات کە مرۆڤێکە ، خاوەن هەستی مرۆڤایەتیو رادەی پلەی رۆشنبیری ی زۆر بەرزەو زۆر دوورە لە خۆبەرستی یەوە لەگەل ئەوەشدا ، خۆشەویستی یەرامبەر بە (شەم) بێ ئەندازەیەو بەستراوە ، بە هاتۆچۆی خوینی یەوەو ریشەی گیانی یەوە . بەڵام لەگەل ئەوەشدا قوربانی ئەدا بە خۆشەویستی یەکەی ، حەزەکەی ! لە پێناوی هەستی مرۆڤایەتیو هێشتنەوەی (ئەو) و (خۆیی) و هۆزەکەی بەباکی و خاوێنیو بارزگاری کردنی سومعەیان : با ئێستەش چەند هەڵبژاردەیەکی ئەم قەسیدەیە بخەینە پێش چاو :

((چراخم بێ رام ، ....
.. ..
ئەر وە سەر رازین سەر ئەڕاشانم
گیانو سەر توفەیل خاك پاشانم
ئەر مال مەوازان ، من بێ مانەنان
دێوانەی مەجنوون خەم خەیالەنان))

کورتەی ئەم چەند دێرە ، ئەمەیە ، کە ئەڵێ :

((ئەگەر (سەر)یان ئەوێت ، سەرم حازردو وا بە نەرەی شانمەوە ، گیانیشمو سەریشم حازرە لە پێناویانا ، ئەگەر مانیشیان ئەوێ ، من بێ سەرەوتو مالمو دێوانەم ..))

وا دەرئەکەوێ ، کە ئەمەجۆرە گلەیی و بناستێکە لە نێوان (وەلی) و (شەم)دا رووی داوە ، دوا بە دوای ئەوەی کە (وەلی) ناردیێتی بۆ خوازبێتی (شەم)و نەیاندا بێتێ ، ئەمانیش بە یەکتری گەیشتبنو ئەم جۆرە تەگبیرو راوێژەیان کردبێ .

ئالێرەدا (وەلی) زۆر شتی وتوە بە (شەم)، باکانەی بۆ کردوە ، کە هەتا رۆحی تیایە خۆشەویستی ئەو هەر لە دڵیایەتی ، لەگەل ئەوەدش دا ئەوەی

بڕوانە ل ١١

هونەروشۆڕش

نووسینی : فوءاد حسین احمد

کارتێکردنی بارو هەڵو مەرجی دۆخی کۆمەڵایەتی لە ناخی هونەرمەند ، هەروەك هەموو مرۆڤێکی تر شتێکی سەر سوڕ هێنەر نی یە ، چونکە هونەرمەند هەر لە سەرەتای پێ گەیشتنەوە بگرە هەتا دوا هەناسەی لە ژیاندا بەستراوە بە کۆمەڵگەیەوەو هەمیشە شان بەشانی بزی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەجوڵێتەوە . کەواتە هونەرمەند قەت ناتوانێ خۆی تۆشەلیر بگرێ سەبارەت بەو بارو هەڵو مەرجانە . جا ئەوە بزی ڕۆشنبیری یان کۆمەڵایەتی یان ئابوری یان سیاسی بێت هەمیشە هەستی هونەرمەند ڕانەکشێو کار ئەکاتە سەر دڵو دەروونی . کەواتە هونەرمەند هەرودك هەموو کەسانی تری ناو کۆمەڵ یان زەتەوە خۆی لە زێو بازنەیەکی دیاریکراو تیدا ئەبینێ ، کە ئەو دیاریکراوە بەشێکە لە ژیانو مێژووی سەردەمی ئەو کۆمەڵە .

هیچ گومانیش لەوەدا نی یە کە هونەرمەند لە کۆمەڵی ئێمەدا ئەچێتە ڕیزی ئەو ڕۆشنبیرانەوە کە ڕۆڵی پێشڕەویی ئەگێڕنە بەر ، ئەو دەورەی کە ڕێڕەوی میللەتو کۆمەڵ بەرەو پێشکەوتنێکی ئەواو ئەبات . جا هونەرمەند ئەبێ بگەڕێو بە پێی بیرو تێگەیشتنی خۆی هەڵوێستێك هەڵبژێرێ کە بیخاتە ڕیزی هێزی پڕوتنەوەی پێشکەوتنی میللەتەکەوە . کەواتە هونەرمەند بە شێوەیەکی تێکڕایی لایەنگیرەو هیچ هونەرێکیش نی یە لایەنگیر نەبێت . بەڵام لایەنگیر شتێکەو لایەنگیری ئیرادی شتێکی کەیە . لایەنگیری ئیرادی مەسەلەیەکی بنەڕەتی یە بەتایبەتی ئەگەر ئەو لایەنگیری یە لە سودو قازانجی بزوتنەوەی پێشکەوتنی مێژوو بێت .

پێشڕەویی هونەرمەند لە ڕێگای توانای داهێنانیەوە دێتە دی . ئەو بەرهەمە هونەری یەی کە لە سەر بناغەیەکی پتەوی زانیاری و مەوزوعی دانراوەو بە شێوەیەکی وورد لە بەربەرەکانیو بەربەستیەکانی ژیان ئەکۆڵێتەوەو هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەریان ئەخاتە ڕوو زۆر پێویستە کە ئەرکەکانی هونەرمەند بریتی بێ لە بنیات نانی جیهانێکی نوێ ، بەو مەرجەی سود لە زانینو شارەزایی و ئەندێشەو بیرەوەریەکانی وەربگرێت لە جیاتی ئەوەی لاسایی بکاتەوەو لەو شتانە بدوێ کە جارەها جار دووبارە بوونەتەوە .

ئا ئەمەیە مەبەست لە شۆڕشی هونەر . هونەرمەند ئەبێ شۆڕشگێڕ بێتو شۆڕش دژی ڕاوەستانو ووشك بوونەوە بەرپابکات . هەروەها پێویستە لە یەك کاتدا دەرفەت بۆ سەرنجی هەمە لایەنەی خۆی بدۆزێتەوە . پێویستە بوونی ئادەمیزاد بە هۆی ئادەمیزادەوە ساغ بکاتەوە ، بەڵام لە گەڵ سەلماندنی مافی خۆیدا وەکو داهێنەرێك لە دروست کردنی ڕاستی یەکی تردا لەو دیو سروشتەوە . جا لە بەر ئەوەیە هونەرمەندی وێنەکێش شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئابێ بەشۆڕشگێڕ ئەگەر بەئەنیا هونەرەکەی ئاراستەی جەشنێکی تر هونەر بکات ، بەڵکو کاتێك ئەبێت کە هونەرەکەی دژی دۆخەکان بخاتە کارو بیدانە گژ ئەو جیهانە دواکەوتووەدا کە لەو دۆخە ئالۆزانەدا هاتوە کایەوە .

پێگەوان هونەرمەندی عیراقی کە لە ناخی شۆڕشێکی بێ هاوتادایە کە گۆڕانێکی گەورەی بەخشیوەو دەبەخشێ بە جەماوەرو ئەم گۆڕانە ئاسۆیەکی تشتی نیشتمانیو ئەتەوایەتی ی هەیە بۆ جەماوەری گەلەکەمان .

جا هونەرمەند کە باس لەو دەستگەوتە مەزنانەی کە لە عیراقماندا هاتونەتە کایەوە خۆی لە خۆیدا گیانی مێژووەو ئەکات ئابێ چاو لەو بارو هەڵو کە لە بوورە ئەمەش خودی مەرجی دۆخی کۆمەڵایەتیو ئامانجی شۆڕشە .

هونەرمەند (یوسف محمد)(ئافرەتو چاوی پاشەڕۆژ) ..

سیاسی یەی ئەم سەردەمە بۆشێ کە گەلانی عەرەب تیادا ئەڕواتو خۆی لێ یان کێل بکات . بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ هێزو توانای هونەری خۆی تەرخان بکات بۆ لێدوانو لە ڕوو خستنی باری کشتی ناوچەکە ، چونکە ئەرك خستنە سەر شانو بەئەنگەوە هاتن لە ڕێگای ئازادیەوەو سنوردانان بۆ کاری مرۆڤو بایەخ پێدانی ئامانجی سەرەکی هونەرە لەم چەرخەدا . ئەرکی هونەر لە ناخدا تێکەڵاوە لەگەل واتای زانیاری شۆڕشدا هەروەها ڕەسەنی یش شتێکی مژدەو لاسایی کردنەوە نی یە . بەڵکو پێنج خشتەکی لەماوەی ساڵێك یان زۆر ترا ، **تو خوا ئەوە شاعیرە یان مریشکی هێلکە زەکەرەو بە زۆر ئەیەوێ هێلکە بکات ، بۆیە پێویستە بڵێین زیرەکی و چالاکی و نازایی و بەهرە داری ئەو نووسەرو شاعیرانەیە کە وای لێ کردوون بە زوو ترین کات بێنە کایەوە جێی پێی خۆیان بکەنەوەو** بەرهەمی جۆراو جۆر بڵاو بکەنەوەو هیچ ناوێکیش لە خۆ نەنێن ، ئۆش زیرەکو ئازاو بەهرە دار بەو وا بکە بزانە کەسێ هەیە بێت بڵێ : کوڕە بۆ وا ئەکەی ؟ تو خوا مەردمەکە هەقم نی یە ؟ ئەی ئێوە ئەڵێن چی ؟!

Institut Kurde de Paris

دوو بروسکە بۆ سەرۆکی فەرماندەو هاوڕێ صدام حسین

ئافرەتانی وڵات پەیمانی بەردەوامی نێکۆشان بۆحزبی سەرکردەی شۆڕش ئەکەنەوە

ئافرەتانی وڵات پەیمانیان بەسەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو بەرێز مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش داوە کە هەرچیز ڕێگای ئەوتۆ وگۆڕە بەرنەدەن کە حیزبە خەباتگێرەکەمان حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەرکردەی ئەگا .

ئەمە لەو دو بروسکەیەدا دەرخراوە کە حەوتەم کۆنگرەی ئشتیی یەکێتیی ئافرەتانی عیراق لە کۆتایی کۆبونەوەکانیدا کە لە نیوان ڕۆژی ٧ - ٩ ئەم مانگە گیرابو ..

هەروەها لە بروسکەکاندائەوە ساغکراوەتەود کە ئافرەتانی عیراق سوون لەسەر ڕێبازی خەبات دژی ئەوهێرشە درندانەیەی ئیمبریالیزم وزایونیزم دژی ئەتەوەی عەرەب سازیان کردوە ، ئافرەتان بەڵێنیان داوە کە هەمو هێزو توانایەکیان لە پێناوی ئەو بەربەستکردنی ئەو هیرشەدا بەختکەن کە هەمو وڵاتی لبنانی لە دەریایەکی خوێندا نوقم کردوەو لەو لاشەوەڕژێمی سوریای گومڕای ئەلقە لەگوێی هانداوە کە نیازە گلاوەکانی خۆی بۆ بهێنێتەدی هەروەها ئافرەتانی عیراق لە بروسکەکانیاندا ئەویان ساغکردۆتەوە کە بەردەوام ئەبن لە خەباتدا بۆ هێنانەدی ئامانجە پیرۆزەکانی ئەتەوەی عەرەب و پوچەل کردنەوەی پیلانە گلاوەکانی ئیمبریالیزم و زایونیزم و هەمو ئۆنەپەرستان و ئەوانەی ڕێگایۆ خۆبەدەستەوەدان و مل کەج کردن خۆش ئەکەن ..

بۆی حیزبەکەمان حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب سەرکردەی ڕێبازی ڕزگاری عەرەب .. بۆ پێشەوە .

حەوتەم کۆنگرەی ئشتیی یەکێتیی ئافرەتانی عیراق .

میوانداری کۆشکی کۆماری

سەر لە بەیانی دوێنی بەرێزحازم طالب مشتاق سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە کۆلیجی ئادابی زانکوی بەغدا و دکتور طه ابراهیم العبدالله سەرۆکی زانکوی بەغدا چونەتە کۆشکی کۆماری و بە بونەی گەرانەوەیان بۆ وڵات ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە .

هەروەها بەرێز دکتۆر نوری عثمان الراوی بەریوەبەری گشتیی سامانی ئاژەل ودکتورحسین علی الحمصی بەریوەبەری گشتیی روبیو جولیوجی گەران بە شوێن کانەکانداو بەرێز بدری الکلکاوی بەریوەبەری گشتیی یارمەتی چونەتە کۆشکی کۆماری و بەبونەیسەفەر کردنیان بۆ دەرەوەی عیراق ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە ..

ئافرەتانی وڵات بێزاری خۆیان بەرامبەردەستدرێژی ڕژێمە لادەرەکەی سوریا دەرئەبڕن

جەماوەری ئافرەتان لەووڵاتدا دووباتی کردەوە کە داگیرکردنی لوبنان لەلایەن هێزی ڕژێمە لە پێ لادەرەکەی دمشق، بۆ لێدانی بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانو لەناوبردنی شۆڕشی فەلەستینە ، بۆئەوەی بۆیان بکری بڕۆ ئرامە خۆدانە دەستەکەی خۆیان تێبەڕبکەن .

هەروەها ئارەزایی خۆیان دەربڕیوە ، لە بروسکەیەک کە نێردراوە بۆ سەروکی ڕژێمی لەڕێ لادەرچووەکەی دمشق ، بەبۆنەی کۆتایی بێهێنانی کۆبوونەوەی کۆنگرەی حەفتەمینی یەکێتیی ئافرەتانی گشتی لە عیراق ، بۆ ئەو دەستدرێژیەی کە لە لوبنان دیکێژی بۆ قازانجی ئەو هێزانەی بوون بەگلکی بێگانە .

هەروەها بروسکەکە دەڵێ پیلانەکانتان بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی هێزی چەکداری فەلەستینو لێدانی بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنان ، خزمەتی بەرژەوندی ئەمپریالیستو زایونیزم دەکاو لوبنان دەکا بە دووبەشەوەو باو هەوا خۆش دەکا بۆ ئەوەی کۆنەپەرستی عەربی پرۆگرامە خۆدانەدەستەکەی خۆیان چەسپبکەنو هێزی چەکداری فەلەستین لەناو بەرن .

عیراق هەمیشە (پاشماوە) هیچ وڵاتێک لەم کۆنگرەیەدا بەشداربێت ئەگەر ئەو وڵاتە پەیوەندی بە هاوپەیمانیەکی سەربازیەوە هەبێت .. هەروەها وتویەتی : ئێمە ئەمە وەنەبی لە بوچونێکی هەست بە ئەرکی سەرشان کردنەوە پالمان پیوە ئەنێت کەوا بڵێین .. وە لەو هەستەمانەوە بەو مەترسیانەی دەوری وڵاتانی بێلایەنیان داوە ..

بەرێز وەزیری دەرەوە ئەوەشی ڕونکردۆتەوە : کە وا عیراق هەولێکی دلسۆزانەی داوە لە پێناوی بەکارکردنو بەهێز بونی کۆمەڵەی وڵاتانی بێلایەندا ، تا بتوانی دەوری تەواوی خۆی لە ناو کۆمەڵەی وڵاتاندا ببینێت .. وە وتویەتی : ئێمە ئەوەمان بۆ هەندێک وڵاتانی دوست پێشنیار کردوە کە بایەخ بە لێکۆڵینەوە کراوەکانی مەسەلەکان بدات و بەرەو جەماوەری وڵاتانی بێلایەن هەنگاو بنێت

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سیستەمی وەزارەتی بازرگانی ناوخۆی دەرکرد

ڕێزی لە ڕۆژئاوەی ڕەسمی یاسای وزارەتی بازرگانی ناوخۆ یاسایە سێ بەرێوەبەرایەتی گشتی تازە دائەمەزرێ وەکو پیاچونەوە، چاودێری بازرگانی، بەرێوەبەرایەتی ئەخشەو بەرێوەبردن .

بڵاو کرایەوە کە بە پێی ئەو یاسایە سێ بەرێوەبەرایەتی گشتی تازە دائەمەزرێ وەکو پیاچونەوە، چاودێری بازرگانی، بەرێوەبردن .

ئەم بەرێوە بەرێتییانە لەو کاروبارانە ئەکۆڵنەوە کە بەپەیوەندی بە بازاری ناوخۆوە هەیە .. هەروەها ئەخشەی گشتی ئامادە ئەکەن لە بارەی ڕێکخستنی بازرگانی ناوخۆوە کە لەگەل ڕێبازی ئەخشەی گشتیی کردنی ئەتەوایەتیدا بگونجێ .

هەروەها بەپێی ئەو یاسایە دەزگای گشتی بازرگانی کەلوپەلی بەکار هێنراوو دەزگای گشتی دانەوێلەو دەزگای گشتی تەمین و بەرێوەبەرایەتی گشتی نوسین و چاودێری کومپانیاکان و ژوری بازرگانی و یەکێتی گشتی ژورە بازرگانیەکانی عیراق ئەبەسترین بە وەزارەتەوە .

بەرێز حسین العامری وەزیری بازرگانی ناوخۆ وتویە ئەم یاسایە بۆ چارەسەرەتای قوناغێکی نوێیە بۆ چارەسەرکردنی هەمو ئەو گیروگرفتانەی کە دێتە سەر ڕێگای گەشەی بازرگانیە ناوخۆکان .

وە وتویە ئەم کۆتانە ئەبێ بە ئەندازەی پێویست سوودی پێویستی بۆ هاونیشتمانیەکان مسۆگەر بکەن و بەسەر بازارەکانا دابەشی بکەن و هەروەها ئەم یاسا تازەیە لە سەر ئەخشەیەکی نوێ ئەروات لەناو خۆی وەزارەتەکەدا ، وە چاودێری بازارەکان ئەکات بۆ ئەوەی بڕیارو یاساکانی بازرگانی بە ئەواوی جێبەجێ بکەن .

شارێکی نیشتەجێی گەورە لە بەغدا

دەزگای ئشتیی ئەسکان خەریکی جێبەجێ کردنی پلەی یەکەمی گەورەترین پرۆژەی بنیاتنانی ئەرەکیکە لەناوچەی دۆرە کە چەندی ٢٠ هەزار کەسی تیدا ئەبێتەوە .

زۆربەی زۆری ئەخشەی دلگیرو پرسەوزایی ، بەش ئەو گەرەکەتەوا کراوەو ڕۆژ ئاوای تا خۆروی ئەوو پەشیوەی خانوی حازر بەهۆی کارەکی بەغداوە بنیات سەوزایی و دلگیرە کە ئەکرێ .. وەک زانراوە لە ئاوەندی ئەم ئەرئیت .

دەزگای ئشتیی ئەسکان مانگەدا بەرێز طه الجزراوی داوای لە کۆمپانیا جیهانیکان کردوە کە پلەی یەکەمی پرۆژەکە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری ئەشغال و ئەسکان کارکەی جێبەجێ بکەن .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو دەزگایادا وتویەتی ئەرەکە کە بڕێتی ئەبێت لە ٣٠ هەزارو ٥٠٠ خانوبەرە و ئەو خانوانەش لە سەر پینج شیوە دروست ئەکرێت .. خانوکان بڕێتی ئەبن لە باڵەخانەی دوو نهوم و چوار نهوم و خانوبەرەی جیا جیای هەمە جۆر ..

جێگای ئەم ئەرەکە دوو کیلومەترە ئەو لای دوریانەکەی دۆرەوە کە وتوەو ناوچەیەکی جیاوازی لە ئەو ئەرەکە ئەکرێ .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتی ئەوت سەبارەت ئەوەی کە ئەنجومەنی بازرگانی نرخی کیتەلەیەک غازی کردوە بە ٤٠٠ فلس وتویەتی : ئەو نرخە لەچاو نرخی وڵاتانی تردا دوروبەری لە ٥٠٪ کەمترە .

هەروەها وتویەتی لە ساڵی (١٩٧٤) ەوە وەزارەتی باری زیان فروشتنی غازی مەکرد وەلە پێناوی ئەوەدا کە هاوڵاتیان ئەم کەرەسەیەیان بە هەرزان دەست کەوێت .. وە بەردەوام ئیستاش وەزارەت بەو نرخەش هەرزیان ئەکات ئەرکی ئەوزیانە خۆی ئەبێرێت .. هەروەها وتویەتی : بەرزبونەوەی نرخی هەندێک کەلوپەل ئەبێ لە چاو بەرزکردنەوەی نرخی هاوڵاتیان لە بەکارهێنانیدا دەست بکێرێتەوەو دەستی بگرێت و بە فیڕۆی ئەدەن .. وە ئەوەشی ڕاگەیاندوە کەوەزارەت هەرەوزیکی کەوەرەی کردوە ئاوەکو ڕۆنی مەکینەی ئوتومبیل بە شێوەیەکی چاک بەکار بهێنرێت و بە فیڕۆ ئەدرێت و سەرنجی ئەوەی داوە کە بەشێکی زۆری ئەو مادەیەبە فیڕۆ ئەدرێت لە بەر ئەوەلە ساڵی ١٩٧٥دا نرخی ڕۆنەکەی زیاد کرد ، لە باتی ئەم کران بونەوەیە سەرنجی ئەوە درا کە ئەو جاران ئەم ڕۆنی مەکینە بەفیڕۆ ئەدرا .. سەرچاوەکە ئەوشی ڕاگەیاندوە کە ئەنجومەنی بازرگانی بڕیاری داوە ئەمەودوا دروست کردنی جیهازی غاز لە کارگە بچوکەکانیدا قەدەغە بکات لەبەر ئەوەی ئەوجیهازانە مەرجی تەکنیکی تەواویان تیدا نییە .. هەروەها وتویەتی : لەم ماوەی دوای یەدا زۆر کارگەی بچوک دەستیان کردوە بە دروست کردنی ئەمجورە جیهازە غازیانەکە زوربەی زوریان لە سەرشێوەیەکی تەکنیکی دروست نەکراون لەگەل ئەوەدا کە ئەجیهازەکان ئەمین نین لە بەرئەوە ئەبنە هۆی خستنەوەو ڕودانی زۆر کارەسات .. لەبەر ئەوە داوا لەو خاوەن کارگە بچوکانە ئەکات چونکە ناتوانی جیهازی غازی ڕێک و پێشک و ئەمین دروست بکەن .

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ئەوت سەبارەت نرخی غاز ئەدوێ

یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق کۆتایی بەکاروباری کۆنگرەکەی هێنا

دوێن ئیوارە حەوتەمین کۆنگرەی گشتیی یەکێتیی ئافرەتانی عیراق کۆتایی پێ هات و دوا بڕیاری خۆی دەرکردو سەروکی و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژارد .

کۆنگرەکە داوای کردوە کە دەزگاو دامەزراوە گرنگەکانی تیە کان فراوان بکرێن بۆ ئەوەی ئافرەت بە باشی بتوانی ئیشی تیا بکاتو دەوری خۆی تیا ببینێ بە تایبەتی لە کەرتە گشتو کالیەکانا .

هەروەها کۆنگرەکە خاتو منال الالوسی بە سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژاردەوە، وە ئەندامەکانی تری مەکتەبەکەی هەڵبژارد .

کۆنگرەکە چەند بڕیارو ئامۆژگاریەکی دەرکرد لە بارەی توانای ئیش کردنی ئافرەتەوەو بەشداری کردنیان لە ڕۆژپێو بنیات نانیو کەشە کردنی وڵاتا .

لە کۆتایی کۆنگرەکەدا خاتو منال الالوسی بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراق دواوە وتویە : ئەو بڕیارو ئامۆژگاریانەی کۆنگرەکە دەری کردوە داوا لە توانای ئافرەتان ئەکات کە ئامانجەکانی یەکێتی جێبەجێ بکەن ..

هەروەها وتویە ئەو یارمەتیەی کە سەرکردایەتی حزبو شورش پێشکەشی بە یەکێتی ئەکات بە تەواوی بەهای ئافرەت ئەبارێزی لە پێناوی بەجێ هێنانی ئامانجەکانی شورشی ١٧ی تەموزی ئەتەوایەتیو سوشیالیستی بە سەرۆکایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب .

بەیاننامەی سیاسی

کۆنگرەکە بەیاننامەیەکی سیاسی دەرکردوەو تیایا قوناغەکانی گەشە کردنی یەکێتی لە سێبەری شورشی ١٧-٣٠ی تەموزی ئەتەوایەتیو سوشیالیستی خستۆتە ڕوو بە سەرۆکایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەکەڵ ئەو عەمو دەسکەوتە جۆرباجۆرانەدا کە شورش بەدەستی هێناوە .. وە بەیاننامەکە بێزاری خۆی بەو کردارە خوێناویانەی لوبنان دەربڕیوە کەهێزی ئوشمەگیرەکان بە عاریکاری ڕژێمی لادەری دیمەشق دەستیان داوەتێ کە ئەیانەوێ جولانەوەی شورشی عەرەبو جولانەوەی نیشتمانی لوبنانو بەرکریکارانی ئەلەستین لەناو بەرن .

سەرۆکی فەرماندە (پاشماوە)

ڕۆژی . ڕوداوە خوێناویەکانی هەریمی عەربی لوبنانی برا ئەلقەیەکی مەترسیداری ئەو پیلانە بێ شەرمانەن کەدژی ئەتەوەی عەرەبو پێشەنگە خەباتکەرەکانی ڕێک خراوە .

یەلاماری سەربازی ئاشکرای هێزەکانی ڕژێمی لادەری دمشق بۆ سەر خاکی لوبنان دەری خست کە ئەو ڕژێمە چەندە ئامادەیە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ئیمپریالیزمو قەوارەی ڕایۆنی بۆ پاک کردنەوەی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانو دەزانا بێشکەوتنخوازەکانی ڕاگەیاندن لە لوبنانو لە ناوبردنی توانای شەرکردنی بەرگری فەلەستین لە بەرامبەر زایۆنی دوژمنو سات و سەودای خۆبەدەستەوە دەرانەدا . ئەوڕژێمە خائینە ئەو کاتە بەئەواوی ناوەڕۆکی دەرکەوت کە لەکەل هێزە دورەبەرنزو کۆنەپەرستەکانی لوبنان ڕێک کەوت لە دژی هەمو کۆمەڵانی عەرەبو هەمو ئامانجەکانی ئەتەوەی عەرەب .

کۆمەڵانی ئێمە لە هەرجێگا یەک بن ، بەربرسیاریەکی مێژوییو چارەنوسیان هەیە بۆ بەرەنگار بونەوەی ئەو دەورە پیلانگیر خەیانەتکاریە کە ڕژێمی فەرمانڕەوای سوریا دەیگێڕێ و بۆ پشتگیری زیاتر لە بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان لەکیشەی خوێناوی نەوان دەری بەلامساری هێزەکانی ڕژێمی فەرمانڕەوای دمشق داو بۆ هەلوەشاندنەوەی نەخشەو پیلانی ڕێک کەوتن دژی ئەتەوەی عەرەبو مەسەلەڕەواو قانونیەکانی .

خوشکەکان !

ئەودەورەی لە ئێوە چاوەڕوان دەکرێ دەورێکی گەورەیە لە بەشداری هەمو تێکۆشانێکدا بۆ خزمەتی شۆڕش لە پێناوی ئەو ئالو گۆڕانەدا کە ڕێکی هێناوەو دڵنیاین کە ئێوە دەتوانن شانازی ئەو بەربرسیاریە بە ڕاستیو دروستیو ئیرادەو لە خۆبوردنەوە وەربگرن .

جارێکیتر ئارەزوی سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش بۆ سەرکەوتنو پێشکەوتنی کۆنگرەکەتان دوبانە دەکەمەوەو سلاوودرودی خوتان لێبێ .

تورکیاو یونان (پاشماوە)

وەربگرێ . یونان یاداشتی دووەمی ئارەزایی ناردوە دەربارەی ئەوەی کە بەدەستدرێژی بۆ سەر سنوری ئاوی دەریایی خۆیی ناوبردوە.

سەرۆک وەزیرانی یونان وتویە حکومەتەکەی ناکۆکی خۆی لەگەل تورکیادا ئەخاتە بێشچاوی ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتانو هەمووهێزەکانی دەریایی و وشکانیو ئاسمانی یونان دەستەوەستان ئامادەن و وڵات سەرتاپا ئامادەی ڕووبەڕوو بونی ئەنجامەکانی ئەم هەلویستەیە .

لەمڵاشەوە تورکیا هێزی دەریایی خۆی هێناوەتە ڕۆژئاواو هەلویستی بەلامارییان لە دەریای " ئیجە " وەرگرتوە لە شوێنێکەوە کە تەنیا پێنج کیلومەتر لە دورگەیەکی یونانەوە دوورە سەرەڕای ئەوەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بە هێزی ئاسمانیشەوە دەستەوەستان ئامادەن .

بەڵام سلیمان دیمیریلی سەرۆک وەزیرانی تورکیا وتبوی کەپیویست بەخۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی تورکیا ناکات . دیسانوتویە پێویستە سنوری دەریای ئیجە سەرلەنوێ

شانۆی کارەساتی « پاشماوە »

دمشق و بیروت حکومەتی کەمایەتی سەقامگیر بێ . لێرەدا دەردەکەوێ کە بۆچی لەم دواییەدا شەڕەکە وا توندو تیژ بوە .

ـ باشە ، ڕێگا چیە بۆ ئەوەی ژیانی ئاسایی بگەڕێتەوە لوبنان ؟

خطیب لە وەلامدا ئوتی :

ڕێگا ئەوەیە کە لە پێشدا هێزە یەلامار دەرەکانی سوریا لە خاکی ئیمە بڕۆنە دەر .. ئەوانە ئێستا ٨٥٪ی خاکی لوبنانیان داگیر کردوە . هەروەها پێویستە ئەو پارەو پولەی لە بانکەکانیان ئەستاندوەو دەگاتە میلیاردها دولار بیدەنەوە ... ئەمجار بێشنیاری وڵاتە عەرەبیەکان قبول دەکرێ بە مەرجێک دەسەڵاتێکی نیشتمانی لە لوبنان دا هەبێ . ئەمەش شتێکە کە دورە پەرێزەکان نایانەوێ .

کاتێک ئەو مەرجانە جێ بەجێ بون و هێزە دورەپەرێزەکان بە سەروکایەتی ڕاستڕەوە مارونیەکان دەستیان لە جاوچنۆکی خۆیان هەڵگرت ،

سەروتار (پاشماوە)

نوێ بوونەوەی ئەم مانگرتنو خۆپیشاندانانە لەو کاتەدا کە ئەو کوشتارەی هێزەکانی ڕژیمی پاشگەزبووەوەی سووریاو هێزە دابڕاوەکانی هاوپەیمانی لە لبنان دا دژی گەلی فەلەستین لەسەری ئەڕۆن بۆ لەناو بردنی ئەم ئەلەیان ، بەلای کەمەوە ، بۆ ئەناو بردنی شۆڕشە چەکدارەکەی و دەستە پاچەکردنی تا وەکو هەر چارەسەرێکی بەسەرا سەپێنرا پێی ڕازی بێت .

نوێ بوونەوەی ئەم هەڵچوونەی کەناری ڕۆژئاوا تا لەم کاتەدا ، ئەوە دووبات ئەکاتەوە کە شۆڕشی فەلەستین ڕاناوەستێتو نامرێت هەرچەندە بەدژەقیو زوڵمەوە بەدەستی ئەو پیاوانەی پاشگەزبوونەوەکەو بەکری گیراوانەی کە بەدرۆو فێل وا سینەیان ئەهێنایە پێشەوە کە گوایە ژێر بەتەنگی فەلەستینەوەن و ، بەرگری لێئەکەنو بەلکو ڕژێار بوونیشیان ئەوێ لەپشتەوە بپێکرێت ..

لە کاتێکا کە جەنگی ئارەوا لە لبنان دا بەردەوامە ، شۆڕشی فەلەستین لەسەرکردەوە فیداکاریەکانی خۆی لە ناو خاکی داگیرکراودا بەردەوامە . ئاژانسی دەنگوباسی فەلەستین وتی فیدایەکان لەناو خاکی داگیرکراودا (١٧) کاری فیداکاریان لە ماوەی مانگی تەموزی ڕابوردوودا جێبەجێ کردووە .

لەگەل ئەوەشدا دیارە ئەم ژمارەی کاری فیداکاریە بەقەد ئەو فیداکاریانە نییە کە لە یەک مانگدا لە سالی ١٩٦٨ یان ١٩٦٩ دا جێبەجێ ئەکرا ، بەلام هێشتا کە ئەم ژمارەیە بەتایبەتی لەم کاتەدا کە شۆڕشی فەلەستین ڕوو بەڕووی فراوانترینو چڕبەلترین پیلانی ئیمپریالیزمانەی - زایۆنیزمانەی - کۆنە پەرستانە ئەبێتەوە ، بەردەوامی شۆڕش دووبات ئەکاتەوەو ، ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئەم پیلانە - کە ڕژیمی خیانەتکاری سووریا سەری ڕەمەکەیەتی - تێناپەڕێتو ، ئامانجەکانی بەدی نایەت .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

خوێنەری بەڕێز

● ئۆفاری (سینئوری) هێندی سەنایشی ئەو دەسکەوتە ئەورانەی کردوە کە سەرکردایەتی سیاسی حزبی شورش لە وڵاتدا بە دەستیان هێناوە ئۆفازەکە لە وتارێکدا کە بە بۆنەی بڕەوەری هەشتەمی شورشی ١٧ی تەموزی ئەتەوایەتیو سوشیالیستی یەوە بە بڵاوی کردۆتەوە وتویە : لەو دەسکەوتە یەک لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابوردو دا لە عیراقا بەدەستهاتوە جێگایەکی دیاریان هەیە، وەکو هەللی کردنو بەرزکردنەوەی نیشتمانیو بەرزکردنەوەی ژیانی جەماوەرو بنکەهێنانی ئوتونومیو دامانی ڕێبازگەی سیاسەتی شورشگێڕانەی دەرەوە .

● لەلایەکی ترەوە ئەنجومەنی قوتابیانی سوریە ئەو دەسکەوتە مەزنانەیان کردوە کە شۆڕشی ١٧ی تەموزی ئەتەوایەتیو سوشیالیستی بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەدەستی هێناوە وە لەم بارەیەوە لەم دواییەدا بەیاننامەیەکی ڕۆژنامە نووسیان بڵاوکردۆتەوە کە لە کۆتایی ئەو گوفتو ژیانەدا بو وەفدەکەیان لەگەل یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقدا کردیان .. لەو بەیاننامەیەدا سنایشی ئەو دەسکەوتانەیان کردوە .

● دیسانەوە ئۆفاری (الاقتصادی) میسر سنایشی ئەو بڕیارانەی کردوە کە سەرۆکی خەباتگێڕ احمد حسن البکر لە بیردەوەری هەشتەمی شورشی ١٧ی تەموزی ئەتەوایەتیو سوشیالیستیدا بڵاوی کردەوە .. ئۆفارەکە وتویە : حکومەتی شورش لەم بڕیارانەدا مەبەستی بەرزکردنەوەی بڕی ژیانی زوربەی جەماوەری ئەەلو ژێربونی بەرهەمو بەرزکردنەوەی توانای کارکردنبو بۆ بەجێ بەیاندنی .

● خوێنەری بەڕێز ئەوەی باسمان کرد تەنیا نمونەیەکبوو کە ڕۆژنامەگەری دەرەوە بۆی هەریەکە بۆن و بایەخ بەڕێوەی شورشگێڕانە ئەدەن لە وڵاتەکەمانا لەژێر سێبەری شورشە سەرکەوتوەکەمان و حزبی سەرکردەدا .

● هەموو ڕای گشتی بیشکەوتوانەی جیهانو هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکانیانو ڕێکخراوە سیاسیو کەلەپەکان ژۆر بایەخ بەڕەزامەندی شورشگێڕانەی عیراق ئەدەن کە لە سێبەری شورشی کەلو سەرکردایەتی ئەوەشاوەدا بەرەو پێش ئەڕوات . وە هەروەها عیراقی خۆشەویستمان لە بارەی ئەم دەسکەوتانەوە گەلێک ڕێزی لێگیراوەو لەناوخۆو دەرەوەدا بایەخ بەو هەاوێستە پێشکەوتنخوازانەیە دراوە .. وە بەو هۆیەوە بایەی وڵاتەکەمان لە جیهاندا بەرزبۆتەوە ، وە دەنگی لە پواری نێو دەولەتاندا دەنگی داوەتەوە ، ئەمانە هەموویان بەروبومی سروشتی سیاسەتی ڕاستی شورشەکە ئەخشەی کێشاوە بەپێی بیروباوەڕی حزبی سەرکردە ، وە هەروەها جەماوەری کوردمان گەلێک سودی لەو سیاسەتە شورشگێڕانەیە وەرگرتوە .

ـ باوکی شیرین ـ

Institut kurde de Paris

هەشت هەرەوەزکاری کشتوکاڵ لە دهۆک

بەریوەبەرایەتی ئشەستی هەرەوەزکاریی کشتوکاڵی بڕیاری داوە کە ٨ هەرەوەزکاری کشتوکاڵی ناوخۆیی لە دهۆک دابەزرێن ئەم هەرەوەزکاریانە ٢٣ هەزارو ٢٤٦ دۆنم زەوی کشتوکاڵی ئەگرنەوەو هەزارو ٨٧٤ جوتیار ئیشی فەلاحەتی کەنەو جۆو چەلتوکو نیسک و زووک تەماتەو سەوزەواتی تیائەکات بیجگە لە بیستانو پەروەردەی مالیات ..

ئەوی شایانی باسە ژمارەی هەرەوەزکاری یەکتوکاڵی یەکانی وڵات ئەیشتوتە دوو هەزارو ٧٠٧ هەرەوەزکاری کە ١٨ ملیونو ٢٨٧ هەزارو ٧٦٠ دۆنم زەوی وزار ئەگرنەوە (٢٦٧) هەزارو ٧٢٠ کەس ئیشی تیا. ئەکات لەگەل ٤٠ هەرەوەزکاریدا کە خەریکی بەخیوکردنی مەڕومالاتن لە ئەل ئەوەشدا راوەماسی ئەکەنو هەنگ بەخیو ئەکەن لەگەل ١٩٣ هەرەوەزکاری هاوبەشدا هەروەها ٣٥ کیلکەی دەولەتو کە ٦٥٠ هەزار دۆنم زوی و زار ئەگرنەوە ..

● هەروەها رۆژی شەممەی راپوردو کوریکی روشنبیری بۆجوتیارانی دوسکی کراوەتەوە .. ئەم دەوزەیە مەبەستی قول کردنەوەی بیروڕای سۆشیالیستیە لە ناو جوتیاراندا .. وە لە لایەکی ترەوە وەزارەتی ئەندروستی پڕیاری داوە کە لەو بارتزایەدا هەرەوەزنکی روشنبیری ئەندروستی بکات ، هەرەوەزەکە ١٠ رۆژ ئەجایەنیت لەم هەرەوەزەدا رێکخراوی حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب و رێکخراوە میللی یەکان بە هاوکاری سەرۆکایەتی ئەبایەتی بارتزاکەو چاودیری دایکینی و تیابەشدار ئەبن .. بۆ ئەم مەبەستە بۆ چاودیری ئەوەو هەرەوەزە ئەندروستی بە جوار تیب پێک دەهێنرێت بۆ بڵاو کردنەوەی روشنبیری ئەندروستی لە ئوندولاینکاندا .. لەو هەرەوەزەدا فلیمی سینەمایی پیشان ئەدرێ بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هوشیاری ئەندروستی لە ناو جوتیارکاندا .

مشتی وشەی لەپوو

● سەرەبەست بامەرنی ●

[یەک شەممەی راپوردوو بەرتز وەزیری راگەیاندن سەردانەکەی ناوچەی ئوتونومی دەست پێکردو لە ماوەی هەفتەی راپوردوودا سەری لەچەند هاوینەهەوارێکی بارتزاکانی ناوچەکەی دا .]

ئەم سەردانەی بەرتز وەزیری راگەیاندن بۆ ئەوە بوو ، کە لە نزیکەوە ئاداری وەزعی هاوینە هەوارەکان بێتو لەو ئیمکاناتو توانا و چالاکیانەی کە بۆ بوژاندنەوەو بەردەسەندنی بزوتنەوەی سیاحی تەرخانکراون شارەزا بێتو بەپێی توانای وەزارەتی راگەیاندن بەرە بەرە چالاکیانە بدرێتو بۆ ساری هاوینەهەوارو سەرانکاکان بەتیکرایی پێش بخرێت ، هەر لەبەر ئەمەش [٥] ملیون دینار بۆ جێبەجێ کردنی برژەی سیاحی بەکان تەرخان کراوە .

ئاشکرایە سروشتی ناوچەکەو جێو شوێنکەوتی هاوینەهەوارەکانمان هیچ لە هی هەندەرانەوەو کە ناوبانگیان دەرکردووە کەمترنین ، تەنها ئەوە نەبێ کە پارەیەکی باشو ئیمکانیاتی پێویست بۆ ئەوانی تر مسوگەر کراونو خەلکەکە خۆی شان بەشانی دەسەڵاتی میری هەوڵی پێشخستنی ئەو شوێنانەیان داوەو بایەخی پێویستیان پێبەخشیوە ، چ لە رووی دامەزراندنو دروستکردنی جێگاو شوێنی رێکوپێکی نووستنو خواردنو رابواردنو وەرزشو ... هتد و چ لە رووی خزمەت کردنی ئەوانەی سەر لەو شوێنانە ئەدەنو زامن کردنی هەموو پێداویستیک بۆیان .

ئەمە لە کاتێکدا کە هاوینەهەوارەکانمان ئەک هەر بایەخی پێویستیان پێنەدراوەو بەس ، بەڵکو بەهۆی کۆمەڵێک هۆو زروفەوە ، مەسەلەی پێشخستنو ئامادەکردنیانو ئەشەدان بە بزوتنەوەی سیاحی هەر پشت گوێ خراو ، بۆیەکا ئەم بایەخ پێدانەی وەزارەتی راگەیاندن لەجێی خۆیەتیو زۆر پێویستە برۆژەکانی بە زووترین کات جێبەجێ بکرێنو دەزگاکانی ناوچەکەو خەلکەکە خۆیشی بەشداری بکات لە ئوپرانی ساری دووانەوتووی هاوینەهەوارەکان ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو راستیە بزانرێت کە بوچەی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهان لە بزوتنەوەی سیاحیەوە دێتو بوژاندنەوەی ئەم بزوتنەوەیە لە هاوینەهەوارەکانمان کار ئەکاتە سەر ساری ئابوری خەلکەکەو بەرزکردنی ئاستی ژیانو کوزەرانی خەلکیکی زۆر کە بەهۆی گەشەسەندنی بزوتنەوەی سیاحی ئەکەونە ئیش کردن ، هەر یەکە لە مەیدانێکدا .

ئەوەی پێویستە بوترێت لەم دەرئەنجامەدا ئەوەیە کە ئەبێ دەزگا سیاحیەکانو بەرنوەبەرایەتیەکانی شارەوانیو ئەوانەی راستەوخۆ بەرپرسیارن لە پێشخستنی هاوینەهەوارەکانو ئوپرانیان . ئەوەیە کە ئەبێ سروشتی کۆمەڵایەتیو خووەوشتی خەلکیو پلەی رێشنبیریو پێشکەوتنی شارستانیەتیان لەبەر چاو بێ وەکو چۆن خوش کوزەرانو رابواردنی ئەوانەی کە سەر لە هاوینەهەوارەکان ئەدەن ، لە بەر چاویانەو دیارشمە سەرکەوتنی ئەوانەی بەم ئەرکە سوودمەندە هەڵئەستن ، بەندە بە سەرکەوتنیان لە مەسەلەی رەچاوکردنی ئەو دووڵایە ، سەرەرای بە پەرۆشیان بۆ ئەوەی ئەو [٥] ملیونەی کە وەزارەتی راگەیاندن تەرخانی کردووە لە شوێنی خۆیدا خەرج بکرێت .

⊙

یەکێک لە پیاوەکانی موخابەراتی رێژیمی لەری لادەری دیمەشق نەخشەی پیلانێکی سامناک ئاشکرا ئەکات

ئیوارەی رۆژی هەینی رابردوو تەلەفزیۆنی بەغدا پاوێژکەو تێکی لە ئەل یەکێک لە پیاوەکانی موخابەراتی رێژیمی لادەری دەمشق پیشانی دا ، کە ئەم دوایانە لابران کار بەدەستە تایبەتیەکانە وەگیراوە

محمد حسن احمد العلی (٣٠ ساڵ) کە لە کومیانیای ئەهلی رستن و تەنینی شاری حەلەب کاردەکا ، لە چاوپێکەوتنەکەدا بەردەی لەسەر ئەو شێواوی و سەرەکێشە یە لابرد کە رێژیمی سوریا لە ئەنجامی هەڵوێستەکەوەمان لێکراوەکانی دا توشی بوە

هەروەها باسی ئەو شێوەزەبروزەنگ و زۆرداریەی کرد کە دژی هاوبیشتمانانی سوریا بەکاری دێنێ بۆ ئەوەی بەمەبەستو ئامانجەکانی خۆی بگا .

محمد حسن احمد العلی گوتی لە لایەن لقی موخابەراتی حەلەبەوە کە رائد محمد خیر ذیاب سەرکردایەتی دەکا گیراوەو ماوەی ١٥ رۆژ رایان ترتوە لەوماوەیەدا بە هەموو جۆرێک ئازاریان داوە بۆ ئەوەی ناچاری بکەن لە موخابەراتی رێژیمی لادەردا ئیش بکا .

ناوبراو گوتی لە دەزگای موخابەراتی رێژیمی لادەردا کاری کردوە ، هۆیەکەشی باری ژیانو کوزەرانی دژواری خۆی و نەو زەبروزەنگە بوە کە لە دژیان بەکارهێناوە .

ئەمجا روونی کردەوە کە موخابەراتی رێژیمی لادەر داوای لێ کردوە بێتە بەغدا بۆ شارەزابونو دیاری کردنی شوێنی چەند دەزگایەکی راگەیاندن وشوێنی حەیاتی .

ناوبراو گوتی دەزگای موخابەرات پاسپورتێکی لوبنانی داوەتێ بەناوی سلیم بن احمد الحاج و بۆ شوێنەوین پیشەی بازرگانیشی لە سەرنوسیوە .. وە لە حەوتی نیسانی راپردودا هاتۆتە بەغداو پاش چەند رۆژێک راوەتەوە دمشق . دوبارە پاش یازدە رۆژ داوای لێ کراوە بێتەوە بەغدا .

ئەمەشی لێزیادکرد کە لەسەفەری دوایمدا موخابەراتی رێژیمی لادەر کلاشینکۆفێکو شەش دەمانچەی ماکاروڤو تروەمپیلێکی لوبنانی داوەتێ کەپاوەکانی موخابەراتی رێژیمی سوریا لە لوبنان دزیویانە وەزمارەکەی (٢٢٦٠) هەرواچەند بەیانێکی بە دژو هێندێک تەقەمەنیو نارنجۆکی کاتژمێریان داوەتە دەست .

هەروەها ئاشکرای کرد کە موخابەراتی رێژیمی لادەر بۆی وتوە پاوی بەموچەی خۆریکی سەفارەتی سوریا لە بەغدا بکەوێ بۆ ئەوەی لەوخەراکاریە دا هاوکاری بکا .

محمد حسن گوتی موخابەراتی چەند پیاوێکی لە بەرگری (سرایا الدفاع) کە رفعت اسد برای سەرۆکی رژیمی سوریا سەرکردایەتی دەکا ، ئامادەکردوە بۆ ئەوەی لە بەغدا لە رێگای سەفارەتی سوریاوە یەکەم بژرنەوە . هەو پیاوانەش پاش مەشقیان پێ کراوەو شارەزایی یان لە کار وباری خراپکاریدا هەیە ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەش کە لە لوبنان چەند کردەویەکی خراپکارانەیان لەدژی هێزو دەزگا نیشتمانیەکان ئەنجام داوە .

پاشان بەردەی لەسەر ئەوەش هەڵدایەوە کە بڕیاروابوە لە مەیدانە گشتی یەکانو هێندێک لە دەزگاو دامەزراوەکانی راگەیاندن وەک ئاژانسی دەنگوباسی عیراق و روژنامەی « الثورە » و بردو شوێنە گرنگەکانیدا خەراپکاری بکرێ .

ناوبراو گوتی مەبەست لەو کارەش دروست کردنی ئاژاوەو تێکدانی پێوەندی نێوان لایەنەکانی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتخواز بوە ئەویش بەوجۆرە کەوا نیشان بدرێ ئەو کارانە حیزبی نیشتمانیەکانی عیراق کردویانە .

وە ئاشکرای کرد کەمەبەستی لەو خەراپکاریە ئەوەش بو کە بەهەڵەتەکاندنو تەقاندنی بردو مەیدانە نشتیەکان کە خەلکیان زۆر لێدەبێ ، ئەوەندەی بکرێ زیاتر لە هاوئیشتمانە بێ تاوانەکان بکوژرێ .

لەگۆڤایی چاوپێکەوتنەکەدا محمد حسن احمد العلی پەشیمانی خۆی لە بەشداری لەو خەراپکاریە دەربڕی وستایشی ئەو رەفتارە جوانەی کرد کە کار بەدەستە تایبەتیکان کاتی ئیرانی لەگەڵیان کردوە . وە باسی ئەوە کرد کە ئەو ئازاری هەموی ئەو کەسانە کرد کە بەفریو چونو لە دەزگای موخابەراتی رژیمی لادەردا ئیش دەکەن وداوای لێ کردن کە لە دری رەفتارو کردارەکانی ئەو رژیمەتوماناییکراوە بجولێنەوە ، رەفتارو کردارێک کە تەنیا خزمەتی ئیمپریالزمو زایونیزم دوژمنانی نەتەوەی عەرەب دەکەن .

لەسەر رێی یە

بۆ گەشتیکی یەک دوورۆژی رووم کردە هاوینە هەوارەکانی ناوچەی هەولیر . لیرەدا زۆر لە کانی دەرونەوە سوپاسی بێ پایانی کاربەدەستانی ناوچەکە دەکەم . رێگەوبان ئەتوانم بلیم لەرێگەو بانەکانی وڵاتی ئەوروپا ریکترو ئامادە کراو تر بو لە کاتیکدا هێشتا هاوینە هەوارەکان بو ئەر کەسانەی بشوی هاوینی ئەمسالی حریان لە هاوینە هەوارەکانی حرمان دەبەنە سەرنەکرابونەوە خانوەکان ئامادە کرابون باغچەکان رێکخرابون . ئەمینداری گشتی هاوینە هەوارەکان وەکو مروڤیکی زۆر دلسوز خەریکی هاتوچو بوبۆ ئامادە کردنی هەمو بی ویستیکی هاو وولاتیەکان . ئەوردوگای گەورە دامەزرابو بەراستی دل دەکرایەوە .

روەو شەقلاوەو گەلی عەلی بەگو شوینەکانی تر رویشتم رنگە زۆر خوشو یان کرابون . خوزگە هێندی کەمو کوری تر هەبە ئەودیش نەمابایە جا ئەوسا هاووولاتیە خوشە ویستەکان تێ دەگەیشتن هاوینە هەوارەکانمان چە سودو بەکەلکە . لیرەدا دەمەویت هێندی ئاموژگاری دانیشتوانی ناووچەکە بکەم هیوادارم بەگوئم بکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی دێن بو ناووچەکەمان دل زویر نەبن :

١ ـ تا دەتوانن رووخوشو باکو خاوین بن . ود معامەلەتان لەگەل خلقی دا راستی بیت .

٢ ـ شتبەکران مەفروشن ئەمینداریەتی گشتی هاوینە هەوارەکان هەمو بی ویستیکی ئامادە کردوە بۆ ناوچەکە . ئویش نیشانەی راستی بە .

٣ ـ رێگە بر هاوو وولاتیەکان جول بکەن چونکە ئەوانە هاتون بە میوانی ئیوەوە سود دەبەخشن بێتان ئیوەش روخوشو لێبوردو بن لەکەلیانا توانجیانیان تێمەگرن سەدەی نیستا جیاوازی زۆرە لەگەل جاران .

٤ ـ ئەو کەسانەی ئۆتۆمبیل لێ دەخورن هێمن بن چونکە زۆری ئەو کەسانەی دێنە ناووچەکە شارەزای رێگە نین . هاو وولاتیان بی ویستە رێگە نیشان دەریان بن .

٥ ـ دەست پاک بن کە بارەیەک یا بی ویستیک دەدوزنەوە بیدەنە ئەو شوینانەی کە تەرخان کراون بۆ ئەوەی خەلقی ئەمەر شتی لی بزر ببیت لەوی بر سیاری بکات . هاو وولاتیە خوشەویستەکانم ناووچەکەمان ناووچەی ئاشتیو خوشەویستیو برایەتیە ئیوە نیشانەی راستی ئەو دروشمانە بن .

باوکی بەختیار

باشماوەی : دەربارەی لاوان

ئۆپینی چەند « باشماوە »

هەروەها ئاشکرای کرد کە سادق مەهدی سەرۆکی وەزیرانی کۆنو سەرۆکی پارتی میللی سودانی رووحاو لە ئەل چەند کەسێکی بەرەی نیشتمانی کە لەدەرەوەی وولاتن بە بێ ئامادە بوون ئەدرێنە دادگا .

لە ووتارەکەیدا کە لە تیستکەو تەلەفزیۆندا بڵاوی کردەوە ووتی ئەم کەسانە هەموویان بەیوەندیان هەبوو لە ئەل رەشید تایەر بەکر سەرۆکی سەرنە ەوتووەکەی ئەم دوایە کە لە دووی تەموزی راپردوو زوویدا .

وە لە لایەکی ترەوە کەمال جنبلاط وتویەتی : هەموو دەرئاکانی چارەسەر کردنی رێگای سیاسەت داخراونو لە رێگای شەڕ کردن بەو لاوە هیچ رێگایەکی تر نەماوەتەوە .. هەردەها وتویەتی ئەم دوخەی ئیستا لبنانی تێ کەوتوە تا هێزەکانی سوریا لە ناو لبنان بن هیچ چارە سەرێکی ناکرێت .. وە دوبارە جنبلاط ئەوەی دوباتە کردوتەوە ، کە هەمو ئاشی یەک بە چونە دەرەوەی هێزەکانی سوریاو بەندە ..

وە لە لایەکی ترەوە هەواڵەکان ئەوەیان راگەیاندوە کە سەرەک وەزیرانی لبنان رشید کرامی لە بیروت لەگەل پالوێزەکانی عەرەبو بێگانەدا کۆبۆتەوەو دۆخی سیاسی ئەمرۆی لبنانی بەتەواوی تێ گەیاندون .. هەروەها وەزیری ئەشغال گشتی و کواستنەوەی عادل عەسیران ئەوەی راگەیاندوە کە فرۆکەخانەی بیروت ناکرێتەوە تا بە تەواوی وەستانی تەقە ئەچەسپێت ..

وە لە لایەکی ترەوە ئاژانسی دەنگوباسی فەلەستین رادیوی کەتایبە کۆئە بەرستەکانی بە درو خستۆتەوە سەبارەت بەوەی کە لە هەدارگەی تەل زەعتەردا بەتا بڵاو بۆتەوەو سەدا نکەس بەو بیانوەوە لە هەوارگەکە جونەتە دەری .. وە ئەوەشی راگەیاندوە کە ئەو بایورە یونانیەی دوینی نوقم کراو خواردەمەنی هەڵگرتبو .

هەروەها بۆ کرینی کەرەسەی بەیوەندی ترو جێگای هەڵگرتنی تریاکەکان . ئەتەوە یەکگرتوەکان ٥ر٢ ملیۆن دۆلاری تری بۆ فرۆکەی بشکنین تەرخان کردوە ، وا نیارە یەکێک لەو دوو فرۆکانە تامیرەیەکی ئەوتۆی تێبخرێت کە بتوانی لە ئاسمانەوە رەسمی کیلگەکان بگرێت .. ئەخشەی ئەو کیلگانەی لە وئنەکاندا دەربەچن لە ئەل ئەو ئەخشانەدا بەراورد ئەکرێن کە رێگای کشتوکالی تریاکیان پێدراوە . بەو جۆرە کیلکە قاچاغەکان ئەدۆزنەوەو ئایان هێڵن یا دەستیان بەسەردا ئەگرن .

هاوکاری

لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

دەرەوەچی

بغداد - سیلۆخانە
ص.ب ٦٧٤

تەلەفون ٥/٦٨٢١١ خەت

ژمارەی سپاردنی بەکتیبخانەی نیشتمانی ١٥٦

بۆبڵاوکردنەوەو وەرگێڕانی سەر لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بدەن

١١ ـ بایەخدان بەلاوان لەدێهاتی وڵاتدا لە هەموو بارێکەوە تاشان بە شانی پێشکەوتنی شارەکانی بروات .

ئەم خاڵانەش لە ژێر سایەی شۆرش پێشکەو توخوازماندا بروەو دەبنەراستی یەکی دیاری کراو لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی دا .

شەپی « باشماوە »

قەدەغە کات و ماوەی ئەوەی یەدری کە لەو بەرهەمی تریاکانە بکاتە دەست قاچاچ چیەکان .. ئاموژگاری شارەزاکانی ئەتەوە یەکگرتوەکان لەو بارەیەوە بریتی یە لەوەی کە رێو شوێنێکی تایبەتی بۆ رێنیەوەی تریاک دابنرێت بە جورێک رنگا لە جوتیارەکان ببرێت کە تیرەی تریاکیان دەست ئەوت کە ئەم کە تیرەیەیە دەستئەکەوت ناتوانن هیروین بەرهەم بهێنن چونکە هیروین لە لاسکی گولە تریاکدا

ئەوەی شایانی باسە ئەتەوەیەکگرتوەکان لە سالی (١٦٧٤)دوە تا ئیستا چوار ملیۆن دۆلاری بۆ جێبەجێ کردنی ئەو برژەیە داوە بە نورکیا ئەویش بۆ پشکنینی کیلگەکان بەو بارەیە ١٠٤ ئەشیوەی کە تیرەدا بەیدا ئەبێت .

ئۆتۆمبیلی جیپی کریوە ، تری پەیرەندیدار .

١١ ـ بایەخدان بەلاوان لەدێهاتی وڵاتدا لە هەموو بارێکەوە تاشان بە شانی پێشکەوتنی شارەکانی بروات .

ئەم خاڵانەش لە ژێر سایەی شۆرش پێشکەو توخوازماندا بروەو دەبنەراستی یەکی دیاری کراو لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی دا .

کاری هەرەوەزی و ئەهێشتنی هەستی خۆپەرستی و ئەنانیەتی لە نیوان لاواندا بەهۆی سوپاسای لاوانو هەرەوەزی و کاری کەلی ، وگۆپووەوەو رۆشنبیریەکانەوە .

٧ ـ ئەهێشتنی بڵاویونەوەی چاکراو وفلیمی دواکەوتوخوازو رۆشنبیری خۆپەرستی لە نیوان لاوان دا بڵاوکردنەوەی هۆشمەندی ئانستی و برژەی ئاراستەکراو لە قەزاتەکانی تەلەفزیوندا .

٨ ـ پترکردنو فراوانکردنو پەرەپێدانی قوتابخانەو ئامۆژگا پیشەسازیکان وکشتوکال وکۆلیجە زانستیکان . لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا .

٩ ـ پەرەپێدانو فراوانکردنی بنکەکانی چاوێریی لاوان لە ناوچەکانی دا وپەرەپێدان بەچالاکی هونەری و تەمسیلو ووتژەیی و وەرزش و پیشەسازی میللی ..

١٠ ـ سەدەکەمان سەدەی پێشکەوتن و خێرایی زانستی تەکنیکە کە بە بێ ئەمە ناتوانرێ ئابووری و لات پەرەوپێشەوە ببرێت ، لە بەر ئەمە لەسەر رێکخراوەکانی یەکێتی لاوانو ئەمینداریەتی گشتی لاوانو بنکەکانی لاوان وەزارەتی پەرەوەردەو هەموو دەزگایەکی کۆپۆتەوەو دۆخی سیاسی ئەمرۆی لبنانی بەتەواوی تێ گەیاندون .. هەروەها وەزیری ئەشغال گشتی و کواستنەوەی عادل عەسیران ئەوەی راگەیاندوە کە فرۆکەخانەی بیروت ناکرێتەوە تا بە تەواوی وەستانی تەقە نەچەسپێت ..

وە لە لایەکی ترەوە ئاژانسی دەنگوباسی فەلەستین رادیوی کەتایبە کۆئە بەرستەکانی بە درو خستۆتەوە سەبارەت بەوەی کە لە هەدارگەی تەل زەعتەردا بەتا بڵاو بۆتەوەو سەدا نکەس بەو بیانوەوە لە هەوارگەکە جونەتە دەری .. وە ئەوەشی راگەیاندوە کە ئەو بایورە یونانیەی دوینی نوقم کراو خواردەمەنی هەڵگرتبو .

وە لە لایەکی ترەوە کەمال جنبلاط وتویەتی : هەموو دەرئاکانی چارەسەر کردنی رێگای سیاسەت داخراونو لە رێگای شەڕ کردن بەو لاوە هیچ رێگایەکی تر نەماوەتەوە .. هەردەها وتویەتی ئەم دوخەی ئیستا لبنانی تێ کەوتوە تا هێزەکانی سوریا لە ناو لبنان بن هیچ چارە سەرێکی ناکرێت .. وە دوبارە جنبلاط ئەوەی دوباتە کردوتەوە ، کە هەمو ئاشی یەک بە چونە دەرەوەی هێزەکانی سوریاو بەندە ..

وە لە لایەکی ترەوە هەواڵەکان ئەوەیان راگەیاندوە کە سەرەک وەزیرانی لبنان رشید کرامی لە بیروت لەگەل پالوێزەکانی عەرەبو بێگانەدا کۆبۆتەوەو دۆخی سیاسی ئەمرۆی لبنانی بەتەواوی تێ گەیاندون .. هەروەها وەزیری ئەشغال گشتی و کواستنەوەی عادل عەسیران ئەوەی راگەیاندوە کە فرۆکەخانەی بیروت ناکرێتەوە تا بە تەواوی وەستانی تەقە نەچەسپێت ..

وە لە لایەکی ترەوە ئاژانسی دەنگوباسی فەلەستین رادیوی کەتایبە کۆئە بەرستەکانی بە درو خستۆتەوە سەبارەت بەوەی کە لە هەدارگەی تەل زەعتەردا بەتا بڵاو بۆتەوەو سەدا نکەس بەو بیانوەوە لە هەوارگەکە جونەتە دەری .. وە ئەوەشی راگەیاندوە کە ئەو بایورە یونانیەی دوینی نوقم کراو خواردەمەنی هەڵگرتبو .

Institut kurde de Paris

پەروەردە

لاوانت و وەرزش

– عبدالقادر خایل –

لەمەولا بشودانی سەری ساڵە پاش کوشتنو خویندن بۆ ئەم مەبەستەش یەکیەتی لاوانی عیراق چەند ئۆردوگایەکی ئەوەرەی کردوتەوە لە جەنەلی حەباە لە موصل وە لە هاوینە هەوارەکانی تری ژوروی عیراق. بۆ ئەوەی ڕولە تازە چرۆکانی ولاتەکەمان بە یەکتری بناسیت جگە لەوە بەشداریان بکات لە کومەلە هەرەوەزیەکانا بو یارمەتیدانی برا جوتیارەکان لە درەوو چنینی میوەجاتو بەرو بڕمی کشتوکالی تر. لەسەرئەوە ئامادە دەبن بۆ ئەوەی ببنە ئەندامێکی بەسود بۆ ئەل چونکە دوارۆژی ئەم کەلی عیراقە ئەکەوێتە سەر شانی ئەم لاوانە.

هەروەها مەشقی تایبەتیان پێ دەکرێت وە لەشو لاریان ئامادەو پەروەردە دەکرێت بۆ بەرتەکرتنی ئیشو ئازاری ژیان تا لە دوارۆژدا ببنەئەندامیکی بەکەلکو بەسود بۆ کەل.

لە ئوردوگاکاندا ڕولەکانمان فێری ڕەوشتو خوی بەرزو یارمەتیو کارکردنو جالاکیو خوبەختکردن دەبن. جگە لەوە چ جۆرە ئاواتیکیان ببێت دەیهێنێتە سەرکردایەتی یەکیەتی لاوانی عیراق بیری کردوتەوە لەرێگە خستنی پروگرامی ئەم هاوینە بۆ ئەوەی لاوان بێسود لە کولانانو شوینە بێ کەلکەکاندا ڕوژانی بشودانیان بێسود نەبەنە سەر. سلاو لە سەرکردایەتی یەکیەتی لاوانی عیراق بۆ ئەم هەنگاوە گرنگانەی دەینێ. هیرادارین ناووچەی ئەتونومی بێبەش نەبیت لەم دەستکەوتە گرنگە. لاوانی ناووچەکە بەرویەکیەتیەکە بچنە پێشەوە تا سودمەند بن لەم هەلە. وولاتی ئێمە وولاتی هەمو مروڤیکی دلسوز بەم خاکەیە. لاوی دلسوزیش نمونەی ئەم دلسوزیەیە.

بێگومان بەشداربوونتان لە ئوردوگاکانی یەکیەتی لاوانی عیراقدا نیشانەی دلسوزیوو نیشتمان پەروەریتانە. جا چاکی مەردایەتی بکەن بەلاداو هەنگاوی گەورە بنین لە دانانی بناغەی وولاتی عیراقی زیندا. عیراقی نوێ دوارۆژی ئەکەوێتە ئەستوی ئێوە. ئەوەش وەک ڕیبەرێکی دلسوز وەرئەپشەوە. یەکیەتی هەمو ڕابەرێکی عیراقە.

سەبارەت بارەی بزوتنەوەی وەرزش لناوچەی ئۆتۆنۆمی دا

– محمد صدیق ئیمام –

ئەوەی هەمو کەسێکی لەسەر ڕێک ئەکەوێت ئەوەیە کە ڕاتەیاندن بە هەمو جۆرەکانیەوە دەورێکی ئەوردو دیاری هەیە لە والا کردنی چالاکیکاندا، هەمو کارێکی ڕاگەیاندن چالاکیکانی مەرۆڤ ئەگرێتەوەو جموجۆلی کەسایەتی دەربەخاتو بە هەمە چەشنە شێوە بلندی ئەکاتەوەو ئاشکرای ئەکات واتە دەرخستنی چالاکی کەسێک لە مەیانی کۆمەلایەتیو هاوکاریدا لە کارە گرنگەکانی ڕاگەیاندنە. شتێکی نوێو نەبیستراو نالێن ئەگەر بلێین بزوتنەوەی ڕاگەیاندن لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیەوە بە شێوەیەکی ڕێکو پێک هاتە کایەوە و ولاتان بودجەیەکی ئەورەیان بۆ هەسەلەی ڕاگەیاندن تەرخان کردوە تا دەوری تەواوی خۆی ببینێت.

لەبەر ئەوە ڕاگەیاندن دورێکی گرنگ لە ژیانی ئەمڕۆی گەلاندا ئەبینێت حکومەتی شۆرش لەو بوارەوە بایەخێکی ئیجگار گەورەی بە مەسەلەی ڕاگەیاندن داوەو بە هەمو جورێک دەستی یارمەتیو پشتگیری بۆ درێژ ئەکات تا بچێتە پلەیەکی بەرزی واوە بتوانێت دەوری تەواوی خۆی ببینێت، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی سیاسی دەزگای ڕاگەیاندنەکانی سەرجەم خستۆتە ژێر چاودێری خۆیەوە تاوەکو بە گورجی پەرە بسێنیو بکاتە لەو ڕادەیەی حیزبو شۆڕ چاوەروانی ئەکات، تاوەکو بێتە ئامرازێکی ئەوتو بەشداریەکی ئەواو لە ئالوگوری شۆڕشگێریدا بکاتو ڕێبازێکی نەتەوەیی سۆشیالیستی ڕەچاو بکات، تا هەمو هەنگاوە پیرۆزو دەستکەوتەکانی شۆڕش بە جەماوەری گەل بگەیەنێت. وە لەم ڕۆژدا ڕاگەیاندنی وەرزشی دەورێکی گرنگ ئەبینێت چونکە وەرزش ئەبشتۆتە ڕادەیەکی بەرزی ئەوتو کە دەورێکی گرنگ لە ژیانی گەلاندا ئەبینێت بویە پیویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەنگاو بەهەنگاو ئاکاداری جموجۆلو چالاکیکانی وەرزش بن.

(ئەگەر بگونجێت بتوانین ڕاگەیاندنی کوردی..) تا ئیستا لەو هەیەانەدا ئەیتوانیوە دوری ئەواوی خۆی ببینێتو هیچ هاریکار-

یەکی ئەوتو بەدی ناکرێت لە نیوان بزوتنەوەو چالاکی خەڵکیان ئەئوتمن ئەگەر ئەم هۆیە بەبەستین بەوبارو زروفو دۆخەوە کە ساڵانی ڕابشو لە ناوچەی ئۆتونومیدا هەبو ڕێگای پیشکەوتنو گەشەکردنی گرتبەو بەهۆی ئەو شەپە ویران کەرەوە.

کە لەو ناوچەیەدا ناکری هەلگیرساوو.. ئەمڕۆ بەهۆی ئەو ناسودەیی و ناسایشەوە کە بالی بە سەر ئەو ناوچەیەدا کیشاوە، ماوەی ئەودمان نادەن کە هۆیەک بۆ ساردو سڕی وەرزش بدوزینەوە لەو ناوچەیەدا بەلکو ئەو پلە نزمەی بزوتنەوەی ناوچەکەی تیادا ئەژی ئەبێت ببێتە هاندەرێکی ئەوتو کە وا لە لێپرسراوانی بزوتنەوەی وەرزشی ئەو ناوچەیە بکات کە هەوڵو تەقەللایەکی زیاتر بدەن بۆ بەرەو پێش بردنی وەرزش بە هەمو جۆرەکانیەوە، تا ئەو ناوچەیەپەش بزوتنەوەی وەرزشی لەگەل ناوچەکانی تری وڵاتدا شان بەشان هەنگاوی بێشکەوتن بێت. بەم جۆرە ئەبێتماوە لەبەردەمڵاوەلی هانوە وەرزشیکانی ناوچەی ژوروودا خوش کرێت تا بەشداری لە پالیوراوو هەلبژاردەکانی وڵات دا بکەن.. جونکە بە پێی پسپۆرو شارەزاکانی وەرزش هەمو جێگایەکی کویستان ماوەی پێکەیاندنی کێبانی وەرزشی زیاتر ئەداتو زیاتر ئیمەش چاوەڕیی بەدی هێنانی ئەو ئاواتە ئەکەین.

بەرنامەیەک بۆ ساڵی نوێ

مصطفی صالح کریم

نووسەرێکی میسری لە یاداشتی خویا نوسیویەتی ئەڵێ: کاتێک قوتابی بووم لە انگلترە، ئەم بینی لە پشووی هاوینەدا ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابییانەی بە ئەنگ دوا ڕۆژیانەوە بوون، بەرنامەیان دا ئەنا بۆ ساڵی تازەیان وە هەولیان ئادا ئەوەندەی بتوانن وشە بە وشەی بەرنامەکەیان بهێننە دی بۆ نموتە دو وێنەتان ئەخەمە بەرچاو لو بەرنامەی کە قوتابییەک لە یەکەم لاپەرەی دەفتەرەکە ئەورەکەیا نووسیبووی:

● **ئیمسان هەول ئەدەم شەو زۆر لە دەروە ئەبم، ئەگەر ماشەوە هەریز نەی ئەیەنمە نیوە شەو.**

● داوا لە هاوڕیکەم ئەکەم دەستگیرانیتیمان ئاشکرا بکات، ئەگینا ئیتر بە هاوڕیی نازانم.

● **دلی باوکم ئازار ئادەم، ئەگەر تووڕەش بوو من دان بە خۆما ئەگرم.**

● لە ڕۆژانەکەی خۆم ئەبن پاشەکەوت بکەمو دەست بلاو نەبم.

● **ئەبێ هەول بدەم پێنج کیلۆ کەم بکەم.**

● خۆم جلی خۆم ئەشۆم، با دایکم ماندوو نەبێت.

● **بۆم دەرکەوتوە وشەی (بە تایبەتی) لە ئفتوگۆدا زۆر بەکار ئەهێنم ئەبێ واز لە وەش بهێنم.**

● لە موحازەراتی مامۆستاکان دوا نەکەوم.

لاوێکی تریش لە دەفتەری یادگارەکەیا ئەم بەرنامەیەی خوارەوەی دانابوو بۆ ساڵی تازەی.

● **ئەبێ شەوی (٣) سەعات کۆشش بکەمو بە دەرسەکانما بچمەوە.**

● هەفتەی جارێک زیاتر ناچم بۆ ئاهەنگی سەما.

● **هەول ئەدەم ئیشیک بدۆزمەوە بۆ ئیوارانم تا بتوانم باری شانی خێزانەکەم سووک بکەم.**

● ئەو وردە ناکۆکیو ناخۆشیانەی لەگەل هاوڕیکانا هەم بوو ئەبێ ئەیان هێلەمو دڵیان بێنمەوە جێ.

● **بێویستە ژەرەی هاوڕی باشەکانم زیاتر بکەم چونکە مامۆستایەکمان وتی: « هاوڕی باش پاەی سەرکەوتنە لە ژیانا ».**

● قەرزەکانی باوکمو دایکم و هاوڕیکانم بدەمەوە، چونکە لەم ڕۆژانەدا خویندمەوە کە ئەو کەسەی قەرزناداتەوەو بەقەرز کوێری ناو دەر ئەکات بێ شەرەف دەژی، دزی تر لە ئەریکاییدا خەلک ڕووت ئەکاتەوە بەڵام ئەم جۆرە دزانە بە ڕۆژی نیوەڕۆو بە ئاشکرا گیرفانت ئەبڕن.

● **ئەبێ درۆکانیشم کەم بکەمەوە، چەریکە بێی لێ هەل ئەبڕم.**

● ئەو کتێبانەی خواستومەو تا ئیستا نەم گیراونەتەوە ئەیان دەمەوە بە خاوەنەکانیان.

●

هەندی لەو لاوانە لە نیوەی ڕێگادا ئەکەون، بەڵام بەشی زۆریان هەول ئەدەن بکەنە دوا پلەی بەرنامەکانیان.

خۆزگە لای ئێمەش هەموو قوتابی یەکی زانکۆ بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دا ئەناو لە سەری ئەرویشت دەربارەی دەرسو خویندنی، پەیوەندی لەگەل هاوڕیکانیا، پەیوەندی لەگەل خێزانەکەیا، دەست گرتنەوە لە زیادە مەسرەف کردن بەشداری کردن لە چالاکی-یەکانی زانکۆدا، بەرز کردنەوەی ئاستی روشنبیری خۆی، گیانی یارمەتی یەکتر دانو لە خۆ بوردن، کات بە فیڕۆ نەدان، تەرخان کردنی کاتی تایبەتی بۆچوونە سینەماو چوونە دەرەوە، وە کەلێ شتی تر کە خۆیان دەرکی پێ نەکەن، چونکە هەر فرمانێک پرۆگرامی تایبەتی نەبێ ناگاتە ئەنجام، بشکات ئەو ئەنجامە نابێ کە مەبەسە.

ئەلیف چی؟

سیوە

کی میژو دروست ئەکا

– نوری حەیران –

● من گومانم لەوەدا هەیە کەسێکی وەک « ئەسکەندەری مەقدۆنی » یا ئەسکەندەری ئەورە، وەک میژوو ئاوی لێ ئەدەنێت، بەتەنیا توانیبێتی ئەوەی لە باردا بوبێ دەو کارە ئەورانە ڕابەرێنێت کە میژوو بۆی ئەمار گردوە ئەوەکان یەک لەدوای یەک بۆ یەکتریی ئەگێڕنەوە... تەنیا کەسێک توانیبێتی دنیای ئەو سەردەمە داگیر بکات!!

گومانم لەوەشدا هەیە ئەوەک تەنیا « خۆفو » یەک بەلکو تاقمێک « خۆفو »ش بتوانن ئەو تاشە بەردە کەورانەی « ئەهرامەکانی » میسر بنێنە سەریەک ئەخۆزەللا چەند کێوێک لەو کابەردە بەسامانە دروست بکەن!! یا ناپلیون بۆناپارت.. تەنیا ئەفسەرێک بتوانی هەمو ئەوروپا داگیربکات سەر بەو هەمو وڵاتە پڕ چەکە دڕو هەراشانە شۆڕ بکات ئەمیشیان جێگای سەرسوڕمانو دوو دڵی یە.. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە... ئەگەر ئەمانەو سەدان پیاوی مەزنو گەورەی تر ئەم کارە بەجەرگانەیان نەکردبێت ئەی کێن خاوەنی ڕاستقینەی ئەم کارە لەوزە بەدەرانەن؟

● ئەگەر لەو هێزشە گەورەو خوێناویانەدا هەزاران لاوو پیرو ژنو منداڵ تێا نەچونایەو لە پێناوی داگیرکردنی بستێ خاکدا مەرگ بەسەر هەزاران لاوی قوزو لێهاتودا نەبارایە.. تا چەقۆو بزمارو

بڕوانە ل ١١

هەوال و لێکۆڵینەوە

● **هەوال:**

وەفدێکی وەرزشی یەکێتی لاوە وەرزشکارەکان لە بەغداوە چون بۆ پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتونومی بەو مەبەستەی لەگەل چەند تیمێکی وەرزشی دا یاری تۆپی پێ بکەنو لە گەلێک بواری تری وەرزش کردنا پێکەوە بدوێن.

● **لێکۆڵینەوە:**

وە ئەبێ ئەم وەفدە وەرزشکارەی کە چوە بۆ پارێزگاکانی ژورو یەکەمجارو بەکەم وێنەیان بێ، هەروەکو ئەمە دوا هەمین جارنیشیان نابێ.. لەمەوبەر گەلێک وەفدی وەرزشیو پەروەردەی هەمەجۆرەی تر چون بۆ ناوچەکانی ئۆتونومیو سەریان لە گەلێک شوێن داوەو ئاگاداری ئەو بەرهەمو هەوڵو ئەقەللادانە بون کە سەرکردایەتی حزبو شورش داویە لەوای گەلەو وێرانکاریەی کە ناوچەکە دوچاری بوبو بەهۆی یاخی کەریەکەی تاقمە تاوانبارەکەوە.

ئەو وەفدە وەرزشکاریانەی کە لەگەل تیپە وەرزشیەکانی لاواندا لەناوچەی ئۆتونومی بەیەک گەیشتوون، بە تایبەتی لە بارەی ڕەوتی وەرزشو بزوتنەوەی وەرزشکاریەوە دواون لە ناوچەکەدا وە بە تایبەتی باسی تواناو لێوەشاوەیی ئەو تیپە قوتابخانەیی و تیپە ئەهلیەکانیان کردوە کە بایەخ بە وەرش ئەدەن.

ئەو وەفدە وەرزشکارەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر چون بۆ ئەو سەردانەو لایەنە وەرزشکارەکانی ناوچەی ئۆتونومی پێشوازیان لێ کرد چەند یاریەکی تۆپی پێ ئەکەن.

سلاومان بۆ سەرکردایەتی جولانەوەی وەرزش لە ناوچەی ئۆتونومی دا.. وە سلاومان بۆ سەرکردایەتی حزبو شورش کە سەربەرشتی وەرزشو لاوان ئەکاتو نازیان ئەکێشێ.

– عبداوهاب عبدالباقی –

بیروباوەڕانەوە پەیدا بن، وە ئەبێ ئەیەلن ئەو بیروباوەڕانەیان ڕێگای بەشداری ئەواویان لە دامەزراندنی کۆمەلگایەکی بەرەسەندنی شۆڕشو پارستنی دا لێ بکرێت، بێویستە لە سەر هەمو لایەک بزانن کە (عەقلیەتی) تۆ لەسەندنو لە خۆبایی بون نیە لە ناو جەوهەری شۆڕشدا وەدەرگای بەشداری کردنا بەرەو دامەزراندنی کۆمەلگایەکی تازە فراوانەو لە سەر پشتە بۆ هەموو لایەک...، لە بەر ئەوە ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەر شانی هەمو لایەکانی بەرەی نیشتمانی کە بەشداری-یەکی ئەواو بکەن لە پێشخستنی ناوچەی ئۆتونومیماندا بەشێوەی یەکیتایبەتی وەلەپێناوی هێنانە دی ئامانجەکانی شۆڕشی دیموکراتیو سۆشیالیستی لە عیراقدا.. بەشێوەیەکی کشتی بۆ ئەوەی ئەم ئەرکو

بڕوانە – ل – ٧ –

جەماوەر بۆ ئەوەی کەلتوری ئالوگۆڕی سۆشیالیستی وپاراستنی ئەو دەستکەوتە پێشکەوتوخوازانەی کە لە وڵاتدا هانتە دی و پاراستنی بەرەی نیشتمانیو نەتەوایەتی یەکگرتوو ئۆتونۆمیو خۆماڵی-کردنی نەوتو دەسکەوتە نیشتمانیەکانی کە..

● **لاوان لە ناوچەی ئۆتونۆمیدا.**

کەلی کوردمان بەهۆی دەسەلاتداریتی حیزبە دراکەوتو خوازەکانەوە کەلی کوردمان زیاتر توشی چەوساندنەوەو ستەمو زۆر لێکراوی بوە. وە ئەمە بۆتە هۆی بتر پاشکەوتنی لە چاو ناوچەکانی تری عیراقدا.

لەبەر ئەوە ئەبێت لاوانمان بە ووزەو توانایەکی ناناسایی‌ەوە بەردەوام بن و بێنە کۆڕی کۆڕانێکی شۆڕشگێری دیموکراتیەوە، و بە هوشیاری یەکی تەواوەوە، بەلێ ئەم ئەرکە ئەکەویتە سەر ئەستۆی هەموو لاکان، بۆیە ئەبێ هەموو ووزەکان بکەونە بزوتنەوەیەکی ئاراستەکراوەوە بەرەو گورج کردنەوەی تواناو کارەوە بەشێوەیەکی دیموکراتیو بەراستیو بەرفراوانیو بیری پێشکەوتوخوازانەوە لە جوارچێوەی بڕوا بە خۆکردنێکی تەواوە وە هەمرو بخرێتە کاروکایەوە، وە باشترین بەلگە بو ئەم ووتەیە ووتارێکی بەرێز مامۆستا (صدام حسین)ە کە لە کۆنگرەی دووهەمی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقدا فەرموی:-

« هەر لاوێک وە هەر کەسێک لەم وڵاتەدا، بیروباوەری سیاسی هەر چی‌یەک بێت، داوا لێکراوە کە هەنگاو بەسەر هەموو جۆرە کۆسپی سلەمینە (حساسیەت)وە و کەری کوێرەیەکی ببری‌دا هەلبەمێنێت کە ڕەنگبێ ئەم کۆسپانە لەو ئەرکی بەشداری‌یەکی تەواویان دەکەوێتە سەرشان لە کاروباری دامەزراندنو پتەوەکردنی کۆمەلگای سۆشیالیستی‌دا، چونکە گرنگترین ڕوخسارو سیمای دەروونی (نەفس)و ڕەوشتی (سلوک) لاوان ئەمانەن:-

١- **توانایەکی هەمیشەیی‌و سووربوون لە سەر فێربوون.**
٢ - **نەرمی‌یەکی تەواو لە پەیداکردنی پەیوەندی‌دا.**
٣ - **ژیانو بزوتنەوەیەکی پایەدارانە.**
٤ - **پێکهاتنو داهێنانو و دامەزراندن.**
٥ - **کارو بەرهەم هێنانی هەرەوەری.**
٦ - **بیرکردنەوەی کۆمەلایەتی ناقەرۆز (نەفرین) کردن لە نەریتی دواکەوتوو.**

● لاوان وڵات...

مەسەلەی جوان لە عیراقیشدا بایەخێکی تەواوی پێدراوە، وە بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی‌داو پاش شۆڕشەکەی (١٧ گەلاوێژ)وە زیانێکی نوێو بەختیارو بەرزیان لەژێر سایەی شۆڕشدا بۆ لرواوە بەڵام لە گەل ئەوەشدا ئەرکی دامەزراندنی کۆمەلگایەکی دیموکراتی‌ی‌ەو بەرفراوانیو بیری پێشکەوتوخوازانەوە لە پاش سۆشیالیستی، ئەم ئەرکە بیرۆزە دەکەوێتە سەر ئەستۆی لاوان بویە ئەبێ لاوەکانمان خۆیان بە ئایدیۆلۆجی‌ی شۆڕشگێریو سۆشیالیستی چەکدار بکەن، بۆ پاراستنی‌و پشت گرتنی سەربەخۆیی سیاسی‌و ئابوری و پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشو جۆش‌خواردن و تێکەڵبون لە گەل کرێکارو جوتیاراندا، وە چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتێک لە ڕێگای جێبەجێکردنی سۆشیالیستیو کۆرانی باری کشتوکالو چاککردنی زەویو زاردا. و هەوڵدان بەرەو ئامادەکردنی

ئەلیف چی؟

سیوە

کی میژو دروست ئەکا

– نوری حەیران –

● من گومانم لەوەدا هەیە کەسێکی وەک « ئەسکەندەری مەقدۆنی » یا ئەسکەندەری ئەورە، وەک میژوو ئاوی لێ ئەدەنێت، بەتەنیا توانیبێتی ئەوەی لە باردا بوبێ دەو کارە ئەورانە ڕابەرێنێت کە میژوو بۆی ئەمار گردوە ئەوەکان یەک لەدوای یەک بۆ یەکتریی ئەگێڕنەوە... تەنیا کەسێک توانیبێتی دنیای ئەو سەردەمە داگیر بکات!!

گومانم لەوەشدا هەیە ئەوەک تەنیا « خۆفو » یەک بەلکو تاقمێک « خۆفو »ش بتوانن ئەو تاشە بەردە کەورانەی « ئەهرامەکانی » میسر بنێنە سەریەک ئەخۆزەللا چەند کێوێک لەو کابەردە بەسامانە دروست بکەن!! یا ناپلیون بۆناپارت.. تەنیا ئەفسەرێک بتوانی هەمو ئەوروپا داگیربکات سەر بەو هەمو وڵاتە پڕ چەکە دڕو هەراشانە شۆڕ بکات ئەمیشیان جێگای سەرسوڕمانو دوو دڵی‌یە.. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە... ئەگەر ئەمانەو سەدان پیاوی مەزنو گەورەی تر ئەم کارە بەجەرگانەیان نەکردبێت ئەی کێن خاوەنی ڕاستقینەی ئەم کارە لەوزە بەدەرانەن؟

● ئەگەر لەو هێزشە گەورەو خوێناویانەدا هەزاران لاوو پیرو ژنو منداڵ تێا نەچونایەو لە پێناوی داگیرکردنی بستێ خاکدا مەرگ بەسەر هەزاران لاوی قوزو لێهاتودا نەبارایە.. تا چەقۆو بزمارو

بڕوانە ل ١١

دەربارەی: لاوان و مەسەلەی

– ئەحمەد زەردەشت –

مەبەست لەلاوان چی‌یە..؟

ئەم ڕسیارە چەند بابەتێکی گرنگ دەخاتە بەرچاو، لەبارەی بایەخو فەلسەفەی لاوانەوە کە لەنێوان چەند ڕووانگەیەوە مانای شارستانیەتی گشتی ئەگەیێنێ..

لاوێتی لەخۆیوردنێکی خاوێنە، خۆبەخت کردنو بەرەو پێشەوە چونە، هاوکاری‌یەکی مرۆڤایەتی دروستی جوانە، ودامەزراندنی بنکەی کاروباری هەرەوەزی‌یە بۆ دامەزراندنێکی نوێ.

ئەرستۆ لەبارەی لاوانەوەدەڵێ.. « .. هەموو شتێک ئەکەن بە توانایەکی بترو بەهەتەر (حەماس)ەوە خۆشەریستی‌یان هەتا هەتایە، ورڤو قینیان ناسەرەتایە، هەر وەها بۆ هەموو کاروبارێکی تریش.. ». ئەم بیرە بەرزە بتر لە دوو هەزارساڵی بەسەردا تێپەڕبووە بەڵام لەگەل ئەوەشدا بەمانای خۆیەوە ماوەتەوە تا ئەم سەردەمەمان..

لاوێتی وەرزێکی بایەداره، چارەسەرکردنی زۆربەی هەرگیز لە تازەوەبوون دایە. کاروباری بەرهەم هێنانو لاوان بەشێوەیەکی ئیجابی ڕۆشنبیریو گیروگرفتی دژی جیهانی ڕادەوەستن، باری کوزەران لەوڵاتدا.. بەهەموو خوورەوشتێکی نارەوایەوە، بال بێوە نەرێکی دەروونی قولی نوێبۆ بەرەوپێشەوە چوون لەو جۆرە خوورەوشتانە دووریان دەخاتەوە وەهەمیشە جاو دەبرنە ئەوەی کە بەباوەرێکی تەواوەوە بچنە کۆڕی ژیانەوە بەرەو دامەزراندنو پێشکەوتن.

ئەمڕۆ لەوڵاتدا لاوان بەتاقی کردنەوەیەکی پێشرەوانەی نوێ هەلدەستن بەئامانجی کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی و وزەکانیان بەرەوکۆڕانێکی سۆشیالیستی لەرێگای دامەزراندنی کۆمەلگایەکی دیموکراتی بەکگرتوودا، ئەمیش لە نیوان بەشداری کردنیانو

کەرکی بەشداری‌یەکی تەواویان دەکەوێتە سەرشان لە کاروباری دامەزراندنو پتەوەکردنی کۆمەلگای سۆشیالیستی‌دا، چونکە گرنگترین ڕوخسارو سیمای دەروونی (نەفس)و ڕەوشتی (سلوک) لاوان ئەمانەن:-

١- **توانایەکی هەمیشەیی‌و سووربوون لە سەر فێربوون.**
٢ - **نەرمی‌یەکی تەواو لە پەیداکردنی پەیوەندی‌دا.**
٣ - **ژیانو بزوتنەوەیەکی پایەدارانە.**
٤ - **پێکهاتنو داهێنانو و دامەزراندن.**
٥ - **کارو بەرهەم هێنانی هەرەوەری.**
٦ - **بیرکردنەوەی کۆمەلایەتی ناقەرۆز (نەفرین) کردن لە نەریتی دواکەوتوو.**

● لاوان وڵات...

مەسەلەی جوان لە عیراقیشدا بایەخێکی تەواوی پێدراوە، وە بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی‌داو پاش شۆڕشەکەی (١٧ گەلاوێژ)وە زیانێکی نوێو بەختیارو بەرزیان لەژێر سایەی شۆڕشدا بۆ لرواوە بەڵام لە گەل ئەوەشدا ئەرکی دامەزراندنی کۆمەلگایەکی دیموکراتی‌ی‌ەو بەرفراوانیو بیری پێشکەوتوخوازانەوە لە پاش سۆشیالیستی، ئەم ئەرکە بیرۆزە دەکەوێتە سەر ئەستۆی لاوان بویە ئەبێ لاوەکانمان خۆیان بە ئایدیۆلۆجی‌ی شۆڕشگێریو سۆشیالیستی چەکدار بکەن، بۆ پاراستنی‌و پشت گرتنی سەربەخۆیی سیاسی‌و ئابوری و پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشو جۆش‌خواردن و تێکەڵبون لە گەل کرێکارو جوتیاراندا، وە چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتێک لە ڕێگای جێبەجێکردنی سۆشیالیستیو کۆرانی باری کشتوکالو چاککردنی زەویو زاردا. و هەوڵدان بەرەو ئامادەکردنی

Institut Kurde de Paris

لـــە فیســـتیڤالی ســینەمای قاهـیرەدا

فلیمەکانی ڤیستیڤالەکە .. لە ڤیستیڤالێکی گەورەدا

ئەنتۆنی کوین

جیمس مایسون

پیش ماوەیەك ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی نوسەرو رەخنەگرەکانی سینەمای میسردا بریار دراو کە یەکێك لـــە ســـینەماکانی قاهیـــرە بۆ نیشاندانی فیستڤالی‌ئەو جوارەد فلیمە تەرخان بکرێت کە لەمەو پێش لە فیستڤالی جیهانیـــدا نیشان دراون فیستڤالی سینەمای قاهیرە لە ١٦ی ئاب‌دا دەست پێ‌ئەکات ...

ئـــەو فلیمانەی بۆ ئـــەم فیستڤالە هەڵبژێردراون کە نیشان‌بدرێو پرێتیو لەڤلامیکی ئەمەریکی لە ژێر ناوی « فرین بەسەر هیلانەی بولبولدا » کە پێنج خەڵاتی ئۆسکاری تیـــا وەرگیراوە هەروەها فلمـــی مەجەری « بازەکـــان » ئەمیش خەڵاتی رەخنەگرەکانی فیستڤالی (کان)ی پێ‌بەخشراوە،هەروەها فلیمیکی سوریا « کفر قاسم » ئەمیش خەڵاتی‌فیستڤالی قرتاجی وەرگرتوە ، وە فیلمـــیکی چیکوســـلوڤاکی بـــەناوی « سەندریلا »وە کە لە فیستڤالی تاراندا لەمەوبەر نیشان‌درابو ، وە فلیمیکی ئیرانی « تـــەمو ئاوارەکە »ە بار لە فیستڤالی « کان »دا نیشان‌درابو ، لەەڵ فلیمیکی تونسیدا .

بەناوی « چەند نامەیەك لە پەندەکانەوە » ئەم فلیمەش لە قرتاجدا نیشان‌درابو ، هەروەها دوو فلیمی فەرەنسایی « بارەی وەرئەگرێ » چونکیم دەروازەی گیرفان »و « فیبرانکس » ئەم فرۆشتنی چەکەکـــانی رەهاتر دو فلیمەفەرەنسا لەمەهەرەجانی ئەبێت .. گشـــتمان ریسوا ـــ

مەجەرەوە فلیمی « کەس نا » لە دەرهێنانی لازلورانودی وە ، سوریاوە فلیمی « دژبەروکار » لە دەرهێنانی مەروان حەمادی ، وە لە یەکێتی سۆڤیاتەوە « کاتی پایزدێت نیشان ئەدرێن .

سالی داهاتوی بەرلینـــــدا نیشانیان ئەدات ، لە دوایـــدا فلیمی « درسو ئوزولا » ئـــەم فلیمـــــە دەرهێنـــەری ژاپـــۆنی ئەکیرۆکورەساوا لـــە یەکێتـــی ســـۆڤیات دەری هێناوە لەو فیستفالـــەدا نیشـــان ئـــەدرێت .. وا چاوەروان ئەکرێت کە لـــــەم فیستفالەی‌قاهیرەدا « کویت »یش بەشداربێت‌بەشە ئینگلیزیکەی « محمد رسول الله » نیشـــان بدات کە ئەکتـــەری بەناوبانگ ئەنتۆنی کوین دەوری تیـــادا ئەبینێ .. بەهۆی ئەم فلیمەوە هەراو بگریکی زۆر بەربابرپو و زۆر لە رۆژنامـــەکان داوایان کردبو کە نیشاندانی قەدەغـــە بکرێت .. بەڵام تا ئیستا هیچ بریاریك لەم بارەیەوە نەدراوە ئەو فلیمانەی بۆ نیشاندان لەم فیستفالەدا نیردراون بۆ قاهیرە لە ئەمەریکـــاوە فلیمی « برای شارلك هولمز » لە دەرهێنـــانی جین‌وایلدر ، هـــەروەها لـــــە ئیتالیاوە « ئای کە بە کوللـــــە مردن خۆشە » لە دەرهێنـــانی آنیو لورانزینی ، وە لـــــە فەرەنساشـــــەوە « هەرگیـــز لەگەڵتام » لە دەرهێنانی بانیك بۆلو لەگەڵ فلیمی « قزی کی بکوژ » لە دەرهێنـــانی برناد تافرنیە، وە لەیوگوسلافیاشەوە « دەرویشەکەو مەرگ » لـــە دەرهێنانی فیلمورنتش وە لـــە هندســـــتانەوە فلیمـــــی « نامرۆڤایەتی » لە دەرهێنانی شاکتی سافنتا ، وە لـــــە یونانیشەوە فلیمی « بروەمثیوس » لە دەرهێنانی کوستافیریس ، وە لە چیکوسلوڤاکیاوە فلیمی « ئەو رۆژەی دوانایێت » لە دەرهێنانی مارتن تابلك وە لە

ئەلەمانیای فیدرالو ئیتالیـــاو هولەندەمان زانیوە .. عـــەروا ولاتێکی وەکو سکوتلەندە کـــە بەرهەمی خۆی لـــە (عەزەل) دورستکردن ئەنێریتە ئشـــت لایەکی جیهانو بە تایبـــەتی جیهانی ســـێیەم ... هەروا فلیمی کاوبۆی کە زۆر کـــەمو دەگمەن لە ئەمەریکادا پیشـــان ئەدرێ ، هەربەجاری خەلکێکی زۆری ئاسیاو ئەفەریقیـــــاو ئەمەریکای لاتینی بێ بەندبوە ، کە سەرجەمی هەراو زەناو من منیو خۆ خۆزیو شتی فانتازیا بوونی کۆمپانیا ئەورەکـــانی بلاو ئەکەنەوە ... بازرگانیی سێکسیش ، ترســـــناکترین شتێکە کـــــە سەرشێتەکانی سەرمایەداری رۆژاوا لـــە دژی مرۆڤایەتیا ئەیسازێنن ، بـــە تایبەتی دژی جیهانی سێیەم .

خۆزێی قوتابیانو کرێـــکارەی لاوانی ئەڵمانی شوێنی ئـــم دنیایە، لە وێنەی سیکســـیو ئۆڤارو چیرۆکو کتێبی لـــــەم بابەتە، بەدەرنیە .. سەرەڕای فلیمی سێکس کە بە هۆی ئامرازێکی چکۆلانە پیشـــان ئەدرێت .. سەرەڕای فلیمی پڕ لە ریسوایی سێکس‌و هـــــەروا بەتای بلاو بونەوەی ئیاتروخانە کـــە بۆ هەمان مەبەست ئەخرێتەکار . ئەمانە بەبازرگانیـــــا پڕ لە رەواجی کۆمپانیـــــا گەورەکانی رۆژاوایو مایـــەی گەلێ قازانجی لە خەیال بەدەرە .. چش باشت کەتجـــانی سەرانســـەری دنیای تیدا نقوم بێت‌و رۆبچێ .. ســـەرباری ئەمانەیش .. بازرگانی کردن بە حەشیشـــەو بەنگ‌و ئەفیون .. کە بە داخەوە ئەمەیان لـــە جیهانی سێیەما ئەچێنـــدرێ ، بەڵام بۆ حسێبی کۆمپانیـــــا مۆنۆپۆلەکانی رۆژاوا ، لـــــە ئەمیشە بۆ گشت دنیا ... بۆ گوێ دانە ئەنجامی داڕماندنی بەهای مرۆڤانەو سەرداگرتنو مل کەچ کردنی گەلێ لـــــەو گەلانەی کە ئەم زەهرانە بەکار ئەهێنن .. گرینگ قازانجـــەو بەس .. بیری داهێنەرانـــــەی خـــاوەن ئـــەم کۆمپانیانـــە ، دەســـتاوێژێکی تازەی کـــەی ئەمیش بریتی‌یە لە :

رێکخســـتنی پێشـــبڕکەی (شەرە بۆکس)و هـــاندانی قوڵەرەشەکانی ئەمەریکا بـــۆ بەجێ هێنانی ئـــــەم کـــارو لێی ئەترێتو هەویان توشی نەخۆشی لە بیاو ترسان ئەبێو بە گشتی‌ی رقیان لە بیـــاو ئەبێتـــــەوە . وە زۆر لـــەو ئافرەتانەش توشی نەخۆشـــی تەریکی‌و دورەیەرێزی ئەبێو جاری وا هەیە هەندکیـــان هەوێی خۆکوشتن ئەدات یا توشی نەخۆشی وافورمـــان ئەبێ .. یا لە فورسێ گرانی تاوانەکە هەندی لەو ئافرەتانە گوێر .. یا کەڕ ئەبن ..

● **یاســـــا چ ســـزایەکی زێرەملێ‌کەر ئەدات ؟**

یاسا دەربارەی ئەو تاوانە چەند ساڵێك تاوانبارەکە بەند ئەکات خۆ ئەگەر هات‌و نـــەو تاوانبارە لەوەوپێش نەخشـــەی بۆ تاوانەکەی کێشابو نـــەو سزایەکی توند تر ئەدرێت بەڵام ئەگەر بیاوەکە ئەو تاوانـــەی کوتوپڕ کردبو بێ‌ئەوەی لەوە‌ـ

ئـــەو تـــاوانـــــە

تەنیا لە ئافرەت ئەکرێ

وەك ئاشکرایەو ســەلماوەئەو تاوانەی کە تەنیا ئافرەتی تیا ئەچێت‌و ئەوی تیا ئەبێتـــەقوربانی تاوانی زۆرەملـــێ‌و (اغتصاب) ئافرەتـــــە .. زۆرەملێ تەنیا تاوانێکە کـــە رأستەو خۆ بیاو لە ئافرەتـــی‌ئەکا .. بە پێچەوانـــــەی تاوانەکانی تری وەك دزی‌وبیاوکوشتن‌و ڕفاندن‌و .. ک ئەشێت ژن‌وبیاو وەك یـــەك‌لەو تاوانانەدا بەشداربن ..

بەڵام زۆرەملێ کردن تەنیا لـــە لە گەڵ ئەوەشدا ئەبێت لـــەو ئافرەت ئەکرێت‌و لەو تاوانەدا هۆیە کەسی‌و دەرونیانـــــــە هەر ئەو ئەبێتە قوربانی‌ی .. بگەین‌و بیچینە بنجوبناوانیان تاوانی زۆرەملی لە هەمرلایەکی کە ئەبنە هۆی کـــــــردنی دنیادا هەیەو روئەدات ، بەڵام تاوانێکی ئاوا نالەبار بەرامبەر ئافرەتێکی بێ‌تاوانی کـــــەم دەسەلات کە هیچ خرابەیەکی لێ ئەوەشاوەتەوە .

بە پێی ئەو لێکۆڵینـــــە وەیەی بسوورە ئەمەریکـــای‌و ئەوروپایەکان کردویانـــە .. ئەو تاوانبارەی کە زۆرەملـــێ

وێنش بیری لێ‌کردبێتەوە ئەوە تاوانێـــکی تر ئەدرێت .. وە زۆر لە یاساکان ئەو تاوانکارانە بە شێت لە قەلەم ئەدەن ، لەبەر ئەوە سزایەکی قورسی ئەوتۆی بە سەردا نادەن .. بەڵام ئەم هەمو سزایانە پڕ بە پێســـتی ئەو تاوانی زۆرەملێیە نی‌یـــە کە ئەیکەن‌و یاسا تاوانبارەکە تاکوژێت ئەگەر لە کـــــاتی تاوانەکەیدا ئافرەتەکـــەی نـــە کوشتبێت .. ئەبەر نـــــەوە ئافرەتان لەو سزادانە ناقایلن‌و ئەیانەوێت تاوانباوەکان بـــــە کوشتن مەحکوم بکرێن چونکە ئەو تاوانەش هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ خەلك کوشتندا نی‌یە .. وە لە زۆر کاتیشدا لەبەر شەرم کردن ئافرەتان لـــە دادگـــادا ناتوانن بەرگـــری لە خویان بکەن‌و دەربارەی تاوانەکـــــە هەمو شتێك بە پاکراوی بڵێن .. بەوجۆرە ناتوان تاوانەکە

بڕوانە ل ١١

زانستی سەردەم

بەهۆی چاوەوە

نەخـــۆشی ئەدۆزرێتەوە

● **چاو ، هەروەك شاعیرو نوسەرەکان ئەڵین : ئاوێنەی دەروونە ، بەڵام پزیشکەکان بیرورایەکی تریان هەیەو ئەڵێن : چاو ئاوێنەی لە شیشەو بە شێوەیەکی سەیر ئەو ئەژانە بابولوجیانە دەرئەخا ، کە بەســـەر لەشی مرۆڤدا دێت ، لەوەش زیاتر ، وەك نەخشەیەکی جوگرافیایی بەوردی هەموو شوێنەوارێکی ئـــازارو نەخۆشی شاراوە لە لەشدا نیشان ئەدات ، بەواتایەکی‌تر چاو وەك بەنجەرەیەك وایە کە لە رێگایەوە پزیشـــك ئەتوانێ بچێتنە ناوەوەی لەش‌و لە نهێنیەکانی بگا ، ئەم بەنجەرەیە لە زانستی پزیشکی‌دا ناوی (ئیریدولوجی) ی‌نراوە ، کە ماناکەی (زانستی ئاینەی چاو) ئەگەیێنێتەوە وە ئاینەی چاویش وەك ئاشکرایە بەشە رەنگاویەکەی چاوە ..**

لە ساڵی ١٨٧٠ وە :

ئەم زانستی‌یە لە پزیشکی‌دا ، کە دۆزینـــەوەی نەخۆشی لەشی مرۆڤە لە رێگای چاوەوە ، ساڵی ١٩٧٠دا بەرێکەوت دۆزرایەوە ، کاتێ لاوێکی (مجرد)ی کـــە ناوی (ئەلیاس بکسلی) بو ، وڵاخەکەی لە کەوتێـــکدا قاچی شـــکا ، (بکسلی) ســـەرنجی‌دا تارماییەکی رەش لە چاوی وڵاخەکەدا دەرکەوت ، وە ســـــــەرنجی ئەوەشی‌دا ، هەتا بەردو چاکبونەوە ئەچو ، تارماییەکە ئەڕەوایەوە .

ئەم دیاردەیە سەرنجی (بکسلی) راکێشاو لەبەر ئەوەی خۆی پزیشك بوو کەوتە خۆلیای دۆزینـــەوەی هۆکانی ئەم دیاردەیە وە لەو رۆژەوە ئەم زانســـتی‌یە لە پزیشکی‌دا بە (ئیریدولوجی) ناو ئەبرێ .

قوتابیەکانی (بکسلی) بەردەوام بون لەســـەر لێکۆڵینەوەی زانستیانەی زۆرتر لەم بارەیەوە ، تاکو زۆر شارەزاو پزیشکی هەلکـــەوتو لەروی ئـــەم شارەزاییەوە دەرکەوتو وەك پزیشـــکی فەرەنســـی (فورتییە برنوفیل)و (لیون فانییە) .

ئەم رۆژانە بایەخێکی تایبەتی بە پزیشکەکانی ئـــەم لایەنە ئەدرێو دیاری کردنی نەخۆشیەکانی لەشـــی مرۆڤ لە رێگای چاوەوە بۆتە خوێندنێکی تایبـــەتی لە خوێندنگا پزیشکی‌یەکاندا ، بۆ نمونە هەر لە ئەڵمانیـــا زۆربەیان لە کولیجی (ئەتلکێن)ی پزیشکی دەرچوون. سەرەڕای ئەوەی لە فەرەنساو ئەمەریکاو ئەسپانیاشدا زانستی (ئیریدولوجی) بۆتە دەرسێکی تایبەتی :

پزیشکی هەرە ناسراوی ئەم چەرخە کە بایـــەخ بە دیاری کردنی نەخۆشیەکانی لەشی مرۆڤ لـــەدا لە رێگای چاوەوە پزیشکی ناسراوی فەرەنسی (روبـــیر لیبوفسکی)یە کە نزیکەی ٣٠ ساڵی رەبەقە لەگـــەڵ دەستەیەك پزیشکی شارەزادا خەریکی دیاری کـــردنی نـــەو جۆرە نەخۆشی‌یانەیە کە گلێنەی چاوی مـــرۆڤ دیاری ئەکـــات .

دکتور لیبوفسکی ٣٠ هەزار نەخۆشی تاقـــی کردۆتەوەو لە رێگای چاویانەوە نەخۆشیەکانی دیـــاری کردوە ، ئینجا بۆ ئەوەی لە بۆچوونەکەی دانیابـــن پزیشکی‌تر خوێن‌و میزو زەختی نەخۆشەکەیان فەحس کردوە سەرەڕای ئرتنی وێنەی تیشك (ئەشـــیعە) ئەنجام دەرکەوتوە ، کە هەر ئەو نەخۆشیەیە خـــۆی لە رێگای گلێنەی چاوەوە دۆزیوتیەوە ..

لە ئەنجامی لێکۆلینەوەی قوڵو فراواندا پزیشکەکانی فەرەنسا نەخشەیەکیان بۆ گلێنەی چاوی ئادەمیزاد دروست کردوە کە لە هەرشوێنێکی تایبەتیدا نیشانەی تایبەتی نەخۆشیەك دەرئەکەوێ ، ئەو راستی‌یەش بۆ روون بۆتەوە .. نیشانەکان لە گلێنـــەی چـــاوەوە بەپێی نەخۆشی ئەگۆڕێ ، نیشانەی نەخۆشـــــی (هەڵامەتی توند لە سینەکاندا جیاوازە لەگەڵ نیشانەی نەخۆشی (سیل)و نیشانەی نەخۆشی شیر بەنجەدا دەرئەکەوێ کە نیشانەکانیان بەلەیەکی تاریك ئەبێ یان خـــەتی وردو تیك‌بچراو یان خەتی جیاجیای تیادەرکەوتـــوە . جا ، جۆن ئەم نیشانە وردانە لەو گلێنـــە بچوکـــەدا دیاری ئەکرێ ؟ بێ‌گومان لە رێگای وێنەگرتنی علمیـــەوە کە چەندان جار گەورە ئەکرێو نیشانەکان بە ئاشـــکرا دیاری ئەکرێن .

ع.ت تامادەی کردوە

لەدیاردەکانی رژێمی سەرمایەداری

سیکسبازی وبەنگ کێشانو شـــەرەبۆکـــس !

مۆنۆپۆلەکانی سەرمایەداری‌رۆژاوایی ـ بە گشـــتی ـ و ئەمەریکایی بە تایبەتی ، بەگشت‌دەستاوێژێکی دور لە رەوشت‌و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی ، لەهەڵپەی هۆینی خێرو بێرەکانی دنیادان .. دۆلار قیبلەنومایانەلە بینناوی دۆلاریش با شـــت جیهـــان لە قـــوڕە رەشی‌بەدەرشتیا بچێتە خوارەوە ..

ئەمەریکایی وەك : (نورسرۆپو لۆکهاید) مان بیستوە ـــ کە کشـــت جۆرە شـــێوازی بۆ بەرەودانی کوتالەکانی خـــۆی ئەسازێنێ .. یا لـــە رێگـــای شێواندنی ژیانی سیاسی ئێـــو جۆرەها دەولەتانی دنیاش بێت ئەمیش لە رێی : فشارو بـــە پەرتیـــل گرتنی لێ پرسراوانی ئەم دەولەتانە وە ..!.. هەمو مانیش ئاژاوەکـــانی ژاپۆن‌و



ئەمەریکایی وەك : (نورسرۆپو لۆکهاید) مان بیستوە ـــ کە کشـــت جۆرە شـــێوازی بۆ بەرەودانی کوتالەکانی خـــۆی ئەسازێنێ .. یا لـــە رێگـــای شێواندنی ژیانی سیاسی ئێـــو جۆرەها دەولەتانی دنیاش بێت ئەمیش لە رێی : فشارو بـــە پەرتیـــل گرتنی لێ پرسراوانی ئەم دەولەتانە وە ..!.. هەمو مانیش ئاژاوەکـــانی ژاپۆن‌و

بە ئەرکەری ئیودیۆخان‌و پاسەوانی‌کژشك‌و تەلاریان‌بن؟ کۆمەڵ ئالۆزە ، بەڵام پزیشکی شارەزا توانای دۆزینەوەی تیمارو دەرمانی هەیە .

فەرموون ، ئەوە پزیشك‌و ئیمارکردن ، با وورد بینەوە لـــە « یاسای ژمـــارە (٩٠)ی ســـاڵی ١٩٧٥ی مولکایەتی کشت‌وکاڵ . ئـــەم یاسایە شـــان بەشانی یاسای چارەسەرکردنی کشت‌وکاڵی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ ، بە تەواوی دیمەنی بۆتەنی دەرەبەکایەتی لـــە ناوبرد لەعیراقی خژشەویستمان‌دا بەگشتی‌و لەناوچەی ئوتونومی‌دا لەبەر وەزعی ناکۆکی بە شێوەیەکی تایبەتی.

● **لە سایەی ئـــەم دوو یاسایە هەزارەها دۆنم زەوی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا بەش‌کرا بەسەر فەلاحەکان‌و خێزانیاندا،جگە لە وەی لێ‌پرسرانی کشت‌وکاڵ بێداری ئامادەکردنی هـــەر بێویستێکی ئەوتۆن بۆ سەرکەوتنی دەسەزراندنی پەیوەندی‌یەکی توند لە گۆمەنی لادێ‌دا ، کە بگونجێ لـــە گـــەڵ خواست‌و رێبازی شوڕش‌دا بـــۆ دەسەزراندنی سۆشیالستی لە عیراقا بەگشتی .**

● دیاردەیەکی دلڕفێن‌و دلگیر بەدی دەکرێ لـــە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا ، دەیەها پرۆژەی کشت‌وکاڵ‌و نەمام چاندن دەست پێ کراوە ، کۆمەڵەی هەرەوەزی لە هەر شوێن‌و دێیەکدا خەریکی یارمەتی دانی فەلاحن .

● لەکۆمەڵی سۆشیالیستی‌دا ، پێویستە ریشـــەی هەردیاردەیەکی نارەوا دەربهێنرێ ، بۆیە شۆڕش کـــە خەریکی هەنگاونانە بەرەو سۆشیالیستی ، دەستی کرد بە لابردنی کۆسپ‌و دڕك لـــە ســـەر رێگای کەژاوەی رازاوی سۆشیالیستی‌دا .

هەزار ساڵو لە شۆڕش‌و فەرماندەی رامیاری .

چـــەپکە گـــوڵ

نووسینی : قوباد زەنگنە

ـــ مەرحەبا لاڵۆ کەریم ، کەیف‌و ئەحوالت ؟

ـــ بۆی رۆڵەم قوباد ، شوکر سەفینم بۆیـــە تفیش لە ئاسمن دەکەم .

ـــ ستایش بۆ یەزدان ، کە وەها نازەو نازاری جارانت بوو بـــە زەردەخەنە . دەمو چـــاوو رووەتت دڵۆپی عـــەتراوی رەنجو زەحمـــەتی سوود مەندی لێ دەباری .

ـــ وایە ، ئەمڕۆ لـــە سایەی شۆڕشی مەئدەی ئەموزی پیرۆزەوە رەنج بۆخۆمە ، بوومو لە بۆمـــاڵو خێزان‌و کۆمەڵی خۆشەویستمە .

ـــ لاڵۆ ئەم شۆڕشە لە جەرگەی هەزارو رەش‌و رووتی ئـــەم میللەتـــەوە هەڵقولاوە ، بۆیە جێگـــەی بەختەوەری‌یانە جگە لەوەی ریشەی ئاغاو بەگی لـــە بنەڕەتەوە دەرهێناو ئووتی ســـەدەها ئاەـــەردو ناپاك‌و زۆرداری چەوستێنەری گەوزاند خـــاك‌و خۆی ئـــەم نیشتمانە .

ـــ خوایە ، شۆڕش پایەداربێ .

بەڵێ ، خوێنەری بەڕێز : پەندێکی کـــوردەواری خۆمان دەڵێ « زۆرم خواردووە لـــەم کاسە ، دڵم بکـــا وەسواسە » هەزارەها فـــەلاح‌و رەنجبـــەرو وەرزێرو سەبان ، لەیادیانەو هەرکیز زوڵم‌و ستەمی دەرەبەگیان لە بیر ناچێتەوە .

ستەمی دەرەبەك بەدرێژایی مێژومان ، بوو بـــە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵ لـــە هەموو بارێکی ژیانەوە ، چونکە ئەم چەوساندنەوەیە لە وزەی مرۆڤ نـــەبووە . ئایا رەوایە لە یاسای مرۆڤایەتی فەلاح‌و خێزانی سال دوانزە مانگ رەنج بدن بو ئاغاو بەگ‌و شەوانیش بین قسەم زۆرە ، بەڵام تیمارکردنی برین مەبەستە . برینی

جەنگی ئەڵمانیا لە ئافرەت ئەکرێ

ئەو ئافرەتانەی کە لە ئەڵمانیا لە ئەنجامی جەنگی جیهانی دوەمدا لە لایەن سەربازانی سەرکەوتوی هاوپەیمانەوە ئەکران بە قوربانی ئەو جەنگە ئەمانە بون :

١ـ ئافرەتی ئەڵمانی کە لە لایەن سەربازانی سۆڤیەتەوە ئەکران بە قوربانی ٢ـ ئافرەتی ئەڵمانی کە لە لایەن سەربازانی فەرەنسەوە ئەکران بە قوربانی ٣ـ ئافرەتی ئەڵمانی کە لە لایەن سەربازانی ئەمەریکاوە ئەکران بە قوربانی ٤ـ ئافرەتی ئەڵمانی کە لە لایەن سەربازانی بریتانیاوە ئەکران بە قوربانی

ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی سۆڤیەتەوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی فەرەنسەوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی ئەمەریکاوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی بریتانیاوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی ئەڵمانیاوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی ئەمەریکاوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی بریتانیاوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی ئەڵمانیاوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی سۆڤیەتەوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی فەرەنسەوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی ئەمەریکاوە ئەکران بە قوربانی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن سەربازانی بریتانیاوە ئەکران بە قوربانی

Institut Kurde de Paris

لەم رۆژانەی دواییدا تیپی‌مۆسیقای سلیمانی بەنیازی کردنی مامۆستایانی هەولیرهاتن بۆ شاری هەولێر .. ئێمەش ئەم سەردانەمان بەهەل زانی گفتوگۆیەکی هونەریانەمان لە گەل چەندئەندامێکی تیپەکەدا سازکرد.

تیپی مۆسیقای سلێمانی

نموونەی هونەری رەسەنی میللییە

شلێرو هوما

● کاك فەریدون دارتاش لە بارەی سەردەمو پێداویستیو گەشەکردنی هونەری مۆسیقاو گۆرانیەوە وتی : لە پێناوی پێشخستنی رێبازی تیپەکەمان بۆ خەملاندنی هونەری مۆسیقاو گۆرانی میللی بەردەوامین .. وە زۆرتر خۆمان بە بۆژانەوەی هونەری فولکلوریەوە خەریك ئەکەین کە زەمینەیەکی پتەو لە رەوتی گەشە کردنی هونەری مۆسیقاو گۆرانیدا دروست ئەکات .

هەولو تەقەللای ئیستای ئێمە بریتی‌یە لە نوێ کردنەوەی ئاوازی رەسەنی هونەری میللی ، کە بە شێوەیەکی هاوچەرخانە کە لە گەل هەستو تێڕی گۆمەلانی خەلکدا بگونجێ .. ئینجا لێرە ئەبێ جۆری ئالەتو دابەشکردنی لە گەل شێوەی هونەری میللیدا بگونجێو هەستو چێژی هونەری گۆمەلانی خەلکیش رەچاو بکرێ .. بە تایبەتی بە نیازی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری خەلك .. وابزانم راستی قسەکانیشمان ئەوەیە کە خەلك بە گەرم‌پێشوازی لە ئاوازو گۆرانیەکانمان ئەکات ، هیوادارین بە هەولو دلسۆزی گشتلایەك بتوانین خزمەتی‌هونەری رەسەنی میللی بکەین.

● کاك خالد سەرکار وتی: بۆ پێشەوە چونو گەشەکردنی هونەری میللی چەند هۆیەکی گرنگ هەیە وەکو : بوژانەوەی هونەری فولکلوریو گەیاندنی بە ئاستێکی هاوچەرخانە ، واتا گەیاندنی بە هونەری گەلانی جیهانی پێشکەوتو .

وە بەراستی هونەرەکەی ئێمە لە بارەیدا هەیە بگاتە ئەو جۆرە هونەرانە ، ئەگەر مەرجە پێویستی‌یەکانی بۆ جێبەجێ بکرێ ، دیسانەوە مەرجێکی تر هەیە ئەوەیە شیعری نوێ لە گەل ئالەتو بنچینەی هونەری میللیدا بڕواتو بگونجێ .. وە هەروەها مۆسیقاژەنەکانمان بنێردرێن بۆ دەرەوەی ولات بۆ ئەوەی زۆرتر شارەزای باری هونەری مۆسیقا بن .. هونەرمەندانمان رێبازێکی یەکگرتوی هونەری هەیە کە بە گشتی کار ئەکاتە سەر بەرزەوەندی مرۆڤ لە پێناوی تێگەیاندنی چینی زەحمەتکێشو زوربەی جەماوەر . وە بۆیە لەم بوارەدا خۆم ماندو ئەکەم کە هونەر بۆ هەمو کەسێك بەکسانە .. ژیانیش ئەو شریتەیە کەوا بە درێژایی تەمەن لە گەل هونەردابێ وە من لە پێناوی گەشە کردنی هونەری گەلەکەما ئەمەوێ لە رێگای هونەرەکەمەوە سەربەستانە لە واقیعی ژیانی خۆمو گۆمەلەکەم بدوێم ، ئەمسیل بکەم بۆ ئەوەی هەمو مرۆڤێکی سەر روی ئەم زەمینە لە من بگاو لە هەستو ئەستم شارەزابێ.

● خوشکە هوما کەمال

فەریدون

خالید

وتی : من وەکو مرۆڤێك خۆم ئەناسم ، هەروەها مرۆڤیش ئەناسم ، مرۆڤی خزمەتگوزار ئەبێ لە ناو ئازاری گۆمەڵدا بژێ وە پێش هەنگاونان بیر کانەوەو هەست بە هەمو ئازارێك بکات ..

هونەرمەند ئەگەر باوەڕی بە هونەرەکەی هەبێ ئەبێ لە ئاستێکی بەرزەوە سەیری هونەری راستەقینەی مرۆڤ بکات .. وە پێویستە هەر کەسێك لە مەیدانی هونەردا بڕی خاوەنی بیرکردنەوەی خۆی بێو بزانێ لە پێناوی چیدا هەول ئەدات .. وە مەبەستی هەر کات بردنەسەر ئەبێ ، چونکە مرۆڤو گۆمەڵ پێویستی‌یان بە بەرهەمە . بە رای من پێویستە خوشکە هونەرمەندو هونەر دۆستە کانمان خۆیان لە ناو چوار چێوەی چوار دیواری بۆیاخ کراوی سەر بە دواکەوتن رۆگار بکەنو لە سەر شانۆی بیشکەوتوی گۆمەڵ کەمو کورتیەکانی ژیانی ئەمرۆمان ئاشکرا بکەن .

پ . هاوکاری

لە هەولێر

دەنگی

– محمود زاهدار –

● بە دەم ورێنەیەکی جرنیاو فرنیاوە ئەیوت :

– ئەمەوێ هەمو دنیا خاوەر بێت ، تەنیا منی تیا بێو بەس !

ووتم : تۆ مرۆڤێکی دەغەزداری .. بەری هۆشو رەوشتو (خود)و (کەسایەتی)ت تەسکە وزۆریش تەنگەیەر ..

ووتی : رق دروشمی پیرۆزمە ..

– : رق بیرای بیر پیرۆز نیە ..

– : ئێ .. رق لەلای منا ، هەمو شتێکە ..

– : لەگەل رقی خۆت زۆر سەر راستی .. بەلام هەمو شتێ لە خۆشەویستیەوە دەس پێ ئەکا .. !

– : تۆ دالغەی چۆلەکەی سەر خەرمان لێ ئەدەی.. ورێنە ئەکەی .

– : ورێنەی من لە شاتو پاتی (رق)ە کانی تۆ زۆر بەرز ترە ..

– : من .. من .. من هەست ئەکەم .

– : نایرۆنیش ئەم چەشنە (من من) یەی هەبوو .. نەرجسیەکی گەندەلو لەقو رقاوی بوو ..

– : نەرجسیزم .. هەمومان نەرجسیین ..

– : بەلام مەرج نیە هەمومان کرمی (رق) هۆش‌و بیرمان بکرمێنی ..!

– : رق .. شۆرشە ..

وتم : فێل لە خۆت مەکە ..شۆرش خۆشەویستی‌و هەڵخستنی دنیای سەر فرازی خۆشەویستانە .. رامالینی گشتجۆرە رقو مقو کینەو مینەیەکە .. ئەو بەناو (شۆرشانە)ی کە بەرق دەستیان پێکرد ، هەمو داڕمانو جێ پەنجەیەکیان لەلای دلدارە راستەقینەکانا نەهێشتەوە ..!

– : ئەی مەرگ چی لێ ئەکەی !

– : بە خۆشەویستی وەلامی ئەدەمەوە ..

– : ئەی مەرگ چی لێ ئەکەی !

– : بە خۆشەویستی وەلامی ئەدەمەوە ..

– : مەرگیش لە لای من رقە ..

– : واتە ئەتەوێ ، بەمەوە بەسەر مەرگا زال بێت.. خۆ ئەگەر مەرگ رق بێت ، دە ئەوا بێگومان رۆژێ لە رۆژان لە نێو زەلکاوی‌ئەم رقەدا گیان (ئەدەی !) ..

– : نازانم تۆ ئەتەوێ چی بڵێیت :

– : ئەمەوی بڵێم .. مەرگ و خۆشەویستی ، دوجمکانەی دور لە رقن دوو معادلەی دژ بە یەکن بەلام بە (خۆشەویستی) نەك بە (رق)!

ووتی : ..... چی بڵێم !

چۆن مۆسیقا کار ئەکاتە سەردار و درەخت

ئەگەر بە شێوەیەکی زانستیانە سەرنج بدرێ ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە گەلێك زانا و شارەزای تایبەتی زۆر خۆیان بە زیندو کردنەوەو شی‌کردنەوەی فولکلورەوە خەریك‌کردوە ، بەلام بە داخەوە ئەو هەولدان‌و ماندوبونە لەناو چوار چێوەی ناوچەگەری خۆمان دەرنەچوەو بەرگوێی ولاتو گەلانی تر نەکەوتوون .

لە کوردەواریدا ئەوە دەرکەوتوە کە مۆسیقا کارئەکاتە سەر بەشێك لە دارو درەختو ئیساو ئولو هەندیك لە رووەکەکانی‌تر ..

هەر بە پێی تاقی‌کردنەوە دەرکەوتوە کە گولی (داری لاندك) – کە جۆرە گوڵێکی وەرزی‌یە – مۆسیقا زۆر بە باشی کاری تێئەکات ، مۆسیقا یان گۆرانی بەسۆز کە گۆرانی بێژێکی دەنگ خۆش بیلێ زور بەئاسانی کارئەکاتە سەر ئەم گوڵەو گەلاکانی هەڵئەوەرێنێ .. بەم بۆنەیەوە گۆرانیەکی فولکلوری ناوچەیی هەر بە ناوی (داری لاندك)ەوە هەیە کە زۆر جار عبدالله حدادی گۆرانی بێژی ناوچەی ئامیدی بە تایبەتی ئەم گۆرانیە بەسۆزە بە سەر ئەو گوڵەدا ئەڵێتو گۆڵەکەش خۆی بێ‌رانا‌گیرێ لە عیشقی سۆزی گۆرانیەکە گەلاکانی هەڵئەوەرێت .

جگە لەمەش چەند گۆرانی‌بێژێکی تریش هەیە هەر کە ئەم گۆرانیە ئەڵێن ئیتر ئەو وڵە شیرزە ئەبێو هەڵئەوەرێ .

چیرۆکو بەسەرهاتی ئەم گۆرانیەش بەم جۆرە ئەگێڕینەوە :

کابرایەك ژنەکەی ئەمرێو منالێکی بچوکی لەپاش بەجێ ئەمێنێ ، منداڵەکە ئەگری‌و بەهیچ جۆرێك ژیرنابێتەوە ، باوکەکەی بیشکەی منالەکە راتەژەنێو ئەم گۆرانیە بەسەر بیشکەو لانکەی منالەوە ئەیڵێ :

ئەڤێ شەڤێ لمن‌کرە دومە
ئەڤێ نیف شەڤێ هەرلمی کرەدومە
گەلافێزو ترازی‌و بیروهاتن
هندافی بانێ بێلایێ بونە کومە
خوزی بەژنا بلند دوو چافێ رەشو بەلەك
حەلال گیانێ من‌با
پاشی بلا لمن ئەیار باعەجەو رومە
هشمە بنفە دایکا ژار ئەلماڵە
ئەلماڵا خالانە قاصدەکی فرکە مەمێ

بڕوانە ل ١١

گەشتێك بە ئەشکەوتەکانا

کەمال سەعدی ئامادەی کردوە

● ئەشکەوتی – سەراورد : –

لە گەشتەکەما بۆ چیاکانی ناوچەی (بیخمە) سەر بە ناحیەی هەریر ئەوەی پێویست بو لەگەل خۆم بردمو خەلکی ناوچەکەش یارمەتیان دام .. جومە گوندی (ئامۆژگان) کە سێ سەعات لە هەریرەوە دورە ، لەوێشەوە لەگەل خەلکی گوندەکە گەلێك باسی ئەشکەو تەکانم کرد ، سەیێتی لەگەل چەند کەسێك رومان کردە شاخی (سەراورد) لەوێ جوێنە ئەشکەوتێکەوە کە بەلاری بەرەو ناخی زەوی دا کشابوو .. وەکو پێ‌ئەلکە بەناو ئەشکەوتەکەدا ئەهاتە خوارەوە ، ئەرمە خۆڵێکی رەش لەناو ئەشکەوتەکەدا هەبو ، بن‌میچەکەی زۆر بەرزبوو ، نزیکەی دە مەتر ئەبو ، ئەمەرەو سەری ئەشکەوتەکە ئەگەیشتە نزیکەی ٣٠٠ مەتر ، لە ناوەوە هەوایەکی زۆر ساردی هەبو ، جۆگەلە ئاوێك بەدامێنی ئەشتەوتەکەدا ئەڕۆیشت ، لەبن میچی ئەشکەوتەوە لە چەند لایەکەوە ئاو ئەهاتە خوارەوە .. مەلو باڵندەکان زۆریان لەناو ئەشکەوتەکەدا ئاویان ئەخواردەوەو تیایا ئەمانەوە . لە سوچێکی ئەشکەوتەکەدا درزێکی گەورە هەبوو کاسە سەرێك‌و چەند بارچە ئیسقانێکی گۆنی تیابوو ، لەو لایەوە پەیکەری ئیسقانی ئاژەڵێك کەوتبو کە نزیکەی پێنج مەترەیەك لێی‌یەوە دوربو .. ئیسقانەکە زۆر ناسك بوو ، بەلام لەبەر گۆنی رەنگی زەرد هەڵگەڕابو. بەلای دەستە راستمانەوە شوێن پێی ئاژەڵێکی درندە دیاربوو بەرەو دەرەوەی ئەشکەوتەکە درێژ ببۆوە .. ئەو ئەشکەوتەمان بەجێ هێشت ..

● ئەشکەوتی (گونە هەشیارۆك) :

لە پشت گوندی (ئەشکەوتە)وەیە ، لە نزیك گەلی (بیخمە)و (گەرداسن) .. هەر لە ناوچەی هەریرە، خەلکی گوندەکە ئەیان وت تا ئیستا ئەم ئەشکەوتە نەپشکنراوە ، ئەڵێن مارو مێروو درندەی تیایە ، زیاد لە کیلومەترێك درێژە ، لە لێواری ئەشکەوتەکە شوێنی کۆنە کانیەك هەیە ، جۆگەلەیەکی لێ‌بۆتەوە بۆ بنەبانی ئەشکەوتەکە ، شوێنە واری جۆگەکە بەقەد دیواری ئەشکەوتەکەوە مابون ، بەمەدا ئەوە دەرئەکەوێ لە کاتی خۆیا خەلکی تیا ژیاوەو لەو جۆگایەوە ئاویان بۆ ناو ئەشکەوتەکە راکێشاوە .. هەرچەند ئەچوینە ناو ئەشکەوتەکەوە ئەوەندە هەواکەی ساردتر ئەبوو .. شوێنەواری چەند رێگایەکی تیادیاربو ، هەندێك شوێنی ناوەوەی فراوانو هەندێك شوێنی تری هاتبوەیەك .. هەروەها بەرزیەکەشی ناوبەناو زیادو کەمی هەبو ، لە چەند لایەکەوە سواڵەتی شکاوو قامیشی رزیومان‌دی کە لە ناوو قەدیالی ئەشکەوتەکەدا بون ، لەوە ئەچو هەندێ شوێنی لە کاتی پیاوێکی پیر کە تەمەنی ٧٢ بوە .. کاتی خۆی چەند ساڵئەبو وتی لەباب‌و دەستنوسێکی کۆنیان تیا باپیرانمانەوە ئەگێڕنەوە کە دۆزیوەتەوە ، کە باسی کاتی خۆی خەڵك لەم شەڕو شۆری تیا نوسراوە ، ئەشکەوتەدا ژیاون‌و ئەمە دیوارەکانی رێك‌وپێك بون ، روکاری ناوەوەی وەکو گومەزێك هاتبۆوە ، راخەرەکەی ناوی زۆر تەخت بوو ، گەلێك زیندە وەرو باڵندەی وەکو شەمشەمە کوترەی تیابو ، ئیتر هیچ شتێکی شاردراوەی تیانەبو کە شایانی باسکردن بێ ..



ئەشکەوتی سەراورد

ئەشکەوتی ماران

● ئەشکەوتی (ماران) :

ئەمیش هەر لە شاخی سەراوردە ، سەعاتێك لە گوندی (ئامۆکان)ەوە دورە، لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە کانیاوێکی ساردی لێیە ، ناوەکەی زۆر گەورەیە ، بە تایبەتی باسی یەکێکیان کردوە کە ناوی (ئەسحابە رەش) بوە ، کە گۆڕەکەی ئیستاش لەناوچەی (بێخمە) دایە .. دیسان ئەیان وت لە بیستەکانا چەند شوێنە وارشوناسێکی بێگانە جونەتە ناوی‌و لەبارەیەوە سەرنجی خۆیان نوسیوە ..

ئەمەبەست لەم نوسینەم ئەوەیە کە شوێنەوار شوناسە کانمان بە دلسۆزیەوە گەشتیکیان بەناویانا بکردایەو چەندبرسیارێکیان لەبارەیانەوە بکردایەو باری سەرنجی خۆشیان لەم رووەوە دەربڕیایە

ناسەر نابێتە ئافرەتی دەسکردی شانۆ

– جلال احمد –

ناظم دلبەند

زۆر جار لە بواری هونەری شانۆ گەریدا لەسەر نەبونی هونەری ئافرەت نوسراوە . ، یان گەلێك گیروگرفتی دواکەوتنی شانۆ گەریەکان – زوربەیان – دراوەتە پال نەبونی ئافرەتی هونەر مەند .. وەبۆ بەر کردنە وەی ئەم گیروگرفتە زۆر جار لاوێك بەرگی ئافرەت لە بەرئەکات‌و خۆی ئارایشت ئەکات .

هونەر مەندی سەرکەوتو ئەم کەلێنە هونەریە پر ئەکاتەوە، ئەوا ئەمجارە لە گەل هونەرمەندی لاو کاك (جەلال ئەحمەد) کە هونەرمەندێکی سەرکەوتوی ئەم بوارەیە گفتوگۆیەکمان کرد .

● کاتێك لە شێوەی ئافرەتێکدا خۆت لە سەر شانۆ ئەبینی هەست بەچی ئەکەی ؟

– دوو هەستی توڕەوناسك ئەمبزوێنێ .. ئەوبەری خەمباریمو دل شکاویم بەرامبەر خۆمو گۆمەڵەکەم . تریقاڵەوەو زەردە خەنەیەکی بێ کۆتایی‌و دەسکرد چونکە توانیومە جەماوەر رازی بکەم.

● ئەی بەرامبەر ئەو کچانەی لە ناو هۆڵەکەدا دانیشتوون ؟

– ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکرایایە تەوە باشتر بوو ، بەلام من هەر چۆنێك بێ باسێکی لێوە ئەکەم ، من دڵنیام کە لاوێك بەبەرگی ئافرەتەوە لە سەر شانۆ ئەم دەرئەکەوێ هەمو ئەو ئافرەتە هونەر دۆستانەی لە هۆڵە کەدان دڵیان دانەخورێو هەست بەوە کەوتنی گۆمەڵەکەیان ئەکەن .. وەدیسان لەوەدڵنیام لاوێك هەرچەند هونەرمەندێکی ناتوانێ وەکو ئافرەتێك رازی دەرونی ئافرەت ئیشانی

● تۆبڵێی ئەمە تاسەربێو ئۆش تاسەر لە شێوەی ئافرەتێکی دەسکردا تەمسیل بکەی ..

– وابزانم بەنیسبەت منو گۆمەڵو ئافرەتەوە ئەم روبەڕوشە تاسەر نیەو نابێ.. چونکە سەرەتای روکردنە تیبە هونەریەکان لە لایەن کچە هونەر دۆستەکا نەوە دەستی پێ کردوە .. وەمن لە چیرۆکی شانۆگەری جەماوەر بدات .

پاشماوەی تاسەر نابێتە (مەسەلەی شارنك)دا کۆتاییم بە خۆواندن هێنا بەبەرگی ئافرەتەوە .

● بۆچی ئەم بریارەت داوە ؟

– ئیستا چەند خوشکێکی هونەرمەند لە تیپەکەمانا هەیەو ئەم ئەرکە هەرچەند زوتر بەوان بسپێردرێن باشترە .

● دوارۆژی نواندنی هونەری ئەو خوشکانە چۆن ئەبینی ؟

– هیوایەکی گەورەیان لێ رەچاو ئەکرێ ..

Institut Kurde de Paris

ئەم کورتە چیرۆکە پێشکەش کەیبانوییەك ئەکەم

زیاد لەسەعاتێك بوچاوەڕێی تاکسیم ئەکرد .. بەڵام چاوەڕوانیەکی بێهودەبو تا لەبر تاکسیەکم بۆ ڕاوەستا.. شۆفیرەکەی بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی وتم .. فەرمو خانم . سواری ئوتۆمبیلەکەی بوم بەڵام لە دڵا باوەڕم نەدەکرد .. یەکەم جاربو شۆفیر بکەم

ئەبینی بەرویەکی خۆشی و دنیکی فراوانەوە لەگەل ڕێبوارێکدا بۆ ناسکی یەبجوانتەوەو زەردەخەنە،

لەسەر لێوی دور نەکەوتەوە ... خۆم بو نەگیرا کەبێدەنگ بم بۆیە لێم پرسی ..

سەرت لە پرسیارەکەم سوڕ نەمێنێ بەڵام حەزەکەم بزانم تۆ هەمیشە هەر ئاوا بێ ئەکەنی ؟ وە بۆ هەمو کەسێکیش ئۆتۆمبیلەکەت ڕائەگریت .. زۆرم بەڵاوە سەیرە تۆ جیاوازیەکی زۆرت لەگەل شوفیرەکانی تردا هەیە ..

دەموچاوی کەشیەکت دایترت و دایە قاقای پێکەنینو وتی : خانم .. هەرچەن وا تێ نەگەیت کە قەرەباڵخیو کەرما وا لە شۆفیری تاکسیکان ئەکات کە هەمیشە تورەو توڕەبن ... ئەگەر ڕاستت ئەوێ هزی تورەبونیان ماڵەوەیە .. بۆ نمونە من هاوسەرێکیم هەیە زمانی ئەڵێی هەنگوینە.. کە ئەچمە ماڵەوە .. ماڵ ئەڵێی بەرەی کولەو ئەویش بە ئەوبەری ڕوخۆشیەوە بەرەو بیرم دێت .. خۆ ئەگەر جارێک لەسەر کارێکی چەوت

ویستم لەیەکێک لەمندالەکانم بدەم بە زەردەخەنەیەکەوە باوەشم بۆ ئەکرێتەوەو تکام لێ ئەکات کە بی بورمو لێی نەدەم .. ئەو توڕەیەم ئەبێتە پێکەنینو هیچم لەدڵا نامێنێت .. لەبەر ئەوە ئیتر بۆ بەرو گرزی لەگەل خەلکا هەڵسم و دانیشم .. بیاو ئەگەر لەماڵدا بەختیار بو.. لەگەل خەلکیشدا بەختیاری ئەوێنێت .. ئەوەی ڕاستی بێت نامەوێ هیچ لەم چیرۆکە زیادوکەم کەم نەوە هەروەک خۆی بنشکەشی کەبیانۆکانی ئەکەم تاکسو تێبکات کە میردەکانیان بۆ تورە ئەبن و لەگەل خەلکیدا بەتورەیی ئەجولێنەوە .. وە ناوەکو بەجاکی لە نیشتنی ئەو ڕێگایە تێبکات کە خۆی و میردەکەی و خەلکیشی بەختیار ئەکات .

فاطمە سعید

خێزان

نیشانەکانی دەرونی

چۆن خۆت فەحس ئەکەیت ؟

١ ـ لەبەردەم ئاوێنەیەکدا ڕاوەستەو هەردو باست کەمەك لە لەشتەوە دور بێرە . ئەماشای مەمکەکانت بکەو بزانە هیچ گۆڕیو تۆبەڵو قوانیك یا وێنەی گۆڕاوە ، ئەوەت لەبیر نەچێت کە هەمیشە لایەکی مەمکت لە لاکەی تریان کەلێك شۆڕتر ئەوەش شتێکی ئاسایە .

٢ ـ باڵەکانت هەردوکیان بۆ سەرەوە بلند کەرەوەو ئەماشای سنگت کە ئەمجا بە گۆشەیەکی ٩٠ دەرەجەیی جارێک بۆلای ڕاستو جارێک بۆلای چەپدا خۆت بچەمینەرەوە تا لە هەمو لایەکەوە بە چاکی مەمکەکانت ببینیتو سەرنجی ئەوە بدە کە ئەگەر لەچاو مانگی بنشودا مەمکت عیب لێ دەرچێت .

٣ ـ لەسەر پشت پاکەوەو سەرینێکی تەنک بخەرە ژێر شانی چەپت ، دەستی چەپت بخەرە ژێر سەرتەوە ، ئەوسا بەهێواشی بەدەستی ڕاستت مەمکی چەپت بەپەنجەکانت هەڵگلۆفەو بە مەرجێك پەنجەکانت کراوەبێو بەیەکەوە نەنوسابن ، مەمکت بکە بە چوار بەشەوەو دەستت کە بە فەحس کردنی چواریەکی سەرەوەی ناوەوە بهێواشی دەستی پیانیو وردەوردە بەرەو گۆی مەمکت دەست بگوێزەرەوە .

٤ ـ هەر بەو چەشنەی پێشو چواریەکی خوارەوەی ناوەوەو دەستت لەلای ڕاسوتەوە وردەوردە بەرەو گۆی مەمکت بگوێزەرەوە .

٥ ـ دەستی چەپت ڕێك بە تەنیشتدا درێژ کەو چواریەکی خوارەوەی دەروە فەحس کەو لەبەراسۆکانتەوە بەرەو ژوور مەمکت دەست بگوێزەوە .

٦ ـ چواریەکی سەروی ڕوکاری دەرەوە فەحسکەو شێوەی باڵت با هەروەک خۆی بێتو مەیگۆڕە .

٧ ـ دوای فەحس کردنی مەمکت بن باخەڵت فەحس کەو بەسەری بەنجەکانت دەست بەهەمو جێگایەکما بنێ .

وە بۆ فەحس کردنی مەمکی لای ڕاست هەمان سەرین بنێرەوە ژێر شانی ڕاستتو دەستی ڕاستت بنێرە ژێر سەرتو بە دەستی چەپت مەمکی ڕاستت فەحس کە .. هەندێ لەو نیشانانەی کە بەلکەی دوەەل لەمەمك هاتنە .. پرین بەخیرایی سارێژ نابێتەوە ، بەگران یارو لەگەرو ئەچێتە خواریو بەگران خواردن هەزم ئەبێت دەنگی گڕکە ئاسایی نابێتو دەنگ گڕ ئەبێت .. خو ڕەوشت ئەگورێت ، بەشێوەیەکی ئاسای خوێن لەبەر دەچێت .



پەروەردەی منال

بۆ یاری منالەکانتان تێك ئەدەن .. ؟

لەم سەردەمەدا هەموو لایەنێکی ژیانی منال بایەخێکی زۆری ئەدرێتێ ، لەو لایەنانەی کە بایەخێکی تایبەتی هەیە یاری کردنیانە .. وە بۆ هەڵبژاردنی یارییەکانی بەمنداڵ تەمەنی منال بەپێی تەمەنی منال بایەخی یاری ئەوێ ، مەبەستی سەرەکیش لە هەڵبژاردنی یاری باشدا ئاراستە کردنی منالە بەرەو باشە ڕۆژێکی بەختەوەرو ئاسان .

بەڵام هەندێك منال هەیە هەرچی بدرێتە دەست تێکی ئەشکێنێو ئەو سودەی لێ نابێنێ کە ئێمە چاوەڕوانیمان ئەکرد .. لەبەر ئەوە ئەبێ بیر لە چارەسەرکردنێکی باش بکرێتەوە .

هۆیەکانی ئەم دیاردەیە :

هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیە ئەگونجانی یاریەکەیە لەگەل تەمەنی منالەکە وانا لەبەر بچوکی تەمەنی لەیاری یەکە ئاگاتو دەست بە تێك شکاندنی ئەکات ، ئەمە لەلایەك .. وە لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی بزانن چی لەناو جیهانی ناوەوەی یاریەکەدا هەیە لەبەر ئەوە باشتر وایە یاریەکان لەدارو پلاستیك بن ، وە یان شتێکی تر کە نەشکێت .

هەروەها ئەو یاریانە شتێکی ئاڤێز نەبن بەلکو ئەبێ شتێك بن کردنەوەی ئاسانبن بۆ ئەوەی ئارەزووی سەیر کردنی ناوەوەی بشکێنن ،وە لە کاتی چاك کردنەوەی ئەگەر نەتوانی چاکی بکاتەوە ئەتوانی یارمەتی بدەی تاکو خۆی فێری ئەبێ .

هۆیەکی تر هەیە کە ئەبێتە هۆی شکاندنی یاریەکان ، منال حەز لە هەرا هەرا ئەکاتو بۆی خۆشە گوێی لە دەنگ بێ ، وە بۆ هەندێ لە ئەم ئارەزووەی یاریەکانی یا لە ئەرز ئەدا یان لە یەکیان ئەدا ئەوەش ئەبێتە هۆی شکانیان .. بۆ چارەسەرکردنی ئەم هۆیەش باشتر وایە یاریەکانی لەوانە بێت کە لە کاتی جولانە وەیان دەنگی لێوە دێت .

هەندێك جار یاری ئەگەر لە توانای منال بەرزتربوو ئەبێتە هۆی وەرس بوونی ، وەك ئەگەر ملوانکەیەك بدەینە دەست منالێك خێرا ئەی بچڕێنێو ئینجا هەوڵی ڕیزکردنی مورووەکانی ئەداتەوە ، بەڵام چونکە کارەکە لە توانای خۆی بەرزترە خێرا لێی وەرس ئەبێو فڕێی ئەدا .

باشتر وایە ڕێگای منال بدەین چۆری یاریەکانی بگۆڕێ چونکە یاری هەرتەنیا یاری بەبووکە شوشەو شتی وا نیە بەلکو پێویستی بە ئۆزان هەیە وەك یاری تێپ تێپێنو گەڕانو پیاسەو یاری گەلێ منالیتر ، ئەم سا توانای منال دایەش ئەکرێتە سەر چەند لایەنێکو یاریە کانیشی خۆش ئەوێو بارشیان پێ ئەکات .

هەر یەکێك لە ئێمە سەر بە خێزانێکی دیاری کراوە وە هەر خێزانێك لە خێزانەکانمان لە دایكو باوكو چەند کورو کچێك پێك هاتوو ، بە شێوەیەکی گشتی دایكو باوك لە هەر خێزانێکدا بە یەك جۆر هەمو منالەکانیان پەروەردە کردوە .

بەڵام ئێمە ئیستاکە گەورە بوین هەر یەکێکمان جۆرە ڕەووشتێکی جیاواز لە ئەندامەکەی تری خێزانەکەمان ئەگرین ، هەندێکمان مرۆڤێکی سادەو ڕوح سوکین . هەندێکیشمان بە فیزو لوت بەرزو خۆ بە گەورە ئەزانین ، تەنانەت بەسەر هەمو ئەو هاوڕێو برادەری ئیش گردنیش کە هەردەم بە یەکەوە هەڵئەستینو دائەنیشین ، خۆ لەگەل ئەوانەی کە لە جێگەی ڕەنجدەرانن هەر بە جاری ئەوانە شوورەییە قسەیان لەگەل بکەن .

ئەم ڕوالەتە نارەوایە لە ناو جۆرەها خەڵك دا دەر ئەکەوێ بەڵام بە داخەوە بتر لەناو کۆمەڵی خوێندە واران دا دەر ئەکەوێ .. بە تێکڕایی کۆمەڵی خوێندەوارانی دانشگا خۆیان بە گەورە ترو بەرزتر لەزانن لە گشت خەڵکەکە . کەچی زۆر کەس هەیە لەناو گشت خەڵکدا زۆر تێگەیشترو ترو زیرەك ترن بەڵام بۆیان هەڵ نەکەوتووە بکەنەدانشگا،هەرلەناو دانشگاش فوتابیانی کۆلیجی ئەندازیاریو پزیشکی بە چاوێکی کەم سەیری فوتابیانی کولیجەکانی تر ئەکەن .

جا ، ئەم جۆرە خەڵکانە هەر بەم سایکۆلۆژیە نەخۆشەوە دوای ئەوە خوێندن تەواو ئەکەن بەسەرەو ڕوی ئیش کردن ئەچنو خوا یارەتی ئەوانە بدات کە ئیشیان بە مانە ئەکەوێ .

ئایا ئەمە ڕواڵەتێکی نارەوا نیە لە کۆمەڵدا هەبێت؟ ئایا ئەمە نەخۆشی نیە لە مرۆڤدا هەبێت ؟ بەڵێ نەخۆشیە .. نەخۆشیەکی سەردەمی دەرەبەگایەتیەر کەوا ڕەگو ڕیشەی بۆ ئیستا ماوەتەوە .. بۆی ناوێ بڵێین سەردەمی دەرەبەگایەتی سەردەمێك بوو بە سەر چوو ، ناگەڕێتەوە .. جا چەند لاسایی ئەو سا بکەینەوە ئەوە هێزی دژیو بیچەوانەی بەهێز ترە .. کەسانی سادە بە چەکێکی زۆر سووکو ناسان دژیان ئەوەستن. بە چەکی پشت گوێ خستنی . ئەوانە هەرچ کەسێك خۆی بە زل بزانێ لە لایان گرنگ نیە چونکە ئەو سەردەمەش بەسەر چووە کە کەس بتوانێ زیان لە بەرزەوەندی کەسێکی تر بدات ، جا ئەوانە خێزیان چارەسەری خۆیان نەکەن کەسێکی تر لەگەلیان هەلاك نابێت ، بەلکو پشت گوێیان ئەخەن ..

ماوە بڵێین ئەوانە کۆمەڵێکن کە لە قافلەی تێگەیشتنو هوشیاریو ڕوشنبیری دواکەوتوون ، سود لە ناوەڕۆکی شت وەر ناگرن بەلکو خەریکی ترێکنەکەن .

بەشارەت

پاشماوەی : ئێوە ئەڵێن چی ؟

ئینوکتیان لەو شەڕو چەنگانەدا بەکار ئەهێنابایە .. پێ گومان ئیستا ئەناوی ئەسکەندرو ، ئەناوی ناپلیونیش لە کولەکەی تەڕدا ئەئەبیستران .

ئەگەر بەهەزاران کرێکارو وەستاو دارتاشو ئامێنگەرو ئەندازیار ئەبوایە بەخۆڕاگی مەرگو ماندوبون ئارەقە ڕشتنو برسێتی خۆیان بە خەتێکی ئاڵی خوێناویو تێکوشانو قوربانی دانێکی پڕ وجانو بەردەوامیان لابەرەکانی میژوو ئەنوسنو بۆ ئەوەکانی بەجێ دەهێڵن .

● ڕاستە مرۆڤی هەڵکەوتوی واهەیە کار ئەکاتە سەر میژوو ، بەڵام ئەوەی گومانی لێ ناکرێت ماوەی دودڵی ئادات ئەوەیە کە میژووی ڕاستەقینەی ئەم دنیایە بەتەنیا گەل نوسیویەتیو هەر ئەویش ئەینوسێت ... چونکە هەر ڕۆڵەکانی گەلن ئەو سەربازە نەناسراوانەی بەمەرگو ئازارو ماندوبون ئارەقە ڕشتنو برسێتی خۆیان بە خەتێکی ئاڵی خوێناویو تێکوشانو قوربانی دانێکی پڕ وجانو بەردەوامیان لابەرەکانی میژوو ئەنوسنو بۆ ئەوەکانی بەجێ دەهێڵن .

بۆزانین

کۆمپانیای گشتی پیشەسازی خشت .

ئۆاستەوەی ئەوتی ڕەش .

کۆمپانیای گشتیی پیشەسازیی خشت بڵاوی ئەکاتەوە کە بێویستی بەگواستنەوەی ئەوتی ڕەش هەیە لە ئەوتخانەی ڕەسمیکانی یەوە بۆ پڕۆژە نوێکانی کۆمپانیاکە .

جا ئەو بەڵێندەرانەی ناویان لەزووری بازرگانیدا نوسراوەو بارەی زریبەی دەخلیان لەسەر نیە .. لەشەقامی سعدون سەر لە بارەگای کۆمپانیاکە بدەن تا لەوی مەرجی موناقەسەکە وەرگرن کە نرخەکەی یەك دینارەو ، نادرێتەوە دوا کاتی وەرگرتنی ئەناتاکان کۆتایی دەوامی ڕەسمی ڕۆژی دووشەممەی ریکەوتی ١٩٧٦ـ٨ـ٣٠ .

وە مەرجیش نیە کۆمپانیاکە نزمترین عەتاتات یا هەر عاناتاتێکی تر وەرگرێت .

بەڕێوەبەری گشتی

فەهمی ڕووا هرەز

١ـ٢

پیاو چی لە ژن ئەوێ ؟!

پێی وتم :

(هەرگیز خۆم بە گومڕا نەزانیوە بەسەر مێردەکەما دوای ئەوە کە هەمو ژیانم دژەختێکی فراوان بوو لەبەر زۆری بیرلێکردنەوەو خۆ ڕاگرتنم بەرامبەری) .

(پێموت ئەمەیە ئەنجامی ژیری .. وا دیارە ڕێگای بەختیاری ژیانی ژن و مێردایەتیت دۆزیوەتەوە) .

بە دڵتەنگیەوە وتی :

ئەخێر ... کە بیتوتی زۆر لە ناخۆشیدام .. بڕوام پێناکەی .. کەلێك جار بیرم لێ ئەکردەوە لە همو کاتێکی ژیانما ئەو لەمنەوە دوربو ..

بڕسیارم ئەکرد ئیستا لە کوێیە .. لەگەل کێ قسە بکات .. کام ئافرەت لەمن زیاتر سەرنجی ڕائەکێشێ .. هەستم بە لێدانی ژیان ئەکرد .. هەستم بە جوانیەکەی ئەکرد .. خۆشیمو ئالیم چەمشت .. بەڵام ئیستا هەمو شتێك وەك یەك وەستان .. هەستم ڕاوەستا ، بەڵامەوە هیچ نەبو تەنانەت ئەگەر دڵداری لە لەگەل کچێکی ترا بکاتو خۆشی بوی .

ئەمانە هەموی ئوناهی لە ئەستۆ نەبوە ، زۆر ئازارم ئەنۆشی بە هۆی بیر لێ کردنەوەیەوە .. ئەو خۆ لە من ئەگەیاندنەی بە جۆرێك کاری ئەکردم کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەم .

ئەوەی لاشکرایە ئەوەبو ئەو بوو بەهۆی ئازارو بیرکردنەوەم چونکە کردارەکانی زۆرتر ئازاری ئەدام .. لەناکاو هەمو شتێك وەستا . هەستم بەوە کرد هەر چەند من ئازار ئەنۆشم ئەو ئەوەندەی بێخۆشە .. لێی ساردبوەوە ، بە جۆرێك سەیرم ئەکرد کە پیاوێکی ترە .. ئەو خۆشەویستیەی تیا نەمابو کە جاران تیاما ئەبینی ، دەستم کرد بە ناشکراکردنو دۆزینەوەی کەموکورتیەکانی کە لەبەر چاوما خۆیان ئەنواند هیچ شتێکیوای لێ نە ئەوەشایەوە کە دلم بیکرێ .. خۆشەویستیم مرد ، ئەمە کارەساتی ناخۆشی ژیانمە .

قسەکانی زۆریان بۆ هێنام هەستم بە هەمو مانا قولەکانی کرد کە ئەیویست دەریان بڕێ وتی :

پیاو ئەمەی لە ئافرەت ئەوێ .. ئەیەوێ بە درێژایی ژیان لەناو ئازارا بژی .. ئەویش لە بەختیاریا بێ جۆرێکە وا ئەزانێ بەم جۆرە خۆشەویستی زیاد ئەکات .

ئەگەر ئەمەی مەبەست بو ئەوا هەرگیز ئافرەتی ئەناسیوە خۆشەویستی هەر چەندە گەورەبێ هەر ئەوەندە کە تیك ئەدا بە یەکەوە کە هەر یەکە لایەنانەوە نەبوە .

پاشماوەی مێسیقا کارئەکاتە

ئەڵماڵا جیرانایە گازیەکێ بکەمێ
ئەڤە سەدێ سەرێ شەڤو ڕوژانە
بەژنا بلندو چاڤێت ڕەش بەلەك
دێمەکێ صور ئولی لەترکێ دانکی ماڵا
دیپشك و ماربیت خون خرو خاڵت کەردەنێ
ئەڵ مەندا لاکوری دارێ دری
هوستایت هێرە سەر هوستایی یێل بەریری
خودێ خراب کەت ماڵا هوستاو هوستاکارا
چەکی دارێ مەندالا کوری خرابێ بری
هایێ ڕەمن هایێ عەزیز خودێ
سەدباری بەرد لێدایێ
خوزی حاکمەکێ عادل هانبا دنیایێ
داخالەت بوەن هینایا شوینا دایێ
تێبینی :
ئەمە نمونەی گۆرانیەکەیە ، بەڵام هەندێك گۆرانی بەش بە ئارەزوی خۆیان لێی زیادو کەم ئەکەن .. چونکە جۆری وتنەکەیان لەکەل یەکتریدا جیاوازی هەیە .

پ. هاوکاری لەدهوك

پاشماوەی لەدیاردە نارەواکانی

بە سەر تاوانبارەکەدا بسەلمێنن تا بە تەواوی سزای خۆی وەرگرت ، وە زۆرجار ڕێك ئەکەوێت کە تاوانبارەکە بە زبری چەك ئافرەتەکە ئەترسێنێتو ئەو ئافرەتە لە ترسی گیانی خۆی ئەدات بەدەستەوە بەنگەی تاوانەکەی دەست ئاکەوێتو تاوانبارەکە سەرەوئوم ئەبێت ، وە زۆرجار ئافرەت هەر شەرم ئەکات بچێتە دادگاو شکات بکات ، بەو جۆرە ئەبێتی تاوانەکە نادرکێنێتو تاوانبارەکە وەك بەرزەکی باڵان بۆی دەرئەچێت .. ئەی باشە ئافرەت بەرامبەر ئەم کارە چاری چیەو ئەبێت چی بکات ؟

لەبەر ئەوەی یاسا بەشێوەیەکی چاك ئافرەتان لە تاوانی زۆرلێکردنانا بەرزترت ئافرەتان ناچار بون کە بە دەستی خۆیان بارێزگاری لە خۆیان بکەن لەبەر ئەوە زۆر لە ئافرەتانی ئەوروپاو ئەمەریکا بە تایبەتی ئەوانەی بە تەنیا ئەگەڕێنو شەو درەنگ ئەمێنەوە دەمانچەیەکی بچوك ئەخەنە جانتاکانیانەوە تا بارێزگاری خۆیانی پێبکەن .. وە لە زۆر لەو وڵاتانەدا کۆمەڵەیەك لەو ئافرەتانە بێك هاتوە کە زۆرەملێیان لێکردون کاری ئەم کۆمەڵەیە ئەوەیە کە یارمەتی ئەو ئافرەتانە بدات کە زۆرەملێیان لێ ئەکرێت .

وە ئەم ئافرەتانە لەم کارانەیاندا بەردەوامن تا یاسا بە دەنگیانەوە دێتو ماڤیان ئەسێنێت ، لەو تاوانانەی کە زۆر ئافرەتی بێتاوانی تۆش ئەبێتو ژیانی تێك ئەدرێت بە بێئەوەی یاسا ماڤێکی ڕەوای بداتیو سزایەکی قورسی تاوانبارەکان بە جۆرێك بدات کە خەڵکی کە دەرسی لێوە وەرگرێت .

پاشماوەی : وێنەی وەلی دیوانە

هەمرو شتێ بەپێی ئەرتتو باو پرەوی خۆیان بڕوات، بۆیە دەڵێ :

« ئەر ناکاو ڕوێ جە کۆچ خێڵدا
وێل بای وە ماوای مەجنوون وێلدا
.. ..
مەتەرسوون کە نام نێکت لەنگ مەبێ
قەوم قەبیلەت گشتابەدنام مەبێ
من جەوان بەتەر ڕسوای عام مەبێ »

کورتەی ئەم ستی هەڵبژاردنەش بەم جۆرەیە : ئەگەر هاتو ، خۆزتو وڵاخەکەت ، لە ناکاوێکدا (مەجنوون ـ وەلی) ، زوانم لەوە زۆر کولە ، چونکە ئەمە ئەبێتە هۆی خراپ بونی سومعەی ناوی نێکی لەکاتی بارکردنتانا ، وێل بوونو ڕووتان نایە ماوای خۆزتو هی باوکتو هۆزەکەتان ، وە سومعەی منیش لە دنیادا بۆ خرابی دەنگ دەداتەوە ..

هەروەها وەلی دەڵی :

« ئەر سەد بڕمانم بێپارەو پوول
من ئانە هیچ کام نە داروون قەبوول
هەر تا زیندەنا جە ڕووی سەر بسات
دایم وە مەیلت مەکەرۆ قنیات »

واتە : هەرچەندە ، من بێ پارەو بوولم ، بەڵام بێ پارەو پوولی هیچ نیە ، من تەنیا بە مەیلی تۆ ئەژیم ، نەك بە پارەو پوول ..

باشماوەی : وێنەی وەلی دیوانە

هەمرو شتێ بەپێی ئەرتتو باو پرەوی خۆیان بڕوات، بۆیە دەڵێ :

« ئەر ناکاو ڕوێ جە کۆچ خێڵدا
وێل بای وە ماوای مەجنوون وێلدا
.. ..
مەتەرسوون کە نام نێکت لەنگ مەبێ
قەوم قەبیلەت گشتابەدنام مەبێ
من جەوان بەتەر ڕسوای عام مەبێ »

کورتەی ئەم ستی هەڵبژاردنەش بەم جۆرەیە : ئەگەر هاتو ، خۆزتو وڵاخەکەت ، لە ناکاوێکدا (مەجنوون ـ وەلی) ، زوانم لەوە زۆر کولە ، چونکە ئەمە ئەبێتە هۆی خراپ بونی سومعەی ناوی نێکی لەکاتی بارکردنتانا ، وێل بوونو ڕووتان نایە ماوای خۆزتو هی باوکتو هۆزەکەتان ، وە سومعەی منیش لە دنیادا بۆ خرابی دەنگ دەداتەوە ..

هەروەها وەلی دەڵی :

« ئەر سەد بڕمانم بێپارەو پوول
من ئانە هیچ کام نە داروون قەبوول
هەر تا زیندەنا جە ڕووی سەر بسات
دایم وە مەیلت مەکەرۆ قنیات »

واتە : هەرچەندە ، من بێ پارەو بوولم ، بەڵام بێ پارەو پوولی هیچ نیە ، من تەنیا بە مەیلی تۆ ئەژیم ، نەك بە پارەو پوول ..

Institut kurde de paris

بەیارمەتی ئێوە

ئەوەی لە کۆڕی رۆشنبیریماندا سەرنج رانەکێشێت دیاردەیەکە

زیاتر لە یەك نیشانەی پرسیارمان ئەخاتە بەردەم ، کە ئەویش ـ لە

راستییەکەیدا ـ نیشانە یەکی ئیجابی یان بەلکەیەکی دروستی نییە ، بەلکو دژی ئەم

شتانە هەموویەتی ٠٠ ئەوەش دیاردەیەکە تاقە

تۆزێك پاکێتی و ، چاکێتی و ، مەوزووعێتی تیا نییە ٠

ئەم دیاردەیەش دوو ئاوەڕۆ ، یان دوو ڕێگاو، مەیدانی گرتۆتە بەر بۆ

« پێشکەش کردنی »

خۆ بە گشت ڕێ وێل کەری و ناقوولییەکییەوە،

بگرە بەگشت تەلەکەبازی و دواکەتوویییەکییەوە .

ئاوەڕۆی ، یان ڕێگای یەکەمی کۆڕی دانیشتنە

تەنگەبەرەکانە ، ئەوانەی کەبەزمانێکی پێچو پەناوە

قسەی تیا ئەکرێت بۆ شاردنەوەی هەموو

دواکەوتوویییەکو گوناهبارکرانێك لە ڕێگای

سوود وەرگرتن لە سینە فراوانی و پیاو چاکی

هەندێ کەسەوەو ، بەکار هێنانی تەلەکەبازی و درۆ بۆ داپۆشینی ئەم

ڕێبازە گومان لێ کراوە و ، هەناسەدانی لە ژێر ڕووپۆشی دروشمی بریقەداری ئەوتۆدا کە

ختووکەی هەستە پاکەکان و دڵە چاکەکان

بدات هەر بە ئامانجی گەیشتن بە هەندێ مەبەستی وەها کە لە

بەردەم نەریتی شۆرشە کەمان و ئاسۆ فراوانەکانی چالاکییەکانیدا لە

هەروەس هێنان زیاتری بۆ ئەماوەتەوە .

ئاوەڕۆی ، یان ڕێگای ، تری ئەم دیاردەیە ئەو « نووسینە » ناقوول و دواکەوتوویییە کە فری

بەسەر نووسینەوە نییە لە وشەی جێنوو بەلار تێگرتن و هاندان نەبێت بۆ دووبەرکی و ڕقە

بەرایەتی خستنەوە بە ئامانجی « کڕینی » ناوبانگێك لە جەنگێکی

وەهمیدا کەهیچ سوودو پێشخستنێکی کەسی تیا

نییە .. یان لەو وشانە زیاتری تیا نییە کە

ستایشێکی بۆشی وەهایە بەر لە هەموو شتێك جێگای قەشمەری پێ کردنەو ، بە شانو

باهوی هەندێ«نووسین» و کەسانی وادا

هەڵئەدات فڕیان بەسەر هوشیاری ورۆشنبیریەوە نییە .. هەموو ئەمانەش هەر بۆ جێگیر کردنی

هەندێ لەو قەڵەم « بەدەستانە »ی کە هێشتا کە دووچاری گرێ کوێرەو هەوەسی

وان لە ئەنجامی فێر بوونێکی دواکەوتروانەی واوە هاتووە کە شۆرشە کەمان بە ڕووخان لە ڕووی مێژوویی و

ئەخلاقییەوە تاوانباری کردووەو ، ئەبێ لە دەمێکەوە ـ ئەم گرێ کوێرەو هەوەسانە ـ ئۆڕکراین .

ئەوانەی لەم دیاردەیە بەرپرسیارن کۆمەڵە ساختەچییەکن وەکو

لۆتبیەکان ، وائەزانن خەڵکیان هەڵخەڵەتاندووە ، بەڵام نازانم ، هەر خۆیان و بەس ،

هەڵخەڵەتاون و ، تەنها هەر بەخۆیان پێکەنن و بەس .

خاوەنەکانی ئەم دیاردەیەش دەستخەڕۆی باری سەرنج و ڕەوشتی

خۆیانن ، لە هەر وشەیەکی هوشیاری

واش ئەسڵەمێنەوە کە بەڕەو دروست کردنی هۆشیارییەکی جەماوەرانەی نیشتمانیەر

وەرانەی شۆرشگێڕانە » هەنگاو بنێت ، چونکە هەر ئەمە بەسە بۆ

ڕووخاندنی زۆر کەس لەو کەولی ڕۆشنبیری بەشانانەی کە لەسەر « نەزانی »ی خەڵکی

ئەژین ، هەروەهاش ئەمە بەتەنیا بەسە بۆ تاوانبار کردنی زۆریان

بە دواکەوتوویی و نەرجێتی و .. خراپتریش لە مانە .

ئەمانە بۆ بەرگری کردن لە « بوون »ی خۆیان و لە زەتی ناو بانگەکانیان وائەکەن .

ئێمە لە وەزیاتر بەمانە ناڵێین کە ئێمە ـ لە زەمینەی بیرو تاقی کردنەوەی شۆڕشە سەرکەوتووەکەمانەوە ـ زۆر چاك ئاگامان لەوەیە کە هیچ «چەترێکی بەتەنکەوە هاتنی گومان لێ کراو »

ئەوانەی خۆیان داوەتە باڵی ئابارتزێت ، چونکە زانراون و ... دەست نیشان کراون .

وائەزانین بنوسست بە لەمە ئاشکراتر ناکات ..

«خواڕەحم بەو گەسەش بکات کە لە سنووری خۆی دەرناچێت » .

ـ عثمان محمد فائق ـ

ئاڕەزوی وینەگرتنی:

ڕۆژنامەگەری

وێنەگرتنی ڕۆژنامەنووس ئارەزوی لەوەیە لەرێگای وێنەگرتنەوە ئەوانە ئاشکراکات کە بەروکەش خویان زڵو قشوڵ نیشان ئەدەن و خەڵکی بەدرۆکەشەیان هەڵئەخەڵەتێن و بەهەوانتە ڕێزیان ئەگرێت ..

ئەوانەی بەناوبانگن دوو جۆرە رویان هەیە ..

ڕوویەکیان هی ناوبانگ و ڕوویەکی تریان بەبێ ناوبانگ و دوور لە ئەتەکێیت و نەرم ونیان و تەنتەنە ..

ڕۆژنامەنووسی وێنەگر ڕۆژن جالیلای ئەمەریکای هەمو هەوڵ و تەقەلایەکی ئەوەیە کەڕووی دوهەمی ئەو خەڵکەو کەسە بەناوبانگانە بخاتە ڕو ، ئەگەرچی توشی زور جەرمەسەری و دەردی سەریش هاتوە بەڵام ئەو گوێ ناداتە ئەو بەندو باڵوراناو ڕێکای کاری لێناگرن .

ڕۆن جالیلا هەمیشە ئارەزوی لەوەیە کە بچێتە ئەو شوێنانەی ئەو جۆرە کەسە بەناوبانگانە ڕوی تێ ئەکەن وەك فرۆکەخانەکان و ئوتێلە بەناوبانگەکان و یا بانەکانی شەو شانۆکان چێشتخانەکان هەموی لەبێناوی ئەوەی وێنەیەکی ئاسایی یەکێك لەو کەسانەی چنگ کەوێت ..

لەبەر ئەوە ئەو وێنەگرە لەو جۆرە شوێنانەدا بەبیاوێکی بەدڕەقوڕس دراوەتە قەڵەم و خاوەنی ناوێت ..

زۆر جار ڕۆن جالیلا بەمەرامی خۆی ئەگات بەڵام دوای چی ٠! دوای ئەوەی دەمو قەپوزی ئەکوتنەوە ، یا شلکوتی گیانی ئەکرێت بەڵام ئەو پیاوە هێندەسەرسەختو ڕیخۆلە بەکێشە هەرگیز کۆڵنادات و عارنان لەمەزەبیدا نییە ٠٠ توندترین و قایمترین مستەکولەیەك کەخواردیی ٠٠ ئەو مستەکۆلەیەبو کە مارلۆن براندو لێیدابو ، بەهۆی ئەو مستەکۆلەیەوە دەموچاویان بە ٩ ئەقەل دروتەوەو مارلون براندوش خۆی مەچەکی تیا لەجێ چوبو !

ئەمپیاوە جاکیلین ئەوانسیس(کەندەی پیشو)ی توشی گریەکی دەرون کردبو بەوەی ئەو ئافرەتە لەترسی وێنە گرتنی ئەم پیاوە نەی ئەتوانی لەماڵسەربینیتە دەری ، لەبەر ئەوە ناچاربو کە شکاتی لێبکات ،دادگا مافی بەلای جاکلین‌دا داشکاندبو ، جوکمی دابو بەسەر ڕۆن جالیلادا کە ١٠٠ یاردە زیاتر لەماڵی جاکلین نزیك نەکەوێتەوە ، وە لە ڕێگاو بانیشدا نابێت لە ٥٠ یاردەبەولاوە نزیکی بکەوێتەوە ..

ئەمپیاوە جاکلین ئەوانسیس ئوقیانوسی ئەتلەسی خەریك بو لەپێناوی گرتنی وێنەیەکی« جولی کرستیدا » خۆی بدات بەکوشت ، هەروەها جارێکیش دوستەکانی بریجد باردو بردبویانە شەرای مەرگ ، زۆرجار لەکەل لیدانی خویدا کامیرەکەشی وردو خاش ئەکرێت٠٠ بەڵام بۆچی ئەم پیاوە ئەزانێت عارنان چییە ٠٠ ئەمپیاوە زۆر جار خوی لەبەری پوستەچیەکاندا ئەگورێت تابتوانێت لە کەسێك لەو کەسە بەناوبانگانە نزیك بکەوێتەوەو وێنەیەکیان بۆ بکرێت ٠٠ زۆر جار لە وستانێکی سەیردا وێنەی ئەو کەسانە ئەگرێت ٠٠

وەنەبی ئەوە لەپێناوی قازاجێکدا بێت ! بەڵکو هەر لەبەر ئەوەی پاسەوان و پاساولەکانیان تورە بکات ٠٠ وێنەکانی ئەم پیاوە جۆرەروکەشێکی و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی تیادایە بەناوبانگترین وێنەی ئەو وێنەیەیە کە بۆ دژق وندرس‌ون و خیزانەکەی گرتوە لەکاتێکا لە مۆزەخانەیەکدا بەگویی یەکتردا ئەچرپینن ، لەکەل وێنەی کارلوبفتی لەکاتێکا خەریکە قسەلەکەل سوفیالورینی ژنیدا ئەکات هەروەها وێنەی دین مارتن لەکاتێکا خەریکە ئەپشمێت ٠٠

جالیلا ئەڵێت ٠٠ کامیراکەم ئەو پێنوسەیە کە هەستی خۆمی بێ دەرئەبڕم و مەبەستی سەرەکیم دەرخستنی ئەو کەسە بەناوبانگانەیە کە زۆر جاز بەهەوانتە خەڵکی ڕێزیان لێ ئەنێت ٠

بەهۆی فلیمێکەوە

فرانسواز جیرۆ وەزیری کاروباری ئافرەتان لە فەرەنسا وازی لە ئیش وکاری سەرۆکی نوسینی کۆماری (ئەکسپریس) هێناوە چونکەو تاریکی لەسەر یەکێك لە فلیمە جنسیەکان بلاو کردۆتەوە ٠٠ وەزیری ناوبراو ئەم وتارەی بە بڕوپاکانەدە کردن بۆ فلیمەکە داوەتە قەڵەم ٠٠ ئەو هەمو هەوڵ و تەقەللادانە بە فیرۆ چوکە دایان بۆ ئەوەی جیرو دەست لە ئیش وکاری سەرۆك نوسینی هەڵ نەگرێ ٠٠

ئەم کردارە بزوتنەوەی ئافرەتانی لە ئەوروپادا شڵەژان، تەنانەت کەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بزوتنەوەی ئافرەتان داوای سەربەخۆیی خۆیان ئەکرد کەلە نەریتی کۆمەلایەتی و ژن و میردایەتی ڕزگار بن ٠

لە ساڵی ١٩٧٤ لە فەرەنسا ٧٠ فلیمی بێگانەو ٥٠ فلیمی فەرەنسایی لەسەر ئافرەت نیشان دراوە کە ملیۆنێك و ٢٠٠ هەزار کەس سەیریان کردوە ،لە کاتێکدا کە هەمو سەیرکارانی دانیشتوانی پایتەخت لە ١٠٧ هەزار کەس تێ ناپەڕێ ٠٠ دەرامەتی ئەم فلیمانە گەیشتۆتە ١٢٫٥٪ی هەمو دەرامەتی ئەو فلیمانەی کە نیشان دراون ، وە لە ساڵی ڕابوردوا نیسبەتی ئەم دەرامەتە گەیشتە ٢١٪ ، وە ٥٠٪ ئەو فلیمانە کە نیشان دراون فلیمی جنسی بوون و نزیکەی شەش ملیۆن و نیو خەڵك سەیریان کردوە ٠

لە کاتێکدا کە فلیمی جنس بەم جۆرە بڵاو بۆتەوەو بڕوپاکانەکانیان ڕوی دیواری شارەکانی فەرەنسایان داپۆشیوە ، وە ٧٣٪ی ڕای گشتی فەرەنسا لەو باوەڕەدان کە ئەم دیاردەیە مەترسیەکی گەورەی ئەبێ بۆ سەر بەرەوەردە کردنی لاوە تازە پێگەیشتوەکان وە ٦٣٪ ئەڵێن مەترسی بۆ سەر هەمو کۆمەل هەیە ، وە ٥٩٪داوا ئەکەن ئەم جۆرە فلیمانە قەدەغە بکرێ ، وە ٥٠٪ ئەڵێن ئەم فلیمانە کار ئەکەنە سەر ڕەوشت و مەسەلەی ئافرەت ،ئەنجامی ئەم بیروڕاو لێکدانەوانە لەبارەی نیشاندانی ئەمجۆرە فلیمانەوە هێشتا ڕای لێ بڕەسراوانی نەخستوەتە بەلایەکدا ٠ بەڵام بەرلەمانی فەرەنسا بریاری لەسەر ئەو پرۆژەی یاسایە دا کە میشیل جی‌گری وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕوشنبیری پێشکەشی کردوە ، لەبارەی ئەو فلیمانەوەکە ڕێزی مرۆڤی تیا ون بوە ٠٠ وەکو جیرۆکی داگیر کاری و ئازاردان و سەرخۆش کردن ٠٠ وەیاساکە ماوەی نیشاندانی ئەمجۆرە فلیمانەی دیاری کردوەو ٥٠٪ باجی لەسەر زیاد کردون بۆ ئەوەی سنور بۆ بەرهەم هێنانیان بکێشێ ٠

سوودی زوو خەوتنی منالان

خەوتنی منالان وەنەبێ تەنیا خەوانەوەی بیرو لاشەیان بێ ، بەڵکو هۆیەکی کاریگەری گەشەکردنی باڵایەتی و هۆشی بێ فراوان ئەبێ . کەوابو ئەی دایکانی بەرێز با منداڵەکانتان بەرلەوەی بگاتە قۆناغی چونە قوتابخانە لە شەوو ڕۆژێکدا ١٢ سەعات بخەوێ و کە تەمەنی گەیشتە قۆناغی چونە قوتابخانە بیکات بە ٩ سەعات ٠ وە ئەمەش لە بەر ڕێکخستنی بەرنامەی ژیان و خەوانەوەو خوێندنی کە زو لە خەو هەستێت ٠٠ فێری زو خەوتنیان بکەن وەهایان فێرکەن کە لە سەعات هەشت و نیوی سەر لە نیوارەدا بخەوێ ٠

بااڵو فراوان نەبونی ئاستی هۆشیاری و تەنانەت کار نەکاتە سەر دەروونیشی ٠

ئایا منداڵێك ئەگەر لە شەش سەعات زیاتر نەخەوێ چۆن ئەتوانێ بەیانی زوو لە خەو هەستێ کە بە چالاکیەوە ڕۆژەکە ببانە سەر ؟ وە چۆن ئەتوانێ پیر لە زانکەکانی بکانەوەو بە سەریانا ژاڵبێ ؟ ئەمە جگە لەوەی کە زۆر تەماشاکردنی شاشەی تەلەفزیون کار ئەکاتە سەر هەست و هۆشی و ماندوی ئەکات ٠

ئەگەر بە پێی ئەم ڕێبازە لای‌دا ئەوا دوچاری کەلێك ناخۆشی ئەبێ ، وە

وە ئێوەش لە کەلی منا داوا لە سەرپەرشتکارانی ئیستکەو تەلەفزیون بکەن کە بەرنامەی منالان زوو بێشکەش بکات وەکو ـ زانستی بۆ هەموان ـ وە ـ وەرزش لە هەفتەدا ـ وە ـ چمکێکی مێژوو ـ کە ئەمانە ڕاستەو خۆ دوابەدوای بڵاو کردنەوەی دەنگوباسدا ئیشان بدرێن ٠٠

ئەگەر هاتو منالەکەت خۆ ئەگەر لەم هەوڵدانەدا درەنگ خەوت و تاکو کۆتایی سەرکەوتی ئەوا لە خوێندن و بەرنامەکانی تەلەفزیون گەشەکردنی بااڵو فراوانی سەیری کرد ئەوا ئەمە کارەهەست و هۆش‌دا بێشی ئەخەی ئەگاتە سەر گەشەنەکردنی

دایك

بیرۆکە

ڕاگوزاری

ـــ خۆشەویستی ، سۆزێکی بیرۆزی مرۆڤایەتیە ٠٠ مرۆڤ ٠٠ لەوکاتەوە هەستی بەم سۆزە بیرۆزە گردوە ٠٠ کە پەیوەندی لەنێوان خۆی و برای مرۆڤیا دروست بوە ٠٠٠

بەم پێیەش ٠٠ خۆشەویستی ٠٠ مانای یەکەم هەنگاوی مرۆڤە بەرەو دروست کردنی شارستانیەت و ئاوەدانی و هەوشتن لەپێناوی قوڵکردنەوەی مانای « خۆشەویستی »دا ٠

ـ ڕۆژگاری ئەم مرۆڤە سەرسەختەی سەر ڕووی ئەم زەمینەیەش .. ئەسوڕیتەوەو .. لەگەڵیا « خۆشەویستی » کە فوکۆل ئەکاو ٠٠٠ هەندێ جار تارادەی زریان و گەردا وەو ٠٠٠ هەندێ جار ٠٠ ڕوباریکی مەنگ ٠٠ ئەروات و ٠٠ ئەروات و خۆشەویستی و مرۆڤ ٠٠ گۆرانی بۆ ئەڵێن ٠٠

ـــ لەوبەری زریان و کەفوکوڵا ٠٠ کە بۆ چەسباندنی مانای خۆشەویستی مرۆڤایەتی هەڵئەچن لەگەڵ بێدەنگی ڕوباریکی ئەوەندە مەنگی تارادەی

خەوالو دیسان«خۆشەویستی» هەرە سۆزی بیرۆزە کە ئەبێ .. هەر بەگۆرانی ئەو .. بڕۆینە ڕێژنەکەوە ...

ـ عبدالله عباس ـ

***

ـ أحمد محمود ـ

● بەڵام ٠٠ من و تۆ ٠٠ دوو هێڵی یەك بە تەنشت یەکەوەین ٠٠ هەرچەند بڕۆین ٠٠ بە درێژایی بەیەك ناکەین ٠٠

ـ بەشی شەشەم ـ

● بڕۆ

بڕۆ ئەگەر لەلای یەکەوە هاتینە خوارێو بارێك تەنگ بن نیشانەی هێیە ، ئەگەر لەم لاو ئەولاکەشیان تۆزێ بەرز بوونەوە ئەوا نیشانەی کراوەیە ٠ بڕۆی وەکو پیتی « نوون » نیشانەی جوان ڕەوشتیەو بڕۆی بەرزو دوور لە چاو نیشانەی ئیسك سووکی عەتیکەییە ، خۆ ئەگەر بڕۆ پێکەوەلکابن ئەوا خاوەنەکەی ماستاوچییە ، بەڵام بڕۆ پڕوونزم نیشانەی شەڕانێتی و خوێن ڕشتنە ، هەروەکو لە بڕۆ زۆر لە پیاوانی چەنگ دەرئەکەوێ ٠

لەم باسە تازە بابەتو بەتامەدا هەندێ ئەندامی ڕووی نادەمیزادتان ئەخەینە بەرچاو کە هەریەکەو ، هەر جۆرەی ، نیشانەی بارێکی ڕەوشت یان دەروون یا مێشکن و ، بۆ ناسینی کەسێك بە تەواوی ئەبێ ئەنجامی نیشانەکانی هەموو بەشەکانی سەرو سیما وەربگیردرێت ٠

دیسان وتی :

ـ بەڕێز ٠٠ لەسەر هیچ بە یەك ناکەین !

بەم « منطقە » ٠٠ یەکێکیان ڕوو بەڕو ئەبێ، تا هەموو هۆیەکی بەیەکەوە ژیان و دەسکردنەوەی مرۆڤایەتی کە لە بنەڕەتا لەسەر خاڵی پێکەیشتن لە چوار چێوەی کارکردناو کوێر کردنەوەی هەموو کەلەبەرێ لە مامەلەی کۆمەلایەتی‌دا وەستاوە ٠ هەڵیان ئەتەکێنێ ٠٠

ـ ڕاستی ٠٠ لە گەڵیابە ٠٠ یان لە گەڵیامەبە ، ئەمەیە جەوهەری هەسەلەکە ، نەك خۆت بە زۆر بەخۆ بە، زل زانینی دەسکردەوە بنوسێنی و درۆزنی بە ناشکرا بێوە دیربن ٠٠

لە سەردەمێکا ٠٠ کە ئارەزوی کەلان و کۆمەلانی دەولەتن لەسەر قول‌کردنەوەی بیری یەکبوون و خۆشەویستی و بە ئاشتی پێکەوە ژیانی ڕێژنە ئەیەك جیاکان ڕێکن ، هەولی هەلتەکاندنی پێك هێشتن لە نێوان دوو هەلوێستا هەولێکە بۆ دەرچون لە پیزی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ٠

ـ کە دوێنی بۆ دووەم جار بینیم و ڕووبەروی بوم ، سەرلەنوێ سەلمانیەوە ٠

ـ ئەوەتا ٠٠ لەبەرچاوتە ، بەڕێز٠٠ ڕوومان لەیەك نیە ٠٠ تۆ بەرەو ژورو ٠٠ من بەرەو لای‌راست ٠٠

ـ بەڵام ٠٠ لە خاڵێکا کەلامان بایەخداره ٠٠ بتەوێ و نەتەوێ ٠٠ ئەگەر دەورانی زەمین بەراستی تەواوکەین ٠٠ پێك‌نەکەین ٠٠

ئایا٠٠ ئەم «بەدیهیەتە» وا لە هەندێ ئاکات گۆشەی کردنەوەیان بەسەر زیانا ٠٠ زیاتر فراوان بکەن ٠٠

ئەنیا بڕسیارە ٠٠!

Institut Kurde de Paris

سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

● چوار شەممە ١٨ی ئابی ١٩٧٦ ژمارە ٣٣١ ●
● الاربعاء ١٨ آب ١٩٧٦ العدد ٣٣١ ●

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

ئێمە ئەمڕۆ خاوەن وزەو توانایەکی لەبن‌نەهاتوین‌و دەسەڵاتێکی بالأمان هەیە بۆ بەرەبێدانی وڵاتەکەمان‌و بەگورج‌و گوڵی پێ‌ئەنێنە سەردەمی پێشکەوتنەوەو گرنگ ترین پالپشتی گەشەکردنیش خێرایی جێبەجێ‌کردنی کاروبارە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنانەی لە سای سەردەمە کۆنەپەرستەکانی‌و دەسەڵاتی ئیمپریالیزم‌و مونۆپولەکاندا دروست بوون .

سەروك احمد حسن البكر

بەرگری فەلەستین بریاری نەفیری گشتی داوە

کونکرەی وڵاتە بی‌لایەنەکان لە کولومبو دەستی بە کاروبار کرد

- داوای دان پێدانانی مافە نیشتمانیەکانی گەلی عەرەبی فەلەستین‌و کشانەوەی « ئیسرائیل » لە خاکە داگیرکراوەکان
- وشیارکردنەوە لە هەوڵ‌و تەقەلای دوبەرەکی نانەوە لەناو بزوتنەوەی بێلایەنی‌دا بە مەبەستی کەرت‌کردن‌و لاوازکردنی خەباتی ئەو بزوتنەوەیە .

کۆلۆمبۆ ـ ئا.د.ع : پێرێ ئێواری کۆنفرانسی پێنجەمی سەرۆکان‌و حکومەتەکانی وڵاتە بێلایەنەکان دەستی بەکار کردەوە . لە و کۆبونەوەیەدا سەرەك وەزیرانی سری‌لانکا خاتو سیریمافو باندرانایکا بە سەرۆکی کۆنفرانسی پێنجەم هەڵبژێردرا بۆ نەم دەورەی ئێستا کە سێ سال درێژەی‌دەبێ .

باشی ئەوەی ڕاگەیەنرا کە باندرانایکا هەڵبژێردراوە چوە سەرسەکۆیەکەی‌و سەرۆکایەتی کۆنفرانسی لەسەرۆکی دەورەی پێشو وڵاتە سەرۆکی جەزایر هەواری بومیدیەن وەرگرت . پاشان بومیدیەن لە وتارێکی درێژدا باسی ئەوەی‌کرد کە هێزی بزوتنەوەی بێلایەنی وەك جێنشینی پێوەندی کۆنی ناو دەوڵەتان جێن پەرەی‌سەندوە .

ناوبراو باسی ئەو ڕودانە داگیرکراوەکان‌و دابین‌کردنی نەی‌کرد کە لەسێ ساڵی ڕابردودا نیشتمانیەکانی گەلی فەلەستینی تیدا کونجابێ .

باسی ئەوبانگەوازەی‌کرد کە دەڵێ دەبێ ئەمریکا‌وییەکان هیند بە مەلبەندی کاشتیەکی بەردەوام دابنرێ . و داوای کرد کە چەند مەلبەندێکی کاشتی لەو بابەتە لە دەریای سێ ناوەراست‌و دەریای کاریبی‌دا پێك بهێنرێن .

دوایی باسی بریارەکانی ئێزیك دەربارەی دیاری‌کردنی نرخی نەوتی کردو گوتی ئەو بریارانە دەوڵەتە پیشەسازەکانیان ناچارکرد لەگەڵمان بکەونە وتوێژەوە بۆ هاوکاریەکی هاوتا لە نێوان ئێمەو ئەودەوڵەتانەدا .

پاش تەواوبونی وتارەکەی سەرۆکی جەزایر دوکتور کورت فالدهایم سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە وتارێك‌دا باسی گرنگترین گیروگرفتە جیهانیەکانی کردو بەنجەی بۆ ناوچە هەڵکیرساوەکانی جیهان ڕاکێشاو داوای لەکۆنفرانس کرد کە بە بایەخەوە باسی ئەو گیروگرفتانە بکات و هەوڵبدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردنیان .

فالدهایم باسی مەسەلەی فەلەستینی کردو داوای کرد کە دان بەمافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین‌دا بنرێ‌و هێزەکانی قەوارەی زایۆنی لەو خاکە عەرەبیانە بکشێنەوە کە لەدەستدرێژیەکەی ساڵی ١٩٦٧دا داگیریان کردون .

فالدهایم لە کۆبونەوەکەدا مەسەلەی لوبنانی هێنایە گۆڕێ و گوتی کارەساتەکەی لوبنان زۆر جێگای نیگەرانیەو ئەو هەوڵ‌و تەقەلایەی زانکۆی وڵاتە عەرەبیەکانیش بۆ چارەسەری گیروگرفتە کە داوبەتی و زۆر جێگای سوپاسە تائێستا هیچ سودی نەبوە .

لەبارەی وەزعی قبرسەوە سەلماندی کە پێویستە هێزەکانی زەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پاراستنی تەقەوەستاندن لەو دورگەیەدا بمێننەوە .

سەرۆکی ئەفغانستان محمد داودیش وتارێکی خوێندەوەو بەتوندی داوای کرد کە قەوارەی زایۆنی‌و ڕیژیمی خواروی ئەفریقاو ڕۆدیسیا وەك سێ ڕیژیمی ڕەگەزپەرستە کۆناهاباربکرێن کە نەك هەر بۆ عەرەبەو خەلکی ئەفریقا بەلکە بۆ ئاشتی‌و ئاسایشی ئاو دەوڵەتانیش جێگای مەترسین .

ئەمجا باسی سیاسەتی مەزنی خوازی قەوارەی زایۆنی کردو گوتی ئەم سیاسەتەو داگیرکردنی خاکی عەرەب‌و نەسەلماندنی مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین‌و جیاوازی ڕەگەزیەتی لە خواروی ئەفریقا‌و ڕودیسیاو زەوت‌کردنی مافەکانی گەلی نامیبیا هەمویان مەترسیەکن کە هەڕەشە لە ئاشتی‌و ئاسایشی جیهان دەکەن‌و پێویستە کۆنفرانسی هەڵوێستێکی هاوبەشیان بەرامبەر بکرێ کە هەمو وڵاتانی بێلایەن لەسەری بڕۆن .

سەرۆکی میر انور السادات لەوتارێك‌دا داوای لە کونفرانس کرد کە بەرەنگاری داگیرکردنی خاکی عەرەب لەلایەن هێزە زایۆنیستیەکانەوە ببێتەوەو بەکردەوە لە خەباتی گەلانی ئەفریقا دژی ڕیژیمە ڕەگەزپەرستەکان پشتیوانی بکا .

پاشان هاتە سەر باسی لوبنان‌و گوتی ئەوانەی دەست لە کاروباری لوبنان وەردەدەن پێویستە لە کۆل گەلی لوبنان ببنەوە بۆ ئەوەی بەبێ تەئسیری دەرەوە بۆ خۆی گیروگرفتەکانی چارەسەر بکا .

ئەمجار پشتیوانی میسری لە دامەزراندنی ڕیژیمێکی ئابوری تازەی ناودەوڵەتان دەربڕی کە لەسەر بناخەی دادپەروەری‌و بەرامبەری‌و هاوتایی دامەزرابێ‌و دەرەتانێکی باشتر بدا بەدە وڵەتانی جیهانی سێیەم بۆ پەرەسەندن‌و پێشکەوتن .

کۆنفرانس سەرلەبەیانی پێرێ دەستی بەکار کرد بۆ لێکۆڵینەوەی ١٥ مادە کە لەجەدوەلی کاردا گونجێنراون‌و دەیان مەسەلەی تیدا یە کە پێوەندیان بە کۆنفرانس‌و مەسەلە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەلایەتیەکانی جیهانەوە هەیە .. لەم کۆنفرانسەدا ٨٥ دەوڵەتی بێلایەن بەشدارن .

لە ئاهەنگی کردنەوەی کونفرانس‌دا خاتو باندرا نایکا سەرەك وەزیرانی سری لانکا لە وتارێك‌دا ئەو سەرکەوتنانەی باس‌کرد کە بزوتنەوەی بێلایەنی لە خەبات دژی ئیمپریالیزم‌و ڕەگەزپەرستی‌و نەکەم کردنەوەی ئالۆزی ناو دەوڵەتان‌و لەدەستەلات پەیداکردنی وڵاتەکان بەسەر سامانی سروشتی خۆیان‌داو لەزیاتر بونی زمارەی وڵاتانی ئەندامی بزوتنەوەدا بەدەستی هێناون .

بڕوانە ـ ل ـ ٧ ـ

کۆنگرەی فەرماندەسەری لە وەزارەتی بازرگانی ناوخۆ داوەو داوای زامن‌کردنی پێویستەکانی هاووڵاتیانی کردوە

سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر داوای کردوە کە هەوڵ‌و تەقەلایەکی زۆرو چالاکی‌یەکی بێوینە بخرێتەکار بۆ زۆرکردن‌و زیادکردنی کەلوپەلی پێویست‌و بە چاکترین خزمەت وزاری ئەو کەلوپەلانە پێشکەش هاووڵاتیان بکرێت لەبەر ئەوە پێویستە دەزگا بەربوەبەرایەتیکان بتەنە پلەی لەلەئەل مەبەستی نەو کارەدا بگونجێت .

پێرێ بەرێز سەرۆکی فەرماندە سەعات پانزەو نیوی پێش‌نیوەڕۆ چوتە وەزارەتی بازرگانی ناوخۆو ئەوەی دوبانە کردۆتەوە کە ئەبێت بە ئاسان‌ترین ڕێگاو بەکەمترین نرخ کەلوپەلی پێویستی چنگ‌هاووڵاتیان بخرێت‌و ڕێگانە درێت کە ناحەزانی شۆڕش‌یاری بە نرخی ئەلوپەل‌بکەن .

هەروەها سەرۆکی فەرماندە لەگەل بەرێز حسن العامری وەزیری بازرگانی ناوخۆدا کۆبونەوەو سەرنجی لە جۆری کاروباری وەزارەتەکە داوەلەگەل ئەو پرۆگرامانەدا کە ئامادەی کردون بۆ زۆرکردن‌و ئامادەکردنی ئەو کەلوپەلانەی زۆریەی زۆری جەماوەر پێویستی پێیەتی‌و ئەو کەلوپەلانەشیان بە چاکترین شێوەبەسەردا دابەش کرێت .. سەرۆکی فەرماندە باری سەرنج‌و ئامۆژگاری خۆی لەو بارەیەوە کردون . وە لەو گفتوگویەدا کە سەرۆك البکر لەگەل بەرێز وەزیری بازرگانی‌ناوخودا کردویەتی دەستنیشانی ئەوەی کردوە کە پیویستە کە لوپەلی خواردەمەنی دەستی هاووڵاتیان بخرێت‌و چونکە زۆرکردنی خواردەمەنی مەسەلەیەکە کە سەرکردایەتی سیاسی حیزب‌و شۆڕش بایەخی‌پێداوە ، چونکە بەو چەشنە ئابوری خۆمان ئەپارێزین‌و لە هەمان کاتدا

بڕوانە ل : ٦

جێگری سەرۆك کۆمارلەگەل چەند سەرۆکێکی وەفدە بێلایەنەکاندا کۆبۆتەوە

پێرێ بەرێز طه محی‌الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار لە کۆلومبو کۆبونەوەی‌لەگەل بەرێز محمد داود سەرەك کۆماری ئەفغانستاندا کردوە .

لەو کۆبونەوەیەدا کە ٤٥ لەگەل بزوتنەوەی بێلایەنی‌و دەقیقەی خایاندوە بەرێزان ئەم گونگرەیەی ئیتاکە دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو عامر عبدالله وەزیری دەوڵەت‌و وحید عبدالله جێگری وەزیری دەرەوەی ئەفغانستان بەشداربون لە کۆبونەوەکەدا باسی دۆخی سیاسی وڵاتانی عەرەب‌و دۆخی ئەمڕۆی لبنان‌کراوە کە چ خوێن‌ڕشتنێ دژی گەلی عەرەبی فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمانی‌ی لبنان ئەکرێت ..

بەرێز سەرەك داود لایەنگیری تەواوی ئەفغانستانی بەرامبەر مەسەلەی فەلەستین‌و هەمو مەسەلە جاڕەنوسێکانی عەرەب دەربڕیوە .. هەروەها باسی بەیوەندی دۆستانەی نیوان عیراق ئەفغانستان‌کراوە ، ئەم کونگرەیەی ئیتاکە دکرێت .. بەرێزان معروف‌و داود لەسەر ئەوە ڕێك کەوتون کە ئیش‌و کاری هەردو وەفدەکە لە کونگرەکەدا پێکەوە ڕێکخەن هەروەها بەرێز طه محی‌الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار لە کۆلومبو لەگەل شێخ زاید بن سلطان ال نهیان سەرۆکی میرنشینە عەرەبە یەك‌گرتوکاندا کۆبوتەوەو لەو کۆبونەوەیەدا کە ٤٥ دەقیقەی خایاندوە بەرێز دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو بەرێز عامر عبدالله وەزیری دەوڵەت بەشداربون ، لە کۆبونەوەکەدا باسی دۆخی خلیجی عەرەبی‌و لبنان‌کراوە لەگەل باسی ئەو پیلانە گەورە

بڕوانە ل : ٦

هەڵبژاردنی عیراق

بەبڕیاردەری گشتی کۆنفرانس

کۆنفرانسی پێنجەمی سەرۆکانی دەوڵەتە بێ لایەنەکان ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە بەگشتی دەنگ عیراقی بە بڕیاردەری گشتی خۆی هەڵبژارد .

هەڵبژاردنی عیراق لەسەر ئامۆژگاری کۆنفرانسی ئەم دواییەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بێلایەن بو کە لەسەر پێشنیاری کۆمەلی دەوڵەتە ئاسیاییەکان پێشکەشی‌کردبو .

وەك دەزانین عیراق بەبڕیاردەری گشتی کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە بێ لایەنەکانیش هەڵبژێردرابو .

کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بۆ

بۆ پشتگیری شورش فەلەستین لە نیقوسیا

سبەینێ پێنجشەمە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بۆ هاریکاری لە گەل شۆڕشی فەلەستینیدا دەبەسترێت لە شاری نیقۆسیا بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو تاوانە درندانەیەی کۆشەگیرەکان لە هەوارگەی تل الزعتری فەلەستینی کردوویانە .

لە کۆبونەوەکەدا هەندێك لە سەرکردەکانی پارتی‌و وڕێکخراوە سیاسیەکانی قبرس تیایدا ووتار دەخوێننەوە ئەمەو ڕۆژنامەکانی نیقوسیا بەبۆنەی بەستنی ئەم کۆبوونەوەیەوە چەند ووتاریان نووسیوە تیایدا هاریکاری گەلی قبرسیان دەربڕیوە لە گەل شۆڕشی فەلەستینی‌و ناڕەزایی خۆیان پێشان داوە بەرانبەر ئەو هێرشە درندانەیەی کە لە لایەن کۆشەگیرەکانەوە دەکرینە سەر شۆڕشی فەلەستین .

بەرگری فەلەستین بریاری نەفیری گشتی داوە .

کمال جنبلاط سەرۆکی‌ئەنجوومەنی سیاسی‌ی مەرکەزی ڕایی گەیاندووە کە هێزەهاوبەشەکان لە هیچ شوێنێکی لەچیا ناکشێنەوە.. ووتوویەتی‌هەر دێیە لە دێیەکانی دەبێتە قەلایەکی سەخت .. جنبلاط بەمە وەلامی ئەو هەڕەشەیەی دەدایەوە کە هێزی کۆشەگیرەکان‌و هێزی ڕژێمی لە ڕێ لادەری سوریا نارد بوویانەسەر هێزە هاوبەشەکان بۆ ئەوەی لە چیاکانی لوبنان‌بکشێنەوە هەواڵەکان ڕایان گەیاندووە کە بە یەکدانیکی‌سەخت ڕووی‌داوە لە نێوان هێزە هاوبەشەکان‌و هێزی‌ڕژێمی‌دا لە چەند لایەکەوە لە چەند تۆپ‌و موشەك لە سەرپەرەیەکی ٢٠ کیلومەتری درێژەی کیشاوە .

هەروەها ئاژانسی دەنگ‌و باسی فەلەستین ووتوویەتی : هێشتاکە سنووری هەر بەستراوەو هیزەکانی سوریا بەردەوامن لە بەستنی ڕێگاکەدا و نایەڵن خواردەمەنی بگاتە شاری تەرابلس‌و هەوارگەکان ، هەروا هەواڵەکان وا دەگەیەنێ کەوا پێری شەڕەکانی چیای لوبنان لە نێوان هێزە هاوبەشەکان‌و هێزی کۆشەگیرەکاندا ڕووی‌داوە بە یەکێك لە شەڕە قورسەکان دژمێرێت کە نێوان هەردولا لەو هەرێمە ڕودی‌داوە .. لەو کاتانەشدا بزووتنەوەی بەرگری فەلەستینی داوای ئامادەکردنی هەموو فەلەستینی‌یەکی بە توانا کردوە کە بتوانێت چەك هەڵ بگرێت بۆ بەرگری کردن لە لوبنان‌دا . فەلەستینی‌یەکان لە لوبنان‌دا دوێنێ بە یانیش تەقە لە هەمو ناوچەکانی پایتەخت‌و دەورەپشتی بەیروت هەربەردەوام بووەو تۆپ‌و ڕەشاشی هەموو چۆرەی تیا بەکارهێنراوە .

پەیامێری ئا.د.ع لە سەرچاوەیەکی عەسکەری سەرکردایەتی ناوەندی بزووتنەوەی نیشتمانی‌و شۆڕشی فەلەستینی‌یەوە ووتوویەتی هێزە هاوبەشەکان وەڵامی سەرچاوەی تەقەکانی کۆشەگیرەکانیان دەدایەوەو توانی‌ی تانکێك‌و ڕەشاشێکی ٥٠٠ لە ناوچەی عین الرمانە لە خوارووی بیروت تێك بشکێنێت هەردوو تاقمەکەشی پیکاوە .

لە خواروش هێزەکانی ڕژێمی سوریا کە لە ناوچەی جنین‌و دەورو بەری خۆیان مۆڵداوە تۆپ بارانێکی بەردەوام‌و و گوللە بارانێکی ئەوتۆیان بە ڕەشاش کردۆتە

بڕوانە ل ـ ٦

مان‌گرتن سەرانسەری خاکی داگیرکراوی گرتۆتەوە

خاکی داگیرکراو ـ ئاژانسەکان

ڕۆژ بەڕۆژ ڕایەڕینەکەی خاکی داگیرکراو دژی کرداره نامرۆڤایەتیکانی زایۆنیزمی دوژمن پەرەئەستێنێ‌و ناڕەزای دژی داگیرکردنی هێزەکانی زایۆنیزم دەرنەبڕێت . .

هەواڵەکان ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە مان‌گرتن‌و خۆنیشاندانی هاووڵاتیانی عەرەب لە بەری ڕۆژئاوای داگیرکراوو کەرتی غەزەداچۆتە سێهەم هەفتەوەو بە جۆرێك فراوان بوەو تەشەنەی‌کردوە تەنەو خاکی داگیرکراوی گرتۆتەوە ..

بڕوانە ل ٦

راپۆرتی سیاسی

دوای داگیرکردنی «تل الزعتر» چی تر؟

نووسەری سیاسی «هاوکاری» ڕوونیدەکاتەوە:

دوای ئەوەی هێزەکانی گۆشەگیرەکان و ڕژێمی کۆمەڵای دیمەشق دوا شاڵاویان بردە سەر ئۆردوگای (تل الزعتر) کە نزیکەی دوو مانگ لە ڕووی هێرشی یەك لە دوای یەکیاندا خۆی ڕاگرت و کۆڵی نەدەدا، هیچ بەرچاو ڕوونیەك لە کۆتایی هاتنی ئەو بە یەکادانە خوێناوییەی ناو لبنانداە ئەما کە بەر لە چەندە مانگە بەردەوامەو سەدان هەزار قوربانیی لێداوە. بەڵێ... ئۆردووگاکە دوای ئەوەی باڵاترین وێنەی قارەمانێتی و کۆڵنەدانی نیشاندا و ڕنجەکانی هەژاران لەنجامی بۆمباباران جانەوەرانە بە سەر دانیشتوانیدا لە فەلەستینی و لبنانی جاپوور کران، داگیرکراو هەرەسی هێنا. کە بەوە کە ڕامەتی مرۆڤ و نادەمی یەتی بلیشتراوەو بە سەدەها منداڵ لە ژێر دارو بەردەوە دەهاتنە دەرو بە نێو لاشەی سووتاوی هەڵا هەڵادا بو کەس و کاریان دەگەڕان.. هاتنەدەر ئەو بەسەرهاتە جەرگ بڕە کەوڕەیە ببینن کە فەرمانڕەوا ناپاکەکانی دیمەشق دروستیان کرد.

وێنەی ئەو بەرچاو ڕوونیەی لە هێشکی هەندێکدا بوو کە گوایە دوای ڕێکەوتنەکەی دیمەشق فەسایخانەکە دەوەستێ.. ئەنانەت ئەم وێنەیەش سەرباری ساکاریەکەی، توایەوو ئەوەی بە ئاپوور. چونکە ئەو ڕێکەوتنەی نوێنەرێکی بەرەی ڕزگاریخوازیی فەلەستین لە ئەنجامی سەرکردەکانی ڕژێمی لادەری سووریادا ئیمزای کرد. لە بنەڕەتدا ئەوەڵا دانانی بوو بۆ دەستپاچەکردنی هێزە هاوپەشەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی لبنان و بەرەی بەرگری فەلەستین. دوای ئەو جەزرەبە گەورانەی سەر واندیانە هێزە گۆشەگیرەکان، مەبەس لەو ڕێکەوتنە بچراندنی ئەو یەکێتییە جارەنووسیەی نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکان بوو، بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانرێ دەس لە هەر یەکەیان بە تەنیا بوەشێنرێت. حوکمڕانانی دیمەشق توانیان کەرای دووبەرەکی و یەکادان لە ناو بەرەی نیشتمانیدا بچێنن و جەمسەرێکی تیا بکەنە دەست. دوای ئەوانیش بە قووڵی دەس بوەشێنن لە ناخیانیان ئەم جەزرەبە درندانەیە بوو کە درا لە (تل الزعتر).

ڕووداو ئەو ئەگەانەوە مەوزووعیەی سەلماند کە زۆرانبازی لە لبنانداە لە نێوان هێزی خۆڕو خۆشەویستی و سەرو دەسەڵاتی کردندایە... لە نێوان هێزی ڕزگاری و پێشکەوتنخوازو هێزی گۆنەپەرستی و پیلانگێڕانی هاوسوتند لەگەڵ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕژێمە گومان لێکراوەکاندایە.

بە درێژایی ڕۆژانی ئەو بەیەکادانە خوێناوییەی لبنان دەمابینی چۆن ڕژێمە کۆنەپەرستەکان، هەر هێندە هەستیان دەکرد کە یەتەکە خەریکە دەئالێتە گەردنی هێزە گۆشەگیرەکان و هێزە نیشتمانییەکان و بزووتنەوەی بەرگری لەوەدان جلەوی وەزع تەواو بکەنە دەست و باکۆی هێزە گۆشەگیرو ڕاستڕەوەکان بدەن. دەکەوتنە هەڵبەی واستەو واستەکاری لە نێوان هەردوو لادا.

بەڵام دوای تەشەنە سەندنی ئەو بەیەکادانەو دوربوونەوەی بێچەو پەناکانی، ئەو ڕژێمانە ناچاربوون بەناشکرا لایەنی هێزە گۆشەگیرەکان بگرن و دەستیان کردە مەدح و ستایشی دەس ئەوەردانی ڕژێمی سووریاو پیرۆزبایی لێکردنی لە داگیرکردنی شوین سەنگەرەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی و بەرەی فەلەستینی لە لایەن هێزەکانی یەوە. ئەنانەت هەندێ لەو ڕژێمانە - وەك ڕژێمی ئەردەن - دەستو برد کەوتە خۆی بۆ بارێزگاری کردن لە ڕژێمی سووریاو هێزەکانی خۆی هاوپشتە ئۆژەوە بۆ یاراستنی حوکمڕانانی دیمەشق لە ڕق و کینەو هەڵچوونی جەماهیری سووریا، تا ئەیەڵێ کارێکی وەها ڕوو بدا کە ڕێگا لە کار بەدەستانی ڕژێمی لادەر بگرێ لە جێبەجێ کردنی ئەو پیلانەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، بۆ پاکژدانی بەرەی فەلەستینی و بزووتنەوەی نیشتمانی لە لبنانداە. بەم جۆرە جێبەجێ کەرانی فەسایخانەکەی ئەیوونی ڕەشو جێبەجێ کەرانی فەسایخانەی لبنان یەکدیتر بوونەوە.

ئایا دوای هەموو ئەمانە، کار لەدەستی ڕژێمی لادەرنا دەمێنێ!!. ئایا هێزە ئەندەلە پیلانگێڕەکانی لبنانەبەرستان و نایەفەکەران و کۆمڕاهان، هەر بەردەوام دەبن لە کەلبەیگیرکردن لە جەستەی لبنان و تەقە بارچەکردنی و قەلاچۆکردنی کۆنەپارێزی خیرخواو دلسۆزی... ئایا ئەو بەیەکادانە خوێناوییە بەرەی سەرکردەکانی هێزە گۆشەگیرەکان و هاوسوتندە ناسراوەکانیاندا کۆتایی دێت!!. ئەم پرسیارانە بە... گەلی سەری هێزەکانی خیرخواو ڕزگاریخوازدا دەدەن دەدەنەوە، تەنها ئیستاکە ئەوە پرسیار نابن و تێکەڵ بە هەستی ڕق و کینەو نارەزایی ئەبن، گەلێ لە میلەتانی تێکۆشەری سەرزەمینەکە بە پەیکدانیدا لەگەڵ هێزی تاریکی و ئومڕایی و دوایەونیدا، هەڵنووتاوەو کەوتوە. زۆر بزووتنەوەی ڕابەرینی شۆڕشگێڕانە نووچی داوە. بەڵام دوایی ڕێبەرانی خۆی ڕێکخستۆتەوەو شوێن پێی خۆی قایم کرد بەهۆی بەتینو توانایەکی کاریگەر تەوەو هێرش بردنەوەو دواسەرکەوتنی بەسەر دوژمنەکانیدا وە دەستهێناوە.

بارێ ئیستای لبنان دوای ئەو هێرشە درندانەیەی دەکرێتە سەر بزووتنەوەی نیشتمانی و بەرگری فەلەستینی، قەت جیاوازیی لە گەڵ ئەو وەزعانەدا نییە کە بەسەر زۆر لە گەلانی ئەفریقاو ئاسیاو ئەمەریکای لاتیندا تێپەڕیوە. زۆرانبازییە کە بەداگیرکردنی تەنها چەند سەنگەرێکی بزووتنەوەی نیشتمانی لە لایەن هێزە گۆشەگیرەکانەوەو بە یارمەتی ڕژێمی سوریا، کۆتایی نایەت. وە بەچەند جەزرەبە لێدانێکیش - کە زەرەری زۆر پێدەبەخشن - هەر کۆتایی نایەت. دەس بێشکەری تا سەر بەدەست هێزە گۆشەگیرەکان و ڕژێمی کۆمڕای سوریای هاو سوێندیانەوە نابێ. هێزەکانی شۆڕشو ڕزگاریخوازان لە لبنانداە، وەریان بەرزەو سوورن لە سەر هەڵتەکاندنی لانەی خیانەتکاری و کۆنەپەرستی لە ڕەگ و ڕیشەوەو بۆ هەتا هەتایە. کاتێکیش گیانی تێکۆشان دەچێنە چوارچێوەی نامانجێکی سەرەکی یەوە بۆ ئەنجامدانی تاقمە شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتن هەر بۆ ئەمان دەبێ.

گۆمی خوێن لە لوبنان

● شتێکی خۆ بەر بۆم گەوت.. کە دەستم لیداو بۆی ورد بومەوە بینیم کەللە سەری پیاوێکە.

● ئەوانەی لە لبنانداە کوژراون پتر لە ١٠٠ هەزارو زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەسیش بیرندار کراون.

● ئەوانەی بۆ چاوپێ کەوتن ئەهاتن بۆ خەستەخانەکە.. پاش قەدەرێك بەمردویی ئەیانهێنانەوە بەردەستم.

● ئەنیا وشەی سەرزاری فەلەستینیکان.. ئەمەی شەڕی براکوژی ناکەین.. شەڕی ڕاستەقینەی ئێمە لە گەڵ «ئیسرائیل»دایە.

● ئەوەی لە تەلزەعتەردا ڕویداوە هەکەر بەداستان بگێردرێتەوە.

لە کورتە ڕێگایەکی نیوان کەناری لبنانو هەردا بایۆرێکی بازرگانی بچوك خۆی دابو بە دەم ئاواکەوە، لە گەل ئەوەی ئەو بایورە جێگای ١٠٠ کەس زیاتر تیادا نابێتەوە، لە ناچاربداو بۆ دەربازبون لە دۆزەخی بۆمباو ئاگربارانی لبنان ٥٠٠ کەس خۆی لەو بایورەدا مەلاس دابو، دکتۆر «ممدوح» بزێشکی ئەو بایورە بارچەیان کات. ئەمە قسەی دکتۆر «ممدوح مینا مندلون»ە کە بەکێکە لە نیراوەکانی یەکێتی بزیشکانی عەرەبو بەریوەبەری خەستەخانەی مانگی سوری فەلەستینییە لە بکیفسرین دکتۆر ممدوح خاتو سوسن شکری حبیبی خێزانیشی لەو کاردا لە گەلی چوبو کە ئەمیش سەیدەلانیەکەو لە ئەو ڕژێمی خۆی لەو بایورەدا مەلاس دابو، دکتۆر «ممدوح» ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو بایورە بارچەیان کات. ئەمە قسەی دکتۆر «ممدوح مینا مندلون»ە کە بەکێکە لە نیراوەکانی یەکێتی بزیشکانی عەرەبو بەریوەبەری خەستەخانەی مانگی سوری فەلەستینییە لە بکیفسرین دکتۆر ممدوح خاتو سوسن شکری حبیبی خێزانیشی لەو کاردا لە گەلی چوبو کە ئەمیش سەیدەلانیەکەو لە ئەو ڕژێمی خۆی لەو بایورەدا مەلاس دابو، دکتۆر «ممدوح» ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو بایورە بارچەیان کات. ئەمە قسەی دکتۆر «ممدوح مینا مندلون»ە کە بەکێکە لە نیراوەکانی یەکێتی بزیشکانی عەرەبو بەریوەبەری خەستەخانەی مانگی سوری فەلەستینییە لە بکیفسرین دکتۆر ممدوح خاتو سوسن شکری حبیبی خێزانیشی لەو کاردا لە گەلی چوبو کە ئەمیش سەیدەلانیەکەو لە ئەو ڕژێمی خۆی لەو بایورەدا مەلاس دابو، دکتۆر «ممدوح» ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو بایورە بارچەیان کات. ئەمە قسەی دکتۆر «ممدوح مینا مندلون»ە کە بەکێکە لە نیراوەکانی یەکێتی بزیشکانی عەرەبو بەریوەبەری خەستەخانەی مانگی سوری فەلەستینییە لە بکیفسرین دکتۆر ممدوح خاتو سوسن شکری حبیبی خێزانیشی لەو کاردا لە گەلی چوبو کە ئەمیش سەیدەلانیەکەو لە ئەو ڕژێمی خۆی لەو بایورەدا مەلاس دابو، دکتۆر «ممدوح»

پش خۆی خزانبوە ناو ئەو کەلەو عەشاماتەوە.. تەنیا کەلکە ووشەیەك بەزاری ئەو خەلکە زۆرەدا ئەهات ئەویش ئەوەو کە ئەیان وت لە دۆزەخو ئاگر باران خۆمان ڕزگار کرد. بۆ ئەوەی لە دەریادا نقوم بین و بخنکین کەچی خەلکە جاو بڕ لە ترسەکە ئەم ئەنجامەیان لا چاکتر بو وەك کلپەی ئاگری کوللە توپ بیان گەل میردەکەیدا لە دو جێگای گرنگی وەك خەستەخانەی جامیعەی ولاتە عەرەبیکانو خەستەخانەی مانگی سور لە بکیفون کاریان نەکرد.

● کەللەی بنیادەم لە بەریدا..

دکتۆر ممدوح باسی ئەو کارەساتە بۆ قسەڕانە بەکات کە خۆی و ژنەکەی لە ئەوەی لبنانداە حەوت مانگی ڕەبەق تیایدا ژیاونو کە هەموو کۆتڕەوەری و ترس و لەرزو بۆ ئارامیەکی ئەو تڕیوە کە زۆر زەحمەتە زمان بتوانی ئەو کارەساتە دلتەزێنانە بگێڕتەوە.. هەرگیز ئەوەم بیر ناچێتەوە کە شتێکی خۆ بەرقاچم کەوت کە دەستم بۆ بردو هەلم گرت لۆی ورد بومەوە ببینم کەللەی سەری بنیادەمیکە.. وە ئەوەشم لە بیرنا چێتەوە کە سەرکردە یەکی فەلەستینی پەلی بۆ کەمامەیەك ئەکوتا تاخۆی لەو غازە زەهراویە بیارێزێت بەلام چنگی نەئەکەوت.. ژمارەی کوژراوەکانی لبنان کە لە پتر لە ١٠٠ هەزار کەس و لە گەل ئەم کوژراوانە شدا زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس بریندار کراوە.. ئەوەی گومانی تیانیە ئەوەیە ئەو کارەساتانەی لە تەل زەعتەردا ڕویان داوەو ئەو باڵەوانیەیی لەویدا نیشان دراوە مەگەر بەداستان بگێردرێتەوە.. هەرگیز ئەو فیداکارەم لە بیر ناچێتەوە کە بەبریندارە هێنایان بۆلامو کە گوللەکەم لە لەشی دەرهێنابەوەو تیمارم کرد بیم وت ئەبێ ٤٨ سەعات مۆلەتی خۆت بدەیتو نا تۆزێك هێزت بێتەوە بەرو ئەوسا لە کارە پیرۆزەکەتدا بەردەوام بیت.. ئەوەندام ژانی بەلاماری قورگی دامو بۆی وتم.. ئەتەوێت وەك ئافرەت من لای خۆت بهێلیتەوەو لەو لاش هاوڕێکانم خریان ئەدەن بەکوشت؟ زۆر گرانە ئەوبیرورا جوامێرانەیەی فەلەستینیکانم لەیاد بچێت کاتی ئەیانوت:

لە گەل ئەو هەموو جەورو ستەمەدا کە بەسەرمان هاتوەو لە گەل ئەو هەموو مەترسیەدا کە دەوری داوین. هەرگیز ئەم شەڕە بەشەڕی خۆمان دانانێین.. شەڕی ڕاستەقینەی ئێمە لە گەل «ئیسرائیل»دایە ئەوەکە لە گەل براکانماندا و شەڕێکی خۆبەخۆ..

● ئەی ڕژێمی سوریا گۆمڕا چۆن کەوتە دەست تێوەردانی کارو باری لبنانەوە؟

دکتۆر ئەلبت: لە دەوروبەری مانگی مایسدا سوریا دەستی کرد بە شەرفروشتنی هێزی بەرگری فەلەستینی.. لە بیشەوە ئەو شەڕ فرۆشتنە تاکە تاکە بو.. ئەویش بۆ ئەوەی هێزی بەرگری فەلەستینی توشی شەڕێکی گەورە بکات لە گەل ڕێکخراوی ساعیقەدا، کە سەر بە ڕژێمە گومڕاکەی سوریایە، بۆ ئەوەی دیمەشق ئەمە بکاتە بیانوو ئەوسا بە ئاشکرا بکەوێتە دەست تیوەردانی کاروباری ناو خۆی لبنان..

بەو جۆرە ڕژێمی سوریا جەکو تەقەمەنیەکی ئیجگار زۆری دابەڕێکخراوی ساعیقە بۆ ئەوەی کە بەشداری شەڕ بو لە لیدانی بەرگری فەلەستینیدا بەکاریان بهێنێ. زۆر کەس ئەو لێرە گەورانەیان ئەبینی کە بەتا بەتا هێزەکانی ساعیقە ئەیان ناردن بۆ هێزە گۆشەگیرو کۆنە پەرستەکان لە جەتەکانی بیبر جمیلو کمیل شمعون.. لە یەکی لە ڕۆژەکانی مانگی یونۆدا ئەوەندەمان زانی ناوچەی خوارو درایە بەر ناگری چەکی قورس ئەگەرچی ناوچەکە لە ئاسایشدا بو، هیچ شەڕی تێ نەکەوتبو... دوای پێمان زانی کە ئەم ناگربارانە هێزە ئەلقە لە گێ کانی ساعیقە ئەبکاتو شەڕ بە فەتح ئەفرۆشێت بەلام پاش ١٢ سەعات هێزەکانیو بەرگریو هاوبەش توانیان هەمو بارەگاکانی ساعیقە پاك کەنەوەو ئەیان هێلن.. حەزەکەم لیردا دەست نیشانی هەندی وردە شت بکەم ئەویش ئەوەیە.. دوای ئابلوقەدانی بنەکەی کۆنە پەرستو کۆشەگیرەکانو گەرم بونی شەڕ ئوتومبیلی ئیسعافی سەر بە مانگی سوری فەلەستینی خواردە مەنیو ئاوی ئەبرد بۆ ئەو هێزانەی ساعیقە کە ئابلوقە دراون.. کە چی دوای ئەوەی ئەو هێزە ئابلوقە دراوانە خواردەمەنیو ئاوی ئەواویان بۆ برا لە پاداشی چاکەدا شوفیری ئەو ئوتومبیلەیان کوشت کە خواردنو ئاوی بۆ ئەبردن.

● چل ساروخ بە چارێك

ئەو هێزانەی لە ناوچەی خالدەدا خریان مەلاس دابو ناوچەی ڕۆژئاواایان بوردومان ئەکردو لەو بوردومانەدا (ڕاجماتیان) بەکار ئەهێنا.. ڕجمات بڕتیەیە لە کۆمەلە ساروخێك کە ژمارەیان ٤٠ ساروخەو هەموێکەوە بەیەك کەرەت ئەتەقن.. لە ئاو چەکەدا پتر لە ١٣ ئوتومبیل لەم ڕاجماتانەیان بیبو... بێجگە لە بوردومانی فروکەکان کە ئەو خەستەخانە بەشیان ئاگر باران کرد کە خۆم لشم تیا ئەکردو ٣٥ ساروخو زیاد لە ٢٠٠ کوللە توپی هاوەنی بەرکەوت.

● ١٠٠ هەزار کوژراو..

وابزانم ئەوەندەی لەم شەڕانەدا لە لبنانداە کوژراو بەهەرسێ شەڕەکەی میسر لە ساڵانی ٥٦، ٦٧، ٧٣ دا ئەوەندەی ئێ نەکوژراوە، بەمەزەندەی من ژمارەی کوژراو لە ١٠٠ هەزار کەس کەمتر نییەو ١٥٠ هەزار کەسیش بریندار کراوە.. کە زوربەی ئەو بریندارانەش مەترسی لە مانیان ئەکرێت.. وە زوربیشیان دەستو قاچیان ئەبڕدرایەوە یامندالێکی دوو ساڵان بوە کە بریندار نەکرا ناچار بوین لە ئەژنودا قاچی ببرینەوە.. هەروەها مندالێکی ١٢ ساڵانی تر بارچەی بومبای بەرکەوتو ناچار بوین دەستی ڕاستیو قاچی چەپی ببرینەوە.. دیتەوە یادم هەندێك خەڵك بودیدەنی نەخۆشەکانیان هاتبونە خەستەخانە کە جی کە جۆنە دەرەوە باش قەدەرێك بەکۆژراوی هێنایانەوە خەستەخانە.

.. خۆ تەلزەعتەر ئەوە داستانێکی پڕ باڵەوانی دنیای واقیعە.. تەلزەعتەر بڕتیەیە لە هەوارگە یەکەکە بەرێنێکەی لە چوار کیلومەتری چوار

بڕوانە ل ٩

سەبارەت لە سێدارەدانی بەکری گیراوەکان لە ئەنگولا

ئەوانەی ژیانی خۆیان بە چەند دۆلارێك ئەفرۆشن

لەسەر ئەوەی چوار بەکری گیراوکە لە ئەنگولا گیرابون لە سیدارەدران، وڵاتە ڕۆژ ئاوایەکان شەپۆلێکی نارەزایی دەربڕیوەو هەزارانیاو ناتۆرەی وەك «نامرۆڤایەتی و کاریکی چەوتیان» داوەتە پاڵ ئەم ڕدوداوە کە لەڕاستیداە لە پێناوی ناسایش وڵاتەکەیدا بەستدارەدانی ناقەتك «شەرخواز» لەوانەی لە شەڕکردن بەولاوە هیچی تر نازانن و بو کوشتن و بڕین و تالانی و خوێن ڕشتن بەکرێ گیرابون، مافێکی ڕەوای کەلی ئەنگولا بوە.

بلاو بونەوەی ئەم جۆرە سەربازە بەکرێ گیراوانە هەندێ بڕسیار سەبارەت بارووزوڤی ئابوری ئەو وڵاتانەی لەوەی هانون دەهێنێتە پێشەوە ئەوەی گومانی تیانیە ئەم تاقمە بەکرێ گیراوانە لە نەهێشتنی کشە سیاسی بەکاندا بەشێوەیەکی شاردراوە بەکار ئەهێنرێن.

ئەوروپا بکات بە بێ ئەوەی بێ کارو جەردەو دزو مەسەلەیەکی دیاری کراوی خۆ هەبێت بچێتە ئەو دور وڵاتانەو لە بێناوی چەند دولارێکدا ئاوا خوی بدات بەکوشت!؟ ئەبێ هۆی ئەو بەشیویە ئابوریە بێت کە وڵاتانی ڕۆژ ئاوا دوچاری بون؟ ئەم بەشێویە کاری کردۆتە سەر ژیانی ملیونەها خەڵکی ئەو وڵاتانە بەڵام لە ١٠ هەزارا یەکی لەوانە ئابنە سەربازی بەکرێ گیراو.. ئەوەی ئاشکرا بوە زوربەی زۆری ئەو سەربازە بەکری گیراوانە لە کەسانی بێ ڕەوشتو بێ کارو جەردەوزی گرو پیاوکوژەکانن.. بەڵام ئەمە شتێکی تازەو داهێنراو نییە.. بەدرێژایی تەمەنی شەڕ ئەم ڕوداوە هەیە.. ئەگەر جی لەم جەرخەدا شێوەیەکی نوێو ڕێکوپێکی وەرگرتوە لە سەدەی نۆزدە هەمدا لویس فلیبی شای فەرەنسا ئۆردویەکی لەخەڵکی بێگانە بۆ فەرەنسا بنێك هێنابو ئەو لەشکرەی لە جەزائیردا مولی دابو زوربەی سەربازەکانی برتی بون لە ڕوی ئەم کارەش بەهەواوی لە ئەنگولادا دیاری داوە بەوەی دەڵالەکانی شەڕ هەزارانیان لەم بەکرێ گیراوانە ڕاگرتوە تا لەو شەرە ناوخۆییەدا کە بەرەی میللی ئەنگولای تیادا سەرکەوت پشتیوانی تاقمە سەر بە ڕۆژ ئاوایەکانی پێبکەن گەورەترین هۆی سەرکەوتنی بەرەی میللی ئەنگولا دستتێوردانی ئەو بەکرێ گیراوە ئەوروپایانە بو دژی هێزە میللیەکانی ئەنگولا!

ئەبێ چی وا لە لاوانی دزو درۆزنەکانی ئەو سەردەمەو لە شەرەکانی ئێران ئیسپانیاو ئیتالیا بەشداریان کردبو دوای ئەوە ڕوداوە کە تەشەنەی کردو لە ساڵی شەستەکانی ئەم سەدەیەدا بەتەواوی بەرەی سەندو لە زۆر وڵاتانی تازە گەشەکردودا ڕوداوەکە تەقیەوە وەك کونگۆو یەمەنو فیتنام و ئەنگولاو ناوی هەندێ لە سەرکردەکانی وەك (ماجور شرام)و (ڕۆلف شتاینەر) ناو بانگیان پەیدا کردوە شێوەی جولانەوەو کارکردنی ئەو سەربازە بەکرێ گیراوانە زۆر لەیەك ئەچێتو ئەو هۆیانەی واشیان لێ ئەکات ئەو ئیشانە هەڵبژێرن یەك شتە نامانجیشیان لەو کارانەدا وەك یەك وایە.. ئەوانە بڕێتین لە تاقمێك سەرباز کە هیچ جێگایەك بە نیشتمانی خۆیان نازانن و خاوەنی هیچ بیروباوەڕێکیش نین. دروشمیشیان لە شەرکردن لەبێناوی ئەو کەسانەدا کە بارەیان زیاتر

بڕوانە ل ٩



وێنەی بۆ ئاگادارییەك، کە داوای بەکری گیراو ئەکا بۆ زایونیزمەکانو لە ڕۆژئاوەیەکی ئەمەریکاییدا بلاوکراوەتەوەو ئەم وێنەیە لە کێبێك ادیە کە بە ئەسپانی دەرچوەو نوسەرەکەی بە ئەنقەست «بۆ سەیدی ئیسرائیل»ی تیا کوژانۆتەوە.

Institut Kurde de Paris

تەنگوچەلەمەی «نەقدی» ..!

تەنگوچەلەمەی ڕێژیمی سەرمایەداریە

● احمد زردەشت

ڕۆژ بەڕۆژ گیروگرفتی نابووری جیهانی سەرمایەداری پەرەئەسێنێ و پتر تر دەبێت ، ئەویش سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵو کۆششەی کە لێپرسراوانی دەوڵەتە سەرمایەداریەکان دەیدەن ، بۆ دەربازبون لەم ڕەوتەو ئەخۆشیە بەئێشەی ڕژێمی سەرمایەداری .

ئەم تەنگوچەڵەمە (نەقدی) یە لە ڕاستیدا ڕوویە کە لە ڕووەکانی تەنگوو چەڵەمەی گشتی باری ئیستای جیهانی سەرمایەداری . وەئەمەش ئەنجامی هەڵومەرجێکی نوێ نیە چونکە ئەم دیاردەیە لە ساڵی شەستەکانەوە تەواو دەستی کردووە بە دەرکەوتن و پەرەسەندن و ناڵاندنی جیهانی سەرمایەداری لە ژێر جەزرەبەی کەم بوونەوەی بڕەی کاڵا بۆ دەرەوە ناردن (صادرات)دا لە لایەکەوەو لەلایەکی کەوە کەم بونەوەی تێکرایی بەرهەم هێنان و ئەنجا پتر بوونی کاڵای لەدەرەوە هێنراو (استیراد) و ئاوسانی نەقدی (التضخم النقدی) و تێکچونی ئەندازەی بازرگانی و کەمو کوڕی بوودجەی (مەدفوعات) لەگەڵ بڕئیشیدا .. لە نیوان هەموو ئەم گیرگرفتانەوە ئەبینرێ کە گیروگرفتی بەرزبونەوەی نرخی دۆلار نارادایە ، وەئەمەش بوە بەهۆی ئەوەی کە قورغکاران (احتکارات) هەوڵێکی بڕەهاوتا بدەن بۆ ڕسگارکردنی دۆلار لەم تەنگوچەڵەمەیە ئەوە بوکە لە مانگی (ئاب)ی ١٩٧١ دا ئەم تەنگوچەڵەمەیە گەیشتە لوتکەی بەرزبونەوە وەبەتایبەتی لەپاش ڕاگەیاندنەکەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ ڕاگرتن (ایقاف)ی گۆڕینەوەی دۆلاری ئەمەریکی بەزێر .. وەئەمەش بو بەهۆی ڕماندنی ڕێکەوتنەکەی (بریتون وودز) کە لە ئەنجامدا بو بەهۆی ڕوخاندنی ڕێژیمی بارەی دەوڵەتان (النظام النقدی الدولی) کە وا لە ساڵی ١٩٤٤ وە بەپەروەیی ئەکرێت .

لە شباتی ١٩٧٤ دا دەوڵەتانی بازاری ئەورووپای هاوبەش گەیشتنە ئەوەی کە ڕێژەیەکی تایبەتی بۆ نرخی هاوسەنگی (تعادل)ی پارەکانیان بەرامبەر بە دۆلار دابنێن بەجۆرێك کە سنورێکی تەواوی بەکارهێنانی بارەی ناوکۆیی کە دۆلارە بدرێت . بەگوترەی بریارە تایبەتیکەی سنووقی نەقدی دەوڵەتان لەسەر فراوانکردنی سنوور یا زنجیرەی پێودانی نرخی دۆلار سەرخستن (تعویم) ، ئەم ڕژێمە ناوی (هەژدیهـا ـ الثعبان)ی بەسەردا سەپێنرا ، کە دەبێ هەر دەوڵەتێکی هاوبەش لە سنووقەکەدا لە سنووری ئەو بریارەدا بجوڵێنەوە .

بەریتانیا لە پێشا لەم بەرزکردنەوەیە (تعویم)دا بەشداری کرد بەڵام لەدواییدا بەشیمان بووەو لەگەڵ ئیتالیاو ئیرلەندەدا خۆیان کێشایەوە .

بەڵام فەرەنسا بەدرێژایی (١٨) مانگ لەپاراستنی بەرزکردنەوە (تعویم)ی (فرەنکی) فەرەنسی بەردەوام بوو ، وەتا تەموزی ١٩٧٥ ، وەبەدرێژایی ئەم ماوەیە دەوڵەتە سەرمایە دارەکانی کەش لە پەیکاری چاککردنی ڕێژیمی بارەی دەوڵەتان بوون کە وا فەرەنسا ئەگەرایەوە بۆ سنووریا زنجیرەی سەرخستنی (تعویم)ی هاوبەشی لەگەڵیاندا ..

فەرەنسای دیغۆلی تەنها دەوڵەتێك بو کە لە دژی ئارەزۆکانی ئەمەریکا ڕاوەستابو ، لە مەسەلەی خودانکاری نرخی مسەرفی جێگیر (سعر الصرف الثابت) دا بۆ پارەکانیان وەفەرەنسە لە سەر گەرانەوە بەرەو ڕێژیمی نەقدی دەوڵەتان سوور بوو کەوا بە ڕێهەلسان بە ڕاگرتنی یاسای گۆڕینەوەی دۆلار بە زێر باو بو وە کە نرخی خەرج (صرف) لەو یاسا کۆنەدا چەسپاو بو .. چونکە بەهۆی ئەم ڕێگایەوە ئەمەریکا لەسەرووبی توانای خۆیەوەی دەژی و دەتوانی کۆمپانیکانی ئەوروپا بکرێ بێ ئەوەی هیچ نرخێك بدات . وەئەوەی پێویست بو لە پارە بۆ مانەوەی جەنگی ڤیتنام بیخاتە ئەستۆی دەوڵەتانی ترەوە ..

بەڵام هەڵویستی فەرەنسا لە دووای کۆنگرەی لوتکەی جەند دەوڵەتێکی سەرمایەداری پێش کەوتو کە لە (رامبویە) لە ساڵی ١٩٧٥ دا بەستبویان گۆڕاو لایدا بەلای رای ئەمەریکاوە کە بریتی بو لە دەست بەردان لە نرخی بارسەنگی (تعادل)ی چەسپاوی پارەکانیان . وەئەمەش بەرووبی خۆی لە بریارەکانی دودا کۆبونەوەی ئەنجومەنی (ئینتقالی) بۆ چاك کردنی ڕێژیمی بارەی دەوڵەتانداا دەرخست ، کەوا لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ لە (جامامایکا)دا بەستراو تیایدا بریاری دۆزینەوەو دانانی ڕژێمێك درا بۆ نرخی (سەرفی نەقدی) کەوا ڕژێمێکی نەرمی ئەوتۆ بێ کە لە نیوان هەردوو ناوچەی دۆلارو ناوچەی پارە ئەوروپاییەکانی تردا بێت ، ئەویش بە مەرجێك کە بانقە سەرەکیکانی ئەوروپاو ئەمەریکا هەموو کارگوزاری هاوسەنگکردن (توازن) بن لە نیوان نرخی پارەی دەوڵەتاندا

بەشێوەی ڕۆژانەو مانگانە .. وەئەمەش بۆ بەرگری لە ڕوودانی هەڵگیرانەوەیەکی کوتوپڕی لە نرخدا ، کە لەوانەیە ببێت بە گیروگرفتێك لە ڕێگای کارگوزاریو ئالوگۆری بازرگانی دەوڵەتاندا

هەوڵی سەرەکی ئەم کۆنگرانە ئەوەیە کە باشترین یاسایەك بدۆزرێنەوە بۆ ڕسگارکردنی ڕژێمە نابووریەکانیان و پارەکانیان لەم تەنگو چەڵەمە خنکێنەرەی کە تۆشی ڕژێمی سەرمایەداری بووەو بەدەستێ وە کەنەفتو زەبوونە .

کاروباری سەرخستن (التعویم)ی نرخی زۆر لە پارەکانیان لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی کە ، ونزم بونەوەیەکی بەردەوام لە نرخی زۆر پارەی تردا ، وەك (جنیە)ی ئیستەرلینی ، ئەمە بەلگەیەکە بۆ بەردەوام بوونی تەنگو چەڵەمەی دارایی کە بەسەر شانی دەوڵەتە سەرمایەدارە ئەوروپاییەکاندا ئەسەپێنرێتو هەناسەیان لەبەر ئەبڕێت ..

بۆ نمونە ئەم خشتەیە ئەخەینە بەرچاو :-

کەمدەستی بازرگانیتی دەرەوە بە (مەلیونەها) دەوڵەت دۆلار			
٢ر١٠٠	ئەمەریکا	٧ر٠٤٠	ژاپۆن
١٠ر٠٠٠	بەریتانیا	١٢ر٠٠٠	ئیتالیا
لە ماوەی		**بە (مانگ)**	
٨ مانگی یەکەمی ١٩٧٤		٧ مانگی یەکەمی ١٩٧٤	
٧ مانگی یەکەمی ١٩٧٤		٧ مانگی یەکەمی ١٩٧٤	

لە زۆر لاوە بایەخ درا بەم تێکچونە هەمێشەیی یەی (جنیە)ی ئیستەرلینی لە بازاری ئالوگۆڕی بێگاناندا ، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (فایتناش تایم) بەووردی لەو باڵەبەستوویەی کە بەسەر سەر (جنیە)ی هەوەیە دوواوە ، و ئەوەی بە تەنگوچەڵەمەی بڕوا پێکردن (ثقە) داناوە ونوسیویە بایەخی نرخی سوود (فائدە) بارێکی ناوەنجی ی هەیە لەم مەسەلەیەدا ، چونکە باڵەبەستو هەربەردەوام بوە لە سەر (جنیە)ی بەریتانی لە بازارەکانی ئەوروپادا ، بەریتانیادا ، وەڕۆژنامەی (سان) ئەم یاریدەیەی بە کەورەترین باڵپشتی (جنیە)ی داناوە .

سەرەڕای سەرنەکەوتنی کۆنگرەی (رامبویە) لە دانانی چارەسەرێکی ئاشکراو سنووردار بۆ گەورەترین تەنگو چەڵەمەی ئابووری کە لە ساڵی سیەکانەوە تا ئیستا هاتۆتە ڕێگای جیهانی سەرمایەداریەکانەوە .

سەرەڕای سەرنەکەوتنی کۆنگرەی (نایروبی) لە دۆزینەوەی چەند چارەیەکی تازەدا بۆ ئەم بەدەسەوەنالاندنو ڕوخاندنی بەردەوامی ئابووری و پارەی جیهانی سەرمایەداری ، وەئەمەش کە ئەنجامێکی هەڵویستی لەسەر سووبونی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو وڵاتە ئەوروپاییەکانی ڕۆژئاوایە ، لە سەر هێشتەوەی باری ئیستای ڕژێمی ئابووری دەوڵەتان بە هیوای ڕۆیشتن لە سەر چەوساندنەوەی چەند دەوڵەتێکی تازە بێگەیشتو بەشکو لەم ڕێگەیەوە کەمێك باری گرانی تەنگوچەڵەمەی چارەی ڕژێمی سەرمایەداری سووك بێ ..

دەوڵەتە سەرمایەدارەکان هەوڵی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان لە ڕێگای بەستنی کۆنگرەوە ئەدەن وەبەتایبەتی ئابووری ئیستای بەریتانیا بەلگەی ئەم دیاردەیە نین ..

وەزیرێکی دارایی تری بەریتانیا ووتویە .. « کەم بونەوەی نرخی (جنیە) گەیشتە ڕادەیەکی لەسنوور بەدەر .. » .

بەردەوام بونی نرخی (جنیە) لەدابەزینداو تۆمار کردنی چەند ژمارەیەکی تازە بووتە هۆی ئەوەی کە پاڵ بەقورغکار (احتکارات)ەکانەوە بنێت کەوا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو چەند دەوڵەتێکی تر (٥) هەزار ملیون دۆلار بخەنە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە ، ئەمەش هەوڵدانێك بوو بەئومێدی لایەنگیری (ئیستەرلینی) وە ، کە کەوتۆتە ژێر باری تێکچونێکی واوە کە نا ئیستا لە مێژووی پارەی بەریتانیادا ، ئا بەم جۆرەی بەسەر نەهاتووە ..

وڵاتە یەکگرتوکانی ئەمەریکا بەتەنها لەم پارەیە (٢) هەزار ملیون دۆلاری گرتە ئەستۆی خۆی ، وەئەوی تری خرابە سەر شانی فەرەنساو ئەڵەمانیای ڕۆژئاواو ژاپۆنو سویسراو کەنەداو چەند دەوڵەتو دەزگایەکی سەرمایەداریکە ..

(دێنس هیلی) وەزیری دارایی بەریتانیا لەئەنجومەنی گشتیدا ووتی بانقی ئینگلتەرا پنز لە (٥) ملیار دۆلاری لە پاشەکەوتو سەرمایە (ارصدە) لاخستوە بۆ بەرهەلستی کردن لە تەنگوچەڵەمەی (جنیە) و بەرگری لێکردنی .. وە (هیلی)ووتی کە حکومەتەکەی لە نوێوە پەنا ئەباتە بەر سنووقی پارەی دەوڵەتان بەهیوای دەستکەوتنی یارمەتیەکی درێژ خایان تر..»

دووای ئەم هەوڵانە ڕۆژنامەی (دیلی ایکسپریس) لەم پارە دوواوەو ئەمەی بە گەورەترین کەم دەستی داوەتە قەڵەم لە مێژووی بەریتانیادا ، وەڕۆژنامەی (سان) ئەم یاریدەیەی بە گەورەترین باڵپشتی (جنیە)ی داناوە .

سەرەڕای سەرنەکەوتنی کۆنگرەی (رامبویە) لە دانانی چارەسەرێکی ئاشکراو سنووردار بۆ گەورەترین تەنگو چەڵەمەی ئابووری کە لە ساڵی سیەکانەوە تا ئیستا هاتۆتە ڕێگای جیهانی سەرمایەداریەکانەوە .

سەرەڕای سەرنەکەوتنی کۆنگرەی (نایروبی) لە دۆزینەوەی چەند چارەیەکی تازەدا بۆ ئەم بەدەسەوەنالاندنو ڕوخاندنی بەردەوامی ئابووری و پارەی جیهانی سەرمایەداری ، وەئەمەش کە ئەنجامێکی هەڵویستی لەسەر سووبونی وڵاتە یەکگرتوکانی ئەمەریکاو وڵاتە ئەوروپاییەکانی ڕۆژئاوایە ، لە سەر هێشتەوەی باری ئیستای ڕژێمی ئابووری دەوڵەتان بە هیوای ڕۆیشتن لە سەر چەوساندنەوەی چەند دەوڵەتێکی تازە بێگەیشتو بەشکو لەم ڕێگەیەوە کەمێك باری گرانی تەنگوچەڵەمەی چارەی ڕژێمی سەرمایەداری سووك بێ ..

دەوڵەتە سەرمایەدارەکان هەوڵی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان لە ڕێگای بەستنی کۆنگرەوە ئەدەن وەبەتایبەتی هی تەنگوچەڵەی پارەو ئالوگۆرکاری بازرگانیو پەیوەندی لە نیوان خۆیان وەدەوڵەتە تازە پێگەیشتوکاندا ... وەك (فۆرد) لە دەربرینێکا لەبنکەی ڕۆژنامەگەری کۆشکی سپیدا دانی بەوەدانا وداوای بەستنی کۆنگرەی لوتکەی ئابووری کرد ، کە ئەویش کۆنگرەی (پورتۆریکۆ) بو کە لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ڕابوردودا بەستراو ، بەڵام ئەم جارەش ئائومێدی لە ڕیکخستنی سیاسەتێکی ئابووری یەکگرتودا بەشی ئەم کۆنگرەیە بوو .

لاپەڕەکانی تێکۆشانی نوێ

عادل جلیل

جەماوەری خاکی داگیرکراو بەردەوامە لە نوێکردنەوەی لایەڕەی خۆڕاگرتن و ڕەتکردنەوەی داگیرکردن .

لە سەرەتای ئەم مانگەوەجەماوەری خاکی داگیرکراو بەرەی بە ڕایەڕینە ئازایانەکەیداوە کە دووەم ڕایەڕینە ئەم ساڵ دژی بوونی زایۆنیزمو کارە ناڕەواو نامرۆڤانەی دوژمن ڕوودەدات .

ئازایی جەماوەری خاکی داگیرکراوو ڕاوەستان دژی هێزو تیرۆریستی دوژمنی زایۆنیزمو پووچەڵکردنەوەی نەخشەی بە جوولەکەکردن کەتووشی بوون ، وا لە هەموو جەماوەری پێشکەوتنخوازو نیشتمانیی ناوچەکە دەکات بەرەنگاری داواکردنی خۆبەدەستەوەدان بن و توانا هێزیان تیژتربکەن بۆ ڕووبەڕوو بوونی ئەو چارەسەری یانەی ئیمپریالیزمەکان دەیانەوێت بیسەپێنن و لایەنی تەواوی گەرانەوەی هەموو خاکەزەوتکراوەکان بکرن .

ئەمەش شتێکی کوتوپڕی و لە ناکاویدا نی یە کە ڕایەڕینی جەماوەری خاکی داگیرکراو بەرەبەرە پێتەو ڕواڵەتی بەرگری کردنی ئازایانەی بەرامبەر داگیرکەری زایۆنیزم تیژتربێت بە تایبەتی لەم کاتانەدا کە ڕژێمی سوریای لە ڕێ لادەرو هێزە کۆشەگیرە ئەڵقە لە گوێ دڕەکان خەریکن هێرشەکانیان بەرەیێدەدەن ڕژی بەرگری فەلەستینی و بزووتنەوەی نیشتمانیی لوبنانی و دڕندە ترین کوشتار بەرپادەکەن دژی دانیشتووانی هەوارگە فەلەستینی یەکان .

هەواڵەکان وایان ڕاگەیاند کە جەماوەری ئەوەی بەیداخی ڕەشیان هەڵگردووە بۆ دەربڕینی ناخوشی خۆیان سەبارەت بە ڕژحی شەهیدانی شۆڕشی فەلەستین و بزووتنەوەی نیشتمانیی لوبنانی ، ئەوانەی بە گوللەی هێزەکانی ڕژێمی لەڕێلادەرو ئەڵقە لە گوێی دیمەشق شەهیدکران . لەناو جەرگەی ڕایەڕینەکەدا یەکێك لە قوتابخانەکانی شاری (طولکرم) ناوی (فەلەستین)ی لە خۆی نابوو لە داخی دەستەڵاتدارێتیی داگیرکەری زایۆنیزم .

خەباتی گەلی فەلەستین لەخاکی داگیرکراوو لە دەرەوەی لە بڕوا بەخۆبوونی ئەم گەلەوەیە بە تەواوی مافە نیشتمانیەکانی و سووربوونی ئازایانەی لەسەر درێژە پیدانی خۆڕاگرتن و خەباتکردن شان بەشان هەموو جەماوەری نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی ناوچەکە دژی هەموو نەخشە پڕ لە تاوانەکانی ئیمپریالیزمزایۆنیزم کە مەبەستی چەسپاندنی بوونی زایۆنیزمو ژاڵبوونی دەستەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا .

ئەم گەلە قارەمانە لە خەباتکردندا بەردەوام دەبێت، ئەو خەباتکردنەی داستانی خۆڕاگرتنی ـ تل الزعتر ـی دروستکردو ئەلایەنقارەمانیەتی و فیداکاریی یەوە هیچ داستانێکی خۆڕاگرتنی چەرخی نوێی نایگاتی .

هەروەها بەردەوام لە خەباتی ڕەوایدا دەبێت لە ڕێگای ڕزگار کردنی تەواوی خاکی داگیرکراوو ڕاوەستان دژی ئەو پیلانو ئەخشە خیانەتکاریو هێرشە ناڕەوایانەی ژژنەی سوریا لە بانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم ئەرتووئەتی یە ئەستۆی خۆی دژی شۆڕشی فەلەستینی و ئەوانی هاوپەیمانیو پشتگیریی دەکەن

ئێستگەی کوردیو

ئەرکی قۆناغی نوێ

مکرم رشید تاڵەبانی

وڵاتەکەمان ئیستا وا لە پەرەسەندنو پێشکەوتنو گۆڕانی سۆسیالیستانەدایە ، ئەم گۆڕانو پەرەسەندنە هەموو سووچو قوژبنو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵەکەمانی گرتووەتەوە ، بۆیە لەسەرمانە وەکوو هاونیشتمانیەکی لێپرسراو بەشداری بەرەو پێشەوەبردنی وڵاتە کەمان بکەین ، بە ئەو پەڕی لە خۆبوردنەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی بزانین و هەرچی کەمو کوڕی یەکمان بەدی کرد ، لە هەر مەیدانێکدا بوو ، بەنجەی بۆ درێژبکەین، نەك بە مەبەستی ڕەخنە لێگرتن ، بەڵکوو بە مەبەستی دەرخستنی ئەو کەمو کوڕیانە، تاوەکوو هەموو ئاگاداری یەکتربین و بتوانین ئەو کەمو کوڕیانە لابەرین و ڕێگە پتر خۆش بکەین بۆ پەرەسەندنو گەشەسەندن بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونی فراوان .

لێرەدا مەبەستم لەم پێشەکیی یە ئەوەبوو تا بتوانم بچمە ناو باسەکەوەو هەندێك شت دەربارەی باری ئیزگەی کوردی بخەمە پێش چاو . هەروەك زانراوە کە ئیزگە ، وەك دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن ، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەری دانیشتووان ، باش ترین هۆیشە بۆ ئاگادار کردنەوەو بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری جۆراو جۆر بەناو جەماوەردا ، ئەویش بە ئاسان ترین ڕێگاو بە زوو ترین کات ، بەهۆی بڵاوی ی ڕادیۆوەکە هیچ مالێکی لێبێ بەش نی یە بۆیە پێویستە بایەخ بە ئیزگە بدرێت .

کە شۆڕشی حەفدەی گەلاوێژ هاتە کایەوە ، زۆر بایەخی دا بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و بە ئیزگەو تەلەفزیون بەتایبەتی، ئیزگەی کوردیش بێبەش نەبوو لەو بایەخ پێدانە ، بەڵکوو ماوەی پرۆگرامەکانی پتر کراوبوو بە بەرێوەبەرێتی و چەند بەرنامەو پرۆگرامی نوێ هاتنەکایەوە .

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك شتی شایستە هەیە دەیخەینە ڕوو ، دەبێت پشتگوێ نەخرێن و چارەسەری ی بنەڕەتی بکرێت هەروەك دەزانین ئیزگەی کوردی لە ساڵانی پەنجاوە دامەزراوە ، لەگەڵ تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرە بەسەر ئیزگەیەکی وادا کە ڕووی قسەی لە چەند ملیۆن گوێگرێك بێت ، تاکوو ئیستاش هەر لە سەر چەند شەپۆلێکی کورت و تەنیا شەپۆلێکی ناوەندی ئیش دەکات ، کە نەك هەر لە بەغدادا نابیسرێن بەڵکوو لە زۆر جێگا گوێی هیچ کەسێك زاخاو ناداتەوە ، ئەکەر پرۆگرامەکانی بیستران ئەوا ئەوەند خرۆخاش و گیزەگیزی ئەگەڵە کە هیچ مرۆڤێك لێی تێنەگات ، بۆیە بەو پەڕی دڵسۆزی یەوە دەڵێین پێویستە شەپۆلێکی ناوەندی درێژایی یەکەی لە ئێوان سێ سەد تا سێ سەدو پەنجا مەترەیەك بێت بۆ ئیزگەی کوردی تەرخان بکرێت ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان دەنگی شورش بگاتە ئەوبەڕی ئەو جێگایانەی گوێ لە پرۆگرامی ئیزگەکە دەگرن تا هەموو تێی بگەن و سوودی لێوەربگرن ، چونکە هەروەکوو لە سەرەوە ووتمان ئێمە ئیستا بە قۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕین بۆیە پێویستە بتر ڕێ خۆش بکەین بۆ ئامادەکردنی هەڵو مەرجی زوو بە ئامانج گەیشتن .

شتێکی تری ئیزگەی کوردی سەرنجی ڕاکێشاوین، ئەوەش نازانم هۆی کەمی کادیری کوردی زانە یان هۆی گوێ پێنەدانە . ئەوەش ئەوەیە کاتێك دەنگو باس بەزمانی کوردی پێشکەش دەکرێت بەهەموو لەهجەکانەوە بریتی یە لە چەند ڕستەی شێواوی بچڕبچڕی لە کوردی نەچوو کەس لێی تێ ناگات ، بەڵکوو ئەگەر هەر کەسێك گوێی لێبێت کوتوپڕ ڕادیۆکە دەمکوت دەکات و مێشکی خۆی لەو ووشەو ڕستە بچڕبچڕانە ڕزگار دەکات بۆئەوەی هێقی نەیەتەوە بۆیە پێویستە بۆ چارەسەر کردنی ئەم دیاردەیە ئەو دەنگو باسەی کە پێشکەش دەکرێت بکرێتە کوردی یەکی ڕەوان لەگەڵ هەر گوێگران بەڵکوو هەموو جووتیارێکی لێ تێ بگات بۆ ئەوەی پەنا نەبەنە بەر ئیزگە بدرێت .

کە ئەبەنە بەر ئیزگەکانی تر کە بە کوردی بەرنامەکانیان بەخش دەکەنەوە ، ئەمەش زمانی کوردی لە شێواندن ڕزگار دەکات ، وا لە گوێگر دەکات گوێ لە پرۆگرامەکانی ئیزگە بگرێتو بەنا نەباتە بەر ئیزگەکانی بێگانە .

هەروەها ئەو شێوازەی ئیزگەی کوردی لەسەر دەڕوات لام وایە پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی هەر بە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو پرۆگرامەکانی پێش کەش بکرێن بەڵام بۆ گۆڕانی ئەوا هەر بەو شێوەی پێی ووترا وەکوو خۆی بڵاوبکرێتەوە بەمە زمانەکە لە دابەش کردنو دابڕین ڕزگاری دەبێت .

هەروەها پێویستە کادیری زاناو ڕۆشنبیر لە ئیزگەکەدا بەشدار بکرێت بۆ پێش خستنی و بەرەپێدانی تا دەنگی شۆڕش و ئەو گۆڕانانەی ڕوودەدەن بگاتە هەموو سووچێکی وڵات سەراپا گوندو لادێو شارەکان ..

هیوام وایە بەو پەڕی سنگ فراوانی یەوە گوێ بۆ ئەم سەرنجانە شل بکرێتو بایەخی پێبدرێت و سوودی لێوەربگیردرێت .

Institut Kurde de Paris

لە ئاوڕی ئەدەبدا

(ڕەخنەیەك !؟!) و نامەیەکی (ڕەخنەگر !؟!)ە کە

صلاح شوان

● ئەدەب ئەگەر چیش بەیوەندییەکی بنەڕەتی بە تاکە ئەسەوە هەیەو ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەیەك کە سەوە پەیدا ئەبێتو دێتەکایەوە .. بەڵام هەرگیز ئەوەندە ئەسك مەبەستو بێبایەخ نییە ، کەسێك بۆ مەستێکی ڕۆژانەی بێسوودی خۆی بەکار بهێنێتو ، بەبێودانگە نوێیە پێشکەوتووەکان ، ناویشی هەر « ئەدەب » بێت . چونکە ئەدەب زۆر لەوە گەورەترە .

● بەڵام زۆریش ئاساییە کەسێك ـ لەبەر ئەزانی و ساویلکەیی بێت ، یان لە زۆرزانی و فێڵبازییەوە ـ هەلسێتو ، هەر بۆ هەوەسێکی یان مەبەستێکی تایبەتی بێناوەڕۆکی خۆی ، یان یەکێکی تر شیعرێك ، « چیرۆکێك » ، « ڕەخنە یەك » ، « وتارێك » .. هتد بنووسێت . هەر وەها زۆریش ئاساییە ئەدیبە « ڕاستەقینە » کان ئەم جۆرە کەسانە لە ئەدەب بەدەر بکەنو « هەقی خۆی لەمستی خۆی» بنێن ..

● لەمەوبەر ، پەنجەمان بۆ چەند شتێکی لەم بابەتانە درێژ کردووە ، وائیستاش بە بەلگەوە شتێکی ترتان ئەخەینە بەرچاو ، بە هیوای بنبڕکردنو وازهێنان لەم جۆرە ، ڕەفتارەی کە خزمەتی هیچ کەسێك ناکات :

ـ کاك « محمد فریق حسن » لەژمارە «٣٢٥»ی ڕۆژنامەکەماندا « چەند سەرنجێك »ی لەسەر « گێژاو »ەکەی کاك سەلام مەنمی نووسیبوو ، بڵاویش کرایەوە .. تا ئێرە مەسەلەکە هێشتا هەر ئاساییە ، بەڵام سەیر ئەوەیە « ڕەخنەگر » لەگەل بڵاو کردنەوەی چەندسەرنجەکەی دانامەیەکی « تایبەتی »شی بۆ « چیرۆك نووس » ناردووەو ... دوای ئەوەش وتوویەتی گوایە ئەو سەرنجانەی لەکاتی هەڵچوونو تووڕە بوون لە چیرۆك نووس نوسیوە !؟ .

ـ هەڵچوون ، وەکو بارێکی دەروونی لە چەند سەعاتێك بەدواوە دائەمرکێتەوەو ، ڕێگای بیرکردنەوەی ناچەواشە بۆ ئادەمیزاد بەرەڵا ئەکات ، بۆ ئەوەی لە هەلەکەی پاشکەزبێتەوە .

ـ بەڵام ئەگەر پاش ئەوە ئەوکەسە بەکارێکی تری هوشیارانە هەوڵی نوقوم کردنی کاری یەکەمی بدات ، بەشێوەیەکی نائاساییش ، ئەمە لە دادگادا بە « سبق الاصرار » دائەنرێتو کاری سات و ، بارێکی دەروونی نائاسایی نییەو .. سزای لەسەرە ..

ـ ئێمەش لەگەل کاك سەلام مەنمیدا بریاردان لەسەر ئەم کارەو مەبەستی ڕاستەقینەی سەرنجەکان، وەکو خۆی ، بۆ خوێنەرانو ، تێکڕای ئەدیبان ئەهێڵینەوە ، پاش ئەوەی « بەلگە » کە بە دەستخەتو ئیمزای نووسەرەکەوە ئەخەینە بەردەست :


کاك سەلام مەنمی ڕۆژباش .
تکایە بێشەکی ئاگادار بە ئەگەر وەڵامی (ڕەخنە) کەی ئاوەدانی ئەدەبە ، لەژێر ناوی خۆتا یان هەر ناوێکدا بێت ، ئەوا ناچارم بکەومە لێکۆڵینەوەی گلێنەی گژیچەدراو ـ و بەدواباندا وەکو نامیلکەیەك چاپیان بکەمو بە نووترین کات بڵاوی بکەمەوە بە نوسخە گالتە جاڕیەکەی خۆم .. کە ئەگەر ڕۆژنامەیەکی دوای ئەوەش ئەم بڕیارەت بڵاو کردەوە لە ڕۆژنامەیەکدا منیش بە دوایدا ڕەخنەیەکی لێ ئەگرم . جا بۆچی ؟ ئەوەتا ئێستا ئەو دەنگەو ئەمە دەنگ .. کەیفی خۆشە .. هەتا لەنامو ئەمەیش ناکەم .. ئەمانە چاوەڕوانی وەڵامی ئەم نامەیەش نیم .. تەنیا بۆ ئاگاداری ئەم نامەیەم نووسی
٩٧٦/٧/١٢
م . ق

سەرنج

دەقی نامەکەی کاك فریق حسن کە بە ئیمزای « م . ف » بۆ کاك سەلام مەنمی نووسیوە ئەویش بۆ ئێمەی ناردووە تا بڵاوی بکەینەوە لێرەداتا خوێنەری بەڕێز ڕاستی لێ وون نەبێ لەگەل زنگرافی نامەکە دەقەکەی دووبارە ئەکەینەوەو وەك خۆی :

کاك سەلام مەنمی ڕۆژباش .

تکایە بێشەکی ئاگادار بە ئەگەر وەڵامی (ڕەخنە)کەی هاوکاری بدەیتەوە ، لەژێر ناوی خۆتا یان هەر ناوێکدا بێت ، ئەوا ناچارم بکەومە لێکۆڵینەوەی ـ گلێنەی گژیچەدراو ـ و بەدواباندا وەکو نامیلکەیەك چاپیان بکەمەو بەزووترین کات بڵاوی بکەمەوە ، بەئوسلوبە گالتە جاڕیەکەی خۆم .. کە ئەزانم ڕۆژت بێ ناخۆشە . دوای ئەوەش هەر دێریکت بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامەیەکدا منیش بە دوایدا ڕەخنەیەکی لێ ئەگرم . جا بۆچی ؟ ئەوەتلا ئێستا ئەو دەنگەو ئەمە دەنگ .. کەیفی خۆشە .. هەتا لەنامو ئەمەیش ناکەم .. ئەمانە چاوەڕوانی وەڵامی ئەم نامەیەش نیم .. تەنیا بۆ ئاگاداری ئەم نامەیەم نووسی

چیرۆك

ئەوبەلەمە تەنهایە

نووسینی : ابراهیم کانی

دوکتور لە قسەکانی بوەوەو وتی :

ـ هەر ئەوەتا .. هیچ چارەیەك نییە .

چەند ساتێك بێدەنگی هەردووکیانی داگرت . ئەوسا کابرا سەری هەڵبڕیو بەدەنگێکی خنکاو پرسی :

ـ هیچ هیوایەك نییە .. هەرهیچ ؟!.

دوکتۆر وەك کەڕو لاڵێك سەرنجی لێگیر کرد .. ئاڵومێدی لە چاوەکانیدا خۆی دەنواند . ئینجا سەرێکی بۆ ڕاوە شاندو هیچی نەووت .

کابرا سەری داخستەوە . لە چوار گۆشە سوورەکانی ئەرزەکە ورد بوەوە . بەدوایاندا چوو تا بنایی نیشتە سەر ڕووخساری سیستەرەکە ، کە لە تەرەفی ئەوبەری ژوورەکەدا خەریکی نووسین بوو . چەند ساتێك تێی وردبوەوە . ئینجا بە هێواشی هەڵسایە سەرپێ . بە ورتەورتێك سوپاسی دوکتۆری کردو بێئەوەی ئەوقەی لەگەل بکا چووە دەرەوە .

●

کە خۆی کرد بە ژوورا ، سەری سوڕما کە دی لە ماڵەوەیە . لە هۆڵەکەدا لەسەر قەنەفەیەك دانیشتبوو .. یەکێ لە ژورەوی بە خوری بەکانی دەم دروەوە . بێ ئەوەی سەر لە ژورەوی بەکە هەڵبڕی ، چاوی تێبڕی . شێوەی تێ روانینەکەی بە پەرۆشی و شکستەیی و هیوای پێکەوە دەنواند .

چاکەتەکەی داکەندو بەدەمی یەوە پرسی :

ـ چاوەڕێم دەکرد لە ئیش بووتایە .

بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەرامی لێبکا ، چوو بەرەو مووبەق . جەزوەکەی پرکرد لە ئاوو خستی یە سەر ئاژەکە بەو نیازەی فنجانێ قاوە بۆ خۆی ئامادە بکا . دوای چەند ساتێ گوێی لێبوو دەیووت :

ـ هەستم کرد باش نیم ، بۆیە نەچووم .

ئەڕایەوە هۆڵەکە . فنجانی قاوەی بۆ ئەویش تیکرد . باکەتە جگەرەکەی لەگیرفانی چاکەتە هەڵواسراوەکەی دەرکێشا . جگەرەیەکی ئاگرداو باڵی لێدایەوە . ئەو هەر خەریکی گژەوەی یەکە بوو . خوی وا نیشاندەدا کە گوێ ناداتێ . بەڵام لێوی خوارەوەی بە توندی دەلەرزی .

بەدەم قوم لێدانی قاوەکەوە پێی وت :

ـ ئەبوایە بچووتیایە بۆ سەر ئیشەکەت .

بێ ئەوەی سەر لە گۆڕەوی یەکە هەڵبڕێ پرسی :

ـ چیوت ؟!.

وەرامی نەدایەوە . هەر قومی لە قاوەکە دەداو مژی لە جگەرەکەی گیر دەکرد . تا دوایی ئەو زۆری لەخۆی کرد بتوانی سەیری بکاو وتی :

ـ وام بۆ دەرئەکەوێ کە ...

جاوانیان بە یەکتر کەیشتنو بینایی یان ڕوو بە ڕووی یەکتر بوونەوە ، قسەکە بەسەر لیوی یەوە خنکا . خۆی کپ کردو لەجاوەڕواندا وەستا .. لە کاتیکدا ئەم تەنها سەری بە هێواشی بۆ ڕاوە شاند .

بەدەنگێکی پڕ لە ئەندیشەوە پرسی :

ـ من ؟!

سەر لە نوێ سەری بۆ ڕاوەشاندەوە . ئەوسا چاوی لێگواستەوە سەر مێزە بچکۆلەکەی بەردەمیان . تا فنجانە قاوەکە ڕزگاری کرد . دەستی بۆ بردو قومێکی لێدا . سەرنجیدا دەستی کەمێ لەرزی . فنجانەکەی دانا . مژێکی خێرای لە جگەرەکەداو بە تیلەی چاو سەیرێکی ئەوی کرد . ئەو چاوی بەسەر هەڵمی قاوەکەدا ڕوا بوو . ئاژەوی خوریەکە لەگۆشیا مت بووبوو . ڕەنگی هەڵبزرکا بوو . لێوی خوارەوەی بەردەوام دەلەرزی .

چەند دەقیقەیەك هەروا بەبێ دەنگی مانەوە . تا جگەرەی سێهەمی ئاگرداو کەوتە مژلێدانی ، وتی :

ـ قاوەکەت سارد بووەوە .

هێشتا هەر ئەرزبوو . چاوی هەربڕی بوە فنجانە قاوەکە . ئەم ئەیزانی ئەترسی ببزوێ .. ئەترسێ دەس بەرێ بۆ فنجانەکە . ئەوەکوو بلەرزێو لەدەستی بەربێتەوە ، کە بەوە ئەندیشەکەی ناخی دەکەوێتەروو . ئاواتەخواز بوو بتوانێ فنجانەکەی بۆ بەرز بکاتەوە .. بەدەستی خۆی بیکا بە دەمی یەوە .

بەڵام ترسا لەوەی هێندەی تر خەفەت بخوا .

لە ئەنجامدا ئەو هەڵسا . خۆی کرد بە حەمامەکەدا . دوای چەند ساتێ خوڕەخوڕی ئاوەکەی هاتە بەر گوی . بەڵام ئێستەو ئەوسا هەنسکی لێ نەبیست .

بۆ ماوەیەکی زۆر هەولی دا بنوێ . دەستی نا بە دوگمەکەداو ئاو ژوورەکە ڕووناك بوەوە . دەستی برد جگەرەیەکی دەرهێنا . گوێی ڕایەڵ کرد بۆ هەناسەدانی . هێشتا نەنوستبوو . ڕاست بوەوەو لەسەر چرپاکە دانیشتو باڵی دا بە دیوارەکەوە . وتی :

ـ من قەت بو هیچ شتێك زۆرت لێ ناکەم .

ئەو تەرەفی بێخەفەکەی لەسەر خۆی لادا . ئینجا دوای تۆزێ بێ دەنگی وتی :

ـ بەڵام تۆخۆت ئەزانیت من ناتوانم ڕازی بم بەوەی ژنێکی ترت هەبێ !.

دلنەوازی کردو تەقەلای دا ئاسایی بێ :

ـ ئاخر ئەوەت لەبیر نەچی کە تۆ جوانیت سەرباری ئەوەی هێشتا کەچیشت .

بەگالتە پێهاتنەوە وەرامی دایەوە :

ـ جوانیت .. کەنجیت .. بەڵام ئێستا ئەم قسانە بۆشن .. شتی زۆر گرنگ تر هەیە .

ـ بەڵام ئەو شتەش هەموو شت نییە لە ژیاندا .

ـ با .. شتی هەرە گرنگە پێدەنگی بە باشتر زانی . خۆی ئاخنیە ناو پێخەفەکەوە . گوێی لێبوو بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەو خەفەتەوە پێ دەووت :

ـ سبەینێ گەلو ئەلەکانم دەپێچمەوە .. گوێ مەدەری .. هەوڵدە بخەویت .

کە ئەڕایەوە ماڵەوە ، یەکەم شت دیواری هۆڵەکە سەرنجی ڕاکێشا . وێنەکەی ئەوی پێوە نەمابوو . کە بەرەو ژووری نوستنەکەیان چوو ، هەستی بە تەنگەتەفەسی کرد . وێنەکەیان پێکەوە بە بەرگی زەماوەندیانەوە ، هێشتا هەر لە سەر بوفێکە بوو . دەرگای کەنتۆرەکەی کردەوە . بۆنی عەترەکەی هات بەسەریا ... ئەو عەترەی بۆنێنی تایبەتیشی تێکەڵە . زیاتر تەنگە ئەفەس بوو . لە ژوورەکە چوە دەرەوەو ڕووی کردە مووبەقەکە قاوەیەك بۆخۆی ئامادەکا .

هەموو شتێکی مووبەقەکە ڕێك و پێك بوو . ئەرزەکەی پاك شۆڕابوو . هەستی بە تەنهایی یەکی جەرگ بڕ کرد . تەنگە ئەفەسی یەکە زەیفی لێ سەند .. چوە دەرەوە .

عبدالکریم دوای ئەوەی دوو فنجان قاوەی ئێکسپرنسی داوا کرد ، وتی :

ـ پێنج سال خۆشەویستی .. سیانیا بەژنو مێردایەتی .. ئازانم چۆن لەوەبەر بیرتان لەسەر نەکردبوەوە ؟!

ـ بیری ئاسۆی سەر دەریای دەکرد کە لە وەرامدا وتی :

ـ خۆشەویستی هەموو شتێکی لەبیر بردبوونەوە .

ـ هیچ شوایەکی چاو کردنی لێ ناکرێ ؟!.

سەری (ئەەی بۆ بڕواند . قاوەکەیان بژهات . لەسەر خۆ قومی لێدا . تا عبدالکریم وتی:

ـ بەڵام تۆ خۆشت دەوێ .. بیری لێ بکەرەوە .. منال هەموو شتێك نییە لە ژیاندا .

بە ئائومێدی یەوە وتی :

ـ ئەی ژیان بەبێ منال بایەخی چییە .

عبدالکریم دەپڕوانی یە

پڕوانە ـ ل ـ ٥

ورشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی

لە نێوان « ڕۆشنبیری » یەوە

حسین عارف

تیرو توانجو بلارو تانووت لێدانی شەخسی لە کێژی ڕەخنە گریو لێکۆڵینەوەدا ، دیاردەیەکی ئاشکراو لە ڕووەو هەموو هەستی بێدەکەین . بەڵام هەر لە نێوانی ئەوەوە ، من هەستم بە دیاردەیەکی تر کردوە کە ئەگەر بەسەرزاری باشەرۆژیا بەچکەیەتی، بەڵام لە ڕاستیدا ماکەکەیەتیو سەرنج لێدانی وردیو شی کردنەوەی ، تەواو لە جەمسەری دیاردە گەورەکەمان نزیك دەکاتەوە .

ئەوە هەروا لەگەلما سەرنجدەن .. برادەرێك دێو ڕەخنەیەکی پڕ لە بلارو تیرو توانج لە بەرهەمی برادەرێکی تر دەگرێ . ئینجا ڕەخنە لێگیراو خۆی یا تەرەفێکی سێهەم دێتو بە تایبەتی دەس دەداتە قەلەمو بەو نیازە دەنووسێ کە ئەو شێوەی بلارو تانووت لێدانە گوناهبار بکاتو بڵێ : « کاکی خۆم .. ڕەخنە ناپێ بڕیتی یێ لە سەرو بۆتەلاك کوتا ندنەوە . بەلکوو دەبێ هێمنو لەسەر خۆو مەوزووعیو سەنگینو بێ غەرەزوراستگۆو دلسۆزانەبێ » ئەیزۆر باشە .. ئەمە ڕاستەو کارێکی بیرۆزە . گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم لەو ساتەدا وەهای نیازەو ڕەنگە لە دڵی خۆیدا بڵێ : ئێستا من بە (منطق)و بەڵگەی مەوزووعیو بە هێمنیو ئاغریو قسەی شیرینو بەچێ ، کارێکی وەها دەکەم ئەو لە لای خۆیەوە ، لە بلارو تیرو توانجەکانی خۆی تەریق بێتەوە .

کەچی .. دەبینی هەر جوار ـ پێنج دێری سەرەتایەو لەم ڕووەوە دلخۆش دەکا . ئەگینا ئیتر کە دەدا بە دەمیەوە ، فڕی بەسەر ئەو بەلێنو بڕیارەی خۆیەوە نامێنێو لە بری گوناهبار کردنی دیاردەکە ، ئەم خۆشی دێت ئاگرەکەی هێندەی تر خۆش دەکاو چەندە ڕەخنەگرەکە تانووتی هاتیشتشوە ، ئەم دە ئەوەندەی تێدەگرێتەوە !! سەیرە .. من دەزانم ئەو بڕادەرە (کە دەزانین بە ج نیازێك دەستی کردە بووسین) تا نووسینەکەی دەنێرێ بۆ بڵاو کردنەوە ، ناچار دەبێ بە لایەنی کەمەوە سێ جار بیدا بێتەوە . واتە سێ جار بلارو تیرو توانجەکانی خۆی دەکەوونەوە بەرچاوی .. سێ جار سەبارەت بە بڕیارو بەڵێنەکەی، دەکەوێتە بەر تاقی کردنەوەوە . کەچی هەر وەك چاوبەست کرابێو بیرو هۆشی جەرێنرابن ، بە سەریا تێدەبەڕنو لەو سەرەوە بە چاکراوی بۆی دێنەوە !!

دەبێ هۆی ئەمە چی بێ ؟! بەڵێ .. دواکەوتوویی لە ڕووی شارستانێتی یەوەو نزمی ڕادەی ڕۆشنبیریو زانستیو کۆیو لاوازی لە ئیدراکو (وعی)داو ساوایی ئەم لقەی ئەدەب لە لای ئێمە ، هۆی مەوزووعینو ئابلووقەی قەلەمەکەی دەستی ئەو برادەرەیان داوە . بەڵام لە باڵیاندا هۆیەکی (ذاتی) کە لە ڕاستیدا خولقاوی دەستی هۆیە مەوزووعی یەکانە ، لەکایەدایەو لە دیوی ناوەوەیدا .. لە قووڵایی دەروونیا ، کاری تەلیسماوی خۆی دەکاو لەو ساتانەدا لە ئیرادەی دەخاتو بڕیارو بەڵێنەکەی گۆڕو تفلیج دەکا .

من دڵنیام کە زۆربەی نموونەی ئەو جۆرە برادەرە ، ساتێ بڕیارو بەڵێنەکە دەدەنو دەس دەکەنە نووسین ، دڵسۆزو ڕاستگۆیو کەمیان بێشەکی بڕیاری سەرو پۆتەلاك شکاندنی ئەقەستیان داوە . بەڵام هەر هێندەی بەدەم نووسینەوە کەوتنە سەر هەوای خۆیان ، ئیتر وردە وردە مێردەزمەی هەستی تۆڵە سەندنەوەی مەتو مەلاسی قووڵایی ناخیان سەر بەرز دەکاتەوە .. دەبزوێ .. تەکان دەداو سواری کۆڵی قەلەمەکەیان دەبێ . ئەوان لە ئیرادە دەخاتو خۆی دەنووسێ ! شاڵاو دەباو بە ڕاستو چەپدا گورز دەوەشێنێ . بە بێ ئاگای ئەو کام تیرو توانج گورچك بڕە .. کام بلارو تانووت دەدا لە مۆخ، ڕیزیان دەکاتە سەر قاقەزە سپیی یەکەو دەیان هاوێژێ! تەنانەت کاتێ جارێكو دووانو سیانیش بێدا دەچنەوە هێشتا هەر ئەو سەروەرەو چلەو کێش . دەنا لە یەکێك لەو جارانەدا بە خۆی دەزانیو هەر هیچ ئەبێ نەك بڵێی نووسینەکەی دەدڕاندو لە نووکەوە دەستی پێدەکردەوە ، بەلکوو تەنها خەتێکی بە بلارو تانووتەکاندا دەهێناو سووکە دەسکاری یەکی ئەم ڕستەو ئەودێڕی دەکردو بەوە لە وەختی خۆیدا بە فریا دەکەوت .. مێردەزمەکەی لە کۆڵی قەلەمەکەی فڕێ دەدایە خوار .. دەبووەو خاوەنی ئیرادە ئاگاو هۆشەکەی سەرەتای دەس پێکردنی بە نووسینو بڕیارو بەڵێنەکەی خۆی بەجێ دەهێنا .

واتە هۆی هەرە کاریگەر بە دیوی ناوەوەی مەسەلەکەداو لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ، ئەو گیانی تیرە گەریە پشتاو پشتە یە کە هێشتا لە قووڵایی ناخی ئەو برادەرانەدا خۆی مەلاس داوەو هەر هێندەی دەرفەتی بۆ هەلکەوت شاڵاو دەبا !

پڕوشەی وێنەکانم

محمد سعید

ووبستم !
هیشویەکی ،
ووشەی نازی ،دەنگیدڵم ،
لە میوانکای
ئازارەکانتا ، دابنێم ،
ووبستم
تانگەی هەستم
بڕژێنمە .. جوانی
چاوتەوە ،
سەرمایە بم ..
هەوری ئامانج .. بگرێنمو
سوبراوکەی ڕوی ..
هیواکانت ، بشۆمەوە
تینویەبم !
لەسەر چاوەی .
گزنگی ، دەم کەلەکان
زبانی تینوی ..
خۆشەویستیم
لەلەك ئۆدا ، بڕەوێنمەوە
یان نانێم !..
بچمە ، کەروی برسیتەوە
دەنگێم ..
بێمە ، دەنگتەوە
دەنگێم ..
بێمە ، دەنگتەوە

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ «کریستان غازی»دا

((بۆ کوژران ؟)) فلیمەکە، کۆشەگیرەکان تاوانبارئەکات‌و ڕەخنە لە هەس‌و کەوتە هەڵەکان ئەگرێت .

سینەما بە توانا تەرین هونەرە کە بتوانێ لە خەڵك نزیك بێتەوە کاتێ مرۆڤ دێ بارێکی ناڕەباز و دامر کینەرئەوەستێت ، کاتێ کە نارەزای‌خۆی بەرانبەر کۆمەڵگایەکی دەرەبەگیانەو دواکەوتوانەو تایفەگەریانە دەرئەبڕێت . ئەمە بە هیچ شێوەیەك ئەو ناگەیەنێ کە مرۆڤ لەکۆمەڵگای خۆی بڕاوەودەستی لێ‌بشوردووە .

لەم زەمینەوە ، دەژگا ئاڵاداڕەکانی هەموو هێزە ڕێشکەو‌تنخوازەکان لە لوبنان‌دارۆناکی ئەخەنە سەر ئەو هەڵانەی کە کراون - ئەگەر هەڵەی تاقەکەسیانەش بێت - بەڵام سیمای ئەو بارەهەگرتووە کە هەس‌و کەوتی کۆشەگیرەکان ،بۆ چەوسانەوەی دەسەڵات داری‌و ، هەڵپەڕستی‌وو .. هتد ڕەفز بکات .

وا دیارە کە کرداری ڕەخنە لە خۆگرتن تەنیا لەسەر ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری‌و ئامرازی هوشیار کردنەوە نەوەستاوە ، بەڵکو هەموو جۆرە هێزەکانی جەماوەر ئەگرێتەوە . هەر ئەم کارەش بوو کە لیژنەی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی سەر بە بەرەی میللی رزگاری خوازی‌فەلەستین هێنایەدی کاتێ کە داوا لە دەرهێنەری سینەمایی لوبنانی کریستیان غازی کرد ، فلمێك کە لەم مە سەلەیە بدوێت دەربهێنێت .

((بۆ کوژران؟)) ، ناونیشانی فلیمەکەیە بەڵام کوژراوەکان کێ‌بوون ؟ ئەوان دانیشتوانی کێ‌ەنتینا - موسەلەخن !

وە کاتی سەر سورمانی خۆمان بەرانبەر ناکۆکی نێوان مەبەستی فلیمەکە یاخود کرداری ڕەخنە لە خۆگرتن‌و نێوان هەڵبژاردنی ڕووداو کە با ئاشکرا راست ڕەوەکان تاوانبار لەکات دەرئەبڕین ، دەرهێنەر کریستیان غازی ئاشکرای ئەکات کەهیچ ناکۆکی یەك بە هیچ شێوەیەك نی‌یەو ئەڵێ .

● ئایا ئەتوانین بژانین چۆن کرداری سینەمایی خۆت تەکنیکانە پیشانتدا ؟

بە واتایەکی ترەوە ، کام شێوازت بەکار هێناو ، کەرستەکەت چۆبوو ؟

- وەڵام دانی ئەو پرسیارە بێویستی بەوە هەیە باسی فلیمەکە بە درێژی بکەم ، هەرچۆنی بێت بە گوێرەی توانام هەوڵ ئەدەم فلیمەکە لە بڵەی یەکەمدا وە سائیقی‌و ، کەرستە سەرەکی یەکەی ئادەمیزادە . فلیمەکە جۆرێکە لە تۆژینەوەی راماری ،بەڵام ئێمە بەو تۆژینەوەیە هەڵناستین ، بەڵکو ئەوەمان بۆ جەماوەر داناوە کە خۆی تۆژینەوەی راماری فلیمەکە بکات ، وە لەئاکامی ئەمەشەوە فلیمەکە بە پرسیار دەستی پێ‌کردو ، بە پرسیار کۆتایی هاتەوە .

دیمەنی یەکەمی فلیمەکە ، بە شێوەیەکی داستانانە دەست پێ ئەکات : پیرەژنێك لە موسەلەخ‌دا داستانی نەوەکەی کە ناوی بیلالە ئەگێڕێتەوە ، لەو کاتەی کە خۆی بە قورمیش کردنی‌تەقەمەنی‌یەکان خەریك کردبوو داوای لێ‌کرد، خەلك نەکوژێت ، نەوەکەی داوای هەلهەلەیەك لێ‌ئەکات . هەلهەلەش ڕەمزە بۆ شەهیدی فەلەستینی بلالیش ئەزرە بۆ شەهیدبوون . ئەو شێوازەی لێرەدا لەکار هێنراوە شێوەی ڕەمزی وەرگرتووەو ، شێوازی جیاوازی لەنێوان زمان دیمەنی سینەمایی شان بەشانی ئەڕوات .

لەو کاتەی کە پیرەژنەکە بە دەنگێکی بەرزەوە باسی باڵەوانێتی بیلالی بەرجەرگ‌و، زیرەکی یەکەی‌و ، خاوەن شکۆی‌یەتەکەی ، کە هەموو ئافرەتێك سەودای ئەبێت ئەکرد .. وێنەی وێران‌بوون لە موسەلەخ لەگەڵ دەنگی داستانەکە یەك ئەگرتەوە .

کریستیان غازی لەسەر قسەکانی بەردەوام ئەبێت‌و ئەڵێت .

شێوەی پێچەوانەشمان گرتەبەر ، واتە شێوەی راستەوخۆ ، ئەمەش بە هۆی قسەکردنی ئەمین‌و بەشیر جەمیل بە دەنگی خۆیان بە زمانی ئینگلیزی بەرانبەر بە دوانێکی زاهیر خەتیب . بە ناچاری پەنامان بردە بەر شێوازی ئیشانەگەری لە پەنای ناکۆکی‌دا . لە کاتێکدا ئەو وێنەیەمان بەچێ هێشت کە بە پاسەوانی سەربازێکی ئیسرائیلی‌و تەنیا زرێپۆشێکەوە چیرۆکی سواری سنوور بڵێتەوە ، یەکێ لە هاوڵاتیانی موسەلەخ بە دەنگی خۆی ئەیگێڕایەوە کە چۆن (٧٥) زرێپۆش‌و تانك بەشداریان لەو شاڵاوە کردووە کە بۆ سەر موسەلەخ کراوە .

ئەمە ، کورتەی بابەتی فلیمەکە بوو ، وە لە راستی‌دا ئێمە پرسیارەکەمان دەربارەی ئەوەبوو ، کە تیرەبازی « الطائفیە » چی ئەگەیەنێت ؟ ئایا لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتی‌یەکانە یان دژیەتی ؟ وە بەو پرسیارە « دوژمنایەتی ئێمەو سەهیونیزم ئێستا گەیشتۆتە چ رادیەك ؟» هەموو ئەوشتانەی ڕەت‌کردەوە کە ئەیویست ڕێڕەوی بنچی جەنگەکە ، کە لە ناکۆکی نەتەوەیی‌و چینایەتی پەیدابووە بۆ جەنگێکی تیرەبازی هەرزان بگۆڕێت .

هونەری کۆن ساواییکە لە سەدەی بیستەم دائەژی

(١) في تاريخ الفن العراقي القديم : الرسم والنقوش الجدارية والفخارية والحجرية وعلاقتها بفنون الاطفال .

زهير غانم

بەشێکە پەیوەندی کۆنە هونەرەکان بە هونەری مناڵە تازە پێگەیشتووەکان(١)دەرئەخات و جۆری سود وەرگرتنی لە قۆناغە جیاجیاکانی قوتابخانەدا دەس نیشان ئەکات .. نوسەر(محمد حسين جودی) لەم شیکردنەوەیەیدا ویستویەتی‌خاسیەتی هاوکێبی نێوان مناڵ‌و پێشینان وەدەرخاتوڵایەنی دارژان‌و زالبوونی (غەریزە)ی دەربڕین‌وراگەیاندنی بیر لە نێوانیانا بچەسپێنی ، لە ڕێی هەندێ‌سێفەتی لە یەکچووی وەکو :

١ - باشترین شێوە :ڕەسم کێشانی روخسارەکان لە شێوەی لاتەنیشت ، کە چۆن سینەو لەش‌و چاوو ددان بە شێوەیەکی دیارو لەبەردەم .

٢ - موبالەغە کردن لە لەشا .

٣ - هێڵی ئاسۆگەیی : ڕەسم کێشانی روخسارەکان لە سەریەك خەت ، یا یەك لەسەر یەك یا ئاسۆگەیی .

٤ - دەربڕینی کات‌و شوێن :

٥ - دیوە دەرەیی : پیشان دانی روخسارەکان لە ئەو دیو روبیوەکانەوە .

٦ - لە یەکچوون : لە یەکچوونی روخساری ڕەسم کراوی نێوە راستی نێگارە کە لەتەك روخسارە ڕەسم کراوەکەی تری ئەو دیو نیگارەکە .

٧ - ڕەمزیەت

٨ - بەکارهێنانی نووسین

٩ - ڕێبازی نەخش‌و نیگارانە .

١٠ - دۆبارە کردنەوە

١١ - میعماریەتی ئەندازەیی : شکاندنی روخسارەکان بەچەند ڕێبازێکی ئەندازەییەوە .

١٢ - تەعبیریەت : دەربڕینی هێزی بازوو لەش

١٣ - مالنج کردن : پیشاندانی تەواوو دیاری شتەکان لەگشت لایەنیکەوە ، وەك بڵێی لە سەرەوە سەیری کرابێ ، سەرەڕای گەلێ روالەتی‌تر .

ئێمەش ئەڵێین : تەنیا بڕیاردان بەم خاسیەتانە ، مانای ئەوە دات بەدەستەوە کە لەیەك نزیك کەوتنێکی شکلی لە نێوانیانا هەیە .. چونکە روخسار ، لە باری سەرنجی هونەرمەندی کۆنا (دەستاوێژێ) بوە و لەجیاتی قسە ، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی‌دا .. ئەبێ ئەوەش بزانین کە مرۆڤی (هونەرمەند) کۆن مەبەستی لە نەخش‌و نیگارا ، چەسپاندنی ئامانجەکانی خۆی بوە ، ئینجا بەیاکردنی دەروازەیێ بۆ هەشتە خولقینەرەکانی سەر بەواقیعی خۆی .

کە چی مناڵ و لەبەر کەم بیر کردنی ، ناتوانێ تصورێکی ئاشکرا پەیا کات ، واتە : خاسیەتی دەربڕینی‌لە یەکچووی لەگەڵ هونەرمەندی کۆن ، لەگەڵ هۆو ئەنجامەکان یەك ناگرێتەوە .. ئائەمەیش جیا بونەوەکەیە .

واتە ڕەسمی سەرەتایی : دەستا وێژێکە بۆ بەچێ گەیاندنی ئامانجێکی کەڵك وەرگرتن .

کەچی ڕەسمی مناڵان : دەست وێژێکە بۆ دەر بڕینی بیرێکی راستەو خۆ یا بە پێچەوانەی .

سەرەڕای ئەوەش ، نوسەر کار تێکردن‌و سروشان‌و بزوتنەوەی کۆمەڵگای لە منال بە دەرکردوە ، سەر باری جیاوازی لە نێوان روخسارە ڕەسم کێشکراوەکانی هەر دو لادا .. ئەمەو گەر هات‌و زانیمان منالی چەرخی بیستەم زو بەزو چەند شتێکی شارستانی و کۆمەڵایەتی ئامادەکراو فێر ئەبێت .. کە چی مرۆڤی کۆن لە سەرەتای هەوڵی دابوو بۆ پەیاکردنی یەکەم قەفی زنجیرەی گەشە سەندنی مرۆڤایەتی .

ئا لێرەوە ئەزانین نوسەر بۆ چ لایەك بایداوە ..! دوای ئەوەی پایە ئەنقەس یا هەر فەرامۆشی ئەم هەمو خاسیەتە بەراورد کراوانەی کردەوە ، کە لە ڕەسمی هاو چەرخا بە دی ئەکەین ، تا بەڵکو زۆربەشی سەر بە ڕێبازی بسیۆریەتیە.

سوریالیزم رو ئەکاتە موبالەغە کردن لە تەنو تێکدانی تەن ، سەرەڕای بەندبوونی بەبارو شێوە باشتر ، سەرەڕای ڕەمزیەت‌و ڕاوکەرەکە جگەرەیەکی ئاگردا .. هاوەڵەکانی خستە بشت‌گوێ و لەدەریاو ئاسۆ ورد ئەبوەوە . جگەرەکەی کێشا . قنچکەکەی تووڕ هەڵداو چوەوە ناو بەلەمەکەی.

هاوەڵەکانی بەدەم مقۆ مقۆو بێکەنینەوە ، بەچاوی گاڵتە پێ‌هاتنەوە بەریان کرد . کۆزیەکانی سەر کۆزنیش هەڵکران . راوکەرەکە بە بەردەمیا .

— بە بن شوورەکەدا کە دەریاو شارەکەی لێك جیا دەکردەوە - رابورد . سەرو ڕووخسارە بەویقارەکەی لەژێر تیشکی خاوی کلۆپەکاندا بەروونی بینی . تۆزێکی راوکردن لە ناو بەلەمەکەیدا بوو . لەگەڵ هەر سەوڵ لیدانیکیدا ، دەنگی ئاهێکی کپی دەهاتە بەرگوێی. کەلێی تیپەڕی ، دوای تۆزێ بەلای چەپدا لایدا . لو کوێوە هاتبوو هەر ڕووی کردەوە ئەوێ . چاوی بەدوادا برد تا چوو بەودیو تاریکاییداو لەناو دەریاکەدا ون بوو . دوای چەند ساتێك دەنگی گەیشتە شوێنی گەیشتە فولکەکە . بەڵای چەدا لایداو بەناو باخچەیەکی بچووکدا تێپەڕێ . کابرایەکی لەناو کابینەی تەلەفۆنەکەدا دی . چەند ساتێ راوەستا دوایی بەرەو کۆرنیش ڕۆیشت . شەمەنگی سەر لە ئێوارەی پایزە هەڵی کردو نیشانەی سەرماو بارانی راگەیاند .

تاچاوی بڕکا بە پانایی دەریادا هەڵیڕوانی ، تا لەگەڵ ئاسۆدا بەیەکیانادا کە (نەورەس) و پاپۆریان لێوە بەدی دەکران .

خۆی نووساندبوو بە شوورەی کورنیشەکەوەو لە ئاسمان‌و نەورەس‌و پاپۆرەکان‌و دەریا ورد ئەبوەوە . سینەی پڕ دەکرد لەو شەماڵە پایزەیەی تێکەڵ بە بۆنی دەریاو ماسی دەبوو . تا وردە وردە تاریکی بەرەو ئەوە چوو بال بکێشێ بە سەر شاردا .

لەوبەری لای چەپی ئاسۆدا بەلەمێکی لەدوور دی ،دەتووت مێشێکەو لە پانایی ئەو دەریا بەرینەدا ون بوە . بەلەمەکە لە ڕۆخی دەریا نزیك بوەوە . راوکەرێکی گەنم ڕەنگی لاوازی بالا ناونجی‌ی سەرو سیما بەویقاری لێدابەزی . بینی لەگەڵ راوکەرەکانی تردا کە کۆمەڵەیان بە ستبوو ،دەدوێ‌و دەست بۆ دەریا درێژ دەکا .

چیروك « پاشماوە »

شەقامە قەڵەباڵغو پڕ لە ئاژاوەکە ، کە بە بەستی‌و بێزاری‌یەوە وتی :

— ئۆف !.. ژیان .. بایەخی ژیان لە ژیان خۆیدایە .. لەو دیوی‌یەوە بۆ هیچ شتێك مەگەڕێ .

عبدالكريم قومێکی لە قاوەکەمی داو عوزرخواهی بۆ هێنایەوە وتی :

— ئاه !.. ئەوی راستی بێ خۆشم زۆر باوەڕم بەم قسەیە نی‌یە کە کردم .

سەری بۆ هەڵبڕی‌و پرسی:

— ئەی باوەڕت بە چی‌یە ؟!

دوای ساتێ بێدەنگی ئینجا عبدالكريم چاوی لە شەقامەکە لاداو بە خەفەتباری‌یەوە وتی :

— ژیان زنێکە .. ژنێکی زۆر جوان‌و شیرین . بەڵام ئاووسە بە نەزۆکی !

— ژنێکی جوان‌و شیرینی ئاووس بە نەزۆکی ؟!

— بەڵێ .. نەزۆکی‌یەك کە نەزۆکی‌ی ژنێکی ئاسایی لەچاویدا مەسەلەیەکی گەلێ بچکۆلەیە .. بکرە بێ بایەخە .

روانی‌یەوە شەقامەکەو بە ورتەورت وتی :

— .. هەر تەواو بێ بایەخە ..

دوای کەمێ دەستی بۆ چایچی‌یەکە هەڵتەکان‌و داوای دوو قاوەی تری کرد .

لەشەقامەکە پەڕی‌یەوە . دەسابووەو بەیتا بەیتاش ئاگاداری بڵاوئەکردەوە بۆ ئەوەی لەهەر لایەکەوە شیعری‌وەڵی دێوانە هەبێ چنگ خۆی بخا ، خۆ ئەگەر بێت‌و یەکێك ئارەزوو وە تاقەتی ئەوەی هەبێت تەماشای ڕۆژنامەی‌ژین‌بکات لە ١٩٥٨ - ١٩٥٩ کە کاك ئەحمەد زرنگ بەرێوەبەرولێ‌پرسراوی‌بوو ، هەروەها گۆڤاری شەفەق ، ڕۆژنامەی‌ڕابەرین ، گۆڤاری سلێمانی کە شارەوانی دەری‌ئەکرد ،ڕۆژنامەی دەنگ‌و باس (الاخبار) کە محەمەد بریفکانی‌لێ‌پرسراوی بوو لە بەغدا . لەم گۆڤارو ڕۆژنامانەدا بە ئاسانی‌ئەوەی بەرچاو ئەکەوێ کە کاك مەحموود خاکی داوای لەخوێنەواران کردووە کە شیعری وەڵی دێوانەی بۆ بنێرن چونکە خەریکی لەچاپدانی‌یەتی .

ئەمە لەلایەك ، لە لایەکی‌ترەوە ئەو کتێبانەی کە کاك مەحموود خاکی چاپی کردوون ،لەمانیش‌دا دووبارە لەسەر بەرگەکانیان ئاگاداری بڵاوکردووەتەوە کە هەرکەس شیعری وەڵی دێوانەی لا هەیە بابینێرێ‌بۆی بۆ ئەوەی لە چاپی‌بدا : ئەو کتێبانەش‌کە ئەو ئاگاداری‌یانەی تیا بڵاوکردووەتەوە ئەمانەن : -

دیوانی حەریق ١٩٦٩ ،دڵداری‌و بەیمان پەروەری ٩٦٩ ، گردی شەهیدان کەلە باش دیوانی حەریق لەچاپی داوە واتە ٩٦٩ هەروەها بۆ لە چاپ دانی دیوانی وەڵی دیوانە بۆ دووەم جار لە(هەمیشە بەهاردا - ١٩٧٣) ئاگاداری‌یەکی بڵاوکردەوە ،بەڵام داخی گرانم ئەوەبوو کاك عوسمان هەورامی هیچ ئیشارەتی بەم هەموو کۆششەی محمود خاکی نەداوەو پشت‌گوێی خستوە ئەمەبوو بە کورتی سەرنجەکانی خۆم دووبارەی ئەکەمەوەو ئەڵێم کە کاك‌مەحموود خاکی سەرچاوەی یەکەم بووە بۆ لە چاپدانی دیوانی وەڵی دێوانە بۆ دووەم جار ، ئەتوانم بڵێم‌وهەرواشە کە دیوانەکەی لە مەر کاك عوسمان هەردیوانەکەی وەڵی مەحموود خاکی‌یە بەڵام لەگەڵ چەندەدەستکاری کردن‌و تاوو توو کردن‌دا ، ئەگەر کاك عوسمان‌هەورامیش لەم ڕووەوە تێبینی هەیە باڕوونی بکاتەوەمەبەستیش لە دەرخستنی ئەم وردەتێبینیانە دەرخستنی‌هەڵەو ناڕاستی‌و شەن‌و کەوکردنی بەرهەمی ئەدەبی‌یە،مەبەستی سەرەکیش ئەوەیە کە با بەرهەمی ئەدەبی بەناوی‌خاوەنەکانیانەوە تۆمار بکرێن‌و کەس مۆرکی خۆی‌ئەنێ بە بەرهەمی کەسانی تردا .

چەمال محەمەد

دیوانی «وەلی دێوانە»

لەم ڕۆژانەدا دیوانی« وەلی‌دێوانە » کە ئاك عوسمان هەورامی ژیان‌و بەسەرهاتی‌وهۆنراوەکانی کۆکردووەتەوە (وەك خۆی ئەڵێ)و کەوتۆتە ژیاری کورد لە چاپی‌داوە بە قەوارەی (١٠٥) لاپەڕەو نرخی(١٥٠) فلسەوە کەوتە دەست خوێنەواران .

هەمان دیوان بۆ یەکەم جارلەپاش هەوڵو کۆششێکی بێ‌پایانی لەلایەن کاك مەحموودخاکی‌یەوە لە ساڵی ١٩٧٠ لە چاپدراوە ، لە ڕاستی‌داهەندێ شت سەرنجی راکێشام کە لەگەڵ ڕاستی‌و واقیعدایەك ناگرنەوە ، بۆیە جەز ئەکەم لەم ڕووەوە هەندێ‌لایەنی ئەم مەسەلەیە بۆ خوێنەوارانی خۆشەویست‌ڕوون‌بکەمەوە .

لە ساڵی ١٩٦٥ کاتی کاك‌مەحموود خاکی خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانی وەلی‌دێوانەبوو ، کەونو قۆزبنی مزئەوتەکان‌و ئەم لاو ئەولاکەڕاو شارو دێهاتەکانی ئەپشکنی بۆ دۆزینەوەو ساغ‌کردنەوەی شیعرەکانی وەلی ، هەر لەو ساڵەدا ، واتە ساڵی١٩٦٥ لە بەغدا لە حوجرەکەی مامۆستا عەلادین سەجادی‌دالەگەڵ خوالێ‌خۆش بوو (حەسەن فەهمی جاف)ئادانیشتبوون ، کاتێ کە حەسەن فەهمی جاف بەوە ئەزانێ کەکاك مەحموود خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانی وەلی‌دێوانەیە ئەڵێ .

کاکە مەحموود کەشکۆلەکەی‌وەسمان پاشای جاف لای منەو شیعری وەلی دێوانەی زۆرتیایەو ئەی‌دا بە کاك مەحموودو ئەمیش سوودێکی باشی‌لێ‌ئەبینێ ، لەلایەکی ترەوە ، شێخ تاهیری شێخ قادری‌دۆلانی شیعری زۆری وەلی لانەبێو ئەی‌دا بە کاك‌مەحموود ، وە بێم وایە ئەو شیعرانەی کە شێخ تاهیر ڕادبووی بە کاك مەحموود هەر لە مام ڕەشیدی هەمەوەندی‌وەرگرتبوو ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە (س.ع شادمان- (شێخ سەعید حاجی قادر) زۆر پیاوانە هاتە پێشەوەو یارمەتی‌یەکی باشی کاك مەحموودی داو ئەوەبوو چەندجارێك لە (دەفتەری کوردەواری‌دا) لەسەر وەلی‌دێوانەی نووسی‌و لەهەمان کات‌دا بێشەکی نووسی بۆ دێوانەکەی وەلی دێوانە ، جگە لەوەی کە مەحموود خاکی گەلێ‌دەست‌نووسی تری لەبەر-

Institut kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

سەر لە بەیانی ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردو بەڕێز سەرەکی کۆمار احمد حسن البکر لە کۆشکی کۆماری پێشوازی بەڕێز ڕشید عبدالله نوری وزیری بازرگانی دەرەوەی کۆماری گینیای کردوە .

لە چاو بێ کەوتنەکەدا بەڕێز سەرۆك البکر نامەیەکی دەست نوسی سەرۆکی گینی احمد سیکوتوری لە بەڕێز نوری وەرگرتوە .. هەروەها بەڕێز وەزیری بازرگانی سلاوی سەرەکی کۆماری گینیا و گەلەکەی بە سەرۆك البکرو گەلی عیراق گەیاندوەو داوا خوازی ئەوەیان کردوە کە لە ژێر سیاسەتە لێهاتوکەی سەرکردایەتی سیاسیدا دەست کەوتی زیاتریان دەست کەوێت بۆ بنیات نانی عیراقێکی نوێ پێشکەوتو ..

هەروەها بەڕێز نوری یی خۆشحالی خۆی دەربڕیوە سەبارەت چاوپێ کەوتنی سەروك البکرو دلشاد بوە بەوەی پەیوەندی هەر دوو وڵات زیاتر گەشە بکات وەك ئێستا دیاری داوە ، سەبارەت خەباتی عەرەب ئەفەریقایی ، هیوای ئەوە بو کە ئامانجەکانی هاوبەشەکانی هەردولا بتەدی بۆ بەربەرەکانی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنەپەرستان ، وە لەو کۆبونەوەیەدا کە بەڕێز حکمت العزاوی وەزیری بازرگانی دەرەوە بالوێزی گینیا لە قاهیرەی تیا بەشدار بون باس پەیوندی دۆستانەی هەردو وڵاتیان کردوەو لە تایبەتی لەنیوانی ئابوری پەرەپیدانی ئەو پێوەندیانەدا بە جۆرێك بەرژەوەندی هەردو گەلی عیراق و گینیای تیادایێت .

ئا.د.ع

جەزراوی کارگەی خانوو بەرەی دروستکراوی کردەوە

ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردو بەڕێز طە الجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری ئەشغال و ئەسکان کارگەی بەغدادی دروستکردنی خانوبەرەی کردۆتەوە .

بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکیان کردوە بەڕێز دکتۆر ناجح الراوی جێگری وەزارەتەکەو عدنان القصاب سەرۆکی کۆمپانیای گشتی ی مەقاولات و هەندێك لە بەڕیوەبەرەکانی بەشدار بون ..

لەو ئاهەنگەدا بەڕێز عبد المطلب العربی بەڕیوەبەری گشتی دەزگاکانی خانوبەری حازر دروستکردن وتاریکی خوێندۆتەوە تیایدا ئەوەی دوپاتە کردۆتەوە کە شۆڕشی ١٧ی تەمموزی ئەتەوەیی سۆشیالیستی لە ڕوانگەیەکی مەبدەئی و ستراتیژیەوە ئەروانیتە زامن کردنی نیشتەجێ کردنی چێکی چاك بۆ هەموو هاوولاتیان ، بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەکی تەواویان بۆ پشتگیری بانقی عەقاری تەرخان کردوە لەگەل جێبەجێ کردنی پرۆژە نیشتەجێیەکان هەروەزکارێکان و لە دوایدا دروستکردنی خانوبەرەی حازر . ئەم کارگەیەی بێنج ملیون دیناری تێچوە بڕێتی یە لە دووبەش بۆ گرتنەوەی گونکریت کە وزەی ڕۆژانەی دەگاتە ٦٠٠ مەتر موکەعەب ، هەروەها دووبەش بۆ دروستکردنی بنمیچ و دیواری ڕەق و دیواری دەرەوە لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەناو کارگەکەدا گەڕاو یەك بەیەك تەماشای بەشەکانی کردو بۆ یەکەم جار ئەو کارگەیە خرایە کار و نمونەی بەرهەمەکەی نیشاندرا .. کە بە دەست و شارەزایی کرێکارو پسپورە عیراقیکان هاتوتەکایەوە .

سەرۆکی فەرمانده ((باشماوە))

پشەوی ئەکەین وە ئەویش کاریکە لەگەل ئالوگوری کومەڵگای دواروزمانەدا ئەگونجێت . هەروەها سەرۆکی باوك فەرمانی داوە کە ئەوەندە لە هێنانی کەل و پەلی بێویستدا ڕوتین ڕەچاونەکەن و بە گورجو گۆلی بێویستیکانی وڵات ئامادەکەن و ئەهێلن ئەو خواردەمەنی و کەلوپەلانە لە بازاردا بمرێت .

لە کۆتایی ئەو چاوپێکەوتنەدا کە دەورو بەری دوو سەعاتی خایاند سەرۆکی فەرمانده لەلایەن بەڕێز وەزیری بازرگانی ناوخۆو فەرمانبەرانی وەزارەتەوە لەگەل جەماوەرێکی گەورەدا کە هاواریان بە ژیانی سەرۆکی باوك و سەرکردایەتی سیاسی حیزب و شۆڕش ئەکێشا بەری کراو بەلینیان تازە ئەکردەوە کە لەسەر ئەو پرۆگرامە بڕۆن کە شۆڕش بوی داناون و ئالوگوری بەرەو سۆشیالیستی قولتر بکەنەوە .

بەرگری فەلەستین ((باشماوە))

سەر جێگاکانی هێزە هاوبەشەکان لە گوندی حمصیەو روم .

هەروەها سەرچاوەکانی ڕاست ڕەوەکان بلاویان کردۆتەوە کە لە کۆتایی هەفتەی ڕابوردودا کۆبونەوەیەك کراوە لە نێوان کمیل شمعون سەرۆکی حزبی وطنی احرارو رفعت الاسد برای سەرۆکی ڕژێمی لە ڕێ لادەری دیمەشقو سەرکردەی - سەرایای بەرگری ی سوری - بۆ گفت و گۆ کردن دەربارەی دۆخی لوبنان و ڕێك کەوتن سەبارەت بە قۆناغی داهاتووەوە .

لە بروسکەیەکدا بو سەرۆك البکر و هاوری صدام حسین

پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانی بەڵێن ئەدات کە دەستکەوتەکانی شۆڕش بپارێزێت

پارتی شورشگێڕی کوردستانی بەڵێنی بە سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوری صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش داوە کە هەمیشە لە گەل حیزبی سەرۆك حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب وەك شورەیەکی بۆ پارتی ی یاری دەستکەوتەکانی شۆڕش ڕابوەستن ئەو دەستکەوتانەی سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش لە هەمو بوارێکدا وە دەستی هێناوە .

ئەویش لەو بروسکەیەدا بەیان کراوە کە پارتی بۆ سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو بەڕێز ماموستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە بە بۆنەی یادی دامەزراندی ٣٠ هەم ساڵەوە بۆیان ناردون .

بروسکەکەیان : ئەمە بەهەل ئەزانین کە بەڵێن بە ئێوەو گەلەکەمان بدەین کە لە گەل حیزبی سەرکردەدا حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو بەرەی میللی نیشتمانی ئەتەوەیی پێشکەوتن خراز بە سەرکردایەتی ئێوە وەك دبوارێکی بۆلاین ڕاوەستین و وەك سەربازێکی دلسوزی گیان فیدا دەستکەوتە مەزنەکانمان بپارێزین لەوانە جوکمی ئۆتونومی ناوچەی کوردستان .

پارتی ئارەزایی بەرامبەر ئەو پیلانە ئیمپریالزمی یە گلاوە دەربڕیوە کە ئەمڕۆ بە دەست تیوەردانی سوریا لە گەلی لبنان و بەرگری فەلەستین ئەکرێت ، وە ئەوەیان دوپاتە کردۆتەوە کە ئەم پیلانە هەروا بە ئاسانی بە بێ سزا وەرگرتن تیپەڕ ناپێت و جەماوەری چەوساوەی نیشتمانی عەرەبو هەمو هێزە پێشکەوتن خوازەکان لە سەر ئەو هەنگاوە گلاویان سزایەکی گەورەیان ئەدات .

ئەوە بو لێژنەی مەرکەزی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانی بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی لە ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردودا لە هەولێر گێڕا بو هاوریان عبدالفتاح یاسین ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو هاوری عبد الستار طاهر شریف سکرتیری لێژنەی مەرکەزی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانی، بەڕێزان بکر محمود بشدری سەرۆکی ئەنجومەنی تەشریعی و ناوچەی ئۆتونومی سعاد ادیب جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی و هاوری عدنان واحد جێگری ئەمینداری نهێنی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو بارێزگاری هەولیرو هەندێك لە هاوریان لەو ئاهەنگەدا بەشدار بون .

لە ئاهەنگەکەدا هاوری یاسین وتارێکی خوێندەوە لە سەرەتای وتارەکەیدا سلاوی هاوری تیکوشەر احمد حسن البکر ئەمینداری نهێنی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو سەرەك کۆمار هاوریان ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری حیزبی گەیاندوە بە ئاهەنگ گیرانا وئەویان دوپاتە کردۆتەوە کە سەرکەوتنە مەزنەکەی ١٧-٣٠ تەمموزی ئەتەوەیی تەنها ویستی ڕیزی سۆشیالیستی کە حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب سەرکردایەتی کردوتە ڕاگەیەوە ڕتباژێکی ڕاست بو بۆ خوشکردنی بەیوەندی حیزبە نیشتمانیکانی وڵات دەهەر ئەوەش باشترین ڕێیازە بۆ چارەسەر کردنی هەمو گیرو گرفتێك کە بە هۆی دەست تێوەردانی سیاسەتە کۆنە بەرستە جەوتەکانەوە توش وڵات ئەهات و ئەوە ویست ڕێیازی ڕاستە ڕێی جەماوەر تێك بدات .

هەروەها هاوری ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب وتریەتی : لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەداو لە گەل ئەو ئاوڕوکە ئەتەوایەتی و سۆشیالیستی و دیموکراتی و مرۆڤایەتی یەدا کە حیزبە سەرکردە گەلمان هەیەتی گەلەکەمان هەڵتیکی جوری بۆ چارەسەری مەسەلەی کوردی دەست کەوت ، جارێ سەرنجی وا کە بڕایەتی هەردو گەلەکە بە هێز تەکات و بەکێتی نیشتمانی بتەو تر کات و هەمو وێنەیەکی نەویست لە پێوەندی هەردو گەلەکەدا لابەرێت و نەیان هێلێت .

هەروەها دەست نیشانی ئەوەی کردوە کە هەڵقولانی ئۆتونومی لە جوارچێوەی کۆماری عیراقدا لە بساری سەرنجێکی بیرو باوەری واوە کە مەبەستی پەرەپیدانی بەکێتی نیشتمانی بێت ئەو بەکێتیەی بە ڕاوێژکاری زیرەکانەی حیزبی سەرۆکەوە هاتە کایەوە .

وە سەبارەت دۆخی سیاسی ئەمڕۆی عەرەب ، هاوری یاسین وتریەتی : ئەو هیرشەی بە زۆر وێنەو ڕەنگەوە ئەکرێت و ڕژێمی گومرای سوریا دەورێکی تاوانباری گەورەی تیا ئەبینێت و بێویستە ئەوە دوبارە کەینەوە کە قول کردنەوەی گیانی خەبات و بە هێز کردنی جێبێی خۆ ڕاگرتنمان بەروی ئەو هیرشە گلاوەدا بەتین کات ئەویش بێویستی بە چرنە ژێر ئالای شۆڕشەوە هەیەو کارکردن و خۆراگرتن لە پێناوی ئەوەدا شۆڕش لە بەرگریوە بگەیە ئرێتە حالەتێکی هیرش بردن .

وە لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا هاوری محمد محی الدین ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانی وتارێکی خوێندەوە .. لە وتارەکەیدا ستایشی هەڵویستە مەبدەئی و ئەگوراوەکانی سەرکردایەتی حیزب و شۆڕشی کردوە لە هەمو مەیدانێکداو لە هەمو مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریدا ئەویش چ لە مەیدانی وڵاتدا وە چ لە مەیدانی جیهانیدا .

هاوڕێیان جەزراوی و یاسین و حمودی مەشقی سوپای میللی ئەبینن

ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردو سوپای میللی پارێزگای واسط کۆتایی بە ئوردوگاکەی هێناوە ، ئەو ئوردوگایەی سەرکردایەتی کشتی ی سوپای میللی ناوچەی دوجەیلەی سەر بە پارێزگای واسط لە یەکی مانگی ئایندەدا بو بۆ کەرتی یەکەمی کوتی کردبۆوە ..

سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردو سەربازە کانی ئوردوگاکە مەشقیکی سەربازیان کردو هاوریان طه الجزراوی فەرمانده ی کشتی ی سوپای میللی و هاوری عبدالفتاح الیاسین ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەبو هاوری جعفر قاسم حمودی ئەندامی پالیوراو بو سەرکردایەتی قوتری حیزب تەماشای ئەو مەشقانەیان کردوە .

مەشقەکە سەراپای بە تەقەمەنی ڕاستەقینە کراوەو ناونراوە (مەشقی لیشاوتکی کردوە .. دوای تەواوبونی بۆ ئامان) بەشی کەرتەکانی کوت ئەو مەشقانەیان جێبەجێ کرد دوای مەشقەکە هاوری جەزراوی بەناو کەرتەکانی سوپاکەدا گەڕاوەو سەرنجی لە جرأیتی مەشق کردنیان و ریکوپێکی یانی داوە .. هەروەها هاوری طارق کافی فلیح فەرماندەی سوپای میللی ناوچەی واسط وتارێکی خوێندەوە ... لە وتارەکەیدا ئەوەی دوپاتە کرۆتەوە .. کە ماوەدان بە مەشق بێ کردنی هاوولاتیان سوپایەکی دوهەمان بۆ پێك دەهێنێت کە ئەبێتە هاوشانی سوپای نیشتمانیمان ئەوەك بە چاکی و کاریگەرانە بتوانێ بارێزگاری لە شۆڕش بایەختیکی تەواو بەمەسەلەی ڕۆرکردنی بێویستی ژیان بدات .

● **بەپێی ڕاپورتو سەرژمارە کردنەکاندا کە کراون** ڕۆژانێکی گرنگی ئەو مەسەلەیە دەر کەوتوە کە نرخی زۆر لەرەسەی پێویست داشکاوەو ئەمی کردوە ، ئەوە بیجە لە داشکانی نرخی زۆر لەخزمەت گوزاریە پێویستەکان کە ئەوەش لایەنی ڕاستی ئاراستە کردنی شورشگێڕیی لەوڵاتا ئەسەلمێنێت و ئەوەش سەر لەنوی ساغ ئەکاتەو ، کە دەسەلاتی شۆڕشگێڕیی لەوڵاتا توانیویەتی بەپێوەندیەکی پڕباور لەگەل هاو وڵاتیاندا بکەوەبنێت .. کە ئەوەش یەکەم هەنگاوی گرنگی بەرەو سۆشیالیست ڕویشتنە .

بەڕێز طارق عەزیز وەزیری ڕاگەیاندن ١١ خانوبەرەی گەشت و گوزاری و چێشت خانەو کازینوی لە شاری سلیمانیدا کردۆتەوە کە ٥١ هەزارو ١٠٦ هەزار دیناریان تێچوە بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن سەرنجی لەو جێگا گەشت و گوزاریانەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی داوەو ، پێشکەوتنی کاری لەو دوو ئوتیلە گەشت و گوزاریەدا .. بینیوە کە لە سەیرانگای سەر چناردا کراونەتەوەو دوو ملیون دیناریان تێچوە .

بەتایبەتی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ڕژێشت ئەدات بە دەستەوە .. یەکەم باری سەرنجی شۆڕش سەبارەت بەم جۆرە خزمەت گوزاریە دەر ئەخات کە لایەنێکی تر لە داهات و ئابوری نیشتمانیمان دەولەمەندتەکات هەر وەها ڕۆرکردن و فراوان کردنی خزمەت گوزاری گەشت و سەیران کردن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە دۆخی ئاسایش و هێمیندا بەرهەمیکی بایەخداری بەر هەمەکانی ئۆتۆنۆمی یە کە شۆڕش ١٧ی تەمموزی و حیزبە سەرکردەکەی بەلایەنگیری و پشگیری سەرجەمی گەلی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هێناویەتەدی .

● ئەو ئالای هێمنی و دلنیایی یەی ئەمڕۆ بەسەر هەمو ناوچەی ڕورودا ئەشەکێتەوە .. لەژێر ئەوایە دەست کەوتی گەورە گەورە جێبەجێ ئەکرێت و لایەنی گەشت و گوزاری و گەشەکردنیش هەمیشە پێویستی بەئارام و هێمنی و ئاسایشە .. جەماوەری گەلی کوردیش بەپاکی هەستی بەو لایەنە کردەو ئاشتی و ئاسایش هەمیشە لەبەستێتەوە بە دەست کەوتی گەورە گەورەی بەهادارەوە ..

● **باوکی سیرین** ●

خوێنەری بەڕێز

بەو سەر ژمێرەدا کە سەبارەت نرخی هەندی کەلو پەل کراوە . ئەوە دەرکەوتوە کە خراردەمەنی و ئەوتو بەنزین لیرە ڕۆر لە هەندی وڵاتانی دراوسێمان و وڵاتە عەرەبەکانی تر هەرزانترە .. خۆ بەرهەمی ئاژەل نرخی زۆر شکاوەو لەوڵاتانی دراوسێمان هەرزانترە .. هەر وەها بەرهەمی ئەوتو و بەنزین و غازو هەندێ خزمەت گوزاریی نرخەکانیان کەمی کردوە .

ئەولایەنە لەڕاپورتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەبدا ساغ کراوەتەوە کە ئەبێت شۆڕش بایەختیکی تەواو بەمەسەلەی ڕۆرکردنی بێویستی ژیان بدات .

● **بەپێی ڕاپورتو سەرژمارە کردنەکاندا کە کراون** ڕۆژانێکی گرنگی ئەو مەسەلەیە دەر کەوتوە کە نرخی زۆر لەرەسەی پێویست داشکاوەو ئەمی کردوە ، ئەوە بیجە لە داشکانی نرخی زۆر لەخزمەت گوزاریە پێویستەکان کە ئەوەش لایەنی ڕاستی ئاراستە کردنی شورشگێڕیی لەوڵاتا توانیویەتی بەپێوەندیەکی پڕباور لەگەل هاو وڵاتیاندا پێکەوەبنێت .. کە ئەوەش یەکەم هەنگاوی گرنگی بەرەو سۆشیالیست ڕویشتنە .

بەڕێز طارق عەزیز وەزیری ڕاگەیاندن ١١ خانوبەرەی گەشت و گوزاری و چێشت خانەو کازینوی لە شاری سلیمانیدا کردۆتەوە کە ٥١ هەزارو ١٠٦ هەزار دیناریان تێچوە بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن سەرنجی لەو جێگا گەشت و گوزاریانەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی داوەو ، پێشکەوتنی کاری لەو دوو ئوتیلە گەشت و گوزاریەدا .. بینیوە کە لە سەیرانگای سەر چناردا کراونەتەوەو دوو ملیون دیناریان تێچوە .

بەتایبەتی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ڕژێشت ئەدات بە دەستەوە .. یەکەم باری سەرنجی شۆڕش سەبارەت بەم جۆرە خزمەت گوزاریە دەر ئەخات کە لایەنێکی تر لە داهات و ئابوری نیشتمانیمان دەولەمەندتەکات هەر وەها ڕۆرکردن و فراوان کردنی خزمەت گوزاری گەشت و سەیران کردن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە دۆخی ئاسایش و هێمیندا بەرهەمیکی بایەخداری بەر هەمەکانی ئۆتۆنۆمی یە کە شۆڕش ١٧ی تەمموزی و حیزبە سەرکردەکەی بەلایەنگیری و پشگیری سەرجەمی گەلی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هێناویەتەدی .

● ئەو ئالای هێمنی و دلنیایی یەی ئەمڕۆ بەسەر هەمو ناوچەی ڕورودا ئەشەکێتەوە .. لەژێر ئەوایە دەست کەوتی گەورە گەورەی بەهادارەوە ..

● **باوکی سیرین** ●

کۆبونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ڕۆژی شەممەی ڕابوردو ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کۆبونەوەیەکدا بەسەرۆکایەتی بەڕێز هاشم عقراوی سەرۆکی ئەنجومەن بە بریارەکانی هەردو ئەنجومەنی بارێزگای سلیمانی و دەڤەرك قایل بوە ، سەبارەت بە خەرج کردنی دەورو بەری ١٣٦ هەزار دینار بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ پێویستی ئەو دو بارێزگایە .

هەر وەها ئەنجومەن بەوە قایل بوە کە پارەیەکی زیادە بۆ فراوان کردنی پارەگا ئەمینداریتی گشتی ی بەڕیوە بەرایەتی ئەشغال و ئەسکان تەرخان بکرێت .

هەر وەها ئەنجومەن لە کۆبونەوەکەیدا لەو هەنگاوانەی کۆلیوەتەوە سەبارەت کۆتایی هاتنی وەی بارمتەی هەندی لەو دایەرانەی بەپێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش « لێژنەی بەرزی کاروباری زورو » خراونەتە سەر بەڕیوەبەرایەتی هەندی لە ئەنجومەنەکان ..

جێگری سەرۆك ((باشماوە))

خوێناویەی بۆ بەرگری فەلەستین و بروتنەوەی لبنان سازکراوە .. لەو کۆبونەوەیەدا کە بە گیانێکی بر برایەتی و دۆستانەوە کرابو هەمو لەسەر ئەوە ڕێکەوتون کە بێویستە یارمەتی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینی بدرێت و هەول بدرێت کە ئەو خوێن ڕشتنە لە لبنان ڕابوستینرێت .

هەروەها بەڕێز جێگری سەرەك کۆمار باش نیوەروی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو کۆبونەوەی لەگەل سەرۆکی یوگوسلافی جوزیف بروز تیتوداو بەڕێز فام فان دونگ سەرەك وەزیرانی کۆماری فیتنامی سۆشیالیستی و سەرۆکی مۆریتانی موختار ولد دادەدا کردوەو .. لە کۆبونەوەکاندا لە دۆخی سیاسی ناوچەی عەرەبیان کۆلیوەتەوە ، بەتایبەتی دۆخی سیاسی لبنان و ئەو قەسابخانەیەی بۆ گەلی فەلەستین و بزوتنەوەی نیشتمانی لبنان دانراوە وە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتون کە لە کونگرەکەدا نیش و کاری وەقدەکانیان ڕیك خەن . ئەوەی شایانی باسە بەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار باش نیوەروی ڕۆژی شامەی ڕابوردو بە سەرۆکایەتی وەفدی عیراق بۆ بەشداری لە بینجەم کۆنگرەی بەرزی بێلایەنیدا گەیشتۆتە کۆلزمبو .

ئاژانسی دنگوباسی ڕویتر وتویەتی : هەمو دوکانە بەقالەکانی خاکی داگیرکراو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دائەخرێن ئەویش لە دژی ئەو کردارە نایەسەندانەی دوژمنی داگیرکەر بەرامبەر هاوولاتیانی عەرەب ئەیانوێنێ .

وەك هەوال بلاوە نرخی شتومەك لە خاکی عەرەبی داگیرکراودا لە ٦٪ زیادی کردوەو بێجگە لەوەی لەمەویشی لە ١٤٫٥٪ زیادی کردبو .. شارەزاکانی ئابوری واچاوەروان ئەکەن کە لە خاکی داگیرکراوداو لە ناو قەوارەی زایونیزمدا لە ٣٢٪ ئەزەخزم زیادبکات ، بەتایبەتی نرخی شتومەك لە ئەم ساڵدا دوو ئەوەندەی ساڵی پێشو گرانتربوە ..

هەڵوێستی بەرەی نیشتمانی لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا

ئەو بڕیارانەی کە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا سەبارەت بە ئەنجومەنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بارێزگاکانی سلیمانی و دەڤەرك دەرچون ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو بەرەی نیشتمانیە کە ئەو بڕیارانە ئەگرێتەوە ئەو بەرەیە کە ئەو بەرەیە کە ئەو بەرەیە ک

ڕێکخراوی حیزبی کۆمەس

لـە تامیم ١٥ قوتابخانەی دروست کردوە .

بـە هەرەوزکاری میللی ، ڕێکخراوی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لقی تامیم ١٥ قوتابخانەی لە دیهاتەکاندا دروست کـردوە .. هـەموو هاوڕێیانی ئەندامی ڕێکخراوی حیزب و یەکێتی و ڕێکخراوە مەیدانیکان و جەماوەری پارێزگا لەو هەرەوەزەدا بەشداریان کردوە .. ئەم قوتابخانانەی لە ساڵی داهاتووە قوتابی وەرئەگرن لـە قەزای حویجەو دۆبس و ناحیەی شوان و داقوق و قەرەحەسەن و تازەو ریاض دروست کراون .

لە کۆبونەوەیەکی فراوانی کریکاراندا :

لیکۆڵینەوەی چالاکیەکانی چینی کریکاران

سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممەی ڕابوردو بەرێز مەحەمەد عایش سەرۆکی یەکێتی نیقابەی کریکاران سەرۆکی کۆبونەوەیەکی کردوە کە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی و سەرۆکی نیقابەکانی یەکانی وڵاتی تێدابەشدابون .

لە کۆبونەوەکەدا ئامادەبوان جوری ڕیکوپیکی ناونیقابەکان کردوە لەگەڵ کارئینەوەی نەو هۆیانەی بەرەبەکاری نیقابی نەدات بەجۆرێک لە ناو وری بەرەو سۆشیالیستیدا بەشداری کی نەواو بکەن نەو دیموکراتیەت و سۆشیالیستی بەی وڵات لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ ی تەموزی نەتەوەیی سۆشیالیستیدا ئەیبینێت ..

هەروەها لە دەوری چینی کریکارانیان کۆلیوەتەوە لە چۆنیەتی کردنی نەخشەو بەرنامەکانی پەرەپیدانی وڵاتدا ، ئەویش لە ڕێگەی زیاد کردنی بەرهەم پارێزگاری کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە ، سەرەرای فراوان کردنی ئاستی ڕۆشنبیری کریکاران و ئاراستەکردنیان بۆ چۆنیەتی کردنی ئەرکە گەورەکانی سەرشانیان ..

هەر وەها لە کۆبونەوەکەداباسی بەرەسەندنی دۆخی سیاسی ئەمروکەو پیلان و ئەخشەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایان کردوە بە هاوبەشی کردن لە گەڵ کۆنەپەرستانی عەرەبدا بەهیوا لیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب ، کە ڕژێمی گومڕای دیمەشق جەمسەرێکی جێبەجێ کردنی ئەو ئەخشەو پیلانە گلاوانەی گرتۆتەدەست ، بەو دەست تیوەردانە بێشەرمانەی کە ڕوبەڕوو ئاشکرا لە ئیشوکاری ناوخۆی لبنان دانەیکات بەمەبەستی لیدانی بەرگری فەلەستین و بزوتنەوەی نیشتمانی لبنان .

یەکێتی کریکاران ڕێژیمی لەڕێ لادەر گوناهبار ئەکا

ڕژێمی سوریای گومڕا تاوانبار ئەکات

یەکێتی نیقابەی کریکارانی میسر و لیبیا و تونس و جەزایر و فەرەنسا و ئیتالیا ناڕەزایی دەربڕی لە بەرتاوانباری یەی ڕژێمی دیمەشقی گومڕا دەربارەی کە لە لبنان دا ئەیکات ..

هەر وەها وتویانە لە ڕژێمە چەپەلە گومڕایە بۆتە گورزی دەستی ئیمپریالیزم و دەیەوێت بۆ مەبەستی پیلانی خۆی بەدەستەوەدان بەرگری فەلەستین و گیانی ئازادیخوازانی گەلی سوریا لە ناو بەرێت ..

ئەمە پەرتۆ خلیل تایب ئەندامی وەفدی نیقابەی فەلەستینی لبنانی هاوبەش بە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی ڕاگەیاندوە ، کە بێش ماوەیەک بەسەردان هاتۆتە عیراق لە چوارچێوەی سەردانێکی فراوانی بۆ هەندی وڵاتانی عەرەب و ئەوروپایی .

هەر وەها وتویەتی : یەکێتی نیقابە عەرەبیە دۆستەکان ئامادەیی خۆیان نیشان داوە کە لە دلەوە بەمال و گیان دریغی لە یارمەتی گەلی عەرەبی لبنانی و فەلەستین ناکەن .. هەندێک لەو نیقابانە دەستیان کردوە بە پیتاک کۆکردنەوە بۆ ئەو مەبەستە ..

بەستنی لیکۆڵینەوەی زانستی

بـە وەزارەتی خوێندنی بەرزەوەو بەریوەبەرایەتی چاوەدێری زانستی بـە وەزارەتی لاوانەوە .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاری چیابونەوەیی دەزگای لیکولینەوەیی زانستی لە ئەنجومەنی ئەخشە کیشان داوەو بەستنی بـە زارەتی خوێندنی بەرزو لیکولینەوەی زانستی یەوە .

هەروەها ئەنجومەن بریاریی چیابونەوەیی بەرئوە بەرایەتی زانستی گشتی لـە دەزگای لیکولینەوەیی زانستی داوەو بە لیکولینەوەیی زانستی داوەو بەستی بـە وەزارەتی لاوانەوە .

ئا.د.ع

لەبەرێی یە

(ئێمەش با بەشداربین لـە خاوێنی شاردا)

بەرێ کەوت بەبەر شارەوانی شاردا ڕۆیشتم و چاووم کەوت بە زمارەیەکی زۆر لە کریکاران کە تەرخان کراوون بۆ ڕاگرتنی پاکرتەمیزی ناو شار بەلی ئـەم زمارە زۆرە کە تەرخان کراوە بۆ ئەوەی کە شار خاوین بکات زمارەیەکی زۆرە . لـە کاتی خویدا دابەش دەبن بـە ناو شەقامو کولانەکانی شاردا بۆ گواستنەوەی باش ماوەی ماڵەکان و خاوێن کردنی کولانو شەقامەکان . ئـەم کریکارانە زۆر بە خاوێنی دەکەونە کار لە هەمو کولانیکدا دەنگیان بەرزدەبێتەوە هەریەکە بە جۆری بانگ دەکات (خـۆل خۆل) جا لێرەدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئایا دانیشتوانی شار کەس یارمەتی ئـەم کریکارانە دەدات ؟.

بیورن لێم کەسم نەدی یارمەت دەریان بێت لە کۆکردنەوەی بیسی ناوشاردا من نالیم گەسک بگرن بـە دەستەوە هەرچەندە ئەمە کرداری ناشیرین نییە . پاکیژیو خاوینی بۆ هەموانە وە سودی گشتی تیدا هەیە . بەڵام ئەوە دەڵێم کە پیوستە ئامۆژگاری مندالانتان بکەن بیسی نەکەن لەبەر دەرگاکاندا شتی بیس فڕێ نەدەنە بەردەرگاو کولانو شەقامەکان چونکە بیسی زیان دەگەیێنی بە هەموان با ئێمەش بەشداربین لە خاوینی شاردا . شار شاری ئێمەیە با بە پاکی ڕایگرین . خاوینی بکەین . تۆزکو بیسی بلاونەکەینەوە . لەناو تەنەکەی سەرداخراودا بیسی کوبکەینەوە تا مەگەزو جانوەر لێ کۆنەبێتەوە وە هەمو جوری نەخوشیمان بۆ بەیدابیت .

لە لایەکی تریشەوە بـەم جورە یارمەت دەری ڕاستی شارەوانی دەبێت لە پاکژی شاردا . وە ئێوەش ئەی بەریوە بەرانی شارەوانی چاومەپوشن لەو کەسانەی شار بیس دەکەن . بـە هەردولا با یەکەوە هەمو بەشداربین لە خاوینی شاردا .

باوکی بەختیار

کومپانیای پیشەسازی ئەلکترۆنی تەلەفزیونی ڕەنگاوڕەنگ دروست ئەکات .

لـە کۆتایی ئـەم ساڵدا کۆمپانیای کشتی پیشەسازی ئەلەکترۆنی لـە دروست کردنی خۆی تەلەفزیونی ڕەنگاوڕەنگ ئەخاتە ناو بازارەوە ، وا چاوەڕوان ئەکرێت کە بۆ یەکەم جار کۆمپانیای ناوبراو لە مانگی ئەیلولـەوە دەست بکات بـە دروست کردنی تەلەفزیۆن و شریتی کاسێت .

ئەمە پیرۆ بەرێز بەرێوەبەری کۆمپانیاکە ڕایگەیاندوە و هەروەها وتویەتی هێندەی ئەماوە تەلەفزیونی ڕەنگاوڕەنگ بەرهەم بهێنرێت و بەم ئزیکانە ئەخرێتە ناو بازارەکانی وڵاتەوە وە بەرهەم هێنانی کۆمپانیاکە لە تەلەفزیونەدا ساڵی ئەگاتە ٥٠ هەزار تەلەفزیون .. خەلکی ئەتوانن لـە کۆتایی مانگی داهاتوەوە تەلەفزیۆن و شریتی کاسێت بـە بازارەکانی وڵاتدا بکـرن ..

هاوکاری

لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

تەلەفون ٥/٦٨٣١١ خەت

ژمارەی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦

بڵاوکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ڕەنگاڕەنگ و بڵاوکردنەوەی کوردی بەدەنگ

پێشەنگای دوەمی ساڵانەی « الثورة »

دۆزینی ئاوارە (سەرشەممە) پیشانگای دوەمی ساڵانە کرایەوە ، کە دەزگای (الثورة)ی ڕۆژنامەنوسی و بڵاوکردنەوە بەبۆنەیی یادی هەشتەمینی ڕۆژی دامەزراندنییەوە ریکی خستوە ، وە حەفتەیەک ئەخایەنێت .

پیشانگاکە کراوە بە چەند بەشێکەوە ، بەشی یەکەم تابلۆی فۆتۆگرافی یەو ئەو گەشەکردنە دەرئەنجامە کە بـە شێوەیەکی گشتی دەربارەی چاپەمەنی یەوە بووە .

بەڵام بەشی دووەمی ئـەو تابلۆیانەی تیایە کە گەشەکردنی (الثورة) لـە ڕووی هونەری و پلەکانی بیاچونی دەنگوباسی و (مادە)ی ڕۆژنامە تا دو پلەی پیشان ئەدات ، وە ئەو هەر لـە لایەن کردنـەوە تا ئامادەکردنی هونـەری و چاپکـردن و دابەشکردنی بەسەر کتێبخانەو شوینی فروشتنی دا .

بەشی سێهەم گەرتـەکانی تری دەزگایی تیایە ، وەکـو گەرتی بڵاوکردنەوەو مەلبەندی لیکولینەوەو ئوفاری نـەوت و (التنمیە) ، لە کاتیکدا بەشی چوارەمی هێلی چەند هونـەری مەندی کـارگیری دەزگـاکە پیشان ئەدات کە هەندێک لـەو هێلانە بەکارهێنراون و هەندێکی تریش وەکو دیاریەک بـۆ دەزگـای ڕۆژنامەکانی تـر پێشکەش کراوون ، ئەمە جگـە لەو تابلۆ فۆتۆگرافیانە کـە وێنەگـرەکانی (الثـورە) گرتویانە بەبۆنەیی ئەو ڕووداوو گەشتانەی لەگـەڵ ڕۆژنامەنوسان و لیکولـەرەوان بـو پارێزگاکان کردویانە .

جیاوازی پیشانگای ئیستا لەجاو ئەوی یەکەم ئەو بەشـە تایبەتیەیە کـەبو بڵاکراوەکانی الثورە کراوەتەوە ، کە سەدەها وینە لە بڵاوکراوەکانی (الثورە) پیشان ئەدات ، کە لە ساڵانی ڕابوردو دەرچوون .

ئەوەی شایانی باسە (الثورە) لە مانگی ڕابوردو پیشانگای یەکەمی دامەزراندبو .

پێنجەم کونگرەی ((پاشماوە))

ئەمجا باسی ئەوەی کرد کـە سەقەوارەی زایۆنی تائێستا بەپێچەوانەی هەمـو مانایەکی شارستانیەتی و هەمـو ڕەفتارێکی ناو دەولـەتان دەچوێنێتەوەو گاتـە بەچارەنوسی کۆمەلـە ئینسانیەکان دەکا .

خاتو باندرا نایکا سـەرەک وەزیرانی سری لانکا بیـزاری خۆی لـە دەستدرێژی زایۆنیستەکان بۆ سەر فرۆکەخانەی عینتیبەی ئۆگـەندا دەربڕیو کـوتی ئەمە هەڵوەشاندنەوەی قانونی دەولـەتان و دەستدرێژیە بۆ سەر سیادەتی دەولەتێکی سەربەخۆ .

خاتو باندرا نایکا کە لەپێشدا بەزمانی نیشتمانی سری لانکا قسەی دەکرد ، لـە کۆتایی قسەکانی دا بەزمانی ئینگلیزی داوای کرد کە هاوکاری ئێوان وڵاتان و پێوەندی ئاشتی ئێوان وڵاتان زیاتر بەهێز بکرێ .

پاش ئەواویونی وتارەکـەی خاتو باندرا نایکا سـەرۆکی جەزایر هەواری بومیدیەن کـە سەرۆکی کۆنفرانسی چوارەمی وڵاتە بێلایەنەکان بو ، داوای لە نوێنەرانی قارەی ئەفریقـا و ئەمریکای لاتینـو ئاسیا کرد کە وتاری خۆیان بخوێنێنەوە .

ئەو وتارانە سەرۆکی زامبیا کینیس کاوندا لـە جیاتی ئەفریقا و سەرۆکی قبرس بەشە ماکارۆس لـە جیاتی ئەوروپا و ئەنەرال عمر توریخوس لوبنان دەکا دەست لەشـەڕ هەڵبگرن و ئاشتی بگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئەهێنی گەلاڵـەی بریارەکە بدرێ بـە کۆنفرانس ئەنانەت هەرەشەشی لە وەفدی فەلەستین کـرد بۆ ئەوەی ناچاری بکا کەلەکـەی وەربگرێتەوە .

لە لایەکی ترەوە دەنگوباسی کۆلۆمبو وا دەڵێ کـە جاوەڕوان دەکرێ کونفرانسی پێنجەمی وڵاتـە بێلایەنەکان بریاربدا ئەنجـومەنێک بۆ بەکیەتی وڵاتانی بەرهـەم هێنەرو بۆ دەرەوە ئینـری کەرەستەی خاو دابمەزرێ .

لـە کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بێلایەن دا :

وەزیرانی دەرەوەی عەرەب لەسەر گەلاڵـەی بریارێکی یەکگرتو ڕێک کەوتن کە وەفدی عیراق لەبارەی ڕوداوەکانی لوبنانەوە پێشکەش کردبو .

بریارەکە لـەو بەیاننامە سیاسیەشدا دەگونجێ کـە لەکۆتایی کۆنفرانسی سەرۆکانی وڵاتە بێلایەنەکان دا دەردەچێ . گەلاڵەی ئەو بریارە عەرەبیە بیکەرانی یەکی قول لـە باری ئیستای لوبنان دەردەبڕیو داوا لەهـەمو لایەنە شەرکەرەکانی وەزیرانی قسەی کردوە کـە ئەمە یەکەم کەرەتە لـەو کونکریەدا بەشداری بکاتو داوای کردوە کە هەمو هێزەکانی ئەمەریکا لـە کۆریایی خوارودا بکێشرێنەوە تا هەردو بەشەکەی کوریا بیبنەوە بەیەک .. دوای ئەو عەقید فیللـی لێ پرسراوی کاروباری دەرەوە لـە مەکتەبی سیاسی کۆماری تانادا سەرۆکی وەفدی وڵاتەکەی قسەی کردوە .. لـە وتەکەیدا باسی پەیدا بونو تەشەنەکردنی بزوتنـەوەی بێلایەنی کردوە ، وە وتویەتی ئەم بزوتنـەوەیە بەشێوەیەک بەرەی سەندەوو بەهێـز بوە کەئەتوانێت گیرو گرفتەکانی دنیای سێهەم چارەسەر بکات .. دوای ئەو سەرۆکی ڕژێمی گومڕای سوریا حافظ اسـد وتاری خۆی خوێندەوە ، لـە وتارەکەیدا ویستی بەردەیەکی هەڵخەڵەتێنەرانە بدات بەسەر دەستیوەردانەکەی لبنانیدا بـە هاوشانی کۆنەپەرسـت و گوشەگیرەکان دژی هێـزی بەرگـری بزوتنەوەی فەلەستینی و نیشتمانی لبنان .

پێش کۆتایی کۆبونەوەکانی سەر لەبەیانی ڕۆژی شـەممەی ڕابوردو ، نوسینی سەرەکی وەزیرانی بورما وەزیری وڵاتەکەی خۆی خوێندەوە لە وتارەکەیدا ئەوەی دوباتـە کردەوە کـە وڵاتەکەی لایەنی سیاسەتی بێلایەنی ئەرتشتو هەمو هاوکاریەک لەگـەڵ وڵاتـانی بێلایەن دا ئەکات و دەست بەرداری ئەم سیاسەتە نابێت .

کۆلومبو ئاژانسەکان :

سەرۆکەکانی وڵاتانی بێلایەن تێکڕا لە کۆبونەوەی سەر لـە بەیانی ڕۆژی سێ شـەممەی ڕابوردودا بەوەقابل بون کـە ئەنگولاو کۆماری سیشـیل و (جوزری قەمەر) بەئەندام لـە ڕێکخراوی وڵاتانی بێلایەنـدا وەرگرن .. هەر وەها قایل بون بەوەی کە ڕۆمانیاو فلیپیـن پورتوگاڵ و سـویسرا وەک میوان لـەو ڕێکخراوەدا وەرگرن .. ئاژانس دەنگوباسی تانیوگیش ئەوەی ڕاگـەیاندوە کە لە سەر ئەویش ڕێکەوتون کە کۆنگرەکە داوا لە ئەمینداری کشتی کۆنگرەی ئیسلامی بکات تاوەک چاودێری کەرێک لە کۆنگرەی بێلایەنیدا بەشدار بێت .

یەکگەم تاقی کردنەوەی بەکارهێنانی گەلای دارخورما بۆ دروست کـردنی کاغـەز

هەندێ لەشارەزاکانی عیراق لـە گەلای دارخورما کاغـەز بۆ یەکگەم جار لە دنیادا توانیان دروست بکەن .

لەم دواییەدا کارگەی شـتی پیشەسـازیی کیمیـایی ڕای گەیاند کەبەرهەمی کۆمپـانیایی شتی دروست کردنی کاغەز لە بصرە کە پشتوئە ١٠٠ تـەن کەبو بە ڕەهەم هینەرە هەمـە چەشنەکانی کاغەز وەبە جورێکی باش و توانایی عیراقی یـەوە دروست کراوە .

وە وتویـەتی سەرکەوتنی ئەم تاقی کردنەوەیە یارمەتی نە هیشتنی مادەیی خۆی سیللوزیی ئـەدات کـە بودروستکردنی پیشە سازیی بەناوبانگـەو لای کەمی پێویستیەکانی وڵات لەو مادەیە مسوگەر ئەکات کـە سەرۆکن دەزگـای شـتی پیشەسـازیی کیمیـایی ڕای لەدنیـا بەرەو کەمبونـەوە ئەچیت .

هەروەها سەرکەوتنی ئـەو تاقی کردنەوەیە بـە چەشنێکی کەوە یارمەتی داهاتی جوانیاری عیراقی ئەدات لەبارەی بەوەی دەزگایی گشتی پیشەسازیی کیمیایی و کۆمەڵایەتی شـتی پیشـە سازیی کاغەز بریاریان داوە بەترخێکی باشی ئەوەگەلا دارخورمایانە بکڕن لەلایەن باغەوانەکانو خاوەن باغی دار خورمـاکان نامـادە ئەکریت .

لیکۆڵینەوە لە کۆچ کردنی ناوخـۆی وڵات

ئیستاکە لیژنەیەک لـەوەزارەتی ئەخشەکێشـان خەریکی جێبەجی کـردنی پێویستیکانی ڕوپێوێـکی گشتی کوچ کردنی ناوخـۆی وڵاتە ..

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دەزگای مەرکەزی سەرژمارە کردن و تویەتی :

لیژنەکە لە سەر ڕۆشنایی ئەو نمونەیەی دەسـتی ئەکەوێت لەکەمتە لیکولینەوەو دەست نیشان کردن ئـەو پێویستیانەی لەو کـارەدا ئەیانەوێت هەر وەها وتویەتی ڕوبیوان کردنە کە مەبەستیش بگاتە هۆی کوچ کـردن لـە دیهاتەکانەوە بۆ شارو لە شارەکانەوە بۆ دیهاتەکان لە گـەڵ دەست نیشان کردنی قەوارەی ئەو کوچ کردنانەدا .. هـەر وەها لەو ڕوبیو کردنەدا هەوڵ ئەدەن کە هۆی سەرەکـی ئەو کوچ کردنە بزانرێت کـە بۆ خوێندنە یا بۆ ئیش کردن .

پێشەنگەکـانی وڵات دەستیان بـە مەشق کـــــــردوە

INA/EIS

بەکێتی گشتی لاوانی عیراق بەردەوامە لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی فراوانی دامەزراندنی ئوردوگای پیشنگەکانی وڵات . ئەو پیشەنگانە لە ئوردووگاکاندا مەشقی شـتێوە عەسکەری و وەرزشو بریـن پێچی ئەکەن پێچـکە لـە بەستنی کوری وریاکردنەوەی نیشتمانیو نەتـەوەیی کردنەوەی پیشانگای هونەرەو ڕۆشنبیری وزانستی .

کردنەوەی ئەم ئوردوگایانەبە مەبەستی بێگەیانـدنی لاوانەو هەڵبژاردنی کەسانی لێهاتوی سەرکردەو ئرێ لە ڕێکخراوە پیشەنگەکاندا .

لە بەغدا ٨٠٠ پیشـەنگ ڕۆژی یەک شەممەی ڕابوردوو چونەتە ئوردوگای «ابوغریب» بۆ مەشق کردن ، ڕۆژی یەک شەممەی ڕابـوردوش لەئوردوگای « الفـداء » پیشەنگەکانی هەولیر لـەلایەن هەموواری صلاح الدین دەستیان بـە مەشق کردوە .

وە لە دهوک یەکێتی گشت لاوانی عیراق لە ناوچەی گـەلی دهوک ئوردوگایان کردۆتەوەو دەستیان بە مەشق کردوە . هەر وەها لە پارێزگاکـانی واسط و بابل و ئەنبار و نەینەوا ئوردوگای مەرکەزی کراونەتەوە .

Institut Kurde de Paris

هەواڵێک

بۆ ئـەو قوتابیانەی لە دەرەوە ئەخوێنن

وەزارەتـی دارایـی نووسراوێکی بڵاوکردۆتەوە کـە تیایدا ئەوەی ساغ کردۆتەوە ، ئـەو قوتابیەی موچـەخۆرەو ئەتردرێتە دەرەوەی وڵات بـۆ خوێندن مافی پشـوی ئسایی « اجازات الاعتیادیە » و پشوی تـەخۆشی ئـەمێنێ ئەگـەر وەری ئەگرێ .

دیسان ساغی کردۆتـەوە ، ئەو ماوە پشوانە هەتا کـاتی خـۆی داوای ئەکـات بۆی هەڵئەگیرێو ئەخرێتە سـەر ئەو مافەی کە بەر لـە ناردنی هەیبوە .

(١٠٥) قـوتـابی پێشـــــــکەوتو

بەرەو ئیسپانیا ئەرون

بێرێ بە فرۆکەیـەکی تایبەتی ١٠٥ لەو قوتابیەی پێشکەوترانەی سەرۆک احمد حسن البکر خەڵاتی کـردن بەرەو ئیسپانیا کەوتـەرێ .

ئەوەبو سەرۆک البـکر فەرمانی دابو کە ئـەو قوتابیانە ببەن بو ئیسپانیاو دوو هەفتـە لـەوی لە شارستانیەتی عـەرەبو ئسلامی وردبنەوە .. لە گەڵ ئەو قوتابیانەدا نوێنـەری وەزارەتی یەروەردەو یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق بۆ سەریەپشتیان چـون ، بیجگە لە نیراوانی ڕاگەیاندن ، کە ئەویش بریتـی یە لە نوێنەرانی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق و دەزگای گشـتی ئیزگەو تەلەفزیون .

ئا.د.ع

گەلاڵـەی بریارێک بۆ کشانەوەی هێزە سوریاییـەکان لە لوبنان

نێرراوی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە کولومبو زانیویە کـە وەفدی ڕێکخراوی ڕزگاری دەری فەلەستین بۆ کونفرانسی پێنجەمی سەرۆکانی وڵاتـە بێلایەنەکان نیازی هـەیە بەرۆژی بریارێـک دەربارەی لوبنان بدا بە کونفرانس کـە داوای کشانەوەی هیـزە سوریاییەکانی دەرەوە لـە لوبنان دەکا .

وەفدی فەلەستین بۆ ئـەو مەسەلە پێوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە وەفدەکانی کۆنفرانسـەوە کردوە کە یەکێک لەوانە وەفدی عیراقە .

وەفدەکە پشتیوانی لـەو بریارەشی دەست کەوتوە کـە دەڵێ دەسـتتێوەردانی عەسکەری دەرەوە زیاتـر وەزعی لوبنانی ئالوز کردوە .

Institut Kurde de Paris

پەروەردە

لاوان و وەرزش

عبدالقادر خلیل

ئێمە ئەمڕۆ لە ساڵی ١٩٧٦ دایین • خوێندەواری خوشەویست • بیورن لێم دەتان گێڕمەوە بۆ ساڵانی ١٩٤٠و بە ڕووژێر تا ئەمڕۆ •

ئێمە ئەو کاتە لاوانی وەرزشکاربوین • لیرەدا بەبێ ویستی دەزانم کە لەکانی دلەوە سوپاسێکی بێ پایانی مامۆستای بەڕێز کاك صالح علی بکەم بەبۆنەی ڕابوردنی ٤٤ ساڵ بەسەر تێکۆشانی بێوچانی ئەم مامۆستا بەڕێزە لە گۆڕی وەرزشو لاواندا • هەروەها بەهوی ئەوەی کە خوی (تەقاویت) کردوە •

جا مامۆستا صالح علی ئەمراوە لە ناو هەموو وەرزشکارانی عیراقدا • مامۆستای بەڕێز لەکاتی خویدا زۆرشتی سەیری دیوەلێمان وە وەکو باوکێکی دلسوز وبرایەکی گەورە جار جاریش لێمان تورە دەبو قسەی خرابیشی بێدەوتین و قسەی خومان بێ بە خورایی تورەمان دەکرد بۆ ئەوەی جنێوی خەستو خوڵمان بێبدات بەڵام ئایا ڕۆژی لە ڕۆژان کەرێکی وامان دەکرد لێمان بڕەنجێ • تا مامۆستا صالح کاتێ خوش دەبو کە تورەببوایە • بەتورەیی زور خوش بو • مامۆستایەکی دلسوز بو وەکو براوا بو لەکەل قوتابیەکانیدا • مامۆستا زۆر دلسوز بو بو وەرزش و پیش ئاهەنگ • قسەی خوشی هەبو هەمیشە لە ئوردوتاکاندا کە دەکرایەوە شەوان قسەی خۆشی بو دەکردین • تاو تاویش قوتابیەکانی مامۆستاکان کۆ دە بوینەوە بۆ ئەوەی کاری بکەین تورەی بکەین لەساڵی ١٩٥٧دا گەرانیکمان کرد بە شاری سلێمانیدا هەمو قوتابیە (پیش ناهەنەکان) بەشداربون لە گەرانەکەدا مامۆستا لە پێشەوە دەرویشت ئەپلو موسیقالێ ئەدرا قوتابیەکان بەمەشق دەرویشتن • مامۆستا یەك قوتابخانەکەی کە پێدەوترا قوتابخانەی ئەیوبیە لەپێشەوە دەرویشت • دەنگیدا بەقوتابیەکان ڕوەو باڕین خانەی کون ڕوی ڕویشتنەکەی وەرگەررا • مامۆستا صالحیش وا دەزانی قوتابیان هەر لەدوایەوەن دەڕێشتو بالی ڕادەوەشان کێ ئەیشتە شوێنی دیاری کراو وتی بەلای ڕاستدا بڕوانن کە تەماشای کرد قوتابی هیچ بە دواوە نییەو لەو سەرەوە سەرەتای قوتابیان دەرکەوت بەمەشق دەهاتنە خوارەوە • زۆر تورە بو ڕوی کرد مامۆستا ••• وتی (هەتیوکێ بیوتی بەولادا برویت) ؟ تا وای لێبکەم توکی سەری بابیات • مامۆستا •••• زۆربە هێمنی وتی ئەی مامۆستا صالح خوت نەت وت بەلای ڕاستدا بڕون ؟ منیش بەلای ڕاستدا ڕویشتم • خو کفرم ئەکردوە : زۆر تورە بو وتی ڕاوەستە بوم بزانە وات لێ ناکەم توکی سەرت با بیبات • ئەویش وەلامی دایەوە بۆ ماری کژبرای هیندێت ؟ مامۆستا زور تورە بو لێمان بەڵام کە کەیشتینەوە شوینی خۆمان وەکو هیچ ڕوی نەدابیت وابو سەد سلاو بو تومامۆستای بەڕێز کاك صالح علی هەمو لاوانی وەرزشکاری شاری سولەیمانی سوپاست دەکەن وەخوش کوژەرانیت داخوازن لە ژینتا هیوادارین هەمیشە سەر چاوەیەکی ڕون بیت بۆ قوتابیانو مامۆستایان •

چۆن لە ڕاستی "وەرزش" گەیشتون

دوکەلی جگەرەکەی بەبادادەداو ئەی وت ئازانم ئێرە لاوانی ئەمڕۆ ئەم هەوەسی وەرزشە چییە کەوتوتە سەرتان ؟ وابزانم وەرزش بویستی بەم هەمو یارمەتیو پشتگرتنە ناکات ، کە لایەنی ترهەیە پیویستی بەو پشتگیریو ئەوەندە سەر یا خۆتان بەخۆتان بەتەماشای یارەکەوە یارەنەیانە هەیە•• هەمو کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکانی وەرزشەوە ئەبەنە سەر •• وەرزش چیە •• ؟ وەرزش چۆن ایك ئەدەنەوە ؟ من سەرم لە نیوە سوپ ماوە ••• ئێم پرسی •• چۆن لە وەرزش ئەگەیت ؟ بە گانتە بێکردنەوە وتی هەندی بزوتنەوەی باڵەوان بازیە و هیچی تر ••• !!

زوربەی زۆری خەلکی بەم جۆرە لە وەرزش گەیشتون ، بەڵام ئەو وەرزشە بەشێك بێت لەو زانستییەی کە کار ئەکاتە سەر هەمو لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی ئەمە دور ترین شتە لە بیرو ڕاو بیرکردنەوەی ئەوکەسانەوە •• خۆ ئەگەر بڵێیت وەرزش بۆتە ئەوناوێنەیەی ڕادەو پلەی شارستانی هەر نەتەوەومیللەتێك دەر ئەخات ئەوە زوربەی خەلك ئەنگا بە کیوا•• باشە ئەگەر بەو ڕایە سەلبی-یەی سەبارەت وەرزش قایل بوین ئەبینین وەرزش شایەنی ئەوە نییە کە وڵاتان ئەوبایەخە گەورەیەی بێ بدەنو خویانی پێوە خەریك بکەن وبەتایبەتی وڵاتانی سۆشیالیستی کە بە کردەوە ئەوەیان سەلماندووەو ساغ کردۆتەوە کە وەرزش پێویستییەکی گەورەی ژیانی میللەتانە •• ئەبینین ئەوانە زۆر بە هەڵەدا چونو وەرزش ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە بۆتە پێویستییەکی گەورەو گرنگی ژیانی گەلانو میللەتانی پیشکەوتو هەزارها دینار لە پێناوی توناو وزەی لاوانیدا خەرج ئەکات تاکو بتوانن ئەوتوانایانەیان لە مەیدانی وەرزشدا بەکاربهێنن و پلەیەکی سەرکەوتو وە دەست بهێنن وە ئەوشمان بۆ ڕون ئەبێتەوە کەوەرزش بەشێکە نە سیاسەتو ئەوەش ئەوە ئەی سەلمێنێت کە یەکێتییە میهەنێکان بەشێکی گەورەی توانای خۆیان لە پێناوی وەرزشدا کار ئەکەن ••• وە لە لایەکی ترەوە بەوەخۆی نواندوە کە قەوارەی زایونیزم وخواروی ئەفەریقا لەهیچ مەیانێکی وەرزشیدا لەسەر ناکرێتو بەشدار ناکرێت لەبەر ئەوەی ئەو دو ئەو سیاسەتێکی ڕەتەز پەرستانەڕەچاو ئەکەن•• ویا کشانەوەی ٣٠ دەوڵەتی ئەفەریقایی لەکەل عیراقدا لە دەورەی مونتریال ئەوە بو خەریك بو ئەو دەورەیە پوچەل کاتەوەو سەر نەکرێت ئەویش بە هۆی بەشداری کردنی نیو زیلندەوە کە هاو کاری وەرزشی لەکەل وڵاتی خواروی ئەفەریقادا کردبو •• بەڕێز ان وەرزش ڕەوشتوخوو بەرزی شارستانیو بەشداری کردنە لە ڕەوەوی بەرەو پێش چونی میژودا و سەرخستنی ناوی وڵاتاندا ••وەرزش هەندی هەڵسو کەوتی باڵەوان بازی نییە !!

محمد صدیق الامام

تاقی کردنەوەی قوتابیان

تاقی کردنەوەش هەرچەندرۆژێکە وەك ڕۆژانی تری ساڵانی خوێندن بەڵام جێگایەکی کاریگەر ترو ، ترسناکی هەیە لەبەر دەم قوتابیاندا •• ئەوەشی بۆتە هۆی ترسو خۆ نەئەرتن وقوتابی وا لێ ئەکا ، ئەم ڕۆژانەی کە تاقی کردنەوەی تیا ئەدەن ، بە ڕۆژێکی نائاسای دابنێن •• تەنهاقوتابیانی خۆیانن ، کە بەیوەندی ڕاستەو خۆیان هەیە لەگەڵ تەنگو چەڵەمەکەدا ••

قوتابی هەر مانگێکی بەمێنێ بۆ تاقی کردنەوە ، ئەکەونە خۆیانو خۆیان ئامادە ئەکەن بێ گومان ئەم جۆرە خۆ ئامادە کردنەش کار ئەکاتە سەر تەندروستی دەرونیو لەشیو ڕەوشتی قوتابیان ، هەر لەم ڕۆژانەدا هەزاران باسو بابەتی خوێندن ، لە گێژاوی بیرو مێشکیاندا خول ئەخوا ، قوتابیان بە هەرج شێوەیەك بێت هەول ئەدەن خۆیان ئامادە بکەنو خشتەی تاقی کردنەوە لە دامو دەزگاکانی خوێندنا ، ئەوە ئەگەیەنێ ، کە قوتابی بخرێتە بارسەنگی تاقی کردنەوەو نرخ بێدانی مامۆستاکانی و هەڵەنگاندنی رادەی تێگەیشتنی قوتابیانو وەرگرتنی بابەتەکان و کەڵك وەرگرتنی زانیارانەی قوتابی ئەمە کە ئێمەی قوتابی تێگەیشتوین •

کە هەزار حیسابی تری بۆ ئەکەینەوە ، ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێ کە تاقی کردنەوە ئەزمەیەکی دروست کردوە لای قوتابیان ، بۆیە ترسو خۆنەگرتن رو ئەکاتە قوتابیو ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی هەمیشە لەسەر خۆی ئەبێو لە تاقی کردنەوەکانی ڕاکاو کەم هێز بێتو لە ڕۆژانی تاقی کردنەوەدا زوو بچێتە ناو جێگاو بنوێ ،یان توشی نەخۆشی نەنوستن بێت، هەزاران پرسیار خۆی دێنێتە کایەوە ، چۆن بخوێنن ؟ لەکوێ ، کەی •• چۆن دەست بێ بکا ؟

ئەگەر هاتوو تاقی کردنەوە ڕیچکەی بیرو هۆشی قوتابی بێتو ئامانجی سەرەکی ئەو قوتابیە بێت ئەوا لە بەردەمی قوتابیدا کارێکی ئاسانو ئاسایە وەکو ڕۆژانی تری خوێندن وایە بەڵایەوە •• چونکە قوتابی هیچ جۆرە تەنگو چەڵەمەیەکی تری نیە جگە لەوە نەبێ کە تاقی کردنەوەکانی قوتابخانەی بداو بخوێنێ •• ئەمە لە کاتێکداو هەندێ جاریش قوتابی سەر دنیای لێ دێتەوە بەك هەزار جار خۆی ئەخۆش ئەخاو تاقی کردنەوەو ئەخۆشی ئەکاتە خۆراکی هەمیشەیی و تێکەڵاوی چەند تەنگو چەڵەمەیەکی تری ژیانی ئەکەن و بەو جۆرە زۆر بێ هێز ئەبن بەرامبەر تاقی کردنەوە ••

بێ گومان ئەوەی کە بۆتە هۆی ئەوەی تاقی کردنەوە ترسێنەر بێت ئەوەش ئەگەرێتەوە سەر قوتابی کە ڕۆژ بە ڕۆژ خۆی ئامادە ناکاتو ناخوێنێو لە کۆتایی ساڵدا هەرچی بابەتی خوێندن هەیە بە سەریا کۆ ئەبێتەوە ، ناچار ناتوانێ هەمو ئەو تاقی کردنەوەانەی بەو شێوەیە بدات کە ئەنجامی دەرچوونی لێوە بێتە دی •

کە لێرەدا توانای قوتابی دەر ئەکەوێ لە وزەو توانای مێشکو دەرونیدا بۆ ئەوەی بتوانی زاڵ بێت بەسەر ئەو خۆ نەگرتنە دەست کردانە کە خۆی دروستی کردوە هەندێ ڕواڵەتی پەروەردە کردنی نەگونجاو کە ئەبێتە هۆی ترساندنو تۆقاندنی قوتابیانو هەندێ جاریش هۆی دواکەوتنو واز هێنانیان لە خوێندن لەوانە •

● **هەندێ مامۆستا داوا لە قوتابیان ئەکا ئەو بابەتە دەرخ کەن هەروەکو چۆن لە پەرتوکەکەدایە یان وەکو چۆن نوسراوەتەوە ، بەری کەن • ئەمەش ئەبێتە هۆی کەوتنی ئەو قوتابیانەی ناتوانن دەرخ بکەن •**

● **جاری وا هەیە کە لە ڕۆژێکدا دوو تاقی کردنەوەیان هەیە ، کە قوتابی ناتوانی بە شێوەیەکی تەواو تایبەتی خۆی ئامادە بکا بۆ ئەو تاقی کردنەوانە •**

● **بەکار هێنانی ترس لە کاتی تاقی کردنەوەکاندا وەکو وەڵام نەدانەوەی قوتابی لەلایەن مامۆستای چاودێرەوە هەر وەها ترساندنیان بە وشەی (ئاوێ مەدەرەوە •• سەیری ئەم لاو ئەو لامەکە ، سەر هەڵمەبڕە ! سەر دەفتەرەکەت) •**

● **هەندێ جار شێوەی وەڵام دانەوە کار ئەکاتە سەر قوتابی بە تایبەتی کە مامۆستا بەسەر ئەو قوتابیەدا ئەسەپێنێ ئەبێ شێوەی وەڵامەکەی وابێو نابێ وابێ، تا نها لە پەرەیەکدا وەڵام بدەرەوە •• لە دە دێر زیاتر نەبێت •• هیچ شتێکی زیاد نەنوسی پەیوەندی بە پەرتوکەتانەوە نەبێت ••**

پێویستە لێرەدا بڵێین کەوا پەیوەندی نیوان مامۆستاو قوتابی ، لەسەر بنچینەیەکی وەستاو پێك بێت لەسەر خۆشەویستیو ڕێزو بەرژەوندی زانیارانەو دەزگاکانی پەروەردە هەولی ئەوە بدەن کە ڕوبەڕوی هەموو مەسەلەیەك ببنەوە کە پەیوەندی هەیە بە قوتابیانەوە لە کاتی خۆیدا چارەسەری ئەواوی بۆ بدۆزێتەوە •• با تاقی کردنەوەببێتە ڕەواڵەتێکی زانیارانەو وا هەست بکەین کە هەمومان تیایدا ئەژین ••

ئەڵێن چی؟

بەشی ٧

★ نوری حەیران ★

● تائیستاش لە لایەن مەسەلەی ڕەخنەوە ئەدەبی کوردی زۆر لاوازو کەم دەستو بێهەرەکەتە • بەشێوەیەکی کشتی ڕەخنەگرتن ئەوەیە کە ڕەخنەگر ، لایەنە جوان وناشیرینو بێ هیزو بەهێزەکانی دەقێکی ئەدەبی دەرخاتو نیشانی خوێنەرانی دات ماناکانیان بە وردی لێکداتەوە ، ڕەخنەگری سەرکەوتو ئەوانەن کە لەدڵێکی پاکی پڕ دڵسوزیو لیهاتنێکی تەواوەوە بەجۆرێك بەناو مانای ڕستەو وشەکانی دەقێکی ئەدەبیدا شۆڕ ئەبنە خوارەوە کە خۆیانەڕێکی ئاسایی توانای ئەوەی نییە ، بگاتە ئەو ئەنجامەو هەست بەو لایەنە شاردراوانەی ناو نوسراوەکە بکات کە ڕەخنەگر ئەپاتخاتە ڕوو •

● ئایا ڕەخنەگرتن لە ناو ئەدەبی ئێمەدا بەم ڕێچکەیەدا ئەڕوات وئەو کانەی گرتۆتە سەرشان ؟ ئەوەی ڕاستی بێتو گومانی لێ نەکرێت نەخێر •• بەپێچەوانەوە لە ئەدەبی کوردیدا ڕەخنەگرتن بەڕێبازێکدا ئەڕوات کە زۆر لە مەبەستی ڕاستەقینەی کارەکەوە دورە !! ڕەخنەگرەکانمان •• ئەگەر ڕەخنەگرمان هەبێت !! لە ئیشەکانیاندا دوو لایەن ئەگرنو تائیستا هەر لە سەری ئەڕۆن •• لایەنی ستایشو پیاهەڵدان •• دووهەم لایەنی هێرش کردنو پلارلێدانو تورەبون ••• کە ئەم فاقەیان لەناو ئەدەبەکەماندا بەشێوەیەکی فراوانو ڕەمەترسی تەشەنەی کردوەو هێندەی نەماوە وەك پەتا زۆر لا بگرێتەو • نوسەرەکە ئەگەر دۆستی ڕەخنەگرەکە بو !! ڕەخنەگر ئەوا ئەکەوێتە ستایشو پیاهەڵدانی نوسراوو نوسەرەکەو بەجوت ئەیانگەیەنێتە شوێنێکی ئەوتۆ بەرز « کە کەیشتن بەو جێگایە بێویستی بە ئارەقە ڕشتنو ماندوبونێکی ئیجگار زۆرە ، بەئاسانی ئاوا کەس نایگاتێ مەگەر لەخەیالی ڕەخنەگرو تلیسانەوەی دۆستایەتیاندا •• » خۆ ئەگەر ئەدیبەکە خوانەخواستە بەدڵی « ڕەخنەگرەکە !!! » نەبو ئەو خاك بەدامێنی ئەوەش کە ئەو نوسەرەی فێری خوێندەواری کردوە، ئەو لایەنی ئەو ڕەخنەگرەوە ئەکرێت بەو شتەی کەس حەزی لێ ناکات ••

● ئەبێ ئەم جۆرە ڕەخنانە خزمەتی ڕاستی ئەدەب بکەنوببنە هۆی بنچینەیی گەشەکردنی ئەدەب ؟ یا ئەبێ ئەم جۆرە ڕەخنانە ڕاستەڕێ نیشانی ئەدیب بداتو کەموکوری نوسراوەکانی بۆ ئاشکرا بکاتو هانی بەرەو پێشکەوتنی بدات ؟ بێ گومان وەرامی هەردو پرسیارەکە نەخێر •• بەڵکو ئەوانەی ئەمڕۆ بێیان ئەوترێت (ڕەخنە) هۆی هەرە گەورەی ماڵویرانی ئەدەبەکەنو زیاتر پەیوەندایان بەخۆپەرستیو جۆری پەیوەندی نیوان ڕەخنەگرو نوسەرەکەوە هەیە ، وەك لە خودی ڕەخنەگرتن بەمەبەستی والاکردنی دەقێکی ئەدەبی •• جا بۆ ئەو کەسانەی بەڕاستی دڵسوزی مەسەلەی ئەدەبیو دڵیان بە دواکەوتویی ئەدەبەکەمان ئەسوتیو لەناخەوە حەز بەگەشەکردنو پێشکەوتنی ئەکەن •• باواز لە مەسەلە تایبەتیکانی ناوخۆیان بهێنن و دەست لە خۆپەرستی هەڵگرن با خۆمان فێری ڕەخنەگرتنێکی مەوزوعیانە بکەین کە بێتە مایەی گەشە کردنی ئەدەبەکەمانو ببێتە هاندەرێکی گەورەی ئەو ئەدیبانەی کە بەڕاستی بەهرەمەندیان لێ ئەوەشێتەوەو بەرهەمەکانیان ڕەسەنیان بێوە دیارە •• باواز لە توانجو بلارو ڕقهەڵرشتن ، یاستایش کردنی بێ بەهاو بایەخ بهێنین ••

● ڕقو قینەبەرایەتی لە ڕەخنەگرتندا ، خاوەن ڕەخنە نابوتو بەربوت ئەکات •

هەوال و لیکۆڵینەوە

● **هەوال :** چەند ڕۆژێك لەمەو بەر وەفدێکی ڕێکخرواى پێشەنگی سەر بە یەکێتی لاوانی سۆمال هاتونەتە بەغداو ئەم سەردانەیان لەسەر خواستی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی گشتیی لاوانی عیراق بوەو ماوەی چەند ڕۆژێك ئەخایەنێت ، وەفدەکە بەسەردان چون بۆ بارێزگاکانی وڵات •

● **لیکۆڵینەوە :** لەمەیانی ئاڵو گۆڕکردنی ڕوشنبیریو وەرزشیدا ئەم جورە چاوپێکەوتنانە بێکدێت پێش ئەم سەردانەی وەفدی پیشەنگەکانی لاوان وەفدێکی وەرزشی سۆمال هاتبوە دیدەنی وڵاتو لەگەل تیمی وەرزشەکانماندا چەند یاریەکی دۆستانەیان کردبو لەم سەردانەیدا ئەو وەفدە چالاکی وەرزش کردنی بۆ دەرکەوتبو بەتایبەتی جمو جۆڵی وەرزش لەناوچەی ئۆتۆنومیدا و بەچاکی لەوەگەیشتبون کە شۆڕش لەمەیانی وەرزشدا ئەو ناوچەیەی گەیاندۆتە چ پلەیەك •

ئەمڕۆش کە ئەو وەفدە (٢١) کەسییەی پێشەنگی لاوانی سومالی سەرمان لێئەدەن •• بەڵکو سەریان لە وڵاتیو نیشتمانی خۆیان داوە چونکە عیراق نیشتمانی هەمو ئەو کەسانەیە کە بێ پشودان دژی ئیستعمار خەبات ئەکەنو زەبر لە ئەڵقە لە گوێکانی ئەدەن •• ئێمە بەخیر هاتنێکی دوستانەو برایانە پێشکەشی ئەو وەفدە لاوە ئەکەین کە هاتونەتە دیدەنی ناوچەی ئۆتۆنومیو پێش ئێرەش سەریان لە بەغدای ١٧ی تەمموز داوە ••

بەخیر هاتنێکی گەرمی برا سۆمالیکانمان ئەکەین •• کە بێ گومان لە سۆمالدا باسی ئەوکارە گەورانە ئەکەن کە شۆڕشە مەزنەکەی ١٧ی تەمموز لە دۆڵی ڕافدێنا جێبەجێی کردوەو هێناویەتەدی •• بێ گومان باسی ئەوبلە بەرزەی وەرزسیش ئەگیرنەوە کەلەم وڵاتەدا لاوانی وەرزشیمان لە ناوچەی ئۆتونومیدا بۆی گەیشتون ، ئەو بزوتنەوەیەی کە سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش بە هەمو بارێك یارمەتی ئەداتو دەستی پێشکەوتنی بۆ درێژ ئەکات •• دڵنە وڵاتەکەمان •

عبدالوهاب عبدالباقی

کامەران عبدالحمیدو دەنگێکی بەجۆش

ناظم دلبەند ئامادەی کردوە

سەردانەکەی ئەم دوایەی تیپی مۆسیقای سلیمانی بۆ شاری هەولیر هەنگاوێکی هونەر دۆستانەی گرنگ بوو، جەماوەرێکی زۆر تێکەل بە هەستو ئارەزوی مۆسیقا ژەنەکان بوبو ، زۆر کەسیش بە چەپڵە هەستی بێخۆشحاڵی بونی خۆی دەرئەبڕی بەرامبەر بە سەردانی ئەم کۆمەڵە ئرا هونەر مەندانە • •

جموجوڵی چالاکیو خۆنواندنی کامەرانی هونەرمەند ئەوەندە سەرنجی ئێمەو خەڵكو زوربەی جەماوەری ڕاکێشا بۆیە پێمان وت :

● کاتی لەدایك بونت ؟

– زستانێکی توشو نەهات بوو ، ساڵی ١٩٥٩ لە شاری خانەقین چاوم کردۆتەوەو ئیستاش لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی پیشەسازی ئەخوێنم •

● خەڵك بەگەرم سەرنجی هونەرەکەت ئەدەنو گوێ بۆ دەنگە بەسۆزەکەت ئەگرن •• ئایا هەستت بەو خوشەویستیە کردوە لە دڵی جەماوەردا ••

– لە هەمو گرنگتر ئەوەیە جەماوەر لە دەنگو سۆزو هونەرەکەم بکەن •

● پەیوەندی نێوان هونەرو مرۆڤ چۆن ئەبینی ؟

– هەودوکیان کەرەستەی ژیانی یەکترن •• بەبێ یەك هەردولایان لاوازو بێتینن ••

● حەز بە کام ئاوازی میللی ئەکەی ؟

– بەڵای منەوە ئاوازە فولکلوریەکان لەناخی واقیعی هونەری میللییەوە سەریان هەڵداوەو دەر کەوتوون ، بۆیە هەمیشە تامەزرۆی دوبارەو چەند بارە کردنەوەیانم •

● کام گۆرانی بێزت بەدڵە ؟

– بە گۆرانیەکانی مەزهەری خالقی زۆر دڵم ئەکرێتەوە ••

● هەستت بەرامبەر بە تیپی مۆسیقای سلیمانی ؟

– پەرستگای هونەرەو هەرگیز فەرامۆشی ناکەم •

● دوا گۆرانیت کامەیە ؟

– (پەرستگای دڵ) •• کاك محەمەد سالەیی شیعرەکەی داناوەو کاك سەلاح ڕەئوف ئاوازەکەی ڕێك خستووە •

● سوپاس ••

– ئێمەش بەرێزەوە سوپاستان ئەکەین •

Institut Kurde de Paris

وێنە

رزگار بوون

رووی دەمی لە هاوڕێکەی بسوو ، ووتی بیستوتە دایرەکەمان سیستەمی دەزگاکان دەیگرێتەوە ؟

دووهەم وەلامی دایەوە :- نەخێر ..

بۆیە یەکەم دەرگای گفتو گۆیەکی درێژی خستە سەریشتو سەبارەت دیاردەکانی دەزگاو سوود وخەیرو دەست ڕۆیشتن و سەربەستی دامەزراندنی هووجە خۆرو کردنەوەی بەشی نوێی قسەی کرد .. دووەمیش لەناو دەریای خەون و ڕوانینەکانیدا مەلەی دە کردو ماندوو بوونی هەژدە ساڵ تەمەنی دە هاتەوە بەرچاو .. کەچۆن مووچە خۆرێکی توانی ئەوماوەیە لەتەمەنی بدانەبا .. کە چۆن هاوڕێیەتی چەندەها نموونەی سەرسوڕهێنەری سەرۆکی راستەوخۆی خۆیی کرد لەگەل ئیش و کاری نزاروو بێ چێژو بە دوور لە هەموو ڕێکخستن و ناڕاستەکردن .. دوا شتی ئەوانەش بچووک ترین مووچە خۆری بەشەکەی بەسەردا زاڵبوو بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی دایرەکەی .. جگە لە هەراو هوریای ئەو شەقامەی تازە دایرەکەی تێی گوزرا بووەوە .. لەگەل ئەنگ و هوڕی فڕینی قورقوشمو توانەوەی لەحیم کەڕاستەو خۆ لە ژێر زوورەکەی ئەمدا بوو .. لەگەل ئەمەشدا .. هاوڕێی ئێو زوورەکەی بیاوێکی بەساڵدا چووی بڕمێشکی تی ئەگەل یشتووی زۆر باش بو درێژەی دەدایە قسەو کاتی ئیش کردنەکەی بێدەبر دەسەر .. بۆیە ئەم وای لێهاتبوو جارس بیت و ئارەزووی ئیش کردنی نەمێنێت .. بەڵام هەر بەئارام بو ، بەبێ هوودە .. هیوای بەخۆی مابو ئیستاش کاتی زرگاربوونی نزیك بووەتەوە .. داوا بێشکەش دەکات خانەنشین بکرێت ، ئەمەش بەدەستی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنە دوای ئەوە ڕوو دەکاتە هەرکومپانیایەکی بێگانە .. خۆ زمانی ئنگلیزی دەزانێت و دەتوانێت تایپرایتەر « آلة الطابعة » بەکار بهێنێت جگە پسپۆڕی هەژدە ساڵ ئیش کردن .. لە دەنگی نێوی هاورێکەی ئاگادار بووەوە ها .. باوکی ئەحمەد .. بۆ کوێ چوویت ؟.

بۆ ماوەیەك سەرنجی ڕووی هاوڕێکەی داو ئەمەی درکاند :

لە عێراقدا شۆڕش توانیی ڕیشەی جاسوبەکان بن بڕ بکات و دەستی مۆنۆپۆڵو چەوسێنەرەکان بشکێنێت ، ئیستاش کاتی ئەوە هاتووە جیهازەکانی دەوڵەت لە دزو جەردەی بەڕێوەبردن پاك بکاتەوە ، بە توانایەو دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات .

— بدرێژە ... —

مرۆڤ وگەڕان بە دوای «وزەدا» تاکەی؟!

لە بەر ئەو ڕووناکیەی کەزاراوە کە ماوەیەکی زۆر تێناپەڕێت بەر لە ئەوەی پاشەکەوتی نەوتو غاز لە جیهاندا بەرەو نەمان بڕوات، لەم ڕۆژانەدا لە ناو زاناکانی جیهاندا مقۆمقۆیەك دەستی پێ کردووە دەربارەی ووزەی سروشتی . لە گەل ئەوەی کە خەلوزو ئەتۆم دووجێگری نامادە کراون لە جیاتی نەوتو غاز کە وەکوو سەرچاوەیەك بۆ ووزە بەکاربهێنرێن ، بەڵام بێ گومان ئەوەی چاکەو پێویستە کە پەنای ببردرێتە بەر ئەوەو سەرچاوانەن کە کۆتایی بان نایەت .

هێزی جوولەی شەپۆلو هێزی تیشکی هەتاوو هێزی با پێشەنگی ئەم جۆرە سەرچاوانەن بۆ ووزە .

ئەم جۆرە سەرچاوانەی ووزە هەمیشەیین و هەرگیز دوایی بان نایەت بەدوایی نەهاتنی ژیان و زەمین .

وولانە پیشەسازی یەکانی جیهان زۆر تر لە سەرچاوە یەکی تر ، بایەخیان داوەتە ئەو ووزەیە کە لە شەپۆلی دەریاوە وەردەگیردرێت . بۆ لێرەوە ئەم پرۆژەیەو ئەم ڕووتی کردنە لە لایەن زۆر لە کیشوەرانی جیهانەوە ، ئەوانەی زۆر پێویستیان بەووزەیە ، پاڵپشت کراوەو نرخی پێ دراوە .

ئەوەی زانراویشە کە ووزەی مووجەب لە شەپۆلدانی شەپولەکانی دەریاوە وەردەگیردرێت . بۆ ئەمەش ناشە بایینەیەك دادەنرێت بە شەپۆلدانی ئاوی دەریا دەجووێنێتەوە ، ئەم ناشە بایینە لەم حالەتەدا بەدەوری خۆیدا ناسووڕێتەوە بەلکوو بەرەو بەردەمو بەرەو دوا دەجووێنێتەوە بەئاڕەوی شەپۆلدانی ئاوی دەریا . ئەمجوولانەوە وەردەگیردرێتو دەگرێت بە ووزەیەکی سوود بەخش لە ڕێگەی پالە پەستۆ کردنو ناردنی بۆ داینەمۆیەکی کارەبایی .

ڕێگەیەکی نوێی تریش هەیە زۆر پراکتیکیەو لە ڕێگەی کارکردنو لە یەك دانەکە ناسان تر ئەوەش بریتیە لە ئامرازێکی ووزە وەرگر ، ووزە لە چەند زنجیرەیەکی جەستەکە دەکەونە سەر ئاو پێك هاتووە، هەموویان بەیەکەوە هێڵێکی نیوەڕاست دروست دەکەن . ئەم جەستانە ڕاستەوخۆ لە شەپولەکانەوە ووزە وەردەگرن لە کاتی شەپۆلدانی ئاوی دەریا . لە ئێوان ئەم جەستانە دا چەند ئامرازێك دانراوە بەیەکیانەوە دەبەستێت کە ترومبایان بە سەرەوەیە ، ئەم ترومبایانە ووزە لە جوولانی ئەو جەستانەوە کە پێکەوە بەستراون هەڵ دەمژن .

ئەو تاقی کردنەوانە ئەوەیان سەلماندوە ، کە وەرگرتنی ووزە لە ئەو جەستانەی دەکەونە سەر ئاو کەمترنییە لە توانادا لە وەرگرتنیەوە بەڕێکەی ئاشەکانی سۆلتری ناوبراو .

بەڵام ئەوەی کە لە توانا کە گرنگترە نرخی ووزەکەیە کە ئاکاتە هیچ جێگە لەوەی کە بەزووترین کات دەتوانرێت ئەو شتانە بۆ ئەم مەبەستە لە کاتی پێویستیدا دروست بکرێت . ئەوەی بێ گومان بەزووترین ڕادەکێشێت ئەوەیە کە ئەم سەرچاوە نوێیەی ووزە : سەر چاوەی شەپولی دەریا ئەو هەموو نرخەی بێ بدرێت . ئەم نرخ دانەش بەووزەی شەپولی دەریا ـ وەکوو زامن کردنێك وایە ـ دژی نەمانی سەرچاوە زانراوەکانی ووزە .

لێرەدا باسی کۆمەڵانی ئەوروپا ئەگەین کە بە هێمنی دا ئەنیشین بۆ ماوەی چەند سەعاتێك سەیری دیمەنەکان ئەکەنو گوێ لە دەنگی مۆسیقا ئەگرن ، کاتێك مۆسیقا لیدان تەواوبو ئینجا چەپڵە لێئەدەنو ئەگەر یاری هەبو سەیری ئەکەن .

ئینجا ئێمە لێرەدا ئەڵێین : پێویستە لەسەرمان بزانین یان فێربین چۆن حوکم بەسەر ڕەوشتی تاکە کەسیو جەماوەردا بدەین .. وە هەروەها پێویستە ئەوە بزانین کە قاووقیژ وەنەبێ تەنیا کار بکاتە سەر بیستن بەگو دەرونیش ئەرەنجێنێ .

مەبەستم لە نوسینی ئەم باسە تەنیا ئەوە نیە ڕوالەتی باسەکە نیشان بدەم ، بەلکو پێویستە لەسەرمان چارەسەری بۆ بدۆزینەوە کە ئەمە تێکەل بە ژیانی ڕۆژانەمان بوە ..

هەرچەند نەرێتو ڕەووشتی چاك بەدەست بێنین ئەوەندە کارێکی بایەخدارو گرنگە ، وە ئەم کارەش لە پشتێکدا بەدەست نایەت .

ئێنجا لەبەر ئەوەی ئەم دەسکەوتە بەدەست بێنین ئەڵێین : کێش راگرتنو ڕادەدانانو پاکو خاوێنیو خرشەویستی یاساو هیمنیو حوکمدان بەسەر هەڵچوندا ئەمانە هەموی چەند ئەلقەیەکی بەیەکەوە بەستراونو بەیەکەوە پەیوەندن .

لەبەر ئەوە پێویستە هەمو توانامان بەکار بێنین لە پێناوی ڕێك وپێك کردنی ڕەووشتمانا .. وە ئەو بنچینەیە قوتابخانە لە دەرونی ئەوەکەمانا دای ئەڕێژێو ڕەوشتیان دروست ئەکات پێویستە لە دوا ڕۆژدا بە خرابی کارنەکاتە سەر کۆمەڵ .

ئەمە داوای ئەوە ناکەین ئەوەیەکی فریشتە ئاسا ڕێگەبدەین بەڵام داوای ئەوە ئەکەین ڕادەیەك بۆ هەموو کردارەکانمان دابنێین کە لە ڕادەی ئەقڵ دەرنەچێو هەستو هۆشمان دوانەخات ڕەوشتمان لەم چەرخەدا دوا نەکەوێ .

دانانی ڕادەیەك بۆ چارەسەری «قاووقیژ»

ئەتەوە یەکگرتوەکان زۆربایەخیان بە گیروگرفتی شێواندنی ئاو و هەوای سروشت داوەو دەزگایەکی نایبەتی بۆ چارەسەر کردنی تەرخان کردوە ، دەزگاکە باسی هۆیەکانی ئەم تێکدانی ڕواڵەتی کۆمەڵە ئەکات و ڕێگای چارەسەرکردنی بۆ دائەنێ .. هەروەها بوونی قاووقیژ لە ژیانمانا لە تێکدانی ڕواڵەتی کۆمەڵ کەمتر نیە .

ئەو شوێنانەی کە خەڵکی زۆر تیاکۆئەبێتەوە شانۆی قاووقیژ ، کە ئەمانەش لە ئاهەنگە گشتی یەکان و یاریگای وەرزشی و شەقامو چەند شوێنێکی گشتی دا ڕوئەدات .

ئەبێ ئەوە بزانین چۆن ڕادەیەك یان کێشێك بۆ ئەم کارە دابنێین ! چونکە کارتێکردنی ئەم قاووقیژە زاڵنابێ بەسەر هەڵچونیانا بەلکو کارکردنە سەری بە ئامانجێکی ناوخۆی دائەنرێ . تاکو مرۆڤ سەری لەوانە سوڕئەمێنێ کە واز لە هاوار کردن ناهێنن لە ئاهەنگە گشتی یەکانا کە خەڵك بۆ گوێ گرتن لە گورانیو حەوانەوە ڕوی تێ ئەکەن بۆ ئەوەی کاتێکی تیا بەسەربەرن کەچی بەهۆی ئەو جۆرە کەسانەوە کە قاووقیژ ئەکەن چێژ لە گورانیو قسەکان وەرناگرن .. لەکاتێکدا کە شوێنی ئاهەنگەکە بەجێ دێڵن هەرچی دەنگ و قاووقیژێك چوتە دەرونو مێشکیانەوە دەری ئەکەنە دەرەوە .

لێرەدا باسی کۆمەڵانی ئەوروپا ئەگەین کە بە هێمنی دا ئەنیشین بۆ ماوەی چەند سەعاتێك سەیری دیمەنەکان ئەکەنو گوێ لە دەنگی مۆسیقا ئەگرن ، کاتێك مۆسیقا لیدان تەواوبو ئینجا چەپڵە لێئەدەنو ئەگەر یاری هەبو سەیری ئەکەن .

ئینجا ئێمە لێرەدا ئەڵێین : پێویستە لەسەرمان بزانین یان فێربین چۆن حوکم بەسەر ڕەوشتی تاکە کەسیو جەماوەردا بدەین .. وە هەروەها پێویستە ئەوە بزانین کە قاووقیژ وەنەبێ تەنیا کار بکاتە سەر بیستن بەگو دەرونیش ئەرەنجێنێ .

چەپکە گوڵ

(ئەم هەفتەیە ، هەندی کاروبار لە نووسینی (چەپکە گوڵ) دوای خستم ، کە ماوەشم هەبوو ، دەستم دایە بینوس ، ئەم نووسینە خۆی چەسپاند ..)

قوباد

(بەشارەت) مەسەلەکە وا نییە !

لەژێر ناوی « دیاردەیەکی نارەوای کۆمەلایەتی » خوشکە « بەشارەت » ، وتارێکی لەڕۆژنامەی ئازیزمان هاوکاری ژمارە - ٣٢٩ -ی ٤-٨-١٩٧٦ دا نوسیبو .

بەشارەت ، لەم وتاردا دەربارەی مافی ئافرەت هەندێ بیرو ڕای تایبەتی خۆیی دەربڕیوە وە لە بۆچونێکی تەسك دا ، ئەلێم تەسك چونکە لای وایە مافی ئافرەت تەنها لە لادانی عەباو بەچەدا بەدی ئەکرێ .

فڕێدانی عەباو بەچە هەرگیز هۆیەك نییە بۆ ئازارو ئەشکەنجە کێشان ، کێشەیەکی سایکۆلۆژی نییەو بە ناحەق بەسەر ئافرەتدا سەپاوە ، چونکە ئۆرینی کۆمەڵ لە هەمو بارێکی ژیانەوە ، بەتایبەتی باری کۆمەلایەتی هەر لەخۆیەوە ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆو بەرەو سفوری دەبا .

وا بزانم « سفوری » ی بەهۆیەکی چارەسەرکردنی کۆمەلایەتی نازانرێ ، چونکە وەکو بەندە کوردەواری یەکەی خۆمان دەڵێ « ئەوی ناو هەمانەکە منی کوشتوە ! »

واتە مەسەلەکە لەسەر فڕێدانی عەبا رانەوەستاوە بەلکو زۆر قوڵترەو بۆیی زۆرترە ، دەیەها نەریتی بۆگەن لەم کۆمەڵەدا باوە ، سەدەها دیاردەی نارەوا ڕیشەی لە جەرگمان داکوتاوە وە « بەشارەت» بەخەیاڵێکی سەر بڵاو شیکارێکی سەربڕیی دەست نیشانی نەخۆشی کۆمەڵ دەکا ، ئەویش بۆشیی عەبایە لەلایەن بیاوەوە بۆ ماوەی سەعاتێك . بەراستی ئەم خواستەی « بەشارەت » شیکارێکی سەیرە ، (بازدان) لەبڕینی قۆناغی گۆڕین هەڵەیەکی مۆزوویی یە چونکە ئەم بازدانە دەبێتە هۆی ڕوخاندنی چەند دیاردەیەکی خاوێنی ئەم کۆمەڵە

خوێنەری بەڕێز مێوتۆ گوناهمان چی یە ، ئەگەر نوسەری وتار خزمی خۆیی نەناسیوە ، وە ڕیای لەمێ دەردەکەوێ ، ئایا بۆچی خزمەکە خۆیی نەناساند بەلادانی بەچەکەی ؟ بەتایبەتی خەریکی چاکو چۆنی یە لەگەل دوو ئافرەتی ناسیاو ؟! ئەم ڕووداوە بە عەقڵ هەڵبەسەو لە خەیاڵی نووسەر زیاتر تێبەڕ ناکاو بە داخەوە چۆڕو بۆنی وەرگرتنی میهرەبانی و سۆز بۆ ئافرەت تیایا بەدی دەکرێ . ئەم ڕێبازەش ڕێڕەویکی کۆنە پەرستانەیەناگونجێ لەگەل وەزعی شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆمان ، وە پێویستە باوەڕمان بە سوشیالیستی هەبێ کە شۆڕش ئەمڕۆ ئالای هەڵگرتووەو لەژێر سایەیا ئافرەت بەبێ جیاوازی لەگەل پیاودا مافی تەواوی خۆی وەرگرتووە .

خۆم بە مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز دەزانم ، بۆیە حەزدەکەم ئافرەت مافی خۆی وەرگرێ بەبێ سکاڵاو هاما لەپیاوان .

لەبەر ئەوە نەکەومە گێژاوی دوو بەرەکی ، لە کاتگای دلمەوە بەوە قایل نابم کە دوارۆژێکی بەختەوەر چاوەڕوانی ئافرەتە لە عیراقی خۆشەویستماندا .

سەبارەت لەستدارە (پاشماوە) ئەو کردارەی ئەنگولا کردویەتی ڕوداوێکی زۆر چاکە بۆ ئەوەی وڵاتانی تریش چاوی لێبکەنو ئەو نەخۆشیە بیسە ئەداتی ، وە ڕەنگە هۆی ئەوە بێت کە ئەم جۆرە سەربازانە لە شەڕەکانیاندا هەمیشە هەر لە ناو بەرنو یەکەم هەنگاوە کە ئەو شەرخۆزازانە تاوانبار ئەوەی ئەم نەخۆشیە بە ژیرکەوتون .. ئەگەر چی لەمەو بەر ڕێگا خۆش بر کرێنو بەپێی تاوانەکانیان بەئارەزوی خۆی بڵاو بێتەوە ، سزا بدرێن

بۆزانین

کۆمپانیای گشتی پیشەسازی خشت .

کۆاستەودی نەوتی ڕەش .

کۆمپانیای گشتی پیشەسازیی خشت بڵاوی ئەکاتەوە کە پێویستی بەکواستنەوەی نەوتی ڕەش هەیە لە نەوتخانە ڕەسمیکانیەوە بۆ پرۆژە نوێکانی کۆمپانیاکە .

جا ئەو بەڵێندەرانەی ناویان لەڕووری بازرگانیدا نوسراوەو پارەی زەریبەی دەخلیان لەسەر نییە .. لەشەقامی سعدون سەر لە بارەگای کۆمپانیاکە بدەن تا لەوی مەرجی موناقەسەکە وەرگرن کە نرخەکەی یەك دینارەو ، نادرێتەوە دوا کاتی وەرگرتنی عەتاتاتەکان

کۆتایی دەوامی ڕسمی دووشەمی ٣٠-٨-١٩٧٦ ه

وە مەرجیش نییە کۆمپانیاکە نزمترین عەتاتات یا هەر عاتاتاتێکی تر وەرگرێت .

بەڕێوەبەری گشتی
فهمی روفا هرەز

١-٢

چۆن گۆرانی وموسیقای میللی ئەپارێزین؟

عبدالقادر علی مردان

شتێکی ئەوەندە سوك و ساناتیە بگەینە چەند دەرەنجامێ ، کاتێ کە لە هونەر بەگشتی ـو موسیقا ـ بەتایبەتی ـ ئەدوێینو یا پیلەی لەسەر ئەکەین ، بەتایبەتی مۆسیقای سەر بە کەلەپورو ڕەسەن .

یەکە سەرنجی ئەم باس و پیلەیەی کە لەسەر مۆسیقای سەرانسەری عیراقە ئەوەئەهێنێتە بەردەم کە ئایا لە گرفتایە یانا ؟ یا مەسەلەکە بەبەندە بە ناسنامەی ئەم مۆسیقایەوە .. بەرای من گرفتەکە دو لایەنی هەیە :

١ ـ لایەنی شارستانی .

٢ ـ لایەنی تەکنیکی موسیقایی .

لایەنی شارستانیەکەی ، سەرجەمی ئەم بارو دۆخانەیە کە شارستانیەتێکی دیاری کراو ئەخولقێنێ و دەوری خۆی لە لای خەلك و ساتو سەوایان لەتەك مۆسیقادا ئەنوێنی ... گرفتی موسیقای عیراقی شتێکی ناویژەو دەگمەن نیە ، بەلکو زۆر لەیەکچوە ، هەرچەندیش تێکرای مەسەلەکە هەندێ جیاوازی لەگەل گرفتی مۆسیقای ولاتانی جیهانی سێیەما هەیە لەئەنجامی فشارونا بردنی شارستانیەتی بێگانەو دەستاوێژە تازەکانی ئەکنۆلۆژیا .. چونکیم ئەو ولاتانەی کە لەژێر تەئسیری ئەو فشارا نەدایەو ـ بەکار ـ هێنانی تەکنیکی سەرکەوتو بۆ گشت شتێ ـ ئەگەیرەتە بەتێکی گونجاوی کۆمەلایەتیو سایکۆلۆژیەوە ، بۆیە وا سەرخانە شارستانیەکانی لەرزۆك و شیرژە ئەبێت .

گرفتی ڕاستەقینەی مۆسیقا بەندە بەو هەست بە دواکەوتنی بەرامبەر بە سەرکەوتنی دنیای ڕۆژاوا و کارتێکردنی ڕوشنبیری بۆرژوازی لە زمانی ئەو ولاتانەی کەوتۆتە ژێر ڕکێفی . هەر ئەم هەلوێستەشە وانەکات کە ڕەفزی هەر جۆرە شتێ بکرێ ، کە بەپەوەندی بە کەلەپوری خۆمالیەوە بێت .

زۆر ڕێبازو پێڵو لە گەڵ پلەی جیا جیادا پەیا بوون کە مۆسیقای ئەوروپایی کاری تێکردون و کشتیان لەیەك شتا یەك ئەگرنەوە، ئەمیش کەسوك سەیرکردنی کەلەپوری خۆمالیە .. خۆ کاتێکیش کە ئەم کەلەپورە نزیك ئەکەوێتەوە ئەوا نەك بۆ شیتەلکردنی ، بەلکو بۆ تێکدانو هەلاخنینی ڕژێمی مۆسیقای ڕۆژاوایی بۆ نێو بناغەو کەشی سایکۆلۆژیو شارستانیەکەی . بەرامبەر بەمەیش ، ڕێبازێکی کە بەیابوە و ئەیەوێ خاسیەتی ڕەسەنایەتی و لەبەر ڕوانگەیەکی تازەی کەلەپورا دوبات بکاتەوەو زیندەگی بێ ببەخشێ .

لەئەنجامی بەرفراوانی ئەم ولاتانەو کارتێکردنیان لەلایەن بێگانەوە لە قۆناغی جۆربەجۆرا کەلێ ڕۆشنبیری ی ناوچەیی و لە چوارچیوەی ئەتەوەکانی ئەم ولاتانەدا هاتۆتەکایە .. نیسبەت بەئیمەیش (مقام)ی عیراقی سەری دەرکردوەو کەشەی سەندوە .

ئەو شتەی کە پێویست بە سەرنجەوە باس ئەکات : ئەو دەورەیە کە ئیمپریالیزم پێیویەتی ، لەبەر بەرەکانێ کردنی کەلەپوردا ، بەو مەبەستەی تاگیانی ئەتەوایەتی و ڕزگاری خوازی لەلایەن کۆمەلانی خەلکا بتوێنێتەوە .. لەم هەولەشیدا و لەبال ئەو گۆڕانی کە لە هونەر بەگشتی ـو موسیقا ـ بەتایبەتی ـ ئەدوێینو یا پیلەی لەسەر ئەکەین ، بەتایبەتی مۆسیقای سەر بە کەلەپورو ڕەسەن .

یەکە سەرنجی ئەم باس و پیلەیەی کە لەسەر مۆسیقای سەرانسەری عیراقە ئەوەئەهێنێتە بەردەم کە ئایا لە گرفتایە یانا ؟ یا مەسەلەکە بەبەندە بە ناسنامەی ئەم مۆسیقایەوە .. بەرای من گرفتەکە دو لایەنی هەیە :

١ ـ لایەنی شارستانی .

٢ ـ لایەنی تەکنیکی موسیقایی .

لایەنی شارستانیەکەی ، سەرجەمی ئەم بارو دۆخانەیە کە شارستانیەتێکی دیاری کراو ئەخولقێنێ و دەوری خۆی لە لای خەلك و ساتو سەوایان لەتەك مۆسیقادا ئەنوێنی ... گرفتی موسیقای عیراقی شتێکی ناویژەو دەگمەن نیە ، بەلکو زۆر لەیەکچوە ، هەرچەندیش تێکرای مەسەلەکە هەندێ جیاوازی لەگەل گرفتی مۆسیقای ولاتانی جیهانی سێیەما هەیە لەئەنجامی فشارونا بردنی شارستانیەتی بێگانەو دەستاوێژە تازەکانی ئەکنۆلۆژیا .. چونکیم ئەو ولاتانەی کە لەژێر تەئسیری ئەو فشارا نەدایەو ـ بەکار ـ هێنانی تەکنیکی سەرکەوتو بۆ گشت شتێ ـ ئەگەیرەتە بەتێکی گونجاوی کۆمەلایەتیو سایکۆلۆژیەوە ، بۆیە وا سەرخانە شارستانیەکانی لەرزۆك و شیرژە ئەبێت .

گرفتی ڕاستەقینەی مۆسیقا بەندە بەو هەست بە دواکەوتنی بەرامبەر بە سەرکەوتنی دنیای ڕۆژاوا و کارتێکردنی ڕوشنبیری بۆرژوازی لە زمانی ئەو ولاتانەی کەوتۆتە ژێر ڕکێفی . هەر ئەم هەلوێستەشە وانەکات کە ڕەفزی هەر جۆرە شتێ بکرێ ، کە بەپەوەندی بە کەلەپوری خۆمالیەوە بێت .

زۆر ڕێبازو پێڵو لە گەڵ پلەی جیا جیادا پەیا بوون کە مۆسیقای ئەوروپایی کاری تێکردون و کشتیان لەیەك شتا یەك ئەگرنەوە، ئەمیش کەسوك سەیرکردنی کەلەپوری خۆمالیە .. خۆ کاتێکیش کە ئەم کەلەپورە نزیك ئەکەوێتەوە ئەوا نەك بۆ شیتەلکردنی ، بەلکو بۆ تێکدانو هەلاخنینی ڕژێمی مۆسیقای ڕۆژاوایی بۆ نێو بناغەو کەشی سایکۆلۆژیو شارستانیەکەی . بەرامبەر بەمەیش ، ڕێبازێکی کە بەیابوە و ئەیەوێ خاسیەتی ڕەسەنایەتی و لەبەر ڕوانگەیەکی تازەی کەلەپورا دوبات بکاتەوەو زیندەگی بێ ببەخشێ .

لەئەنجامی بەرفراوانی ئەم ولاتانەو کارتێکردنیان لەلایەن بێگانەوە لە قۆناغی جۆربەجۆرا کەلێ ڕۆشنبیری ی ناوچەیی و لە چوارچیوەی ئەتەوەکانی ئەم ولاتانەدا هاتۆتەکایە .. نیسبەت بەئیمەیش (مقام)ی عیراقی سەری دەرکردوەو کەشەی سەندوە .

ئەو شتەی کە پێویست بە سەرنجەوە باس ئەکات : ئەو دەورەیە کە ئیمپریالیزم پێیویەتی ، لەبەر بەرەکانێ کردنی کەلەپوردا ، بەو مەبەستەی تاگیانی ئەتەوایەتی و ڕزگاری خوازی لەلایەن کۆمەلانی خەلکا بتوێنێتەوە .. لەم هەولەشیدا و لەبال ئەو

گۆڕەوی خوین « پاشماوە »

کەوتە تێبەر ناکات .. لەم دوایەدا لە لایەن مانگی خوری فەلەستینیکانەوە خەستەخانەیەکی تیادا دامەزراوە .. جاوەی شەش مانگی ئەم هەوارگەیە لە هەر جارلاوە ئالوقە درابو لە گەل ئەوشەدا خەستەخانەکە لە کاری خۆی هەر ئەئەکەوت . ئەبی لەم سێ مانگەی دوایەدا چون کار کرابێ کە بەتایبەتی لەم ماوەیەدا هیچ شتێك بە دانیشتوانی ناو ئەم هەوارگەیە نەگەیشتوە نەو شوێنە بچوکە زیاتر لە ١٠٠ هەزار بۆمبای بیادراوە .. بە بێ تەل لە گەل پزیشکەکانی ناو ئەو هەوارگەیەدا قسەمان کرد .. هەمویان بەدلێکی قایمو بێ ترسەوە خزمەت پێشکەش ئەکەنو داوای ئەوە ئەکەن کە ئەخۆش و بریندارەکان لە هەوارگەکەدا دەرباز کرێنو دورخرێتەوە ، بەڵام هێزی گوشەگیرو ڕژێمە بۆگەنەکەی سوریا ڕێگای ئەوە نادەن .. یەکی لەو کارەساتەی ئەو هەوارگەیە ئەو بو کە کرێکی بۆمبایەك دای بە کرێکی خۆشاردنەوەدا ٥٠٠ کەسی لێ کوشتن .. ئەوەی زۆر دل ئەتەزێنێو لە بیر ناچێتەوە ئەوەیە یەکێك لەو منداڵانەی ناو هەوارگەکە برینداری کرابون دوای ئەوەی هۆشی هاتبووە بەخۆی هەوالی بوکەشوشەکەی پرسیبو .. کە بوکە شوشە کەیان دابویە چون پزیشک قاچی خۆی هەڵبەستبو ئەویش قاچی بوکە شوشەکەی هەڵەبەستو ئەی پێچا .

Institut Kurde de Paris

کارگەی پێلاوی پلاستیك لە «زاوێتە»

هەر ولاتێك پیشەسازی تایبەتی ئابوری پێش ناکەوێ تیایا ، ئینجا ئەمە هێزێکی بنەڕەتی رابەرینو داخوازی گەلانی ئازادیخوازەو نوختەی یەکانگیربونی ناکۆکی نێوان گەلەئازادیخوازەکانو بەردی ئیمپریالیزمە ..

حکومەتە ئیشتمانیەکان هەمیشە پایەخیان بە ردوتی پیشەسازی ولاتو بەرزکردنەوەی بڕەی ئابوری ولات داوە .. کارگەی پێلاوی پلاستیك لە زاوێتە نمونەیەکی بچوکی پیشەسازیە ناوخۆییەکانی ولاتەکەمانە ، لەم رۆژانەدا چاومان بە بەرێز مانوئیل جوزێفی بەرپرسیاری کارگەی ناوبراو کەوتو چەند پرسیارێکمان لێ کرد .

● چەند کرێکارتان هەیە

– ١٤ کرێکار ئیستا ئیشمان لە ئەلا ئەکەن

● هەر پێستەی ئیش کردن چەند جوت پێلاو دروست ئەکەن .

– هەر پۆستەیەك ٨٠٠ جوت پێلاوی بچوك یان ٢٥٠–٣٠٠ جوت پێلاوی گەورە دروست ئەکەین .

لە هەر جوتێك ١٢ فلسو نیو قازانج ئەکەین ، ساڵێك لە مەوبەر پلاستیك هەرزان بوو هەر تەنێك بە (١٥٤) دینار بوو بەلام ئیستا بە ٢٨٥ دینارە ، ئەم گرانی نرخە کار ئەکاتە سەر فرۆش و دەرامەتی رۆژانەمان.

● ج گیرو گرفتێکتان هەیە ؟

– ئێمە ئامیری یەدەکمان نیە ، جگە لەوە کە لە ناوچە کەمان کادیری شارەزا نیە ، هەرکات ئامرێکمان بشکێ ئەی بەینە موسل کە ئەمەش تا رادەیەك بەگران ئەکەوێ لە سەرمان ..

● ئێوە چەند جۆر پێلاو دروست ئەکەن

– زستانان جزمەی بچوك و کاتەکانی تریش پێلاوی هەمە جۆرە دروست ئەکەین .

● بۆچی هەندێك کارگەی تر هەیە لە ئێوە هەرزانتر ئەفرۆشن .

– راستە ، بەلام ئەوانە پێلاو لە کۆنە پێلاو دروست ئەکەن کە ئەمە هەر تەنێك ئەکەوێتە ٥٠–٦٠ دینار لە سەریان ، بەلام ئێمە تەنێك پلاستیك وەکو وتمان بە ٢٨٥ دینار ئەکرین ، لە بەرئەوەیە پێلاوەکانی ئێمە نرخیان لە بازاردا گرانترە .. ئەگەر مرۆڤی شارەزا چاوی بە پێلاوەکان بکەوێ ئەزانی کامەیان لە کەرەستەی خاوی پاك و کامیان لە کۆنە پێلاو دروست کراوە ..

(بەسوپاسەوە لێی جیا بوینەوە) ..

پ . هاوکاری

لە دهوك

زاخۆ : بوکی خلیسور

مرۆڤ کە بەرەو زاخۆ دەچێت لە خۆیەوە هەست بە دڵخۆشی و بەختیاری ئەکات . کە ئەنواریتە ئەملاو ئەولای رێگاکە یەك پارچە هەموی دغل و دانی سەوزو پەتە کەنمو جۆ باخو باخات هەمولایەکی گرتۆتەوە . ئەو کاتە ئەوەت بەدڵتا دێت کەئەم هەمو کانی و سەوزایی و زەویە بەخیرو بیرانە بۆ یەکەم جارە بونەتە ملکی دەوڵەت ..

ئەوەندەی نامێنی پەلاماری ئەو خاك و خۆلە بدەیت و ماچی کەیت کەوا سەر لە نوی بەسایەی یاسای ژمارە ٩٠ی سالی ١٩٧٥ەوە کە تایبەتی بە بە رێکخستنی ملکداری کشتوکال ناوچەی ئۆتونومی بەوە سەرلەنوی ژیانی تێهاتۆتەوە خێروخۆش و رلنیایی پێشکەشی جوتیاران ئەکات ، کاتی مرۆڤ بەلای چیای بیخیردا تیپەر ئەبێت واتە ١٥ کیلومەترەی رێگای بیجاوبێ بریوە .. کاتی ئەگاتە کۆتایی ئەو رێگایە مانای کەیشتۆتە بەهەشتێك کە بڕە لە خۆش و بەختیاری .. کە زاخۆیە .. بوکی خابورە .. ئەمیش یەکێکە لەو شارە خنجیلە دلگیرانەی روباری خابوری یێدا تیپەر ئەبێت .. ئەگەر یەکێ خوابیداتی و بتوانی بگاتە ئەوەی ئەو ئەچێتە بەهەشتۆلکەیەکەوە کە جوانی و بەرزی دارو چنارو دەنگی خوێندنی پاساری و بلبل زاخاوی دلی مەردم ئەداتەوەو بەختیاری لە گیانی ئەپرژێنێت .

خوێنەری بەرێز .. ئەم چەندوشە رەنگین و شاعیرانەیە ئەخوێنیتەوە لەوانەیە ئەزانێت کە ئەو شارە ١١٤ کیلومەترە لە موسلەوە دورەو دوای شۆرش ١٧–٣٠ی تەموزی پێشکەوتنخوازی سۆشیالیستی دەستی چاك کردن و ئاوەدانی بۆ درێژ کراوە و بە جۆرێك رازاندراوەتەوە کە شایەنی ئەوەیە بێتە سەیرانکایەکی جێگای حەسانەوەو پشوران.

ئەگەر تۆش یەکێکی لەوانەی حەز بە گەشتو گوزارو ئەکەیت ، بێویستە سەرێك لەم قەزایە بدێت کە لە جێگایەکی دڵفرێن و خۆش و سەوزو قەشنگی دور لە قەرەباڵغی و دەنگ دەنگ خۆی حەشاردراوە ئەم شارە خنجیلە روخۆشە وەك هەمو جێگاکانی تری ناوچەی ژوروی خۆشەویست رەنگ و روخسارو شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە چ لەلایەن جل و بەرگ و نەریت و هەلسوکەو تیانەوە وە چ لەلایەن جۆری ژیانی رۆژانەیانەوە ، ئەوەی زیاتر سەرنج رائەکێشێت خەلکی ئەم قەزایە زۆر حەز لە خوێندەواری ئەکەن و لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی سەرنج راکێش خەلکەکەی هەلپەی خوێندن ئەکەن .

تەنیا گەشتێك بە ناوچەیەدا ئەوامان نیشان ئەدات و بە چاکی بۆ دەرئەکەوێت کە دەستی پێشکەوتن و شارستانی چەند لەو ناوچەدووەدا بەدی ئەکرێت و دەستی ئاوەدانی لە سەردەمی شۆرشی ١٧–٣٠ تەمموزی تەتەوەیی سۆشیالیستیداچۆن گەیاندراوەتە ئەو شارەی خۆی لە پەنا ئەو کێوە سەختانەدا حەشارداو دنیاییلی جوانی لە خۆی ئالاندوە .

جاران شارەکە بەدوو مەکینەی کارەبای کۆن روناك ئەکرایەوە ، بەلام شۆرش ئەو دوانەی گوریوە بە سێ مەکینەی تازەو شەوەزەنگ و تاریکی ئەو شارەی کردوە بە چراخانێکی دڵفرێن . لەگەل ئەوەی ئەم شارە ئاوی خواردنەوەی هەیە .. هێشتا شۆرش بەوەوە رانەوەستاوەو بەلکو بڕۆژەیەکی هەرەتازەی ئاوی بۆ کردۆتەوە کە بەشی ٣٠ ساڵی داهاتوی شارەکە ئەکات . خۆ برۆژەی ئاوەدانی ئەو بەشێوەیەکی چالاکانەو گورج و گول بەردەوامەو بەیتا بەیتا بەناخانو بەرەو قوتابخانە پردو رێگاوبانی تیادا دروست ئەکرێت و ئەورێگایەش فراوان کراوە کە زاخۆ بە تورکیای دراوسێمانەوە ئەبەستێت ..

ئەوەی سەربدا لەم شارەیا لە شارەکانی تری ناوچەی زوری ولات بەتەواوی و لەناخەوە هەست بە ناسوریی و ئاشتی ناوچەکە ئەکات و هەست بەوە ئەکات کە دلنیایی باڵی چۆن بەسەربست بە بستی ئەو ناوچەیەدا کێشاوە ، کە ئەویش مایەی هێنانەدی خواستەکانی شۆرشمانە .. شۆرشی حیزبی سەرکردە .. حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب .. شۆرش ١٧ی تەمموزی نەمر .

عبدالوهاب عبدالباقی

مۆرانە ئەو زیندەوەرە زیان بەخشە

ئەگەر بنمیچی ماڵەکەت تەختەبەندو دارە . ئەوە دورنیە رۆژێك لەبر بەسەرتادابێتە خوارەوە .. ئەویش بەهۆی زیندەوەرێکی میلوورەیی سپی بچوکی ناسکی نەرم و نیانەوە .. ئەو زیندەوەرە مۆرانەی دارە کە بە زمانی عەرەبی پێی ئەوترێت « الارضة » . جێگای خۆش گزەرانی ئەم زیندەوەرە شوێنی تاریك و نوتەك و کون و کەلەبەرە ئەو جۆرە جێگایانەیە .. ئەم جۆرە مۆرانەیە شارەکانی خۆی لەژێر زەویدا دروست ئەکات بۆ ئەوەی لە گەرماو سەرماو تەپو وشکی بپارێزێت . ئەم مۆرانەیەش دوو جۆرن : جۆرێکیان لەژیرزویو ناو دارو تەختەدا ئەژیو شوێنەواری دەرناکەوێت ، ئەم جۆرەیان لە ولاتی ئێمەدا زۆرەو زیانێکی گەورە ئەبەخشێت . جۆری دووهەمیان لە ناوچە ئیستیوایە کاندا زۆرەو لەسەر زەوی گەلاو دارو درخەت ئەژیو زیندەوەرەکە بە بەر جاودەیە .. مۆرانەی واکاتی شار بۆ خۆی دروست ئەکات ماوەی ٨ ساڵ تا ١٠ ساڵ بێوەی خەریك ئەبێت ناوەکو شارەکە قەوارەیەکی تەواوی خۆی وەرئەگرێت هەمو لایەکی تەواو ئەبێت . جاری واهەیە مۆرانەکان هیرش ئەکەنە ناو ماڵەوەو .. کاتێك بەرهەلستی هەندێکیان ئەکەین وائەزانین مۆرانەکانمان لەناو بردوەو شارە کەیمان ویران کردوە ! بەلام لەناوبردنو ویران کردنی شارە مۆرانە شتێکی هەروا ئاسان نیەو ئەبێت بە قولای مەترێك تا دوو مەتر هەلکەنین تائەگەینە .

شوێنی « شاژنی » مۆرانەکان کە ئەو جێگایە نیشانەی تەواوی شارەکەیانە بەزۆری مۆرانە لە هیرشەکانیدا رێگای ئەو دارو تەختانە ئەگرێت کە داپوشراونو لەویوە هیرشی خۆی بەرلە ئەکات ، یا لە رێگەی ئەو درزو کە لەبەرو قلیشا ئەوە کە لە بنچینەی خانۆکەدایە .. وە دور نیە لە رێگای گلەبانەوە هیرشمان بکاتە سەر .. ئیش و کاری ئەو مۆرانانە هەمە جۆرەو هەر تاقمێك ئیشێکی تایبەتی ئەکات .. تاقمێك برتیە لە (شاژ شاژن) ئەمانە لە جێگای شایانەی خۆیاندا بەرزو ئیحترامەوە ئەژین ! هەمو جۆرە خۆردەمەنیەکیان بۆ ئامادە ئەکرێتو ئەبرێتە بەر دەستیان ئەو خواردنەش برتیە لە اسیلیلۆز » . . کە ئەویش لە داردا هەیەو بەچاکترینو سەرەکی ترینی خواردەمەنی هەمو جۆرە مۆرانەکان ئەژمێردرێت .. کاری « شاو شاژن » هیلکە کردنە .. ژمارەی ئەو هیلکانە لە ملیونێك تێئەپەڕی دوای ئەوان جێگری باشادی .. ئەمانیش لە کاتی لەناو چونی شا ، یا شاژندا جێگا کەیان ئەگرنەوە .. هەروەها دەستەی کرێکار .. ئەمانە بریرە بشتی شانەکەن کۆلەکەی بەختیاریانو بەبی ئەمان خواردنیان بۆ ئەبدا ناکرێت .. دەستەی سەرباز .. ئەمانەش لە مۆرانەی نیرومێ پێك دینو لەپێناوی بارزگاری شارەکەیاندا خۆیان ئەدەن بەکوشت .. مۆرانەی دار توانایەکی ئیجگار گەوردی لە کەلك خستنی داروتەختەو لۆکەو کاغەزدا هەیەو ئەو جۆرە شتانەی لە هەرکویەکدا بەردەست کەوت ئەکەوێتە لەناو بردنو زیان لێخستنی .. بەلام هەندێك جۆری تەختەو دار هەیە کە مۆرانە بێی ناویرێتو کاری لێناکات ، بەلام ئەو جۆرە دارو تەختانە زۆر گران بەهان و کەم جێگك ئەکەون .. زاناو شارەزاکان هەندێك رێگایان بۆ لەناو بردنی ئەم زیندەوەرە زیانبەخشە دۆزیوەتەوەو .. جاکتر وایە خۆمانی لێ بپارێزین وەکو دوایی چارەسەری زیانەکانی بکەین ..

باشترین جۆری خۆپاراستن لە مۆرانەی دار ئەوەیە لەکانی بنیاتنان و دروست کردنی خانو بەردا بناغەو بنچینەکەی بر دەرمان کەین تا لە زیانی ئەو مۆرولە سپیە ، زەرەرمەندە خۆمان رزگار کەین .. بەلام بۆ ئەو خانوانەی بنیات نەنراون ئەتوانن بەچەند رێگایەکی هەرزان بەرهەستی هیرشەکانیان بکەین .

١ – بەقولایی ١–٣ پێ بەدەوری خانۆکەدا و لەو شوێنەی زیندەدەرەکەی لی دەرئەکەوێت هەنگەندرێتو دوای ئەوە ماددەیەکی زەهراوی تیکرێتو گلەکەی کەچالەکەشی پێ دائەپۆشرێتەوە تر زەهر بکرێتو ئەوسا چالەکانی پێ پربکرێتەوە بەو جۆرە هەمورێگاو دەوروپشتی خانۆکە زەهراوی ئەبێت و زیندەوەرەکە ناتوانێت لێی نزیك بکەوێتە ..

٢ – بەهۆی ماددەی زەهراوی ئەوە رێگا لە کرێکارو کانیان بگیرێت تا نەگاتە ناو ماڵەکانمان .

٣ – ئەو قەسەرانە تیکبدرێتەوە کە مۆرانەکە دروستیان ئەکات ئاو ماڵ بە دەرمانی د . د . ت و ئەوتی سپی ئاوبرژین برکرێت و ئەم ئیشە چەند جارێك دوپاتە بکرێتەوە نیوانی هەر مانگێك جارێك .

٤ – پیچکەی مێزو کورسی ئاومال ئەوتی رەشی لیندرێت ، جاکتر وایە ئەوتەکە ماددەی د.د.ت یا کلوردرینی تێکەلاو کرێت وچاك وایە کەلوپەلی تەختەو ئەو جۆرە شتانە تۆزێك لە دیوارەکەوە دوربنو پالیان ئەدەین بە دیوارەوە . بەو جۆرە ئەتوانین کەمێك خۆمان لە زیاندنی ئەو زیندەوەرە بێ قەرە قوتارکەین ..

ن . ح

کردویەتی بەکورد

گەشتی هاوکاری

گوندی «کانیلان»

ئازاد حەسور

دەمێك بوو ناوی گوندی کانیلانم بیستبوو کە گوندێکی خۆش و رازاوەودنگرە کە میوەو باغاتی زۆرەو شوێنی سەیرانەو رابواردنە ومنیش لەبەر نەبوونی دەرفەت تا دەهات زیاتر خولیای دینتی ..

ئەو گونده لە مێشکمدا چەسپ دەبوو وزیاتر ئارەزووم دەکرد کە چاوم پێی بکەوێ و هیچ نەبێ تاسەی ئارەزووە کەم بشکێ ..

ئەو ناوو بانگە بە چەشنێکی زۆر هانیان دام کە بریاری چوونی بۆ بدەم بە تایبەتی لەم گەرمی مانگی گەلاوێژدا کە وەك دەڵێن – مار دەبرژێ – هەر چۆنی بێ خۆمم گەیاندێ کە باش چەند کیلومەترێك لە زووری قەلادزەوە بێی چوومو کاتێ گەیشتمە نزیکی گوندەکە بەتەواوی دڵم کرایەوەو لەپاش ماندوو بوون لەبەر سێبەریکداو لەسەر کانیەك بشووم دا لەو کاتەدا کە ئارەقە بەلەشمەوە بوو فێنکی بای شەمال بە تەواوی گیانمی فێنك کردەوە .. هەر لەشوێنی خۆمەوە چاوم بریە ئەو هەموو دیمەنە سروشتیە کە هەمووی دارو درەختو سەوزایی بە هەر لەداری بەرزی چنارو گوێز تا هەنجیرو هەناو کە بەشێوەیەکی سروشتی ودڵگر شوێنی خۆیان گرتوە کە ئەو زەویە بانو بەرینە هەمووی دایەش کراوەو هەموو بەشەکان دەورو بەرەکەیان بە داری بەر سنوور کێشراوەو هەمووشی کراوە بە تووتنو سەوزایی لەلایەن جوتیارە باراوێ دەکا لەلایەکی ترەوە کۆمەڵی کوڕو کچە کە بزارو نێوکۆڵێ دەکەن .

کانیلان یەکێکە لە گوندە خۆشەکانی ناحیەی هێرۆی سەر بە قەزای قەلادزە لە بارزگای سولەیمانی و ناوی کانیلان لەوە وەرگیراوە کە چەند کانیەکی ناوی تیدایە کە کانیلان بە مانای لانەی کانی دێ واتە ناوو کانیاوی زۆرە کە بەم هۆیەوە سەوزایی و درەختی زۆرە .. رێگای هاموشێی ئوتومبیلی بۆ نەچووە دەنا کەنکی لێ وەردەگیرا بۆ سەیرانی بەهارانی شاری قەلادزێو شارەکانی تر سنووری گوندی کانیلان بەم چەشنەیە لە رۆژ هەلاتەوە گوندی (گیرە)یە کە لەبناری شاخەکەیەو لە رۆژ ئاواوە گوندی (دێگە)یە وە لە سەرەوە گوندی (هورتوە) لەگەل گوندی (رولەدزە) یە وە لە خوارەوە گوندی (شلەمرێ)و گوندی (بێموش)ە .

ژمارەی خانوەکانی لە ١٥ بانزە خانوو زیاترە کە لە قورو بەرد دروست کراونو ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ١٠٠ سەد سەر خێزان دەبێت .

لەگوندی کانیلان وەك گووتمان چەند سەر چاوەیەك هەیە کەوا ناوی زۆریان لەبەر دەڕواو زەویەکی زۆری بەراو کردوەو ئەو سەر چاوانەش گرنگەکانیان ئەمانەن یەکەم (کانی پیاوان)و دووەم (کانیە قولکێ)و سێیەم (کانیە شەمەتیوی)و چوارەم کارێزێ کۆڵانی ماڵان) چگە لەوانە سەر چاوەی ناوی گوندی گیرەش هەر دێتەوە گوندی کانیلان ..

لەبارەی کشتو کاڵەوە : – هەر جۆری کون رەچاو دەکەن لە کشتوکاڵدا و بە شێوەی کشتی بەرهەمەکانیان دور جورە هاوینان کە توتنە لەگەل پێستانی خەیارو کاڵەك و گرۆزیو هەر وەها تەماتەو بامیەو باینجان .. هتد . و جۆری زستانەی گەنمو جۆو نیسك و نۆکە . جگە لەوانە میوەهاتی زۆری لێیە وەکو هەنارو هەنجیرو وترێ کە جگە لەکەلکی بەرو بومەکەیان گوندەکەشیان رازاندۆتەوە .

مەرداری لەگوندی کانیلان کەمە .

لەپێش ئەوەدا کە بگەمە گوندی کانیلان کە لە گوندی دێگە رەت بووم گەیشتمە سەر گردێك بە ناوی گردی شیخ وسو یا باسکی شیخ وسو کە لەکۆنەوە هەر ئەوناوەی هەیە کە لەوگردە هەر لە سەرەوە تا خوارەوە ریزە بناغەی دوکانی تیدا بەدی دەکرێ کە لە کۆنەوە ماوەتەوەو شوێنەواری جۆگای ئاوی لێ دیارە کە بەناو ریزە بناغەکاندا راکێشراوە ..

بە تەواوی دەستی ئاوەدانی نەگەیشتۆتە گوندی کانیلان بە تایبەتی نەبونی قوتابخانەو خەستەخانە کە هەردووکیان زۆر پێویستن چونکە قوتابیەکانیان بە سەرمای زستان دەچن بۆ قوتابخانەی گوندی بێشیر .

دانیشتوان چاوەروانی هیمەتی دڵسۆزانەی لێپرسراوانن کە ئاواتە کانیان بهێنێتە دی .

Institut Kurde de Paris

(وتەیەك)

ئەو پیاوەی دلی بە ئافرەتێکەوە بێت قەت بێزاری نازانێ •• چونکە بێزاری ئەو مۆسیقا ناخۆشەیە هەستی تەنیایی ژیانی پیاو لێی لەدا.. بەڵام ئافرەت ئەو ئاوازە هێمن و خۆشەیە کە مۆسیقای خۆشەویستی لەدڵی پیاو لێ لەدا •

خێزان

هاوکاری

لە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی عیراقدا

لەژێر چاودێری سەکرتێری گشتی ئافرەتانی عیراق لەژێر دروشمی «بەرەو بەشداریەکی فراوانی ئافرەت لە بینای کۆمەڵێکی سۆشیالیستی دیموکراتی یەکگرتوو»دا کرایەوە •

لە جیاتی سەرکۆماری کاك ط. الجزراوی وەزیری کاروتیشتە- جی کردن کۆنگرەکەی کردەوە •

لەم کۆنگرەیەدا هەموو لقەکانی یەکیەتی لە پارێزگاکانەوە ئامادەبوون بۆ ئەوەی زیاتر لە جموجۆلی یەکیەتی و کۆنگرەکە ئاگادار بین لە دانیشتنی رۆژی سیپەمی کۆنگرەکە ئامادەبوون • لەو دانیشتنەدا توانیمان چومان بە چەند ئافرەتێکی یەکیەتی کشتی بکەین یەکەمیان خوشکە شەرمین یەعقوبی ئەندامێکی مەکتەبی تەنفیزی بوو سەبارەت بە ئیشەکانی کۆنگرەکە وتی بۆ ڕێك وپێکی کاروباری کۆنگرەکە تۆ لیژنە پێك هێنرا

١ - لیژنەی ئامادەکردن و ڕێکخستن • ٢ - ڕاهێنان و پێش خستن • ٣ - ڕێنمایی و ئاماژەدان ٤ - کاروباری ئەندروستی ٥ - جەوجراسی کۆمەڵایەتی ٦ - کاروباری دارایی • ٧ - پەیوەندی دەرەوە ٨ - چوون بۆ لادێ ٩ - ڕۆشنبیری کردنی ئەدەبی •

هەریەکێ لەم لیژنانە ڕاپۆرتی بە ئیشەکانیان ئامادەئەکەن بۆ لیژنەی ڕێکخراو تەوە • سەبارەت بە شمارەبوونی لقەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی خوشکە شەرمین وتی :

هاتنی ئێمە لە سەر ئەوەیە کە وا ئافرەتانی عیراق هەمووییان ئاگر لەوە بکەنەوە کە ئافرەتانی عیراق دان بە سەر بەسەرۆکایەتی حزبی بەعسی پێشرەو ئەبەر ئەوە هاتنی ئافرەتی کورد وەك هاتنی هەرخوشکێکی تری عەرەبە خوشکانی لقەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوون بە جێگری سەروکی لقی ئافرەتی عیراق بە جۆرێکی باشتر، هەروەها بە ئەرکی ئافرەتی عیراق بە جۆرێکی باشتر هەستاون بە ئەرکی خۆیان لە کۆنگرەکەدا ئەوە بە ئاشکرا دەبینین کە ئافرەتی عیراق بە هەموو جۆرێك بەشداری چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات و ئەرکی گرنگ دەگێڕێ لە ژیانی ئەم وڵاتەدا و ئەرکی گرنگ دەگێڕێ لە بەرەی نیشتمانی

بەیارمەتی ئێوە

● برادەرێك لەو نوێنەرە راگەیاندیانەی ، بەبۆنەی ئاهەنگەکانی گەلەکەمانەوە لە چەژنە ئەمرەکانی تەموزدا سەری ولاتەکەماندا ، پێی وتم :

— « خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لەلای ئێوە ئێجگار پێشکەوتووەو ، ئەم جۆرە پێشکەوتنەش تەنانەت لە هەندێ رێزیمی واشدا رووی‌نەداوە کە نەمەنی چەند جارێك لە تەمەنی شۆڕشەکەتان درێژتریشە . زۆر ئاشکراشە کە شۆڕشەکەتان بایەخێکی زۆری بەم لایەکاریەکەرە داوە لەریانی گەلدا » .

● ئەمە بەڵگە نامەیەکی پێلایەنە ، لە دەرەوەی سنوورەکەمانەوە ، وەکو خۆی بزانی لەگێڕمەوە .. ئەم بەڵگەنامەیەش باوەرهێنانە بەراستییەك کە هەرگیز پشتگوێ ناخرێت ، چونکە هەر بەراستی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیمان پێشکەوتووترین خزمەتگوزارییە لە سەرجەم جیهانی سێیەمدا .

● لەبەر ئەوەی شۆڕشە مەزنەکەمان باوەری بەوە هەیە کە « ئادەمیزاد بەنرخترین بەهای مرۆڤایەتییە » بۆیە ئەوەی چاك لەبەر چاوە کە تەندروستی نیشتیمانیان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە . بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەم کارە لە کۆمەڵگاو بەرەو پێشەوە چوونەکەیدا رەنگ ئەداتەوە ، چونکە هاوولاتیی لەش ساغ ئەبێتە ئەندامێکی بەرهەم هێنەر لە بنیاتنانی کۆمەڵدا .

● ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە کە نیشتیمانیانی عیراق لە سایەی شۆڕشدا دەستیان ئەکەوێت ، هیچ کەسێکی تری ئەم سەرزەمینە دەستی نەکەوتووە .

● هەر بۆ بەراوردکردن ئەلێین عەمەلیات کردنێکی ریخۆلە کۆئرە لە ئەمەریکا (١٠٦٥) دۆلاری ئێشەچێتو ، هەر ئەمەریکاییەك درامەتی ساڵانەی بگاتە (٦٠٠٠) دۆلار ، ساڵی (٦٠٠) دۆلاری لێ ئەدات بەخزمەتگوزارییە کشتییەکانی تەندورستی .. بەڵام هەمرو ئەوانە لەلای ئێمە بە خۆڕاییەو ، بە ئرێژترین کەرەسەو دەزگای تەندورستیو ، بەهێزی مێشك و شارەزایی نیشتیمانیان و میوانەکانمان پێك دێت .

● ئەمە بەراود کردنێکە لە تەل ولاتێکی کەورەدا کە تەمەنی دوو سەد ساڵەو هەموو توانایەکی وای هەیە کە هەر دانیشتوویەکی بتوانێت ژیانێکی بەکسانی و دادپەروەرانەی تیا بژێت بەبێ ئەوەی لە رووی دارایەوە لەسەر حیسابی ژیانی ئەو خێزانەی بژێت کە پێویستیی بە تیمارکردنی خۆرایی هەیە تاکو بتوانێت ، هەر بۆ نموونە .. مانگانەی خوێندنی منالەکانی بدات .

● ئەمە جیاوازییەکی ئێجگار زۆرەو پێویستە وەك ئاکامان لێی بێت ، تا وێنەکەمان لە لا ئاشکراتر بێت . ئەم زیانە خۆشەی کە تیای ئەژین پێویستە ئەکەر ژیانیشمانی لەسەر دابنێین بیبارێزین ، چونکە پاراستنی شۆڕش باوەرێکی راستەو یەك لایە ، چونکە پاراستنی چەسپاندنی نرخی مرۆڤایەتییە .

● ئەرکی راستەقینەمان لە بەردەم مێژوودا پێویستە پاراستنی شۆڕشەکەمان و دەستکەوتەکانی بێت ، چونکە پاراستنی مرۆڤ و .. کاکلەکەیەتی .

● عثمان محمد فائق ●

نوسەرێکی جولەکەی ئەمەریکایی :

● بەربەرەکانی زایۆنیزم پێویستە لە ناوجەرگەی ئەمەریکاوە دەست پێ بکرێ

● ئەو مەرگ و ماڵ وێرانیەی توشی مرۆڤایەتی و تەنانەت بەرەی جولەکەش بوە هۆیەکەی دامەزراندنی قەوارەی زایۆنی‌یە

واشنتۆن « نیوبیرجر » نوسەری جولەکەی ئەمریکایی کە سەرۆکی رنکخراوی - نیوکارتا - ی دژ بە زایۆنیزمە لە ولاتە یەکگرتوەکاندا ، باسی ناوەرۆکی یەهودیەت وەك ئایینێکی ئاسمانی و زایۆنیزمی کردوە کە دروشمی دژی مرۆڤایەتی هەڵگرتوەو جیهانی توشی وێرانی و رۆژەشی کردوە .

نیو بیرجر سەلماندویەتی کە بەربەرەکانی زایۆنیزم و دانانی سنورێك بۆ ئەو لەهەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ لە ناوجەرگەی بەهێزترین قەڵایەوە لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەست پێدەکا چونکە واشنتۆن پێ بە دل زایۆنیزمی لە باوش گرتوەو تەنانەت بەوبەرەکانی زایۆنیزم لە ولاتە یەکگرتوەکاندا بۆتە تاوانێك کە فاتون سزای بۆ داناوە .

ئەو نوسەرە دوتویە : وەك هاونیشتمانیەکی ئەمریکایی هەرچی لەو بارەوە رودەدا لە ورد هەتا درشت دەیبینم لە باش بەیدابونی زایۆنیزم هەڵبژاردنی سەرۆکەکانی جولەکە لەسەر بناخەی باری ماددی ئەوان دامەزراوە نەوەك ئایینی ، چونکە سەرۆکە یەدینەکانی جولەکە بەرهەلستی دامەزراندنی قەوارەی زایۆنیان دەکرد لە فەلەستینی دا بیرکراوداو حاخام - بلا - هۆرشی کردە سەر ئەتەوە یەکگرتوەکانیش چونکە ئەو دەولەتە زایۆنیەی بە رەسمی ناسیوە ئەو دەیۆت قەوارەی زایۆنی مەلبەندەکە توشی وێرانی دەکاو زیان بە هەمو مرۆڤایەتیش دەگەیەنێ .

نوسەری جولەکەو سەرۆکی رنکخراوی - نیوکارتا - ی دژ بە زایۆنیزم باسی ئەو جۆرەها ئازارو مال وێرانیەی کردوە کە لە سایەی دامەزرانی قەوارەی زایۆنیەوە لە هەمو شوێنێکی زەوی توشی هەمو تۆوتۆرەمەیەکی مرۆڤ و تەنانەت جولەکە خۆشی بوە .

هەروەها باسی کوشتنی حاخامی جولەکەی هولەندی لە قودسی کردوە کە هەر لەبەر ئەوەی داوای دامەزرانی حکومەتێکی فرە نەتەوەی دەکرد لە فەلەستینی‌دا ، بە ناهەق لەلایەن زایۆنیستەکانەوە کوژرا .

نوسەر رونی کردۆتەوە کە ئیستا ناوەرۆکی زایۆنیزم بۆ بیروڕای کشتی و بە تایبەتی جولەکەکان باش رون بۆتەوەو هەمو کەس دەزانی چ مەترسی و مال وێرانیەکی توشی هەمو مرۆڤایەتی کردوە . ئەما بزاری یەکی توندی بەرامبەر بە زایۆنیزم جولاندوە تەنانەت لەناو جولەکەکانیشدا ، هەر بەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە هەولو تێکۆشانیان لە خەباتو بەربەرەکانی زایۆنیزمدا رێك بخەن .

(رێرەو) ی

نەقابەی مامۆستایان لقی سلیمانی

نەقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنومی لقی سلیمانی بلاوکراوەیەکی بەناوی « رێرەو - المسیرە » وە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاوکردۆتەوە ، لەم ژمارەیەدا چەند وتاریکی بەکەلك و تێکرای چالاکیەکانی نەقابە بلاوکراوەتەوە . نەقابەی مامۆستایان لەگەڵ بلاوکراوە کەیاندا بەرنامەی نەخشەی کاروباری نەقابەیان بە دیاری ناردوە بۆ رۆژنامە کەمان . سوپاس و هیوای سەرکەوتن بۆ « رێرەو » ئەخوازین .

خەونی ژاو

ژۆران بازی لە نێوان سیاسەت و هونەردا

دوای پێنج ساڵ ، ئەکتەری ناسراو « جین فۆندا » ئەڕایەوە بۆ شاری « هولیود » و لە فلیمی « دیك و جین » دا دەوری پالەوانی ئەبینێ .

ئەوەی شایەنی باسە ئەم ئەکتەوە دوای ئەوەی لە فلیمی « کلوت » دا پاداشتی « ئوسکار » ی وەرگرت ئیتر وازی لە ئیش کردنی سینەمائی لە هولیود هیناو رای گەیاند کە ئەم شارە بۆتە هوی ئەوەو هونەر تەنیا بیتە شتێکی بازرگانی رووت . لەو ماوەیەدا کە ڕۆی لە هولیود ڕابوو بەشداری دوو فلیمی کردوە کە هەردوکیان باری سەرنجی خۆی پیشان‌داوە لەو شەڕەنارەوایەی ئەمەریکا دژی گەلی ڤیتنام بەرپای کرد بو ، دیسان فلیمی « مالی بوکەشوشەی » نوسەری ناسراوی ئەرجەنتینی « ئەبسن » ی دەرکردو لە فلیمی « چولەکەی زەوز » دا لەیەکیتی سوفیەت بەشداری کرد .

لە گەڵ ئەو کارانەشدا خەریکی بەرەوردە کردنی ژجەکەی بوو کە یەکەمیان لە « روژیە فادیم » ی دەرهینەری فەرەنسی ناسراوەو ناوی « فانیسا » یەو کورەکەی کە لە « توم هایدن » میردەکەی ئیستایەتی و یەکێکە لە سیاسیی‌یە ناسراوەکانی هەریمی « کالیفۆرنیا » ..

« جین فۆندا » وتویە بۆیە بەشداری ئەم فلیمەی « هولیود » ی کردوە چونکە رەخنەیەکی ئاشکرایە لە باری نابوری ئالوزی ئەمەریکا .

دەربارەی چالاکی پاشەرۆژی لە سینەمادا « جین فۆندا » وتویە کە ئەمەیان بەستراوە بەسەرکەوتنی میردەکەیەوە لە هەڵبژاردنیابۆ پەرلمانی ئەمەریکا کە ئەم سەرکەوتنە یان ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە بریاری پاشەرۆژی تێکرایی ژیانی ئەدا . ئەك هەر چالاکی هونەری .

پێتان بڵێم

احمد محمود

● هەروەك زورزانی و رۆشنبیری خۆی و خزمایەتی کامۆو سارتەری بەو کتیبە زلەی بندەستی بنوێنێت ، وە بۆ ئەوەی ئەو شارەزایی‌یەی زیاتر ساغ کاتەوە ، ناونیشانە فەلسەفیکە خستۆتەروو ، لەناو تاقمێك رۆشنبیرو خوێندەواراو ، دەربارەی فەلسەفەو بابەتە فەلسەفیکان کەوتۆتە قسەی‌زل و قەبەو گران .

● گوی‌رایەلەکان! لەکەل‌زەردە بەلەفان و ئەویش ئەی وت :

— بۆ لەدنیای خەیالدا ئەژین ؟ دنیای بەختیاری و رەمەاو رەنگ .. ژیان بەراستی توشی‌زۆر سەر نیشەمان ئەکات .. بۆ بارەیی و نابوت بون و ئەبوتۆزو نارەحەتی کارکردنو دوبارە بونەوەی ژیان .. هەرەس هێنانی کۆمەلایەتی .. بەڵام لە خەیالدا جێنت ئەوێت وا ئەژیت و بەدلی خۆت بای بائی خۆت ئەدەی ..

ئەگات ، سەربەستی ئەبێتە خەنەیەکی دەبەنگنەدا سەریان ئەلەفان و ئەویش ئەی وت .. لەخەودا مرۆڤ ئەتوانێ هەمو دنیای هەبێتو سواری جاکترین و خیراترین ئۆتومبیل بێتو خۆئەکەر بیەوێت هەمو فرۆکە خانەکانی دنیا کورنوشی بۆ ئەبەن و کام کوشکە بڵندو قەشەنگ بێت لەویدا نیشتەجێ ئەبێتو هەزاران کەنیزەك خزمەتی ئەکەن و بەدەوریدا دێن و ئەچن ..

لەقاندی ئەوسەرانە زیاتر ئەبن .. ئەلەقێن . ئەلەقین .. تاکۆتایی قسەکان دێن و ئەچن .

ئەوەی گومانی تیانی‌یە ئەوەیە کە ئەوکەسانە وەك گێنەش کەقلیشی تێ‌بو ناتوانێ گێنەش کەقلیش تێ‌بو ناتوانی شتی ناوەوەی بەپاکی راگرێتو بیپارێزێتو ئێی ئەرژێت .. وەك شتێکی ناشکراشە کە گێنە شەقی بردو درزی تێ‌بو ئیتر بە کەلك نامێنێتو ئەبێت فڕێ‌درێت .

چەند نمونەیەك لە کۆری هونەردا

لەم رۆژانەدا شانۆگەری - رزگاری - لە شاری هەولێرو لە مەلبەندی لاوان پێش‌کەش کرا . ئەم شانۆگەریە جێگەی رەزامەندی زۆربەی دانیشتوان بووو سەرکەوتنێکی چاکی بەدەس هێنا .

بە پێویستمان‌زانی لەگەڵ هەندێ لەو لاوە هونەرمەندانە بدوێین کە دەستەی کارگێری « تیپی شانۆیی مەلبەندی لاوان » ن لە هەولێرو بەشداری ئەم شانۆگەریەیان کرد .

پێشەکی کاك - سەلام مەحمود - سەربەرشت کەری هونەری لە مەلبەندی لاوان ووتی : دروست بوونی ئەم تیپە لە مەلبەندی لاواندا هۆیەکە بۆ تروکاندنی ئاواتو خواستی لاوانو پەرەپێدانی بزووتنەوەی شانۆیی نەهەولێردا . تەمەنی ئەم تیپە دوو ساڵە ، بەڵام لەو ماوە کورتەدا توانیویەتی چەند شانۆگەریەکی سەرکەوتو پێش‌کەش بە کۆمەڵ بکات ، لەوانە فێرکردنی هونەر ، فەلەستین ، ژن هێنان ، رزگاری .

وە دەربارەی کەمو کوریەکانی تیپەکە ووتی : ئەگەرچی ئافرەتمان هەیە کە بێتە سەرشانۆ بەڵام لەترسی کۆمەڵ هەندێ لەو ئافرەتانە خزیان ئەشارنەوە ، وە هەروەها نەبوونی - چەند کادیرێکی شارەزای هونەری .

وە هەرچەندە هەزلێکی فراوان بۆ پێش‌کەش‌کردنی بەرهەمە شانۆییەکانمان تەرخان کراوە بەڵام بەدەرنی‌یە لەکەمو کوڕتی .

کاك - ئەحسین سابیر - دەربارەی گرینگی شانۆو هەندێ وورده شتی‌تر . ووتی : دوودلی لەوەدا نی‌یە شانۆ باشترین هۆیەکە بۆ هوشیاربوونەوەی کۆمەڵو کەشە سەندنی ، بۆیە زیاتر لە هەمو شتێ پێویستی بە بایەخ پێدانە . وە پێویستە ئوتنەر بیبێتە بارچەیەك لە شانۆو خۆشەویستی شانۆکە بە هیچ شتێ نەگۆڕتەوە ، ئومێدم وایە وەك ئوتنەرێك توانیبێتم ئەم ووشانە بە کردار بنوێنم .

کاك « ئەحمەد جەمیل » هانە دووانو ووتی : ئوتنەر پێویستە لەگەڵ راستەقینەی ئەو ئەرکەدابێ کە لە شانۆدا خراوەتە سەر شانی‌و هەمیشەخۆی بە قوتابیەك لەقوتابخانەی شانۆ دابنێو سەرکەوتن لەحشتەی نەبات .

پێویستە لاوەکانمان بەم لێکدانەوە بێنە سەرشانۆو بچنە ژیانە بدوێین‌و ئومێدی راستەقینەیان بە سبەینێ هەبێ لە پێناوی خۆ بێ‌گەیاندنیان .

ناخی خەلکی ئەم سەردەمەوەو لە پێویستی‌یە بنەڕەتیەکانی ئەم

کاك - مونەیید مەحمەد - لێردا شتێکی بەبیرا هات ووتی : بەلای منەوە پێش هەموو شتێ ئەبێ هونەرمەند خۆی بناسێ ، لەباشان راستگۆیی فێری کۆمەڵ بکاتو ئاسۆی لێکدانەوەو شارەزایی لە تاقی‌کردنەوەی شانۆی گەلان ڕوونتر بکاتەوە .

لە کۆتایی ئومێدمان وایە ئەم تیپە خوێن شیرینە هەنگاوی ووردترو لەسەر خۆتر بنێو دووارۆژێکی رووناکتر بخاتە باوەشەوە .

— شێرزاد عەبدولرەحمان — ئامادەی کردووە

بیرکی راگوزاری

— ١ —

● سەربەستی یەکەم پایەی تێکەیشتنو وریایی‌و بەرزی مرۆڤە ، کە مرۆڤیش بەو ئاواتە هەرە پیرۆزەی ئەگات سەربەستی ئەبێتە بەرگە گرتنی « مەسئولیەت » ئەوە راستە کە پاراستنی ئەو مەسئولیەتە ، بەقەدەر هەوڵو تەقەللا بۆ پی گەیشتنی گرانەو پێویستی بە وردی هەیە ، بەڵکو ... زیاتریش .

— ٢ —

● وای ئەبینم ، خۆشەویستی‌و گومان ، پێکەوە لەیەك شوینی‌و جێدا ناگونجێنو بەرامبەر بەیەك کەس نابن ، لەوانەیە بۆ چۆنێکی‌وا هەندێ بە «ساکاری» بزانن ، بەڵام ، لەسەرخۆبن ، من ئەڵێم ، مەسەلەی وا ئەبێو پێچەوانەکەی ناگونجێ ، بۆ سەلماندنی پێکەوە نەگونجانی « خۆشەویستی »و « گومان » لە خۆشەویستی تەنیا پێویست بە سەقام گیری یاری‌نەفسیە لە گێژاوی دوو دڵی‌و رارایی ئەوەندەی دوو بین لە گێژا

عبدالله عباس

چاپکراوی نوێ

بەیان

ژمارە (٣٧)ی گۆڤاری « بەیان » کەوتە بازاڕەوە ، لەم ژمارەیەدا کۆمەلێك وتارو لێکولینەوەو ریپورتاج لە ئەدەبو هونەرو مەسەلە کۆمەلایەتیەکان هەیە جگە لە چیرۆکو شیعر لە نووسەرەکانی ئەم ژمارەیە : ا . ب . هەوری . ئەخۆل . محمود زامدار . شێرکۆبێکەس ، عثمان فقێ . ئەنورجاف . شێرزاد حەسەن فیصل مصطفی . عثمان محمد فائق . فاضل جاف . رەزا سید کول بەرزنجی . نژاد عزیز سورمێ . هیشام طاهر بەرزنجی .

مەمو زینی لە هەولیر

تیپی (هونەرە نوێیەکانی کوردی) لە هەولێر لە خۆئامادەکردنایە بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەری «مەمو زین» بۆیەکەم جار لە ئامادەکردنو دەرهینانی هونەرمەند تەلعەت سامان .

وە نیاز وایە ئەم شانۆگەری‌یە بە هەموو شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا بگێڕن ..

Institut kurde de Paris